# ڕەنگدانەوەی
# کەسایەتی بـــــارزانی مستەفا
## لە شیعری چەند شاعیرێکی کورددا

# ڕەنگدانەوەی
# کەسایەتی بـــارزانی مستەفا
## لە شیعری چەند شاعیرێکی کورددا

**حەیدەر جەوهەر ئەحمەد**



**دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی**

- **ڕەنگدانەوەی کەسایەتی بارزانی مستەفا**
**لە شیعری چەند شاعیرێکی کورددا**

- **نووسینی:** حەیدەر جەوهەر ئەحمەد
- **نەخشەسازی ناوەوە:** گۆران جەمال ڕواندز
- **بەرگ:** مراد بەهرامیان
- **چاپ:** یەکەم ٢٠٠٩
- **ژمارەی سپاردن:** ٩١٢
- **نرخ:** ٢٠٠٠ دینار
- **تیراژ:** ٧٥٠ دانە
- **چاپخانە:** چاپخانەی خانی (دهۆک)

**زنجیرەی کتێب (٣٩٤)**

**هەموو مافێکی بۆ دەزگای موکریانی پارێزراوە**

ماڵپەڕ: www.mukiryani.com
ئیمەیل: info@mukiryani.com

**بِسمِ اللّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ**

﴿يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ وَأُوْلِي الأَمْرِ مِنْكُمْ﴾

**صدق الله العظيم**
**{سورة النساء، ٥٩}**



## پێشکەشکردن

* بێگومان تەواوی ستەمکار و هاوشێوە ئەمیڕاڵ و ژەنەڕاڵەکان لەناودەچن، ئەوەی دەمێنێ تەنیا خودا و کوردستانە، بۆیە ئەم باسە بە شەهیدانی ڕێگای ڕاستی و سەرفرازی کوردستان، شانبەشانیان بارزانی مستەفا, پێشکەشە.

* بە ئەو دوو لەنوور دروستکراوە پیرۆزەی خودا، کە هەرگیز دەروازەی بیر و خەیاڵم بەرنادەن و، ڕێنوێنی ڕێگای ڕاستیی و جوانیی ژیانیان کردم (دایکم و باوکم) پێشکەشە.

* بە مامۆستا و برای بەڕێزم د. **محەممەد** سدیق **محەممەد** سەرۆکی زانکۆی سەلاحەدین/ هەولێر، پێشکەشە.

## سوپاسنامه

- زۆر سوپاسی ئەو مامۆستا و هاورێ دڵسۆزانە دەکەم کە لە رووی پەیداکردنی سەرچاوە و چاپکردنی ئەم بەرهەمە هاوکارییان کردووم: بەرێز پ.د. مارف خەزنەدا, بەرێز پ.د. شوکریە ڕەسووڵ، بەرێز پ.ی.د. عەبدوڵلا ئاگرین، بەرێز پ.ی.د. کەمال مەعروف، بەرێز د. پەخشان سابیر، بەرێز مامۆستا مەحمود زامدار، بەرێز مامۆستا مومتاز حەیدەری، بەرێز پ.ی. سەلام ناوخۆش، بەرێز کاك عەبدولسەلام بەرواری، بەرێز د.عەبدولواحید دزەیی، بەرێز مامۆستا بوشرا یوسف، بەرێز مامۆستا ستار پیرداود، بەرێز مامۆستا سابیر حوسێن، بەرێز مامۆستا نەریمان عەبدوڵلا، خاتوو هێرۆ مەولوودی، بەرێز مامۆستا چواس، بەرێز مامۆستا عەبدوڵلا رەحمان، بەرێز کاك هادی سەعید، بەرێز کاك ئازاد عەبدولعەزیز و خاتوو ڤینۆس سالح.
- زۆر سوپاسی زانکۆی سەلاحەدین دەکەم کە لەسەر راسپاردەی لیژنەی گفتوگۆ و لیژنەی زانستی و ئەنجوومەنی کۆلێژی زمان بە نووسراوی فەرمی بڕیاری دا ئەم ماستەرنامەیە لەسەر ئەرکی زانکۆ چاپ بکرێت، ئەمەش دوای ئەوەی کە پلەی (ئیمتیاز)ی پێبەخشرا.



کۆماری عێراق
هەرێمی کوردستان
سەرۆك

جمهورية العراق
اقليم كوردستان
الرئيس

به ناوی خوای مەزن و دلۆڤان

برای بەرێز کاك حەیدەر جەوهەر ئەحمەد

سڵاو و رێز

بە خۆشحاڵییەوە ماستەرنامەی بەرێزتان (رەنگدانەوەی کەسایەتی بارزانی مستەفا لە نموونەی شیعری چەند شاعیرێکی کورددا)م پێ گەیشت کە بە دیاری ناردبووتان.

سوپاستان دەکەم، لەگەڵ هیوای سەرکەوتن لە پێناو زیاتر خزمەت گەیاندن لە بواری پسپۆریتاندا و دەستان خۆش.

لەگەڵ رێزمدا

مسعود بارزانی
سەرۆکی هەرێمی کوردستان
٢٠٠٨/٤/٢٧

# ناوەرۆك


پێشەكی ..... ١١

**بەشی یەكەم: كاریگەری ژینگەی ئایینی و رۆشنبیری و سیاسی**
**بەسەر كەسایەتی بارزانی مستەفادا** ..... ٢١

باسی یەكەم: كورتەی مێژووی بنەماڵە و شێخانی بارزان: ..... ٢٣
یەكەم: بنەماڵەی بارزان ..... ٢٣
دووەم: لە دەسەڵاتی ئایینییەوە بەرەو خۆ رێكخستن و بەشداری شۆڕش و ..... ٢٧
سێیەم: ئەنجامدانی چاكسازی و پێشخستنی دەڤەرەكە ..... ٢٩
چوارەم: راپەڕینی شۆڕشگێڕیی و داخوازی نەتەوەیی ..... ٣١
پێنجەم: بنیاتنانی بناغەیەكی پتەو بۆ ئاینده ..... ٣٤
باسی دووەم: ژیان و تێكۆشانی بارزانی مستەفا: ..... ٣٥
یەكەم: خوێندن و زانست ..... ٣٦
دووەم: گەنجایەتی و هەماهەنگی شۆڕش ..... ٣٧
سێیەم: بارزانی و هەڵگیرساندنی شۆڕش ..... ٣٩
چوارەم: بەشداری بارزانی لە كۆماری كوردستان ..... ٤١
پێنجەم: درێژەپێدانی بارزانی بە خەباتی نەتەوەیی ..... ٤٣
شەشەم: گەڕانەوەی بارزانی لە یەكێتی سۆڤیەت و هەڵگیرساندنی ..... ٤٦
حەوتەم: رێككەوتننامەی ١١ی ئادار ..... ٤٧
هەشتەم: كۆچی دوایی بارزانی ..... ٤٨
باسی سێیەم: سیما و خەسڵەتە سەرەكییەكانی كەسایەتی بارزانی: ..... ٥١
یەكەم: ئازایەتیی و نەترسیی بارزانی جێگای سەرسوڕمان بوو ..... ٥٢
دووەم: وردبینی و زیرەكیی خۆڕسكی بارزانی ..... ٥٣
سێیەم: وەفاداری بارزانی و سیگار پێچانەوە ..... ٥٥
چوارەم: خاكێتی و ساكاری بارزانی لە رووخسار و بەرگدا ..... ٥٦
پێنجەم: خوداناسی و گەڕاندنەوەی سەركەوتنەكان بۆ پشتیوانی خودا ..... ٥٨
شەشەم: نیشتمانپەروەری و سەربەخۆیی كوردستان ..... ٥٨
حەوتەم: ئاشتیخوازی و نەڕشتنی یەك دڵۆپە خوێن بە دەستپێشخەری بارزانی ..... ٦٠





هەشتەم: مرۆڤدۆستی تا سنووری رێزگرتن لە فریودراوان و دوژمنانی گەل ..... ٦١
نۆیەم: خۆشەویستی بۆ زانست و رێزگرتن لە زانایان ..... ٦٢
دەیەم: باوەڕ بە دیموكراسییەت وپێكەوەژیان ..... ٦٣
باسی چوارەم: مەزراندنی مێژوو و كەسایەتی مێژوویی لە نێو شیعردا: ..... ٦٦

**بەشی دووەم: كەسایەتی بارزانی لە دیدی شیعرییەوە** ..... ٧٥
باسی یەكەم: بارزانی و شاعیر و نووسەرانی كوردستان ..... ٧٧
باسی دووەم: شۆڕشگێڕییەتی بارزانی لە دیدی شیعرییەوە ..... ٩٠
باسی سێیەم: بە ئەفسانەكردنی بارزانی لە دیدی شیعرییەوە ..... ١٠٨

**بەشی سێیەم: ڕەنگدانەوەی كەسایەتی بارزانی**
**لای شاعیرانی نوێ و هاوچەرخی كوردی** ..... ١٢٥
ڕەهەندەكانی كەسایەتی بارزانی لای شاعیرانی نوێ و هاوچەرخی كوردی: ..... ١٢٧
باسی یەكەم: كەسایەتی بارزانی لای شاعیرانی نوێی كوردی ..... ١٢٩
یەكەم: ڕەنگدانەوەی كەسایەتی بارزانی لە شیعری ئیبراهیم ئەحمەد دا ..... ١٢٩
دووەم: ڕەنگدانەوەی كەسایەتی بارزانی لە شیعری قەدری جان دا ..... ١٣٧
سێیەم: رەنگدانەوەی كەسایەتی بارزانی لە شیعری هێمن مهابادی دا ..... ١٤٧
چوارەم: رەنگدانەوەی كەسایەتی بارزانی لە شیعری هەژار موكریانی دا ..... ١٥٢
باسی دووەم: كەسایەتی بارزانی لای شاعیرانی هاوچەرخی كوردی ..... ١٧٠
یەكەم: ڕەنگدانەوەی كەسایەتی بارزانی لە شیعری شێركۆ بێكەس دا ..... ١٧٠
دووەم: ڕەنگدانەوەی كەسایەتی بارزانی لە شیعری عەبدوڵلا پەشێودا ..... ١٧٩
سێیەم: رەنگدانەوەی كەسایەتی بارزانی لە شیعری حەسیب قەرەداخی دا ..... ١٨٣

- ئەنجام ..... ١٩٧
- سەرچاوەكان ..... ٢٠٣
- بەڵگەنامە و وێنە مێژووییە پەیوەندارەكان ..... ٢١٥
- كورتەی لێكۆڵینەوەكە بە زمانی عەرەبی ..... ٣٤٧
- كورتەی لێكۆڵینەوەكە بە زمانی ئینگلیزی ..... ٢٤٨

# پێشەکی

ئەگەر بە وردی سەرنجی مێژووی گەلانی سەر رووی زەمین بدەین، دەبینین هەوڵی دامەزراندنی قەوارەیەکی سیاسی و سەربەخۆ و خەباتی ئازادی، لە قوولاَییەکانی مێژووەوە لەلایان ئامادەیی هەیە. لە دوای شەڕی چاڵدێران (١٥١٤) لەنێوان سەفەوی و عوسمانییەکاندا، کە دابەشکردنی کوردستانی لێکەوتەوە، گەلی کورد هەمیشە دەسەلاَتی داگیرکارانی رەتکردۆتەوە و لە دژیاندا بزاڤ و راپەرین و شۆڕشی هەڵگیرساندووە، ئەمەش لە بەرانبەر ستەم و دەستدرێژی و پێشێلکردنی بەها مرۆڤایەتییەکان و داخستنی دەرگاکانی ئازادی بەڕوویدا. بۆیە دەیان سەرکردەی قارەمان لەنێو دڵی ئەم گەلە دەرکەوتوون و رابەرایەتی بزاڤ و راپەرین و شۆڕشەکانیان گرتۆتە ئەستۆ. یەکێك لەم سەرکردانە بارزانی مستەفایە (١٩٠٣-١٩٧٩)، کە بە فەلسەفەی شۆڕشگێڕیی و بیرێکی نەتەوەخوازیی بۆ رزگاریی کوردستانی گەورە و هێنانەدی هیوا و ئامانجی کورد، کە دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەییە، رێگای خەباتی گرتۆتەبەر و، هەموو پارچەکانی کوردستانی بە خاکی خۆی زانیوە، هەروەك چوونی بۆ کوردستانی باکوور بەمەبەستی هەماهەنگی و گفتوگۆکردن سەبارەت بە مەسەلەکانی تایبەت بە شۆڕش لەگەڵ شێخ سەعیدی پیران (١٨٦٥-١٩٢٥) و، بەهاوارەوەچوونی شۆڕشی شێخ مەحمووی حەفید (١٨٨٢-١٩٥٦) لە کوردستانی باشوور و، بە ئەستۆگرتنی سەرکردایەتی هێزەکانی کۆماری کوردستان لە کوردستانی رۆژهەلاَتدا، ئەمە سەرەڕای سەرکردایەتیکردنی شۆڕشەکانی بارزان و، رابەرایەتیکردنی درێژترین شۆڕشی کورد، کە بە شۆڕشی نەتەوەیی ئەیلول ناسراوە.

هەر لەو کاتەوە زەبروزەنگی داگیرکاران، دەسەلاَتی بەسەر کوردستاندا سەپاندووە، ئەم ستەمکارییە کاریگەریی قووڵی بەسەر بیر و دەروونی شاعیرانی نیشتمانپەروەری کوردیش بەجێ هێشتووە و کورەی دەروونی وروژاندوون، ئیدی ئەم شاعیرانە خەم و ئازار و هیوای نەتەوەکەیان و خۆیان بە دەربڕینی هەستی ناسکی شیعریی و وێنەی جوانی پڕ وردەکاریی و مانای قووڵ و خەیاڵی بەرز و وشە و ڕستەی شیعری جوان بەرجەستە کردووە، بەمەش ستایشی ئەو سەرکردەیان کردووە، کە خەباتی ئەم گەلەی گواستۆتەوە بۆ قۆناغێکی مێژوویی وا، کە لەوەوپێش شتی وای بەخۆیەوە نەدیبوو و جێگای ئومێدی نەتەوەکەی بوو. دیارە



ئەمەش لە هەستی راستگۆیی و جوانیی شاعیرانەوە هەڵقولاَوە، بەمەش ئەم شاعیرانە بە هێزی قەڵەمەکانیان، شانبەشانی خەباتی شۆڕشگێڕی و سیاسی رۆڵی پێشڕەو و هوشیارکەرەوەی تاکەکانی نەتەوەکەیان بینیوە و بەشدارییان لە ڕەنگرێژکردنی پلانی رزگاری گەل و نیشتمانەکەیاندا کردووە. واتە کاتێك شاعیران لەڕێگەی شیعرەوە، هەست و نەست و ویستی خۆیان دەردەبڕن، کە ئەمەش رێگەیەکی کاریگەرە بۆ جوانکردنی ژیان و، خستنەڕووی خەون و ئازاری تاك و گرفتەکانی کۆمەڵگە و، وێنەکێشانی ئایندەیەکی پڕشنگدار، بەلاَم کاتێك کە دونیای شیعر و هەڵوێست و چەك و گیانی بەرگری، ئاوێتەی یەکتر دەبن بۆ گەیشتن بە ئازادیی و رووبەڕووبوونەوەی ستەمکاریی و بەرگریی لە خاك، ئەوا جگە لەلایەنی جوانیی و داهێنانی شیعریی، تۆی هەمیشە سەوزی هیوا و ورەیەکی بەرز لەنێو دڵ و دەروونی گەلدا دەڕوێنن و ئومێدێکی نوێی بەبەردا دەکەن.

نهێنییەك ئاشکرا ناکەم، ئەگەر بڵێم سیاسەت بۆ کورد وەکو خۆراك وایە بۆ مرۆڤ، بۆیە دەبینین سیاسەت پانتاییەکی بەرفراوانی لە نێو ئەدەبی کوردی و شیعری شاعیرانیشدا گرتووە، ئیدی مەبەست و ئامانج بە ڕوونی لە شیعرەکاندا بەدی دەکرێت، هەر بۆیە لەم لێکۆڵینەوەیەدا هەوڵدرا کارەکە زیاتر رووەو خزمەتکردن بە لایەنی ناوەڕۆکدا ئاڕاستە وەربگرێت و جەخت لەسەر بواری هزر بکرێتەوە، هاوکات بەپێی پێویست جەخت لەسەر لایەنە جوانکارییەکانی نێو شیعر و هونەرە شیعرییەکانیش کراوەتەوە، ئەمەش بەوپێیەی کە سروشتی شیعری سیاسی خۆی لە خۆیدا ئەمە دەخوازێ. بۆیە دەشێ ئەم کارە ببێتە هەنگاوێك بۆ ئەو لێکۆڵەرانەی لە ئایندەدا دەیانەوێت زیاتر کاری لەسەر بکەن. هەر لێرەوە بە پێویستی دەزانم ئەوەش روون بکەمەوە، کە ئەو شاعیرانەی ناودارنین و لە بۆنەکاندا شیعریان نووسیوە، لە بەشی دووەمدا شیعرەکانیان ئاماژەی بۆ کراوە، مەرج نییە ئەوانە خاوەن دەنگی تایبەتی بن، بەڵکو لەلایەك تۆماری هەست و سۆز و خۆشەویستیی خۆیان لەنێو بۆتەی شیعردا بۆ بارزانی نەخشاندووە، لەلایەکی دیکەوە پێویستی باسەکە و سروشتی کەسایەتی بارزانی ئەوەی خواست ئەم شیعرانە بە نموونە وەربگیرێن، ئەمەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە بارزانی لە زەینی شاعیرانی ناسراو و کەم ناسراودا قابیلی فەرامۆشکردن نییە، چونکە رووداوەکانی مێژووی کوردستان و دلێری و نەبەردیی و کردەوەکانی بارزانی لە کۆڕی خەباتدا، بیر و هۆشی شاعیرانی کوردی پێ ئاودراوە و لە وێنە شیعرییەکانیاندا ڕەنگی داوەتەوە.

له بەراییدا دەمەوێ ئاماژە بەوە بدەم کە پێکهاتەی ئەم باسە هەروەك لە ناونیشانەکەدا دەردەکەوێ (**ڕەنگدانەوەی کەسایەتی بارزانی مستەفا لە نموونەی شیعریی چەند شاعیرێکی کورددا**)، ئەم ناونیشانە لە دوو بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەمی ناونیشانەکە پەیوەستە بە (کەسایەتی بارزانی مستەفا) کە هەوێنی سەرەکی باسەکەیە. بەشی دووەم ڕەنگدانەوەی کەسایەتییەکە دەگرێتەوە لە (نموونەی شیعریی چەند شاعیرێکی کورد)دا، واتە ئەو کەسایەتییە چۆن سیفەتێك لە سیفەتەکانی یان هەندێك ڕووداوی ژیانی یاخود وەرگرتنی مەدلولی کەسایەتییەکەی یا سوود وەرگرتن لە هەندێك وتەی لە دیدی شیعری شاعیرانەوە باسی لێوە کراوە و بووەتە سەرچاوەی ئیلهامی شیعری. کەواتە فەزای باسەکە ئەوە دەخوازێ شۆڕبوونەوە بە نێو ژیان و ئەزموونی خەبات و تێکۆشانی بارزانیدا بکەین، کە هەر ئەمەیە وای کردووە ببێتە هەوێنی شیعری لای شاعیران، نەوەك لە چەمك و پێناسە و تیۆرەکانی تایبەت بە کەسایەتی وردبینەوە، کە ئەمە خۆی لە خۆیدا ڕامان دەکێشێتە نێو زانستەکانی کۆمەڵناسی، دەروونناسی، فەلسەفە، مرۆڤناسی، دەروونناسی کۆمەڵایەتی...تاد، چونکە ئەم کارە لە جیهانی شیعر و ڕەخنەی ئەدەبی دوورمان دەخاتەوە. ئەوەی بەلای ئێمەوە گرنگە و بەدوایدا دەگەڕێین ئەوەیە تاچەند شاعیران کەرەستەی شیعری خۆیان لە کەسایەتی بارزانی وەرگرتووە و لە تێکستە شیعرییەکانیاندا بەشێوەیەکی هونەری تەوزیفیان کردووە و شیعری جوانیان داهێناوە.

ئەوەی جێگای ئاماژەپێکردنە، ئەوەیە کە بونیاتی ئەم باسە هەوڵێکە بۆ خوێندنەوەیەکی بابەتییانە دەربارەی ڕەنگدانەوەی بارزانی لە شیعری نوێ و هاوچەرخی کوردیدا، کە هەر لە سییەکانەوە شانبەشانی خەباتی بارزانی بۆ ئازادی لەلایەن شاعیرانی کوردەوە بە زمانی کوردی نووسراون، ئەمەش بەشێوەیەکی ڕوونتر لە نموونەی شیعریی حەوت شاعیردا تاوتوێ کراون. هەڵبژاردنی ئەم شاعیرانەش لە دووتوێی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا بۆ ئەم هۆکارانەی خوارەوە دەگەڕێنەوە:

١- ڕەنگدانەوەی کەسایەتی بارزانی مستەفا بە شێوەیەکی هونەریی و بیری قووڵ لەنێو دەقی شیعرەکانیاندا.

٢- سەرەڕای ناسراوی ئەم شاعیرانە، شوێن و ڕۆڵی بەرچاویان لەنێو شیعری کوردیدا هەیە.



٣- بەهێزی شیعرەکان و، کاریگەریی بەسەر بیری جەماوەر و، بڵاوبوونەوەی لەنێو خەڵك و، بوونیان بە سروود و گۆرانی، بەمەبەستی جۆشدانی هەستی نەتەوەیی و خولقاندنی گیانی بەرگریی و پەند وەرگرتن. وێڕای نرخی هونەریی و مێژووییان.

٤- وەرگرتنی نموونەی شیعری ئەو شاعیرانە، بەو پێیەی کە شاعیری دیاری پارچە جیاجیاکانی کوردستانن.

٥- ئەو شاعیرانە جگە لەوەی خاوەن هەڵوێستی نەتەوەیی بوون، سەرەڕای خەباتیان لە ڕێگەی هێزی قەڵەمەوە، هەندێکیان بە کرداریش بەشدارییان لە بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلەکەیاندا کردووە.

## هۆی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە:

وەنەبێ من پەردەم لەسەر نهێنییەك هەڵماڵیبێ، كە بڵێم بارزانی ڕەمزێكی بێ وێنەی نەتەوەیی كوردە، كە زۆر شیعری بۆ هۆنراوەتەوە و بووەتە سەرچاوەی ئیلهامی شاعیران، كە هەر ئەمەش بە یەكێك لە هۆیەكانی هەڵبژاردنی ئەم باسە دادەنرێ و، شایانی ئەوەیە لێكۆڵینەوەی لەسەر ئەنجام بدرێت، بەڵام هۆی سەرەكی هەڵبژاردنی ئەم لێكۆڵینەوەیە بۆ سەرهەڵدانی هەندێ پرسیار دەگەڕێتەوە، كە جێگای وردبوونەوە و تێڕامان بوون، هەر ئەمەش پەلكێشی كردم بۆ ئەنجامدانی ئەم لێكۆڵینەوەیە. ئەوەی بەلای منەوە جێگای پرسیار و هەڵوەستەكردن بوو، گەڕان بوو بەدوای نهێنی نووسینی ئەم هەموو شیعرە بۆ كەسایەتی بارزانی لەنێو ئەدەبی كوردی لە گشت پارچەكانی كوردستاندا، كە ئایا ئەمە بۆچ هۆكارێك دەگەڕێتەوە؟ ئەمە جگە لەو شیعرانەی بە زمانەكانی دی نووسرابوون، سەرباری ئەم هەموو سروود و گۆرانی و لاوك و حەیران و چیرۆكانە... دواتر بایەخی خودی ئەم شیعرانە كە زۆرێك لەو شیعرانە ساڵانێكی زۆر ئەوماڵ ئەوماڵ و ئەو گەڕەك و ئەو شار و ئەو وڵاتی پێكراوە و لە شوێنە دوورەدەست و نووتەكەكاندا پارێزراوە، ئەگەر نەك هەر تەواوی شیعرەكە، بەڵكو تەنانەت چەند دێرێك لەم شیعرانە لە هەندێ كاتدا لە دەست شاعیر و خوێنەردا، بكەوتایە بەر دیدی دەزگاكانی ڕژێمە داگیركەرەكانی كوردستان، ئەوا نەك هەر شاعیر، بەڵكو خوێنەرەكەش ڕووبەڕووی چارەنووسێكی ترسناك دەبۆوە، هەروەك چۆن سەدری قازی (١٩٠٨-١٩٤٧) بەیەكێك لە تاوانەكان! كە خرایە ئەستۆی هۆنینەوەی شیعرێك لە ساڵی ١٩٤٥ بۆ بارزانی بوو، لە ئەنجامدا شانبەشانی قازی محەممەدی سەرۆكی كۆماری كوردستان (١٩٠٠-١٩٤٧) لە ساڵی ١٩٤٧ لەسێدارە درا. بۆیە بەلای منەوە ئەمە پێویستی بە ئەنجامدانی لێكۆڵینەوەیەكی زانستی هەبوو، كە لە ئاست ئەم بابەتەدا بێت و، تیایدا بەشێك لەم شیعرانە بخرێتەڕوو، ئەمە لە كاتێكدا سەرچاوەیەكی فراوانی تێكستی شیعری لەبەردەستدا بوو.

لێرەدا دەمەوێ خوێندنەوەیەكی زانستییانە لەسەر كەسێتی بارزانی لەنێو فەزای تێكستی شیعری چەند شاعیرێكی كورددا ئەنجام بدەم، بەو مەبەستەی كە بارزانی بووەتە سەرچاوەی داهێنانی شیعرییان. جگە لە ڕابردوو، ساڵانە هەمیشە شیعری بۆ دەنووسرێت و لە دەزگاكانی بڵاوكردنەوەی (بینراو، بیستراو، خوێنراو) پەخش دەكرێت،



كەچی لێكۆڵینەوەیەكی زانستی ئەوتۆیان لەسەر نەكراوە، كە لەئاست زۆری بەرهەمە شیعرییەكاندا بێت.

ئەگەرچی لەمەوپێش هەندێك باس لەسەر كەسایەتی بارزانی لەنێو شیعردا بەرچاو دەكەوێ، بەڵام لە باسەكاندا بەچەند ئاماژەیەكی خێرا باس لەم كەسایەتییە كراوە، ئەگینا توێژینەوەكان بە قووڵی لە كەسایەتی بارزانی و شیعرەكان ورد نەبوونەتەوە و لێكۆڵینەوەیەكی چڕ و ئەدەبی و مێژوویی لەسەر ئەنجام نەدراوە، سەرباری ئەمانەش هەندێ شیعر، كە بۆ بارزانی نووسراون، لێكۆڵەران ناویان نەبردوون، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە بەقووڵی لە بابەتەكە ورد نەبوونەتەوە.

## سەرچاوەی ئەم باسە:

ڕەنگدانەوە و كاریگەری كەسایەتی بارزانی لە ئەدەبیاتی كوردی بەگشتی و شیعر بەتایبەت، پانتاییەكی بەرفراوان و ڕەهەندگەلی مێژوویی لە شوێن و كاتی جیاجیادا هەیە، بەو پێیەی كە بارزانی دەشێ وەكو شوناس و كولتوورێك وەسف بكرێت، چەندین ڕەهەندی جۆراوجۆر بەخۆیەوە هەڵبگرێت، بۆیە بۆ توێژینەوە و وردبوونەوە و خوێندنەوە لەسەر ژیان و بەرهەمی شیعریدا دونیاگەلێك سەرچاوەی جۆراوجۆر لە (كتێب، دیوانی شیعری، ڕۆژنامە، گۆڤار، ماڵپەڕی ئینتەرنێت، دیكیۆمێنت، نامەی ماستەر و دكتۆرا، كاسێت، سیدی، كۆڕ و سمینار، كۆنگرە...تاد) لەبەر دەستی توێژەران دایە. ئەگەرچی سەرچاوەیەكی زۆر لەبارەی خەبات و تێكۆشانی ئەم سەركردەیە لەبەردەست دایە، بەڵام لەڕووی لێكۆڵینەوەی شیعرییەوە سەرچاوەكان ڕێژەیان كەمە بە بەراورد لەگەڵ تێكستە شیعرییەكاندا، بەپێچەوانەی زۆری ئەو هەموو شیعرانەی كە بۆی هۆنراوەتەوە. ئەمەش یەكێك بوو لەو گیروگرفتەی هاتە بەردەم لێكۆڵینەوەكە، لەگەڵ ئەوەشدا كارەكەمان كەلێنی تێنەكەوت و تا ڕادەیەك بەباشی بەڕێوەچوو. جگە لەم سەرچاوانەی ئاماژەم پێدان سوودێكی زۆر لە كتێبی (بارزانیی نەمر چریكەی چیا و سترانی شاعیران، ئامادەكردنی مەحموود زامدار. بارزانی لە ویژدانی ڕۆژهەڵاتی كوردستاندا، ئامادەكردنی حەسەنی دانیشفەڕ. گوڵزارێكی وشە لە یادی سەد ساڵەی بارزانی، ئامادەكردنی مومتاز حەیدەری و ئەوانیتر) وەرگیراوە. لێرەدا بە پێویست دەزانرێ ئاماژە بەوەش بدرێ، ئەگەر بە وردی سەرنج لە زۆرینەی ئەو شیعرانە بدەین كە بارزانی

سەرچاوەی هۆنینەوەیەتی، ئەوا دەبینین ئاستی جیاجیایان هەیە: بەشێك لەو شیعرانە پەساپۆرتی دونیای جوانیی و داهێنانیان وەرگرتووە. بەشەکەی دییان لە دەرگای شیعرییان داوە، بەلاّم نەچوونەتە ژوورەوە، هەرچی بەشەکەی دیکەیانە لەچوارچێوەی دروشمخوازیدا قەتیس بوون و لە دونیای جوانیی و داهێناندا بێبەش بوون.

## ئامانجی ئەم لێکۆڵینەوەیە:

دیارە هەر لێکۆڵینەوەیەك بەر لە هەموو شتێ، مەبەست و ئامانجێك لە هەناوی خۆیدا هەڵدەگرێت، بۆئەوەی سوودمەند و مانابەخش بێ، دیارە ئەم لێکۆڵینەوەیەش بێ ئامانج نییە، بەڵکو لە هەناوی خۆیدا مەبەستێکی هەڵگرتووە، کە دەشێ لێرەدا بەچەند رەهەندێك ئاماژەی پێبدەین. بەوەی کە ئەم توێژینەوەیە پرۆسەیەکە پشتی بە بابەتیبوون بەستووە، بەو مانایە لێکۆڵینەوەیەك نییە کەوتبێتە ژێر کاریگەریی سۆزی ئایدۆلۆژیا یان هەر خۆشەویستییەکی خودی و هۆکارێکی دەرەکی. هاوکات هیچ جۆرێك لە توندڕەویی تێدا بەدی ناکرێت، بەڵکو ئەوەی کەرەسەی خاو و ئامانجی لە دایکبوونیەتی، تەنیا خستنەڕووی ئەو شیعرانەیە، کە جوانکاریی هەوێنی سەرەکییانە و پلەی مانەوەیان لە شیعری کوردی بەدەست هێناوە. ئەمە سەرەڕای بایەخدان بە شیعری کوردی و هەست کردن بە بەرپرسیارییەتی راستگۆییانەی نەتەوەیی و ناساندنی بەشێك لە کەلتووری دەوڵەمەندی بارزانی لە رێگای شیعرەوە. ئەمەش بە شێوەیەکی زانستییانە و، پێشکەش کردنی بە زانکۆ.

## رێبازی ئەم لێکۆڵینەوەیە:

هەر لێکۆڵینەوەیەك بە میتۆدێك یان زیاتر لە میتۆدێك پشت قایمە، بۆیە لەم لێکۆڵینەوەیەدا بەپێی پێویستی بابەتەکە هەوڵدراوە، پەیڕەوەی زانستییانەی رێبازی (وەسفی) و (شیکاری مێژوویی) بکرێ، بەو مەبەستەی ئەم رێبازانە لێکۆڵینەوەکە بەرەو ئاکام و ئامانجێکی سەرکەوتوو ببەن.



## سنووری باسەکە:

لەم باسەدا مەبەستی سەرەکی زیاتر لەنێو تانوپۆی دیاریکراوی بابەتەکەدا گەلاڵە کراوە، بۆیە باسکردن لە ژیانی ئاسایی و کاری رۆشنبیری و سیاسی شاعیرەکان بەدوورگیراوە، مەگەر بۆ شیکردنەوەی شیعرەکان پەنای بۆ بردرا بێت، ئەمەش بەو مەبەستەی شۆڕبوونەوەی زیاتر بۆ نێو فەزا و تانوپۆی دیاریکراو ئەنجام بدرێت، کە کرۆکی بابەتەکەی لەسەر رەنگڕێژ کراوە. بۆ ئەمەش سنووری بابەتەکە و دیاریکردنی (کات)ی بەرهەمە شیعرییەکان کە سێبەری کەسایەتی بارزانی مستەفا یان بەسەرەوەیە، بەسەر شەش جومگەی مێژووی هۆنینەوەیاندا پۆلێن کراون:

١- ئەو بەرهەمە شیعرییانەی لە ساڵی سییەکان، بەتایبەتی دوای راپەڕینی یەکەمی بارزان (١٩٣١-١٩٣٢) هۆنراوەتەوە.

٢- ئەو بەرهەمە شیعرییانەی لە ساڵی چلەکاندا نووسراون، کە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دوای شۆڕشی بارزان (١٩٤٣-١٩٤٥)، پاشان سەردەمی کۆماری کوردستان لە رۆژهەلاّتی کوردستان و رووخانی ئەم کۆمارە و دواجار رووکردنە یەکێتی سۆڤییەت.

٣- ئەو بەرهەمە شیعرییانەی پاش گەڕانەوەی بارزانی مستەفا بۆ نیشتمان، لە دوای شۆڕشی (١٤)ی تەموزی ١٩٥٨ نووسراون، کە ئەمەش تاکو بەر لە بەرپابوونی شۆڕشی نەتەوەیی ئەیلول لە ١٩٦١/٩/١١ درێژ دەبێتەوە.

٤- ئەو بەرهەمە شیعرییانەی لە دوای هەڵگیرساندنی شۆڕشی نەتەوەیی ١٩٦١/٩/١١ نووسراون، کە ئەمەش تاکو پیلانی نێودەوڵەتیی ناسراو بە رێککەوتننامەی جەزائیر لە ١٩٧٥/٣/٦ و دواتر درێژە دەکێشێ.

٥- ئەو بەرهەمە شیعرییانەی پاش کۆچی دوایی بارزانی لە ١٩٧٩/٣/١ نووسراون، کە تاکو راپەڕینە شکۆدارەکەی گەلی کوردستان لە ١٩٩١/٣/٥ درێژ دەبێتەوە.

٦- ئەو بەرهەمە شیعرییانەی لە دوای راپەڕینەوە هۆنراونەتەوە، کە تاکو ئێستا درێژەی هەیە و دەشێ لە ئایندەشدا بەردەوامی هەبێ.

پێویستە لێرەدا ئاماژە بەوەش بدەین کە ئەو شیعرانەی لەدوای کۆچی دوایی بارزانییەوە تاکو ئێستا نووسراون، زیاتر دەچنە نێو چوارچێوەی شیعری لاواندنەوە. بۆیە لەم لێکۆڵینەوەیەدا هەوڵدراوە نموونەی هەموو ئەو سەردەمانە وەربگیرێن.

## چوارچێوەی توێژینەوەکە:

بەشێوەیەکی گشتی لێکۆڵینەوەکەمان بەسەر پێشەکی و سێ بەشی سەرەکی و ئەنجام و پاشکۆ دابەش کردووە، کە هەر بەشێك چەند باسێکی لەخۆ گرتووە: بەشی یەکەم تەرخان کراوە بۆ ڕووناکی خستنە سەر ڕابردووی بنەماڵەی بارزان، بەو پێیەی کە ژینگەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕۆشنبیری، بەتایبەتی خێزان و بنەماڵە کاریگەریی گەورە بەسەر هەر مرۆڤێکدا بەجێ دەهێڵێ و ڕۆڵێکی مەزنی لەسەر پێکهاتەی کەسایەتییەکەی دەبێ. دواتر باس لە ژیان و خەباتی بارزانی کراوە، ئینجا سیما و خەسڵەتە سەرەکییەکانی کەسایەتی بارزانی دیاریکراوە، ئەمەش وەك دەروازەیەك بۆ چوونە نێو بابەتە سەرەکییەکەمان. دوای ئەوە باس لە چۆنیەتی مەزراندنی مێژوو و کەسایەتی مێژوویی لەنێو شیعردا کراوە و، ئاماژە بەو دوو لایەنە لە دەوڵەمەندکردن و بەهێزکردنی بونیادی شیعریی شاعیران کراوە. دواتر ئەوە خراوەتەڕوو، کە شاعیر چۆن توانیویەتی مامەڵەیەکی هونەریی لەگەڵ ئەم دوو بابەتەدا بکات و، وەك کانیاوێك وێنەی شیعری هونەریی و بیری قووڵ و خەیاڵی بەرز و کەرەستەی شیعری خۆی هەڵێنجێ بۆ بینای شیعری پڕ لە داهێنان. ئەمەش بە بیروبۆچوونی ڕەخنەگران و پسپۆڕانی بواری ئەدەب دەوڵەمەند کراوە.

بەشی دووەم بەسەر سێ باسدا دابەشکراوە، لەهەر یەکێك لەم باسانەدا ڕووناکی خراوەتە سەر پەیوەندی بارزانی بە شاعیر و ئەدیبانی کوردستانەوە. ئینجا باس لەوە کراوە کە بارزانی چۆن بووەتە سەرچاوەی زمانپڕژانی شاعیران، پاشان ئەوە ڕوون کراوەتەوە کە ئەم کەسایەتییە چۆن لە دیدی شیعرییەوە وەکو سەرکردەیەکی شۆڕشگێڕ و کەسایەتییەکی ئەفسانەیی و پەرجوو ئاسا لەلای شاعیراندا بەرجەستە بووە، دواتر گفتوگۆ لەسەر ئەوە کراوە کە سەرەڕای سەختی سەنگەر و ئاڵۆزی بارودۆخی خەڵکی کوردستان و نسکۆهێنانی شۆڕش، شاعیران هەر درێژەیان بە هۆنینەوەی شیعرەکانیان بۆ بارزانی داوە.

لە بەشی سێیەمدا کە بەسەر دوو باسی سەرەکی دابەشکراوە، شیعرەکانی حەوت شاعیری نوێ و هاوچەرخی کوردی بە نموونە هێنراونەتەوە و لێیان کۆڵراوەتەوە. ڕەنگدانەوەی کەسایەتی بارزانی بە دوور و درێژی لەنێو شیعرەکانیاندا شیکراونەتەوە و، نموونە جوانەکانی ئەم شیعرانە خراونەتەڕوو، کە هەر لە سییەکانی سەدەی ڕابردوو بەرەو سەرەوە بە بەردەوامی لە شیعری شاعیراندا بەرجەستە بووە. لە سییەکاندا لە شیعری ئیبراهیم ئەحمەددا (١٩١٤-٢٠٠٠) ئاماژەی بۆ کراوە. لە چل و پەنجاکاندا لەشیعری قەدری جاندا (١٩١١-١٩٧٢) نموونەی بۆ هێنراوەتەوە. لە شەستەکاندا



لەشیعری هێمن مهابادی (١٩٢١-١٩٨٦) خراوەتەڕوو. لە حەفتاکاندا لەشیعرەکانی شێرکۆ بێکەس (١٩٤٠-.....) و عەبدوڵڵا پەشێودا (١٩٤٧-....) باسی لێوە کراوە، لە هەشتاکاندا لەشیعری هەژار موکریانی (١٩٢٠-١٩٩١) ئاماژەی پێدراوە، لە نەوەدەکاندا لەشیعری حەسیب قەرەداخی (١٩٢٩-١٩٩٧) ڕووناکی خراوەتەسەر.

پاشان ئەو ئەنجامانە دیاریکراون کە لێکۆڵەر لە کۆتایی کارەکەیدا لە ئاکامی لێکدانەوە و خستنەڕوو و هەڵسەنگاندنی بابەتی توێژینەوەکە پێی گەیشتووە. ئینجا لیستی سەرچاوەکان و دواتر بەڵگەنامە لەپاشکۆدا هاتوون. لەکۆتاییدا پوختەی باسەکە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی ئاماژەیان پێدراوە.

# بەشی یەکەم

## کاریگەری ژینگەی ئایینی و رۆشنبیری و سیاسی بەسەر کەسایەتی بارزانی مستەفادا

# باسی یەکەم
# کورتەی مێژووی بنەماڵە و شێخانی بارزان

هەروەك ئاشكرایە هەر لە كۆنەوە ئەم نیشتمانەی گەلی كورد لەسەری ژیاوە، خاكی باب و باپیرانیەتی، بەردەوام قوربانییان لەپێناو داوە و ئازایانە بەرگرییان لێ كردووە. ئەگەر لەو رۆژ و ساڵە كوردییەی تیایدا ژیان دەگوزەرێنین، وردبینەوە، ئەوا دەبینین رەگ و ریشەی پرسی گەلی كورد و كوردستان و دەسەڵاتە سیاسییەكەی، مێژوویەكی دوور و درێژی هەیە، مێژوویەك پڕ لە كارەسات و جەنگی خوێناوی و كۆمەڵكوژیی، كە لەلایەن داگیركارانی جۆراوجۆر بەرانبەر بە گەلی كوردستان ئەنجام دراوە. دیارە بەشێكی سەرەكی ئەم بارودۆخە ناهەموارە بۆ ونبوونی دەسەڵاتی سەربەخۆیی كوردیی دەگەڕێتەوە، بەڵام سەرباری ئامادەیی ئەم ڕەوشە ناسروشتییە، گەلی كوردستان نەك هەر بە ژێردەستەیی رازی نەبووە و قوربانی داوە، بەڵكو وەك لازاریف دەڵێت: ((كوردەكان بێ چەندوچوون بەشدارییان لە تەواوی رووداوە مێژووییەكانی ڕۆژهەڵاتی نزیك، لانكەی شارستانێتی جیهاندا كردووە و ئەم وڵاتە زێد و زاینگەی گەلێ سەركردەی مەزن و گەلێ حكوومەت بووە و كاریگەرێتیی قووڵیان لەسەر ڕۆشنبیریی گەلانی ناوچەكەدا هەبووە))[1]، بۆیە دەبینین بە درێژایی مێژوو لە كوردستاندا، بۆ رووبەڕوو بوونەوەی ستەم و خۆسەپاندن و داگیركاریی و، لە پێناو ئازادی و باشتركردنی رەوشی ژیانی تاكەكانی كۆمەڵگەی كوردیی، چەندین سەركردەی مەزن و بوێر سەریان هەڵداوە و، ئاگری بزاڤ و راپەڕین و شۆڕشەكانیان بە رووی داگیركارانی كوردستاندا هەڵكردووە. یەكێك لەم سەركردە مەزنانە بارزانی مستەفایە، كە ژیانی بۆتە بەشێكی پڕ بایەخ و درەوشاوە لە مێژووی بزووتنەوەی

(١) لازاریف، كوردستانی هاوچەرخ، و: گوشاد حەمە سەعید، دەزگای چاپ و بلاوكردنەوەی ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٥، ل١٠.



رزگاریخوازی گەلی كورد لە سەدەی بیستەمدا، ئەو سەدەیەی دوو جەنگی گەورەی جیهانی و ململانێ و جەنگی ساردی (نێوان بلۆكی* سۆشیالیستی رۆژهەڵات و سەرمایەداری رۆژئاوایی) تێدا ڕوویدا، كە رووداو و كارەسات و خوێنڕشتنی ترسناك و گۆڕانكاریی وڵاتانی لێكەوتەوە، گۆڕانكاریی لەپێناو داگیركاری و دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی، لەم گۆڕانكارییانەدا زۆرێك لە گەلانی ژێردەستە لە پێناو ئازادی و سەربەخۆییدا خەباتی جۆراوجۆریان گرتۆتەبەر. هەر لەم رووەوە بارزانی مستەفا رێگای جۆراوجۆری خەباتی چەكداری، رامیاری، دیبلۆماسی تاقیكردەوە، ئەمەش لەپێناو بەرگریی لە ئازادی و پێشكەوتنی گەلەكەی.

## یەکەم: بنەماڵەی بارزان

بەمەبەستی ئاشنابوون بە ژیانی رابردووی بارزانی مستەفا و ئەو بارودۆخەی تیایدا ژیاوە و گەورە بووە، چۆن بووە و چۆن پەرەی سەندووە، ئەوا بەپێویستی دەزانین پێشینەیەكی زانیاری دەربارەی بنەماڵەی بارزان و گوندی بارزان بخەینەڕوو، چونكە پەیوەندییەكی پتەو لەنێوان هەردووكیاندا هەیە. ئەمە وێڕای ئەوەی كاریگەرییەكی گەورەی بەسەر دروستبوونی كەسایەتی بارزانی مستەفاوە هەبووە. (( (بەرزان) كە هەندێك بە (بارزان) ناوی ئەبەن گوندێكە لە قەزای (زێبار) كە كەوتۆتە شیمالی رۆژهەڵاتی موسڵەوە. شێخەكانی بەرزان نیسبەت ئەدرێنە پاڵ ئەو گوندە))[2]. هەر لە كۆنەوە بارزان شوێنی لێبوردەیی ئایینی و بەیەكەوە ژیان بووە، لەم بارەیەوە پێرەش دەڵێت: ((هەریەك لە جولەكە و موسڵمان و مەسیحی لە بارزان نیشتەجێبوونە، هەریەك لە پەیڕەوانی ئەم سێ ئایینەش پەرستگای تایبەتی خۆیان هەبووە، كە

(*) زاراوەی (بلۆك) بۆ كۆمەڵێك دەوڵەت بەكاردەهێنرێ، كە لە رووی ئایدیۆلۆژیاوە گونجان و هاوپەیمانییەتێكی سەربازییان لەنێواندا هەیە و لەلایەن دەسەڵاتێكی ناوەندییەوە سەركردایەتی دەكرێن. د.محمد طه بدوي، المدخل الى علم العلاقات الدولية، المكتب المصري الحديث، الاسكندرية، ١٩٧٧، ص ٢٨٦-٢٨٧.

(٢) عەلائەدین سەجادی، شۆڕشەكانی كورد وە كورد و كۆماری عیراق، دەزگای چاپ و بلاوكردنەوەی ئەتلەس، تاران، ٢٠٠٥، ل ١٤٥.

ڕێوڕەسمەکانی خۆیان تیایدا جێبەجێ کردووە و لێبوردەییەکی تەواویش لەنێوان هەرسێ ئایینەکەدا هەبووە، تەمەندارەکانی ئەم گوندە جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە ژمارەی جولەکەکان لە موسڵمان و مەسیحییەکان زیاتر بووە، ناوی بێستانەکانی ئەم دەڤەرە کە خۆی زیاتر لە (٢٠٠) بێستان دەدات بەڵگەیە بۆ ئەم بابەتە، کە تاکو ئێستا ناوی خاوەن بێستانەکەی هەڵگرتووە، بۆ نموونە: بێستانی یۆك، بێستانی پۆڵس، بێستانی قس، بێستانی دیر، بێستانی موشی.. ))[٣]. بەڵام ئێستا ئەم گوندە، کە کەوتۆتە نێوان هەردوو شاخی شیرین و پێرس و، نزیك سنوری هەرسێ دەوڵەتی عێراقی فیدراڵ و تورکیا و ئێران، ناوچەیەکی فراوانی گرتۆتەخۆ و بە دەڤەری بارزان ناسراوە، سەر بە شاری هەولێری پایتەختی کوردستانە.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژووی ئەم بنەماڵەیە دەبینین، ڕەچەڵەکی شێخانی بارزان بۆ بنەماڵەی فەرمانڕەواکانی ئامێدی دەگەڕێتەوە، هەروەك (مەسعود بارزانی) نووسیویەتی ((ئەو شێخانە لە بەرەبابی میرەکانی ئامێدیین، چونکە مەسعودی باپیریان هاتۆتە گوندی هەفنکای نزیك بارزان و لەوێ نیشتەجێ بووە، کچێکی لەو گوندە خواستووە و کوڕێکی بووە ناوی ناوە سەعید، شێخ تاجەددین، کە لە نەوەی سەعیدە، بە زانایەکی ئایینی ناوبانگ دەردەکات و تەکیەی بارزان دادەمەزرێنێ و زۆر دەروێش و مورید لە دەوری کۆدەبێتەوە))[٤]. لەگەڵ ئەوەشدا (هەژار موکریانی) هاتنی مەسعودی باپیرە گەورەی ئەم بنەماڵەیە بۆ ناوچەی بارزان بۆ هۆکاری بێزاری لە دەسەڵات دەگێڕێتەوە، بۆیە ژیانی خۆی بۆ خواپەرستی تەرخان کردووە، دواتریش نەوەکانی هەمان ڕێگای خواپەرستییان گرتووە، هەروەك دەڵێت: (( (مەسعود) لە میرایەتیی میراتی وەرەز بووە، ڕووی کردۆتە بناری چیای زێبار و دەستی لە دونیا بەرداوە و تەکی داوە بەلای خواوە و گۆشەنشینی ژیاوە. لە پاش ئەویش وەچە و نەوەی لەسەر شوێنی ئەو ڕۆیشتوون، خوێندوویانە پلەپلە پێ گەیشتوون، بوونە زانا

(٣) پی رەش، بارزان وحرکة الوعي القومي الكردي، (١٨٢٦-١٩١٤)، ١٩٨٠، ص ٢٤.

(٤) مسعود البارزاني، البارزاني والحركة التحررية الكردية، انتفاضة برزان الاولى ١٩٣١-١٩٣٢، كردستان، ١٩٨٦، ص١٦.



لە زانستی ڕووالەتی و نهێنیدا))[٥]. بۆیە ئەو تەکیەیەی شێخ تاجەددین دایمەزراند، لە دەڤەرەکە دەبێتە سەرچاوەیەکی پتەوی خواپەرستی، ئیدی لەوە بەدوا نەوەکانیان یەکەبەیەکە درێژە بەم ڕێبازە خواپەرستییە دەدەن، موریدی زیاتریان لێ کۆدەبێتەوە، هەروەك (مەسعود بارزانی) سەبارەت بە درێژەدان بە ڕێبازی خواپەرستی لەدوای کۆچی شێخ تاجەددین نووسیویەتی: ((دوای ئەو شێخ عەبدولڕەحمانی کوڕی جێگای گرتەوە، دوای ئەویش شێخ عەبدوڵڵای کوڕی هاتە شوێنی، کە بەدینداری ناوبانگی دەرکردبوو، ئەو شێخ عەبدولسەلامی کوڕی نارده قوتابخانەی نەهری، بۆئەوەی لەسەر دەستی شێخی گەورە سەید تەهای نەهری زانیارییەکانی ئایینی وەربگرێت...حەزرەتی مەولانا خالیدی نەقشبەندی لەیەکێك لە سەردانەکانیدا بۆ تەکییەکان، سەردانی تەکیەی بارزانی کرد و شێخ عەبدولسەلامی کردە خەلیفەی خۆی...))[٦].

(٥) هەژار موکریانی، بارزانی، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٨، ل ٩.

(٦) مسعود البارزاني، البارزاني والحركة التحررية الكردية، انتفاضة برزان الاولى ١٩٣١-١٩٣٢، ص ١٦.

## دووەم: لە دەسەڵاتی ئایینییەوە بەرەو خۆ ڕێکخستن و بەشداری شۆڕش و ڕاپەڕین

شێخ عەبدولسەلامی یەکەم هەر بە تەنیا سەرقاڵی کاروباری ئایینی نەبووە، بەڵکو توانی موریدەکانی خۆی لە خەڵوەتەوە بەرەو چەك هەڵگرتن و بەشداری شۆڕش و بەرگری لە خاکی کوردستان ئاڕاستە بکات، کاتێك ((خەڵکی کوردستان بە ڕێبەرایەتیی شێخ عوبەیدوڵڵای شەمزینان دژی عوسمانییەکان سەریان هەڵدا، عەبدولسەلامی بارزانیش لەگەڵ بنەماڵە و موریدەکانی خۆی زۆر چالاکانە لەو هەستانەوە و شۆڕشەدا ئامادەبوو و کاریگەرییەکی بەرچاوی کردە سەر شۆڕشەکە))[٧].

دوای ئەوەی شێخ عەبدولسەلامی یەکەم ناوبانگێکی گەورە لە دەڤەرەکەدا پەیدا دەکات، دەسەڵاتی فراوان دەبێ، فراوانبوونی ئەم دەسەڵاتە، بۆ ئاغاکانی دەڤەرەکە دەبێتە مایەی مەترسی و، هەر زوو ئەم دەسەڵاتە بە هەڕەشەیەك لە بەرانبەر مانەوە و بەرژەوەندییەکانی خۆیان تێدەگەن، ئیدی ناکۆکی لە نێوان ئاغاکان و شێخانی بارزان درێژە دەکێشێ و ڕەوشی نێوانیان زۆر ئاڵۆز دەبێ، هەتا ئەوکاتەش کە شێخ محەممەدی کوڕی شێخ عەبدولسەلامی یەکەم جێگای باوکی دەگرێتەوە، ئەگەرچی دواجار ئاغاکان بە ناچاری ملکەچی شێخانی بارزان دەبن، بەڵام ناکۆکییەکان هەر بەردەوام دەبێ، ئەم ناکۆکییانەش تەنیا بۆئەوە دەگەڕێتەوە کە شێخ عەبدولسەلام و ((شێخ محەممەدی کوڕی زۆر بەرگریان لە جووتیاران کردووە کە لە ژێر دەستی ئاغاکان بەتایبەت ئاغاکانی زێبار دەچەوسانەوە))[٨]. لە ئەنجامدا کار دەگاتە ئەوەی کە ((زنجیرە شەڕێکیان لەنێواندا ڕوویدا، کە لە ئاکامدا بارزانییەکان سەرکەوتن بەسەر ڕکابەرەکانیان))[٩].

(٧) د. فەرەیدون نوری، بزاڤی بارزانی، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی دەزگای ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٧، ل ١٠٩.

(٨) د. عوسمان عەلی، چەند لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی بزاڤی هاوچەرخی کورد، و: کامەران جەمال بابان زادە، چاپخانەی دێکان، سلێمانی ، ٢٠٠٥، ل ٣٢٨.

(٩) عەبدولمونعیم غولامی، سێ قوربانییەکە، و: ئیحسان ئیروانی، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٤، ل ٣٨.



لەماوەی شێخایەتی شێخ محەممەددا ((تەکیەی بارزان بۆ ستەملێکراوانی هۆزەکانی دەوروبەری بارزان بوو بە پەناگا، تاکو وای لێهات سەرۆك هۆزەکان لە دژی شێخ محەممەد سکالایان پێشکەش بە بەرپرسانی عوسمانی کرد، بۆیە شێخ بۆ ماوەی ساڵێك لەلایەن بەرپرسانی عوسمانی لە بارزان دوور خرایەوە و لە شاری بەتلیس لە کوردستانی تورکیا خرایە زیندان، دوای گەڕانەوەی بۆ بارزان هێندە نەژیا و لە ساڵی ١٩٠٣ کۆچی دوایی کرد و پێنج کوڕی لەدوای خۆی بەجێ هێشت: شێخ عەبدولسەلام، شێخ ئەحمەد، محەممەد سدیق، بابۆ، مەلا مستەفا))[١٠]. شێخ عەبدولسەلامی دووەم کە بەرپرسیارییەتی بنەماڵەکەی کەوتە ئەستۆ، زیرەکانە توانی ((لە سنووری دەڤەری بارزان و دەوروبەریدا سیاسەتێك بگرێتەبەر، نەك تەنیا ڕیزەکانی ناو کورد و هۆزە جۆربەجۆرەکانی ڕێکبخات، بەڵکو لەنێوان کورد و کەمەنەتەوایەتی و مەزهەبییەکانی دەڤەرەکەشدا یەکێتی ڕیزەکانی نێوانیان بپارێزێت ))[١١]. بەردەوام جەختی لەسەر بەیەکەوەژیان و یەکگرتوویی دەکردەوە ((ئەو هەمیشە بە خەڵکەکەی دەگووت: (یەکگرتوو بن، ئەگەر کۆمەککاری یەکتر بکەن، کەس ناتوانێ ئازارتان پێبگەیەنێ دەنا هەمووتان دەبن بە قامیشی ژێر قاڵی) ))[١٢]. شێخ عەبدولسەلام بە لێهاتوویی خۆی هەمیشە جەختی لەسەر چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی ڕابردوو دەکردەوە و هەوڵی یەکڕیزی دەدا و دەیگوت: (( لێتان دەپاڕێمەوە، با ڕابردوو لە بیر بکەین و با هاوڕێ بین))[١٣]. هەموو ئەو هەوڵانەش بوونە هۆی ئەوەی کە ((هۆزەکانی وەك (شێروانی، دۆڵەمەڕی، مزوری، بەرۆژی، نزاری، گەردی و هەرکی بنەجێ) لەسەر سەرکردایەتی ئەو هاوڕاو و تەبابوون، ئیدی لەو

(١٠) مسعود البارزاني، البارزاني والحركة التحررية الكردية، انتفاضة برزان الاولى ١٩٣١-١٩٣٢، ص ١٦-١٧.

(١١) د. كاوس قفطان، الانتفاضات البارزانية- صفحات من الحركة القومية التحررية الكردية، مطبعة سركوتن، السليمانية، ٢٠٠٢، ص ١٨-١٩.

(١٢) بازیل نیکیتین و کوردناسی، و: نەجاتی عەبدوڵڵا، بەرگی یەکەم، چاپخانەی شڤان، بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل ٥٠.

(١٣) هەمان سەرچاوە، ل ٥١.

کاتەوە ناوی بارزانی ئەو هۆزانەی گرتەوە))[١٤]. لە ئەنجامدا هێزێکی گەورە و یەکگرتوو لە دەڤەرەکەدا دروست بوو ((بارزان وای لێ هات لە تاقە گوندێکەوە بوو بە نزیکەی (٢٠٠) گوند))[١٥] و بەردەوامیش لە زیادبووندا بوو. دواجار ئەمە بووە هۆی ئەوەی کە ((هەموو بەگزادەی هۆزەکان قەڵەمرەوی ئەویان قەبوڵ کرد..))[١٦].

## سێیەم: ئەنجامدانی چاکسازی و پێشخستنی دەڤەرەکە

لەژێر سایەی شێخ عەبدولسەلامدا دەڤەری بارزان لە رووی کۆمەڵایەتی، ئایینی، ئابووری، سیاسییەوە، چاکسازیی و بوژانەوەی بەخۆیەوە بینی، هەروەك:

((١- هەڵوەشانەوەی موڵکایەتی.

٢- دابەشکردنی زەوی بەسەر جووتیاران.

٣- نەهێشتنی مارەیی و بەزۆر بەشودان.

٤- رێکخستنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەسەر بنەمای راستی و یەکسانی.

٥- دروستکردنی مزگەوت لە گشت گوندەکاندا بۆ نوێژکردن و، سوود وەرگرتن لێی، وەك بنکەیەکی کۆمەڵایەتی و راوێژکردن و چارەسەری گرفتەکانی خەڵکی گوند.

٦- پێکهێنانی لیژنە لە گشت گوندەکاندا بۆ سەرپەرشتیکردنی گوند لەسەرجەم بوارەکاندا.

٧- رێکخستنی چەکدار لە هەموو هۆزەکاندا و دانانی بەرپرس بۆیان))[١٧].

لەم بوارانەدا شێخ سەرکەوتنی بەرچاوی بەدەست هێنا و دەڤەرەکە پەرەی سەند، هەروەك بارزانی مستەفا لە ساڵی ١٩٤٧ دەنووسێ: ((خێڵی ئێمە لە پەنجا هەزار کەس پێك هاتووە، دەرەبەگ لەنێو ئێمەدا نییە، هەر کام لە ئێمە زەوی و ئاژەڵ و مەڕوماڵاتی خۆی هەیە .. شێخ عەبدولسەلامی برام بە یەکسانی و وەك یەك زەوی لەنێوان جووتیاران دابەش کرد و، ئەو

(١٤) مسعود البارزاني، البارزاني والحركة التحررية الكردية، انتفاضة برزان الاولى ١٩٣١-١٩٣٢، ص ١٧-١٨.

(١٥) عەلائەدین سەجادی، شۆڕشەکانی کورد وە کورد و کۆماری عیراق، ل ١٤٥.

(١٦) بازیل نیکیتین و کوردناسی، ل ٥٠ .

(١٧) مسعود البارزاني، البارزاني والحركة التحررية الكردية، انتفاضة برزان الاولى ١٩٣١-١٩٣٢، ص ١٨.



دابەشکردنەیش تا ئێستا لە گوندەکان کە ژمارەیان دەگاتە ٤٠٠ گوند هەروەك خۆی ماوەتەوە..))[١٨]. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە کاروبارەکانی رۆژانەی ژیان لە دەڤەری بارزان بە شێوەیەکی دروست و یەکسان بەپێی کارە چاکسازییەکانی شێخ عەبدولسەلام بە گشتی دابەشکراوە. لەم بارەیەوە ماڵی شێخ وەکو ماڵەکانی دی سادە و ساکار بووە و هیچی لە هەژاران زیاتر نەبووە، هەروەك نوسەری ئیسرایلی (ئەلیعەیزەر غەیزی) نووسیویەتی: ((ماڵی شێخ یەکێکە لەو ماڵانەی هیچ شتێکی زیاتری لە ماڵانی دیکە تێدا نییە. ماڵەکەشی لە خشت و قوڕ و دار و پووش و پەلاش دروست کراوە، چەند پارچە مافوور و رایەخێك راخراون و چەند سەرینێکیشی لێیە))[١٩]. لێرەوە ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە، کە ئەگەرچی ((بنەماڵەی بارزان شێخ بوون بەڵام دەرەبەگ نەبوون، هەمزە عەبدوڵڵا ئەنووسێ ئەڵێ: (تاقە شێخن کە دەرەبەگ نەبوون). نیکیتینیش ئەنووسێ: (کە شێخەکانی بارزان وەك هەموو جووتیارێکی ساکار بێستانێکی بچووکیان هەبوو) ))[٢٠].

بایەخی ئەم چاکسازییانەی شێخ عەبدولسەلام بە ناوچەکەی گەیاند بە رادەیەك بوو، لەگەڵ ئەوەی زۆربەی هۆزەکانی دەڤەرەکە چوونە ژێر قەڵەمڕەوەی دەسەڵاتەکەی، بەڵام هەندێ لە هۆزی دی پەیوەندییان لەگەڵ دەروازەی باڵا (بابی عالی)ی دەسەڵاتی عوسمانی دروست کرد و لە دژیدا کەوتنە پیلان داڕشتن. بۆیە بە مەبەستی شێواندنی بارودۆخەکە و شاردنەوەی راستییەکان و دروستکردنی کۆسپ لەبەردەم فراوانبوونی دەسەڵاتی شێخ عەبدولسەلام، زۆر رێگا گیرایە بەر[٢١].

(١٨) د. ئەفراسیاو هەورامی، مستەفا بارزانی لە هەندێك بەڵگەنامە و دۆکیۆمێنتی سۆڤیەتیدا، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٢، ل ١٠٣ .

(١٩) ئەلیعەیزەر غەیزی تسافریر، من کوردم، و: دینۆ، گ: بزاو، ژ: ٢١، ٤ ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٧، ل ٣٢ .

(٢٠) د. کاوس قەفتان، کورتە باسێك دەربارەی بنەماڵەی بارزان و بەهەشتیی مستەفا بارزانی، کۆنگرەی یادەوەریی سەد ساڵەی بارزانی نەمر، بەشی دووەم، ئامادەکردن و سەرپەرشتی: مومتاز حەیدەری و...، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ل ١٠٧٣.

(٢١) عەبدولمونعیم غولامی، سێ قوربانییەکە، ل ٣٩.

## چوارەم: ڕاپەڕینی شۆڕشگێڕیی و داخوازی نەتەوەیی

بەمەبەستی رزگاربوونی کورد لە ژێر ستەمی دەوڵەتی عوسمانی، شێخ عەبدولسەلام توانی پردی پەیوەندی نەك هەر لەگەڵ هۆزەکانی ناوچەکە، بەڵکو لەگەڵ زۆربەی ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان بونیاد بنێ و سەردانی گەلێك دەڤەر و شار و گوندەکان بکات. هاوکات لە رووی سیاسییەوە توانی پەیوەندی بە (کۆمەڵەی تەعالی و تەرەقی کوردستان)، (جەمعیەتی هێڤیا کورد)، بکات و بلاوکراوەکانیان بگەیەنێتە بارزان، هەروەها پەیوەندی لەگەڵ رابەرانی کورد، (شێخ عەبدولقادری نەهری)، (شێخ مەحموودی حەفید)، (سمکۆی شکاك) (١٨٩٥-١٩٣٠) ببەستێ. لە یەکێك لە سەردانە بەرفراوانەکانی بۆ دەڤەری دهۆك چاوی بە چەندین شێخ و سەرۆك هۆزەکان دەکەوێت، پاشان هەموویان لەماڵی شێخ نور محەمەد بریفکانی کۆدەبنەوە، دوای راوێژکردن شێخ عەبدولسەلام بە سەرۆکی خۆیان هەڵدەبژێرن، تاوەکو بەناوی ئەوانەوە قسە بکات، دوای کۆبوونەوەکە شێخ عەبدولسەلام لەرێگەی والی موسڵەوە بروسکەیەك بۆ دەروازەی بالا لە ئەستەمبۆڵ دەنێرێ[٢٢]. داواکارییەکان هەروەك (سدیق دەملوجی) باسی کردووە، ئەمانەی لەخۆگرتبوو:

((١- زمانی کوردی لە هەر پێنج قەزا کوردنشینەکان فەرمی بێت.

٢- خوێندن بە زمانی کوردی بێت.

٣- دامەزراندنی قایمقام و بەرێوەبەری ناحیە و کارمەندەکان لەو کەسانەبن، کە زمانی کوردی دەزانن.

٤- مادام ئایینی دەوڵەت ئیسلامە، دەبێ حوکمڕانییەت بەپێی شەریعەتی ئیسلام بێت.

٥- بۆ پۆستی قازی و موفتییەکان، ئەوانە دابمەزرێن کە لەسەر رێبازی شافیعی بن.

٦- باجەکان بە پێی دەقی شەرع وەربگیرێن، ئەوەی زیادە یان پێچەوانەی ئەمەیە هەڵبوەشێتەوە.

(٢٢) مسعود البارزاني، البارزاني والحركة التحررية الكردية، انتفاضة برزان الاولى ١٩٣١-١٩٣٢، ص ١٨-١٩ . بى رەش، بارزان وحركة الوعي القومي الكردى، ص ٩٨. صديق الدملوجي، امارة بهدينان الكردية او امارة العمادية، تقديم و مراجعة د. عبدالفتاح علي بوتاني، الطبعة الثانية، دار ئاراس للطباعة والنشر، مطبعة وزارة التربية، اربيل، ١٩٩٩، ص ٨٥ .



٧-باجی بەرامبەر نەبوون بە سەرباز هەروەك خۆی بمێنێ، ئەمەش بۆ چاکردنی رێگاکانی پێنج قەزایەکە خەرج بکرێت))[٢٣].

ئەگەر بە وردیی لە هەوڵەکانی شێخ عەبدولسەلام بۆ یەکخستنی ریزەکانی کورد و ئەم داخوازییانە وردبینەوە، ئەوا پەرۆشی بۆ گیانی نیشتمانپەروەریی و هەستی نەتەوەیی و شەریعەتی ئیسلامی بە روونی لەم جموجۆلانە بەدی دەکرێت، بەلام ئەمە بەو مانایە نایەت کە تەنیا بایەخی بە ئایینی ئیسلام داوە و پەیڕەوکارانی ئایینەکانی دیکەی فەرامۆش کردووە، بەڵکو بڕوای بە گیانی لێبوردەیی و بەیەکەوەژیانی ئایینەکان هەبووە و پەیوەندی ((دەگەڵ مەسیحی و جولەکەی کوردستان خۆش بووە))[٢٤].

دەسەڵاتی عوسمانی نەك هەر بایەخ بەم داواکارییانەی سەرەوە نادات و وەلامی ئەم خالانە ناداتەوە، بەڵکو ئەم داخوازییانە بە هێرشی سوپایی وەلام دەداتەوە ((بابی عالی کە بروسکەکەی وەرگرت، ئەوەی بە دەرچوون لە فەرمانی دەوڵەت و داوای جوداخوازی لە قەڵەم دا، بۆیە (نەفیرعام)ی راگەیاند، لە کۆتایی ساڵی ١٩٠٧ دا هێزی سوپایی بە سەرکردایەتی فەریق محەمەد فازل پاشای داغستانی بۆ ناردن، هیچ یەکێك لە سەرۆك هۆزەکان بەرگرییان نەکرد، هەموو قورسایییەکە کەوتە سەر بارزان، شێخ عەبدولسەلام فەرمانی بەرگریی و بەرهەڵستی دا، بارزانییەکان دوومانگ بەرگرییان کرد و ئەوانی دی تەماشایان دەکرد یاخود هەندێکیان هاوکاریی دوژمنیان کرد. لە کۆتاییدا شێخ عەبدولسەلام ناچاربوو ناوچەکە بەجێ بهێڵێت و بچێتە لای (مارشەمعون)* لە تیاری...داغستانی بە هێزەکەیەوە گەیشتە دەڤەری بارزان، گوندەکانی سووتاند و ماڵەکانی تالان کرد، تەنانەت ژن و منداڵیشی گرت، لەم رووبەڕووبونەوانەدا مەلا مستەفا بارزانی کە تەمەنی سێ ساڵ بوو لەگەڵ دایکی لەلایەن هێزەکانی عوسمانی لە بەندیخانەی موسڵ زیندانی کران))[٢٥].

(٢٣) صديق الدملوجي، امارة بهدينان الكردية او امارة العمادية، ص ٨٧ .

(٢٤) کریس کۆچێرا، کورد لەسەدەی نۆزدە و بیستەم دا، و: حەمەکەریم عارف، چاپی سێیەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٦، ل ١٥٣.

(*) مارشەمعون، پلە و پایەیەکی بالای ئایینییە لە رێبازی نەستووری و، بەشێوەیەکی بۆماوەیی لەیەك خێزاندا دەمێنێتەوە. بڕوانە: انور المائی، الاكراد في بهدينان، مطبعة الحصان، الموصل، ١٩٦٠، ص ٢٤٧ .

(٢٥) مسعود البارزاني، البارزاني والحركة التحررية الكردية، انتفاضة برزان الاولى ١٩٣١-١٩٣٢، ص ١٩-٢٠ .

بەپێی چەند بەڵگەنامەیەکی دەوڵەتی عوسمانی شێخ عەبدولسەلام پەیوەندیی لەگەڵ کۆنسوڵی ئینگلیز لە موسڵ هەبووە، بۆیە کاتێك شێخ هەست بە مەترسی هێرشی عوسمانییەکان بۆ سەر ناوچەی بارزان دەکات، نامە بۆ کۆنسوڵی بەریتانی لە موسڵ دەنووسێ و داوای هاوکاری لێدەکات، بەڵام دوای ئەوەی ئەم پەیوەندییە لەلایەن عوسمانییەکانەوە ئاشکرا دەبێ، زۆر نارەحەتیان دەکات، بۆیە هەردوو وەزارەتی جەنگ و دەرەوەی عوسمانی بۆماوەیەك بە گواستنەوەی قونسوڵی بەریتانی سەرقاڵ دەبن، دواجار کۆنسوڵی بەریتانی لە موسڵ دەگوازرێتەوە و یەکێکی دی بە وەکالەت لە جێگای دادەنرێ، هەر لەبەر ئەوەی پەیوەندی لەگەڵ شێخ عەبدولسەلام هەبووە[٢٦].

دوای گەڕانەوەی شێخ عەبدولسەلام بۆ ناوچەی بارزان و کۆکردنەوەی هێزەکەی، پەلامارێکی لەناکاو دەکەنە سەر هێزەکانی عوسمانی و زیانێکی گەورەیان پێدەگەیەنن و ناوچەکەیان لێ پاك دەکەنەوە، لەم بارەیەوە (د.عەبدولفەتاح بۆتانی) دەڵێت: ((بارزانییەکان توانیان هێزەکانی خۆیان کۆ بکەنەوە و هێرش بۆ سەر سوپای عوسمانییەکان ببەن تێکیان بشکێنن و دەست بەسەر چەك و جبەخانەکانیاندا بگرن))[٢٧]. لە ئاکامی شکستەکەیاندا ئەگەرچی عوسمانییەکان بەناچاری ئاگربەستیان راگەیاند و زیانی بارزانییەکان قەرەبوو کرایەوە، بەڵام ئەوان هەمیشە بەدوای بیانوودا دەگەڕان، بۆئەوەی بارزان داگیر بکەنەوە و شێخ عەبدولسەلام لەناو ببەن، دواجار ((حکومەتی ئیتیحادی بڕیاری دا حیسابی خۆی لەگەڵ شێخ عەبدولسەلام بارزانی یەکلایی بکاتەوە))[٢٨]. بۆیە لەساڵی ١٩١٣ بە بیانووی کێشەی بەدەستەوەدانی (سەفوەت بەگ)، ئەوا والی مووسڵ (سلیمان نەزیف) شێخی بارزان بۆ شاری موسڵ بانگهێشت دەکات، بەڵام شێخ ئەمە رەت دەکاتەوە. بۆیە والی موسڵ بۆ گرتنی شێخ، هێرشێکی گەورە بە هاوکاری هەندێ هۆزی کوردی بۆ سەر بارزان دەنێرێ، چەندین شەڕی سەخت روودەداتەوە، لە ئەنجامی نابەرانبەری هێزی بارزان و سوپای زۆر و پڕ چەك و جبەخانەکانی عوسمانی، شێخ پاشەکشە بۆ کوردستانی ئێران دەکات و دەچێتە لای سەید تەهای نەهری لە راژان. شێخی بارزان بە ئومێدی بەدەستهێنانی پشتگیریی و هاوکاریی، پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتی رووسیا دروست دەکات و، لەڕێگای سمکۆی شکاك بە نهێنی

(٢٦) کۆنگرەی یادەوەریی سەد ساڵەی بارزانی نەمر، بەشی دووەم، بەڵگەنامەی ژمارە ( ا، ٣، ٤، ٥، ٦ )، ل ١٢٢٨-١٢٤٣

(٢٧) د. عبدالفتاح علي البوتاني، الحركة القومية الكوردية التحررية، دراسات و وثائق، تقديم: د. خليل علي مراد، دار سپيريز للطباعة والنشر، مطبعة وزارة التربية، اربيل، ٢٠٠٤، ص ٢٥.

(٢٨) نفس المصدر، ص ٣٠.



دەچێتە شاری (تفلیس) و دیدار لەگەڵ نێردراوی قەیسەری رووسی و سەرۆکی سەربازی باشوور ساز دەکات، بۆئەوەی دۆزی رەوای کوردیان بۆ روون بکاتەوە، بۆ ئەمەش داوا لە رووسیا دەکات کە یارمەتی کورد بدات، لەم بارەیەوە بەڵێنی پشتگیری بۆ سەرخستنی راپەرینە چەکدارییەکەی وەرگرت. هەر لەم کاتەدا والی شاری وان رادەگەیەنێ کە پارەیەکی زۆر وەك خەڵات پێشکەش بەو کەسە دەکات، کە شێخ عەبدولسەلامی بە زیندوییەتی یان مردوویی بۆ بهێنی[٢٩]، دواجار شێخ عەبدولسەلام کە رابەری ئەم راپەرینە بوو، لەڕێگەی خیانەتەوە دەستگیردەکرێ و لە ئاکامدا لە ساڵی ١٩١٤ لە شاری موسڵ لە سێدارە درا. بەم شێوەیە ((لەو بنەماڵەیەش دا یەکەم مرۆی کورد لە سێدارەدرا))[٣٠]، واتە شێخ عەبدولسەلام بە یەکەمین سەرکردەی شەهیدی رێگای رزگاریخوازی کوردستان لە قەڵەم دەردێت، کە لەلایەن داگیرکارانی کوردستانەوە بڕیاری خنکاندنی بەسەردا جێبەجێ کرا بێت .

## پێنجەم: بنیاتنانی بناغەیەکی پتەو بۆ ئایندە

بە هەموو ئەو هەوڵە چاکسازییانەی ناوچەکە و بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی ناوخۆ و دەرەوە و تێکۆشان و رووبەڕووبوونەوە دژ بە ستەمی دەسەڵاتی عوسمانی، شێخ عەبدولسەلام توانی بناغەیەکی پتەو بۆ راپەرین و شۆڕشەکانی ئایندەی بارزان بەسەرکردایەتی شێخ ئەحمەد و مستەفا بارزانی و مەسعود بارزانی .... دابمەزرێنێت.

لە ئاکامی لە سێدارەدانی شێخ عەبدولسەلام، شێخ ئەحمەدی برای (١٨٩٢-١٩٦٩) بەرپرسیارێتی بنەماڵەکە و، پێشەوایەتی هەموو ناوچەی بارزانی کەوتە ئەستۆ و درێژەی بە خەبات و تێکۆشان دا، لەدوای جەنگی جیهانی دووەم لاپەڕەکانی ژیانی شێخ ئەحمەد لەسەر هەمان رێبازی نیشتمانپەروەریی و ئایینی و نەتەوایەتی پڕە لە راپەڕین و شۆڕش لەپێناو ئازادی کوردستان.

بۆیە هەڵمەتی هێزی سوپایی داگیرکاران بەردەوام بۆ سەر ناوچەی بارزان دەچوو. لە ئاکامدا تاکو ئێستا ((گوندی بارزان (١٧) جار سووتێنراوە))[٣١]. بێگومان سووتاندنی ئەو رێژە زۆرەی گوندی بارزان لەلایەن داگیرکارانی کوردستانەوە، بۆئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەم شوێنە هەمیشە بە کانگای گڕکانی شۆڕش لە قەڵەم دراوە.

(٢٩) پی رەش، بارزان وحركة الوعي القومي الكردي، ص ١٠٥-١٣٦ .

(٣٠) مومتاز حەیدەری، یەکەم منداڵی زیندانی کورد، گۆڤاری هەنگ، ژمارە ( ١٣)، ئاداری ١٩٩٧ ، ل ١٣ .

(31) احمد الزاويتي، رحلة مصطفى البرزاني، ج ١ www.aljazeera.net يوم ٢٠٠٧/٣/١٧.

## باسی دووەم
## ژیان و تێکۆشانی بارزانی مستەفا

ناوی تەواوی مەلا مستەفا ((کوڕی شێخ محەممەد کـوڕی شـێخ عەبدولـسەلامی یەکـەم کـوڕی مەلا عـەبدوڵڵای کوڕی مەلا عـەبدولسەلام کوڕی مەلا سەعیدی کوڕی شێخ محەمـەد کـوڕی مـەلا ئەحمەد ناسراو بە (پیرەش) کوڕی مەلا عەبدولڕەحیم کوڕی میر یوسف خـان کـوڕی مـیر سـەعید کوڕی میر سەیدی خان کوڕی میر قوبادی یەکەم کوڕی حوسێن (وەلی) کوڕی حەسەن بـەگ کـوڕی سەیفەدین کوڕی محەممەد بەهائەدینی دامەزرێنەری میرنـشینی بادینانـە))[32]. لـە ١٩٠٣/٣/١٤ لە گوندی بارزان، هاتۆتـە ژیـان. ئـەو کاتـەی شـێخ عەبدولـسەلامی بـرا گـەورەی سـەرکردایەتی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردی دەکرد، بارزانی مستەفا لە تەمەنی سێ ساڵییەوە لەگەڵ دایکـی و ژمارەیەکی زۆر لـە دانیـشتوانی بـارزان لـە شـاری موسـڵ زینـدانی کـراوە و لـە زینـدان فێـری لێکدانی دەنگ و وشە و دەربڕینـی سـەرەتایی کـوردی بـووە. بەمـەش بـارزانی دەبێتـە ((یەکـەم منداڵی زیندانی کورد))[33]. واتە بارزانی بووەتە یەکەمین سەرکردەی هەڵکەوتووی کورد کە هـەر بە منداڵییەوە لەلایەن داگیرکارانی کوردستان زیندانی کرا بێت.

بارزانی مستەفا کە زۆرجار بە (ژەنەراڵ بارزانی، سەرۆك بارزانی، بـارزانیی نـەمر، بـاوکی ڕۆحی نەتەوەی کورد، بـارزانی مـستەفا) نـاو دەبـرێ، لـە ماڵێکـدا گـەورەبووە کـە تەریقـەتی نەقشبەندی و رەوشتی ئایینی و جموجۆڵی شۆڕشگێڕی و سیاسی خەسڵەتی بەرچاو و دیاری ئەم خێزانە بووە، بۆیە هەر بە منداڵی بە بیری ئایینی و شۆڕشگێڕی پەروەردە دەکرێـت و هـەر لـە زووەوە دەبێتە جێگای سەرنجی خانەوادەکەی و خەڵکی دی ((لە منداڵییەوە بەهۆی خوڕەوشتی بەرز و ئازایەتییەوە سەرنجی خەڵکی بۆخۆی راکێشاوە و سۆز و خۆشەویستی خانەوادەکـەی بـە

(٣٢) صديق الدملوجي، امارة بهدينان، ص ٨٩ — ١٠٤، وەرگیراوە لە: فائق ئەبو زێد، دەرخستنی واتاکـانی ژیان لە ژیانی شێخ عەبدولسەلامی بارزانی، کۆنگرەی یادەوەریی سەد سـاڵەی بـارزانی نـەمر، بەشـی یەکـەم، ئامادەکردن و سەرپەرشتی: مومتاز حەیدەری و ....، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ل ١٣٦ .

(٣٣) مومتاز حەیدەری، یەکەم منداڵی زیندانی کورد، ل ١٣.



دەست هێناوە))[34]. چونکە هەر لە منداڵییـەوە خانەوادەکـەی بـەرەو مەشـقی راوشـکاریی و هونەری چەك ئاراستەیان کردبـوو، سروشـتی ژینگـەی (بـارزان)یـش رۆڵـی لـەو ئامادەسـازییە هەبووە، ئیدی بارزانی خۆی ((بە راو و شکار لـە چیا سەرکەشـەکانی بـارزان خـەریك کردبـوو بۆئەوەی لە رووی جەستەییەوەش رێك و بەهێز بێ))[35].

### یەکەم: خوێندن و زانست

بارزانی زۆر حەزی لە فێربوون و کۆکردنەوەی زانست و زانیاری بووە، بەلاّم بەهۆی ناڵەباری بارودۆخی بـارزان و رووبەڕووبوونـەوەی چـەکداریی و خـەباتی سیاسـی بنەماڵەکـەی، خوێنـدنی رێکوپێك نەبووە، خوێندنی سەرەتایی لە حوجرەی مزگەوت و خانەقا بـووە. بـۆ مـاوەی شـەش ساڵ لە گوندی بارزان مامۆستایانی تایبـەتی فێـری قۆناغـەکانی خوێنـدنی زمـانی عـەرەبی و زانستەکانی ئایینی ئیسلامی ئەو سەردەمیان کردووە، پاشان هەر لەوێ بۆ مـاوەی چـوار سـاڵ شـەریعە و فیقهـی ئیـسلامی خوێنـدووە[36]. تەنانـەت کاتێـك لـە سلێمانی دەستبەسـەربوو، درێژەی بە خوێندنی خۆی لە مزگەوتی (شێخ سەلام) داوە[37]. هەروەها ئەو کاتەی لە یـەکێتی سۆڤیەت بوو، دووبارە دەستی بە فێربوونی زمانی رووسی کردووە، تاکو بەباشی فێـری نووسـین و قـسەکردن بـوو، پاشـان چـووە ئـەکادیمیای سیاسـی سـۆڤیەت، دواتـر ئـابووری و زانیـاری و جوگرافیای خوێندووە، هەتا ١٤ تەمموزی سـاڵی ١٩٥٨ وەك قوتابییـەك لـە خوێنـدن بـەردەوام بوو، ئیدی لەوە بەدواوە ئەرکی قورسی دیکەی کەوتە سەرشـان[38]. بـارزانی جگـە لـە زمـانی کوردی، عەرەبی و فارسی بەباشی زانیوە، بە تورکیش گفتوگۆی دەکرد، هەروەها جگە لـەوەی

(٣٤) زعماء الكورد، نبذة عن حياة الخالد مصطفى البارزاني،< www.gilgamish.org > يوم ١١ /٦ /٢٠٠٦.

(٣٥) عەبدولحەمید بەرزنجی، بارزانیی نەمر، نموونەی سـەرکردەی لێهـاتووی نەتـەوەی کـوردە، ر: برایـەتی، ژ: (٣٩٣٦)، هەینی ٢٠٠٣/٣/١٤، ل ٩.

(٣٦) زعماء الكورد، نبذة عن حياة الخالد مصطفى البارزاني،< www.gilgamish.org > .

(٣٧) عەلائەدین سوجادی، شۆڕشەکانی کورد وە کورد و کۆماری عیراق، ل ١٦٨ .

(٣٨) بڕوانە: مسعود البارزاني، البارزاني والحركة التحررية الكردية، ثورة بارزان ١٩٤٥- ١٩٥٨، كردستان، ١٩٨٧، ص ١١٣، ١١٨، ١٢٩. زعمـاء الكـورد، نبـذة عـن حيـاة الخالـد مـصطفى البـارزاني،< www.gilgamish.org >.

زمانی رووسی باش زانیوه، هاوکات توانایەکی گەورەی دەربڕینی هەبوو، بەم زمانە (د. فوئاد مەعسوم) لەم بارەیەوە دەڵێت: ((لەساڵی ١٩٦٥ هاتمە کوردستان و چوومە خزمەتی، هێندێ نامەم هێنابوو لە دەرەوە زانی کە مارشاڵ (تیتۆ) لە قاهیرەیە و بۆ ماوەیەك دەمێنێتەوە کاغەزێکی بۆ (تیتۆ) نووسی کاغەزێك بۆ (عبدالناصر) لەبەرئەوەی کاتەکە تەنگ بوو گوتی تۆ کاغەزەکەی عبدالناصر بنووسە و منیش ئەوەی (تیتۆ) بە رووسی خۆی نووسی، ئەوەی کە سەرنجی راکێشام ئەمن عەرەبییەکەم بە مسوودە نوسیبوو، بۆئەوەی پێی دابێمەوە و بزانم چۆنە و رەئی ئەو چییە، ئەو یەکسەر بەبێ مسوودە کاغەزەکەی نووسی، دوای ئەوە کە لێی پرسیم گوتی رووسی دەزانی گوتم نەخێر، تەرجەمەی کرد و کوردییەکەی خوێندەوە ئیعجابێکی زۆرم پێ پەیدا کرد لەوەی لە دارشتنی کاغەزەکە لە تسلسلی ئەو فیکرانەی کە لە کاغەزەکەدا هاتبوو))[٣٩].

بارزانی لەڕووی مەعریفییەوە لە رووسیا توانی سوودێکی گەورە ببینێ بەجۆرێك ((ئەو کەسانەش کە لە پراگ دیتبوویان، مات و سەرسام بوون، دیاربوو کە بارزانی (لە سۆڤیەت) مارکسیزمی خوێندبوو و موتالای کردبوو، کەسێکی ((پێشکەوتنخواز)) بوو ))[٤٠].

## دووەم: گەنجایەتی و هەماهەنگی شۆڕش

بارزانی لە سەرەتای تەمەنی گەنجێتییەوە بەئەرکی هەماهەنگی کاروباری شۆڕشەوە، سنوورە دروستکراوەکانی کوردستانی گەورە دەبەزێنێ، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتەی کە شێخ ئەحمەدی بارزان درێژەی بە خەبات لەپێناو ئازادی کوردستان دەدا، لە کاتێکدا لەنێوان ساڵانی (١٩١٧-١٩١٩) شێخ عەبدولقادری نەهری داوا لە شێخ ئەحمەد دەکات سەرکردایەتی بزووتنەوەی کورد بە ئەستۆ بگرێت، شێخ ئەحمەد بەمەبەستی هەماهەنگی راپەرین و شۆڕش، مستەفا بارزانی بۆ کوردستانی باکوور نارد و لەشاری موش بارزانی چاوی بە شێخ سەعیدی پیران و بە شێخ عەبدولقادر کەوت بۆ راپەڕین دژ بە تورکەکان[٤١].

(٣٩) وتارێك لەلایەن بەڕێز دکتۆر فوئاد مەعسوم، کۆنگرەی ٩٠ ساڵەی لەدایکبوونی بارزانی ی نەمر، سەلاحەدین ١٤-١٩٩٣/٩/١٧، ئا: مومتاز حەیدەری و ...، چاپخانەی خەبات، دهۆك، ١٩٩٧، ل ٥٢.

(٤٠) کریس کۆچێرا، کورد لە سەدەی نۆزدە و بیستەم دا، ل ٢٦٢.

(٤١) **بڕوانە**: البارزاني وشهادة التاريخ، مجموعة ابحاث وانطباعات للمؤلفين الكورد والروس، ص ٣٣. مسعود البارزاني، البارزاني والحركة التحررية الكردية، انتفاضة برزان الاولى ١٩٣١-١٩٣٢، ص ٢١.



وێڕای بەزاندنی سنوورەکانی ولاتانی عێراق و تورکیا و هەماهەنگی شۆڕشەکانی کوردستانی باکوور، بارزانی بە سەرکردایەتی هێزێکەوە لە بارزانەوە بەرەو سلێمانی چوو، بۆ پشتیوانی راپەڕینەکەی شێخ مەحمودی حەفید کە لە ساڵی ١٩١٩ دژ بە بەریتانییەکان هەڵیگیرساند. ئەگەرچی بارزانی لەکاتێکدا بە هێزەکەی گەیشتە ناوچەی سلێمانی، شێخ مەحمود بە دیل گیرابوو، بەلاّم ئەم پشتیوانی و ئەرکە نەتەوەییە بەریتانییەکانی تووڕە کرد و زۆر بە گران لەسەر بارزانییەکان کەوتەوە.

بارزانی هەر لەسەرەتای گەنجێتییەوە لە ساڵانی ( ١٩٢٠- ١٩٢١ ) بەشداریی لە شەڕی سەخت و دژواردا کردووە، کاتێك کە ئەرمەنییەکان لەپێناو سەربەخۆییدا لە بەرانبەر تورکەکاندا رووبەڕووی کۆمەڵکوژی دەبنەوە، بارزانی لەنێو هێزێکدا بەشداری لە بەهاوارەوەچوونی ئەرمەنییەکان دەکات، هەروەك خۆی دەگێڕێتەوە و دەڵێت: ((من یەکێك بووم لەو هێزە (٢٠٠) چەکدارەی کە شێخ ئەحمەد بۆ فریاکەوتنی ئەنترانیك پاشای ئەرمەنییەکانی نارد بە سەرکردایەتیی ئولی بەگ، کاتێك ناوچەی هۆزەکانی رێکان و هورەماری و ئەوانی دیمان بڕی، بە خەڵکمان دەگوت دەچین لە ئەرمەنییەکان دەدەین، چونکە لەو کاتەدا حکوومەتی تورکیا زۆر کەسی هەڵخەڵەتاند بوو، گوایە ئەوە شەڕی نێوان موسڵمان و مەسیحییەکانە و حکوومەتی تورکیا لەپێناو سەرکەوتنی ئیسلام شەڕ دەکات، یارمەتی ئەرمەنییەکانمان دا و لەگەڵیاندا هەتا سووریا چووین، لەنێو ئەو خێزانانەی رزگارمان کردن، خانەوادەی ئەنترانیك پاشا بوو، دوای ئەوەی لەم رووبەڕووبوونەوانەدا لەگەڵ سوپای تورکیا (١٤) شەهیدمان دا، لە رێگەی زاخۆ گەڕاینەوە بارزان))[٤٢]. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە بارزانییەکان و بارزانی، بەبێ لەبەرچاوگرتنی بیروڕای ئایینی و نەتەوەیی داکۆکییان لە مافی گەلاندا کردووە و خاوەن هەستێکی مرۆڤایەتی بوون.

بارزانی بەشدارییەکی کارای لە راپەرینی ساڵانی (١٩٣١-١٩٣٢)ی بارزان دا کردووە، ئەو کاتەی سەرکردایەتی سەرەکی هێزەکانی مێرگەسوور و شێروانی پێ سپێردراوە، لە بەرانبەر هێزێکی گەورەی بەریتانی وەستاوە و لە شەڕێکی یەکلاکەرەوەدا زیانێکی گەورەی پێ گەیاندوون، جگە لە بریندار و گیراوەکان، ژمارەی کوژراوەکانیش بەسەدان بوو، بۆیە بارزانی

(٤٢) مسعود البارزاني، البارزاني والحركة التحررية الكردية، الجزء الثالث، مطبعة وزارة التربية، اربيل، ٢٠٠٢، ص ٤١٩.

ڕۆڵێکی گەورەی لەو سەرکەوتنەدا بینی و ناوبانگی ئازایەتی بەخێرایی بلاوبۆوە ((ئەم شەڕە کە بە (دولاڤاژی) بەناوبانگە و بووە مایەی تەفروتوناکردنی (هێزی دای) بەریتانی و کوژرانی (٢٥٣) سەرباز لەم هێزە، وێڕای ئەوەی بووە مایەی شانازی بارزانییەکان، هاوکات بوو بە سەرچاوەی لەدایکبوونی گەلێ هۆنراوە و گۆرانی میللی))[٤٣]. بەمەش بۆ یەکەمجار بارزانی لەنێو شیعر و ئەدەبیاتی کوردیدا ئاماژەی پێدرا.

دوای ئەوەی شەڕ لە ساڵی **١٩٣٢** وەستا و وتوێژ دەستی پێکرد، حکوومەتی عیراق داوای دانانی بنکەی پۆلیس و چەك داماڵینی بارزانییەکانی کرد و، ئەوانیش رازی نەبوون، بۆیە سوپای عیراق بە پاڵپشتی فڕۆکە و هێزی ئاسمانی بەریتانی، بۆردومانی دێهاتەکانی کرد و پیاوی پیر و ژن و منداڵێکی زۆر کەوتنە ژێر بۆمبی فڕۆکە و شەهید بوون، خەڵکی گوندەکان پەنایان بۆ شاخ و ئەشکەوت برد. بۆیە دوای گفتوگۆکردن لەگەڵ حکوومەتی تورکیا، ئەم وڵاتە رەزامەندی لەسەر وەرگرتنی پەنابەران نیشاندا، بەمەش بارزانی مستەفا و بارزانییەکان و خێزانەکانیان بەناچاری پاشەکشەیان بۆ تورکیا کرد. بەلاّم کاتێك حکوومەتی تورکیا بەڵێنەکەی خۆی بەجێ نەهێنا و شێخ ئەحمەد و بارزانییەکانی بە عیراق داوە[٤٤]. بارزانی بە هاوکاری کوردەکانی کوردستانی باکوور خۆی لە تورکیا دەرباز کرد و گەڕایەوە ناوچەی بارزان و هێزەکانی کۆ کردەوە. بەمەش حکوومەتی عیراق بە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی ئەوکات ناچار بوو لە ئابی **١٩٣٣** شێخ ئەحمەد بگەڕێنێتەوە بارزان.

لە تەمەنی سی و سێ ساڵیدا کەسایەتی بارزانی دەبێتە مەترسی بۆ سەر بەرژەوەندی بەریتانییەکان و دەوڵەتی عیراق، بۆیە هەردوولا بەفێڵ پلانی گرتن و کوشتنی بۆ دادەڕێژن، ئەمە لەکاتێکدا لە گۆڕەپانی شەڕو ڕووبەڕووبوونەوەدا هیچیان لەگەڵ پێ نەدەکرا، بۆیە پاش دەرچوونی لێبوردنی گشتی بۆ بارزانییەکان و کشانەوەی سوپا لە ناوچەکە و گەڕانەوەی ئاسایش بۆ بارزان، شێخ ئەحمەد بانگهێشتی شاری موسڵ دەکرێ، ئەگەرچی دەسەلاّتدارانی بەریتانی و عیراقی لە شاری موسڵ بەڵێنی گەڕانەوەیان پێدابوو، بەلاّم خیانەتیان لەگەڵدا کرد و بەفێڵ مستەفا بارزانی و براکان و منداڵ و خێزانەکانیان بردرانە موسڵ، لە ناوەڕاستی ساڵی **١٩٣٦** هەردوولا پلانی کوشتنی بارزانییان داڕشت و ژەهریان بۆ کردە ناو قاوە، بەلاّم بە

---

(٤٣) مسعود البارزاني، البارزاني والحركة التحررية الكردية، انتفاضة برزان الاولى ١٩٣١-١٩٣٢، ص ٣٦.

(٤٤) عەلائەدین سەجادی، شۆڕشەکانی کورد وە کورد و کۆماری عیراق، ل ١٦٣-١٦٧.



شێوەیەکی سەیر، لە مردن رزگاری بوو. پاشان هەموویان بۆ شارەکانی بەغدا، ناسریە، ئینجا ئاڵتون کۆپری، کفری، دواتر بۆ سلێمانی دوورخرانەوە[٤٥].

## سێیەم: بارزانی و هەڵگیرساندنی شۆڕش

لە تەمموزی **١٩٤٣** دوای بەسەر بردنی ژیانێکی سەخت و دژوار لە ماوەی دوورخرانەوە و ژێر چاودێریدا، بارزانی بە هاوکاری رێکخستنەکانی هیوا و کەسانی نیشتمان پەروەر، بە نهێنی لە شاری سلێمانی دەرباز دەبێ و دەگاتە کوردستانی ڕۆژهەلاّت. ئەگەرچی ئەوکاتە حکوومەتی عیراق ((پێنج هەزار دیناری وەك خەلاّت دانابوو بۆ ئەو کەسەی مەلا مستەفا بە زیندوویی دەگرێت یان بە مردوویی بەدەستییەوە دەدات))[٤٦]، بەلاّم بارزانی بە سەلامەتی دەگاتەوە بارزان. ئیدی گەلی کورد لە هەموو چین و توێژێکەوە پەیوەندییان پێوەکرد و دەسەلاّتی جولاّنەوەکە بەخێرایی بەرفراوان بوو. بە رادەیەك لە ماوەیەکی کورتدا سەدان چەکداری لەخۆی کۆکردەوە و سەرکردایەتی شۆڕشی ( **١٩٤٣ - ١٩٤٥** )ی (بارزان)ی بەدەستەوە گرت.

بەپێی داڕشتنی پلانێکی تۆکمە بە سەرکردایەتی بارزانی، دەست بەسەر سەرجەم بنکەکانی پۆلیس و سەربازگەکانی ناوچەکەدا گیرا، لە ئاکامدا حکوومەتی پاشایەتی عیراق هێرشێکی بەرفراوانی بۆسەر کوردستان کرد، کەچی ((لەو شەڕانەدا سوپای عیراق لە شکست بەولاوە هیچی تری دەست نەکەوت و پاشان کشایەوە دواوە. چەك و کەرەستەیەکی زۆر کەوتە دەستی پێشمەرگە))[٤٧]. ئیدی حکوومەتی پاشایەتی چەندین شاندی بۆ لای بارزانی نارد، بۆئەوەی دانوستانی لەگەڵدا ساز بدەن و شەڕ بوەستێت، بارزانی تەنیا لە بەرانبەر رازیبوون بەسازدانی دانوستان، مەرجی گەڕانەوەی سەرجەم دوورخراوەکانی خستە بەردەم حکوومەت، لە ئاکامی ئەمەشدا دانوستانەکە بە ئەنجام گەیشت و هەموو دوورخراوەکان گەڕێنرانەوە، بۆیە

---

(٤٥) مسعود البارزاني، البارزاني والحركة التحررية الكردية، انتفاضة برزان الاولى، ص ٤٩-٥١، ٥٣-٥٤ . البارزاني وشهادة التاريخ، مجموعة ابحاث وانطباعات للمؤلفين الكورد والروس، ص ٣٤.

(٤٦) ئەلیعەیزەر غەیزی تسافریر، من کوردم، و: دینۆ، گ: بزاو، ژ: ٢٢، ١١ ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٧، ل ٣٩.

(٤٧) عەزیز شەمزینی، جولاّنەوەی رزگاریی نیشتمانیی کوردستان، و: فەرید ئەسەسەرد، چاپی چوارەم، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل ٢٨١.

بارزانی دانوستانی دەست پێکرد ((بارزانی دەرگای دانوستان دەگەڵ دەسەڵاتداراندا دەکاتەوە و داوای ئەنجامدانی ریفۆرم و چاکسازی دەکات و هەوڵیش دەدات لەگەڵیاندا پێك بێت))[٤٨]. پاشان بارزانی سەردانی بەغدای کرد و چاوی بە بەرپرسانی پایە بەرزی عیراق کەوت. لەگەڵ عەبدولئیلا و نوری سەعیدی سەرۆك وەزیرانی عێراق و چەند وەزیرێك کۆبۆوە و حکوومەت بڕیاریدا داخوازییەکان جێبەجێ بکات . ئیدی لەو کاتەوە بارزانی لەسەر ئاستێکی بەرزی دەوڵەت مامەڵەی لەگەڵدا کراوە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ بەهێزی کەسایەتییەکەی. لە ئاکامی ئەم دەستکەوتانەدا ئەفسەران و رووناکبیرانی کوردستان پەیوەندییەکی پتەویان بە شۆڕشەوە کرد.

وەك پێویستییەکی سەردەم لە کانونی دووەمی ١٩٤٥ بارزانی لەگەڵ چەند ئەفسەرێکی نیشتمانپەروەر (لیژنەی ئازادی)یان پێك هێنا و بارزانی بە سەرۆك دەستنیشان کرا، دروستبوونی ئەم لیژنەیە لەلایەن گەلی کوردستانەوە بەتایبەتی قوتابیان و لاوان پشتگیری لێ کرا، چونکە داوای جێبەجێ کردنی داخوازییەکانی گەلی کوردیان دەکرد.

دوای ئەوەی دانوستانی نێوان سەرکردایەتی شۆڕشی بارزان و حکوومەتی عیراق بێ ئاکام بوو، لە ئابی ١٩٤٥ حکوومەتی حەمدی پاچەچی بڕیاری دا ناوچەی بارزان بەهێزی سوپایی داگیر بکات، سوپای عیراق بە یارمەتی فڕۆکە جەنگییەکانی بەریتانی لە چەندین رێگاوە هێرشیان بۆ سەر کوردستان هێنا، هێزەکانی شۆڕش بە سەرکردایەتی بارزانی ئەگەرچی لە بەرەکانی جەنگ سەرکەوتنی گەورەیان بەدەست هێنا، بەڵام خیانەتی ژمارەیەکی زۆر لە سەرۆك هۆزەکان و چوونە پاڵ هێزەکانی حکوومەتی عیراق، کاریگەرییەکی خراپی بەسەر شۆڕش بەجێ هێشت، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە سەرۆك هۆزەکان سوێندیان خواردبوو و بەڵێنیان دابوو، کە یارمەتی شۆڕش بدەن، بۆیە بارزانی دوای راوێژکردن لەگەڵ لیژنەی ئازادی بەباشیان زانی بە ماڵ و خێزانەوە پاشەکشە بۆ کوردستانی رۆژهەڵات بکەن.

### چوارەم: بەشداری بارزانی لە کۆماری کوردستان

بارزانی وەکو شۆڕشگێڕێکی دیار لە رۆژی راگەیاندنی کۆماری کوردستان بەشداربوو، ئەو کاتەی وەك (کریس کۆچێرا) دەڵێت: ((لە ١٩٤٦/١/٢٢ دا لە کۆبوونەوەیەکی گەورەدا لە

(٤٨) کرێس کۆچێرا، کورد لەسەدەی نۆزدە و بیستەم دا، ل ١٧٣ .



مەیدانی چوارچرای مەهاباد و بە ئامادەبوونی مەلا مستەفا بارزانی کە لە ریزی پشت قازی محەممەددەوە وەستابوو..))[٤٩] یەکەم کۆماری کوردستان راگەیەندرا.

لە دوای راگەیاندنی کۆماردا، قازی محەممەد سەرۆکی کۆماری کوردستان، بارزانی بۆ شاری مهاباد بانگهێشت کرد و بە فەرمی لەسەر ئاستێکی بەرز پێشوازی لێکرد ((جنابی اغای مەلا مصطفی قائدی کوردی بارزان روژی ٩- ١٢- ١٣٢٤ ساتی ٥ پاش نیوەرو واردی مهاباد بوو. وەختی گەیشتە نیوباغن ئەندامەکانی کمیتەی مرکزی پیشوازیان لی کرد وەختی جنابی مەلا مصطفی لە چومی پەریوە بە احترامی ئەندامەکانی کمیتەی مرکزی دابەزی لەم کاتەدا کمیتەی مرکزی هەنگاویان توندتر کرد و لە قەراخ چومی پیك گەیشتن، برای خوشەویست سدیق حیدری مراسمی بەخیرهاتنی بەجی هیناو هەموو اندامەکانی کمیتەی مرکزی بە مەلا مصطفی ناساندو ئەویش دەستی لەناو دەستی هەموان نا و لە نهایتی خوشی دا بو کانگای حزبی دیموکرات هاتن و لە سالونی انجمنی فرهەنگی دانیشتن و لە ساتی ٦ حضرتی پیشوای کوردستان بەپی{القادم یزار} تشریفی بو کانگا هاتوو ملاقاتی دەگەل مەلا مصطفی فەرموو، لەو وەختەدا محمد افندی خطاب بە حضرتی پیشوا، خطابیك کە وینەی احساساتی قلبی مەلا مصطفی بو لە خصوص خو دەپیناو نانی کوردی بارزان و دەربەدەری ئەم قەومە نەجیبە لە ریی سەربەستی کوردستان دا خویندەوە و جنابی پیشواش وەلامی دانەوە و ئەوانی بی اندازە بە حکومەتی کوردستان و حزبی دیموکرات امیدوار کرد))[٥٠]. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە بارزانی و بارزانییەکان و ئەوانەی لەگەڵیاندا بوون، جێگایەکی بەرز و تایبەتییان لەلای سەرکردایەتیی کۆماری کوردستان بە گشتی و قازی محەممەدی سەرۆك کۆمار بەتایبەتی هەبووە.

لەبەر لێهاتوویی و سەرکردایەتیی بارزانی مستەفا لەبواری سەربازیی و داڕشتنی نەخشەی جەنگ ((لە مهاباد لە ٣١ مارسی ١٩٤٦ پلەی ژەنەڕاڵی و فەرماندەیی سوپای کوردستانی پێ درا))[٥١] و بوو بە یەکێك لە چوار ژەنەراڵەکەی کۆماری کوردستان[٥٢]. هاوکات وەك

(٤٩) کرێس کۆچێرا، کورد لەسەدەی نۆزدە و بیستەم دا، ل ٢١٥ .

(٥٠) مەلا مصطفی بارزانی، اخباری نیوخومان، ر: کوردستان، ژ: ٢١، س: ١، شەممە ١٩٤٦/٣/٢، ل ٤.

(٥١) د. محەممەد سالح ئیبراهیم، ژەنەراڵ مستەفا بارزانی نەمر رابەری کەبیری نەتەوەی کورد، کۆنگرەی یادەوەریی سەد ساڵەی بارزانی نەمر، بەشی یەکەم، ل ٣٥١.

سەرکردەیەکی دیار بە کردەیی بە بەردەوامی لەبەرەکانی جەنگی بەرگریدا بەدەر دەکەوت و ئامادەیی هەبوو ((ئەگەرچی بە فەرمی سەیفی قازی سەرۆکی گشتی سوپای کوردستان بوو، بەلاّم بە کردەنیی بارزانی سەرۆکی گشتی سوپای کوردستان بوو))[٥٣]. بەمەش بارزانی چەندین داستانی گەورەی قارەمانییەتی تۆمار کرد و زەبری کوشندەی بە سوپای ئێران گەیاند.

دامەزراندنی پارتێکی تازە لە ئاکامی یەکگرتنی کۆمەڵە و پارت و رێکخراوە سیاسییە نەتەوەخواز و نێونەتەوەییەکانی ئەو کات، لەدوای کۆتایی هاتنی جەنگی دووەمی جیهانی کارێکی زۆر پێویست بوو، بۆیە بارزانی و هاورێکانی لەژێر سایەی کۆماری کوردستان، بیریان لە دامەزراندنی پارتێکی نوێ کردەوە و بەرنامەکەیان دارشت، بەو پێیەی ((بارزانی لەناو خەڵکی کوردستانی عیراق دا و، لەلای تێکۆشەرەکانی، پایەیەکی تایبەتی هەبوو. هەمزە عەبدوللای بە نوێنەری خۆی ناردەوە بۆ کوردستانی عێراق بۆ پەیوەندی و گفتوگۆ لەگەڵ سەرانی هەموو رێکخراوەکان و، ئامادەکردنی رێوشوێنی یەکگرتنی هەموویان لەناو ئەو حیزبە نوێیەدا.. هەمزە لە کارەکەی دا سەرکەوتوو بوو. لە ١٦ی ئابی ١٩٤٦ دا یەکەمین کۆنگرەی دامەزراندنی "پارتی دیموکراتی کورد" لە بەغدا .. بەسترا. مەلا مستەفای بارزانی یان بە سەرۆکی حیزب هەڵبژارد و بەرنامەکەیان پەسەند کرد))[٥٤]. ئیدی بە درێژایی مێژووی ئەو پارتە نوێیە، بارزانی لە هەموو کۆنگرەکاندا بە سەرۆك هەڵبژێردراوەتەوە، تەنانەت تاکو کۆچی دوایی کرد، هەر سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو[٥٥].

(٥٢) مەحموود مەلا عزەت، جەمهورییەتی کوردستان، لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی و سیاسییە، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠١، ل ١٤١.

(٥٣) رحلة مصطفى البرزاني، ج ١، < www.aljazeera.net >.

(٥٤) نەوشیروان مستەفا ئەمین، حکومەتی کوردستان رێبەندانی ١٣٢٤ — سەرماوەزی ١٣٢٥، کورد لە گەمەی سۆڤیێتیدا، چاپی دووەم، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، سلێمانی، ٢٠٠٦، لە ١٨٩-١٩٠ .

(٥٥) محەمەد مەلا قادر، خەباتنامە، کورتە مێژووی پارتی و کەلتووری بارزانی نەمر، چاپی دووەم، چاپخانەی خەبات، دهۆك، ٢٠٠٠، ل ٤٤-٧٥ .



**پێنجەم: درێژەپێدانی بارزانی بە خەباتی نەتەوەیی**

پاش جەنگی دووەمی جیهانی و دەرچوونی سوپای یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو لە خاکی ئێران، سوپای ئێران هێرشی کردە سەر کۆماری کوردستان. هەرچەندە هێزەکان زۆر نابەرامبەر بوون، بەلاّم بارزانی و هەڤالانی خۆیان بەدەستەوە نەدا و، کەوتنە بەرگری و رووبەرووی چەندین شەری خوێناوی بوونەوە و، زەبری گەورەیان بە سوپای ئێران گەیاند. بۆیە شای ئێران داوای دانوستانی کرد و بارزانی بەمەبەستی دیاریکردنی چارەنووسی بارزانییەکان، بانگهێشتی تاران کرا، لەوێ لەگەڵ شا و سەرۆك وەزیران و سەرۆك ئەرکانی سوپا کۆبۆوە، دوای رازی نەبوون بە مەرجەکانی ئێران[*]، بارزانی ماڵ و خێزان و لەشکرەکەی لە کوردستانی رۆژهەلاّتەوە، لەنێو شەرێکی سەخت و رەوشێکی دژواردا، پەرانەوە کوردستانی باشوور و سەر سنووری عێراق و، خەڵکەکەی لە پردی (گادەر) پەرانەوە. پاشان لەگەڵ (٥٦٠) پێشمەرگەی دەستەبژێر، بریاریدا لە خەباتی نەتەوەیی بەردەوام بێت و، بەرەو یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو بەپێ چارەنووسێکی نادیار برێت. برینی ئەم رێرەوە هەروا ئاسان نەبوو، چونکە بە برسییەتی بەنێو بەفر و باران و بۆسە و تۆپبارانکردن و بۆردوومانی زرێپۆش و فرۆکەی جەنگی هێزەکانی عێراق و ئێران و تورکیا و هاوپەیمانەکانیان وەکو بەریتانیا و ئەمریکا، سەرەرای هاوکاری کوردە تەفرەدراوەکان، سەدان شاخی سەختیان بە ئاراستەی هەڵکشان بەرەو باکوور بری. دوای چەندین شەر و پێکدادانی قارەمانانە و تاکتیکی سەربازی بە داستانێکی بێوێنە پاش برینی زیاتر لە (٣٥٠) کیلۆمەتر بەپێ، لە ١٩٤٧/٦/١٨ لە ئاوی ئاراس پەرینەوە و مافی پەناهەندەییان لە یەکێتی سۆڤیەت وەرگرت[٥٦].

(*) خالّی بنەرەتی لەو مەرجانە چەك داماڵینی بارزانییەکان بوو. ئەبولحەسەن تەفرەشیان، بارزانی لە مەهابادەوە ... بۆ ئاراس، و: شەوکەت شێخ یەزدین، دەزگای چاپ و بلاّوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠١، ل ٢٩٠-٢٩١.

(٥٦) ئەبولحەسەن تەفرەشیان، بارزانی لە مەهابادەوە ... بۆ ئاراس، ل ٣٥١، ٣٥٣، ٣٦٦، ٣٦٨، ٣٧١، ٣٨٦، ٣٨٧، ٣٩٩. نەجەف قولی پسیان، لە مەهابادی خوێناوییەوە هەتا لێوارەکانی ئاراس، وەرگێران و پێشەکی و پەراوێز: شەوکەت شێخ یەزدین، بلاّوکردنەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان، هاوینەهەواری پیرمام، ١٩٩٦، ل ١٥-١٦.

بۆ درێژەدان بە خەباتی نەتەوایەتی کورد، لە کانونی دووەمی ١٩٤٨ لە کۆنفرانسێکدا، کە لە یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو بەسترا، بارزانی بە سەرۆکی سەرکردایەتی سیاسی کورد لە نێو تێکۆشەرانی باشوور و ڕۆژهەلاتی کوردستان هەڵبژێردرا. ئەم هەنگاوە حکوومەتی ئێرانی شپرزە کرد، بۆیە سەرۆك وەزیرانی ئێران لە بەڵگەنامەیەکدا، نامەیەکی پڕ لە گلەیی بۆ باڵوێزی سۆڤیەت لە تاران دەنێرێ و، مەترسی لە کارەکانی بارزانی و ڕێکخستنی هێزەکەی و ئەنجامدانی مەشقی سەربازی لە یەکێتی سۆڤیەت دەخاتەڕوو[٥٧].

لە یەکێتی سۆڤیەت لە سەردەمی ستالیندا، بەتایبەتی لەلایەن (جەعفەر باقیرۆڤ)[*] و بەرپرسانی دی لەسەر هەڵوێستی نەتەوەیی بەشێوەیەکی توندوتیژ مامەڵەیان لەگەڵدا کرا و، ئێش و ئازارێکی زۆریان چەشت، بەڵام دوای ئەوەی بارزانی نامەیەکی بە کەسێکی مرۆڤدۆست بۆ ستالین ناردو نامەکە گەیشتە کرملین و لێکۆڵینەوەی لەسەر کرا، بارودۆخی ژیانیان باشتر بوو، بەتایبەتی پاش مردنی ستالین لە (١٩٥٣) ڕەوشی ژیانیان گۆڕانکارییەکی زۆر باشی بەخۆوە بینی. بارزانی لە یەکێتی سۆڤییەت بەردەوام نامەی بۆ سەرانی سۆڤییەت ناردووە و ئاگاداری ڕەوشی هەڤالانی خۆی لێ کردونەتەوە و داوای هاوکاری کردنی گەلی زوڵم لێکراوی کوردستانی کردووە، تاوەکو دەنگیان بە گەلانی یەکێتی سۆڤیەت بگەیەنرێت ((بارزانی لەسەردەمی پەنابەرێتی دا لە یەکێتی سۆڤیەت ، ٧٤ نامەی لەسەر چارەنووس و کێشەی نەتەوەیی و نیشتمانی کورد بۆ ڕێبەرانی کرێملین ڕەوانە کردووە، بەبێ ئەوەی هیچ وەڵامێکی درابێتەوە! بۆیە ناچار و بەبێ ڕەزامەندیی کاربەدەستانی سۆڤێت لە ساڵی ١٩٥٣ دا بەرەو مۆسکۆ کەوتۆتە ڕێ و سێ ڕۆژ لەبەر کۆشکی کرێملین دا مانی گرتووە تاکو چاوی بە لێپرسراوانی ئەو کاتەی یەکێتیی سۆڤێت کەوتووە))[٥٨] و چەندین جار دیداری لەگەڵ خرۆشۆفی سەرۆکی یەکێتی سۆڤییەت سازکردووە[٥٩].

---

(٥٧) مسعود البارزاني، البارزاني والحركة التحررية الكردية، ثورة بارزان ١٩٤٥- ١٩٥٨، ص ٩٧-٩٩ .

(*) ئەوسا سەرۆك وەزیرانی کۆماری ئازەربایجان و ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و سەرکردایەتی پارتی کۆمۆنیستی سۆڤییەت و باوەرپێکراوی جۆزیف ستالین بوو، هاوکات بە هەڵگری بیروباوەڕی نەتەوەیی ئازەری ناسرابوو. مەحموود مەلا عزەت، دەوڵەتی جمهوری کوردستان، چاپخانەی تیشك، چاپی دووەم، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل vll.

(٥٨) ئەبولحەسەن تەفرەشیان، بارزانییەکان، و: بەختیاری شەمەیی، چاپی دووەم، ٢٠٠٤- ئینتەرنێت، (www.pasok.org)، ل١٥٦.

(٥٩) مسعود البارزاني، البارزاني والحركة التحررية الكردية، ثورة بارزان ١٩٤٥- ١٩٥٨، ص ١١٧-١١٨.



بارزانی نەك هەر دژ بە داگیرکارانی کوردستانی گەورە وەستاوە، بەڵکو دژ بە داگیرکارانی گەلانی تری ستەم لێکراویش وەستاوە و بەرگری لە ئازادی گەلاندا کردووە، هەروەك چۆن بە هەستێکی مرۆڤدۆستانەوە بۆ بەشداریکردن لە دژی هێرشە سێ قۆڵییەکەی سەر وڵاتی میسر[*]، بارزانی ئامادەیی خۆی و هاوڕێکانی بۆ چوونە میسر و بەرگریکردن لەم وڵاتە دەردەبڕێ، کە دواجار ئەم هەڵوێستە لەلایەن جەمال عەبدولناسری سەرۆکی میسر بەرز نرخێنرا[٦٠].

## شەشەم: گەڕانەوەی بارزانی لە یەکێتی سۆڤیەت و هەڵگیرساندنی شۆڕشی نەتەوەیی

عەبدولکەریم قاسم کە لە ١٩٥٨/٧/١٤ بە کودەتایەکی سەربازیی ڕژێمی پاشایەتی لە عیراق ڕووخاند و سیستەمی کۆماری ڕاگەیاند. ڕەزامەندی لەسەر ڕێگەدان بە گەڕانەوەی بارزانی لە یەکێتی سۆڤیەتەوە بۆ وڵات دەربڕی[٦١]. بۆیە بارزانی بە فڕۆکە سۆڤیەتی بەجێهێشت و چووە قاهیرە و چاوی بە جەمال عەبدولناسری سەرۆکی میسر کەوت. دوای بەسەربردنی زیاتر لە یازدەساڵ ژیانی ئاوارەیی، لە ١٩٥٨/١٠/٦ گەیشتە بەغدا و، لەلایەن عەبدولکەریم قاسم و گەلانی عیراقەوە بە کورد و عەرەب و نەتەوەکانی دی پێشوازی گەرم و پاڵەوانانەی لێکرا.

لە ئەنجامی تێکچوونی پەیوەندی نێوان سەرکردایەتی کورد و ڕژێمی قاسم، بەهۆی نکوڵی ئەمەی دوایی لە مافە ڕەواکانی گەلی کورد و پاشگەزبوونەوە لە بەڵێنەکانیان، بارزانی لە ١٩٦١/٩/١١ گەورەترین و درێژترین شۆڕشی نەتەوەیی لەسەدەی بیستەمدا هەڵگیرساند و، سەرکردایەتی ئەم شۆڕشەی دژ بە حکوومەتە شۆڤێنییە یەك بەدوا یەکەکانی عیراق گرتە دەست و درێژەی پێدا، بەمەش زۆرترین چین و توێژەکانی گەلی کوردی لێ کۆبۆوە.

---

(*) مەبەست لەو پەلاماردانە بوو، کە لە ساڵی ١٩٥٦دا لەلایەن (بەریتانیا و فەڕەنسا و ئیسرائیل)ەوە کرایە سەر وڵاتی میسر.

(٦٠) مسعود البارزاني، البارزاني والحركة التحررية الكردية، ثورة بارزان ١٩٤٥- ١٩٥٨، ص ١٢٨.

(٦١) د. گوینتەر دێشنەر، کورد: گەلی لە خشتەبراوی غەدر لێ کراو، و: لە ئەڵمانی عەبدولسەلام بەرواری، و: لە عەرەبی حەمە کەریم عارف، چاپی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٩، ل ١٧٣.

## حەوتەم: ڕێککەوتننامەی ١١ی ئادار

شۆڕشی کورد بە سەرکردایەتی بارزانی لە ساڵی ١٩٧٠ ڕژێمی بەعسی ناچار کرد، دان بە مافە ڕەواکانی گەلی کوردستان بنێت، بۆیە لەگەڵ حکوومەتی عیراق ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداری تایبەت بە مافی ئۆتۆنۆمی واژوو کرد، ئەمەش بۆ یەکەمین جارە لە مێژووی کووردا شۆڕشێکی وا، بەهێز بتوانی حکومەتێکی خاوەن هێزی سەربازی گەورە ناچار بکات بە فەرمی دان بە مافەکانیدا بنێت. بەم چەشنە بارزانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کوردی بردە قۆناغێکی نوێوە.

لە ١٩٧١/٩/٢٩ حکوومەتی عیراقی وەك قوتابخانەی تیرۆرستان، لە ڕێگەی ناردنی ژمارەیەك لە زانایانی ئایینی و چەند کەسێك بە جلوبەرگی مەلایەتییەوە، پلانی کوشتنی بارزانی بە هۆی بۆمبی تەوقیتکراوەوە داڕشت، کاتێك بۆمبەکە لە ژوورەوە لەکاتی وتووێژدا تەقییەوە، ئەوانەی لە تەنیشتی لای ڕاست و چەپی بارزانی بوون، لەگەڵ تەواوی بەشداربوانی جێبەجێ کردنی پیلانەکە کوژران و چایچییەکەی بارزانیش شەهید بوو، کەچی بارزانی بە ساغی و بەشێوەیەکی پەرجوو (معجزة) لەم پیلانە ڕزگاری بوو. تەنیا کەمێك نێوچاوانی زۆر بە سووکی زامداربوو، بەشێوەیەك بارزانی خۆشی هەستی پێ نەکردبوو، هەروەك دەڵێت: ((لەوێ هەستم پێ نەکرد، بەڵام دوایی لە ماڵەوە کە دەست نوێژم شوشت زانیم ساچمەیەك وەنێو چاوانم کەوتووە))[٦٢].

لە ئەنجامی هەبوونی دەسەڵاتێکی بەرفراوانی شۆڕشی کورد لە کوردستان وەکو دیفاکتۆیەك و، گرتنەبەری سیاسەتێکی هاوسەنگ لە ناوچەکەدا لەلایەن بارزانییەوە ((لە ١٩٧٢/٤/٨ شای ئێران پەیوەندی بە (بارزانیی) نەمر دەکات بە مەبەستی هاوکاری و ئاشتبوونەوە، چەند هەفتە لەدوای ئەم مێژووە شای ئێران چاوی بە (بارزانیی) نەمر دەکەوێت و وەعدەی هاوکاری پێ دەدات))[٦٣].

لە ئاداری ساڵی ١٩٧٤ کاتێك بارزانی ئامادە نەبوو لەسەر بستێکی خاکی کوردستان بە تایبەتی کەرکوك سازش بکات، حکوومەتی عیراق هێرشی بۆ سەر کوردستان هێنا و، بارزانی جارێکی دی دەستی بە شەڕی بەرگریی کردەوە. بەڵام لە ئاکامی پیلانی

(٦٢) هێدی، کاروانی خەیاڵ، چاپی دووەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ١٩٩٧، ل ١٢٣.

(٦٣) حەمید گەردی، پوختەی مێژوونامە، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤، ل ٥٥.



ڕێککەوتنی جەزائیری نێودەوڵەتی لە ١٩٧٥/٣/٦، سەرکردایەتی شۆڕشی کورد دوو ڕێگای لەبەردەمدا بوو، ئەویش هەڵبژاردنی جەنگ لەگەڵ وڵاتانی عیراق و ئێران و هاوپەیمانەکانیان، یان بۆ ماوەیەك شەڕ ڕابوەستێنێ. بارزانی هەڵبژاردنی شەڕی بەباش نەزانی، چونکە دەبووە هۆی کارەساتێکی گەورە، دواتر ڕاپۆرتی (بایك[*]) ئەم کارەسات و پیلانەی کە بۆ کورد داڕێژرا بوو، ئاشکرا کرد. بەم شێوەیە شۆڕشی ئەیلول نسکۆی هێنا، ئیدی بارزانی و هەزاران کورد روویان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئێرانی شاهەنشایی کرد، دواجار بەمەبەستی چارەسەرکردنی نەخۆشییەکەی ((لە ١٩٧٦/٦/١٩ بەرەو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، تارانی بەجێ هێشت))[٦٤].

## هەشتەم: کۆچی دوایی بارزانی

لە ١٩٧٩/٣/١ بارزانی مستەفا لە نەخۆشخانەی جۆرج تاون لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە ئازارێکی زۆرەوە کۆچی دوایی کرد، ئەو سەرکردەیەی هەموو ژیانی لەنێو ئازاری نەتەوەکەی گوزەراند و ئێش و ئازار چۆکیان پێدا نەدا، مەگەر تەنیا

(*) ڕاپۆرتی ناسراو بە (بایك)، ئەو ڕاپۆرتە بوو کە لەلایەن لیژنەی بایك بە سەرۆکایەتی (ئویتس بایك)ی ئەندامی کۆنگرێسی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پێکهێنرا، ئەمەش بە نیازی بەدواداچوونی کۆمەڵێك بابەتی نهێنی دەزگای هەواڵگری ئەمریکا بوو، یەکێك لەو بابەتانە دەست تێوەردان لە کاروباری کورد و گرتنەبەری سیاسەتێکی چەوت لەبەرامبەریان بوو. لیژنەکە لە ١٩٧٦/١/١٩ ڕاپۆرتێکی پێشکەش بە کۆنگرێس کرد، بەڵام سەرۆکی ئەمریکا لەسەر ڕاسپاردەی وەزیری دەرەوە (هنری کیسنجەر) نامەیەکی ئاراستەی کۆنگرێس کرد و دژایەتی خۆی لەسەر بلاوکردنەوەی ڕاپۆرتەکە دەربڕی، ئەمەش بە بیانووی ئەوەی کە دژ بە بەرژەوەندییە باڵاکانی ئەمریکایە. ئەگەرچی کۆنگرێس ڕەزامەندی لەسەر بلاونەکردنەوەی ڕاپۆرتەکە نیشاندا، بەڵام ئەم ڕاپۆرتە لە ڕێگەی ڕۆژنامەنووسێکەوە بلاوکرایەوە، دواجار بلاوکردنەوەی ڕاپۆرتەکە بووە هۆی دادگایی کردنی ڕۆژنامەنووسەکە. عومەر نورەدینی، سیستەمی نوێی جیهانی و دۆزی کورد (کوردستانی عێراق وەك نموونە) لێکۆڵینەوەیەکی شیکاری سیاسییە، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠٠٣، ل ٩٥.

(٦٤) فرەنسۆ هەریری، دوا دیدارم لەگەڵ بارزانی نەمردا، ر: برایەتی، ڕۆژی شەممە ١٩٩٣/٣/٦، ژ: (١٥٨٨)، ل ٢.

مەرگ نەبێت. ڕۆژی پێنجی ئادار تەرمەکەی گەیشتە شاری شنۆ و، لەنێو ئاپۆرەی سەدان هەزار کەس لە پەنابەرانی باشووری کوردستان و کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی و باکوور و ڕۆژئاوای کوردستان بە خاکی کوردستان سپێردرا ((بۆ بەشداریکردن لەو ڕێوڕەسمەدا کوردەکانی تورکیا و سووریا لە سنوورەکان پەڕیبوونەوە))[٦٥]، بۆئەوەی دواجار ماڵئاوایی لە تەرمی بارزانی بکەن.

بارزانی نەك هەر بە زیندوویەتی دوژمنانی کوردستانی تۆقاند و نەیانتوانی لە خاکی کوردستانی جیا بکەنەوە، بەڵکو پاش کۆچی دواییشی دوژمنان وازیان لێ نەهێنا و تەرمەکەیان لەنێوخاك دەرهێنا ((پاش تاوانی فڕاندنی تەرمی پیرۆزی لەلایەن بەکرێگیراوانی داگیرکەرانی کوردستانەوە و بەدەست خستنەوەی تەرمەکەی لە گوندی (هەلەج)ی ناوچەی مەرگەوەڕ بۆ جارێکی تر خاکی کوردستان لە ئامێزی گرتەوە))[٦٦].

لە دوای ڕاپەرینی خەڵکی کوردستان، لە ١٩٩٣/١٠/٦ تەرمی بارزانی و ئیدریسی کوڕی بە دوو هێلیکۆپتەری ئێرانی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە هێنرایەوە ژێر دەسەڵاتی حکوومەت و پەرلەمانی کوردستان، لە کاتی دابەزاندنی کەژاوەکاندا ڕێوڕەسمەکە بەپێی پێشوازی سەربازی بەڕێوەچوو، هەردوو تەرمەکەش بەو ئالایەی کوردستان رازێندرابوونەوە. کە قازی محەممەدی سەرۆکی کۆماری کوردستان بەر لە سێدارەدانی بە بارزانی بەخشی بوو[٦٧]. ئیدی لەلایەن خەڵکی کوردستان هەر لە شاری سلێمانییەوە تاوەکو بارزان بە ڕێز و فرمێسك ڕشتن و قژ ڕنینەوە لەسەر شەقام بە گەرمی پێشوازییان لێکرا، دواجار لە گوندی بارزان بە خاك سپێردران.

دەکرێ بڵێین بۆ چەواشەکردنی خەڵکی کوردستان و ڕای گشتی وڵاتانی دراوسێ و جیهانیی، ئەوا وڵاتانی داگیرکاری کوردستان هەر لە سەردەمی عوسمانییەکانەوە تاکو ئەمڕۆ، هەرجارە و بەشێوەیەك، بیانووی جۆراوجۆری بێ بنەمایان بەرانبەر بە ڕاپەڕین و شۆڕشەکانی بارزان خستۆتەڕوو، کە گرنگترینیان بریتین لەوەی: شێخانی بارزان لە ئایینی

---

(٦٥) بڕوانە: مسعود البارزاني، البارزاني والحركة التحررية الكردية، الجزء الثالث، ص ٤٢٢.

(٦٦) ئەبولحەسەن تەفرەشیان، بارزانییەکان، ل ١٥٨.

(٦٧) سعید همایون، پیشوای بیداری، خاطرات سعید همایون، چاپ اول، موسسه چاپ و نشر ئاراس، چاپخانه وزارت اموزش و پرورش، اربیل، ٢٠٠٤، ص ٩٢.



ئیسلام هەڵگەڕاونەتەوە. نەدانی باج بە دەوڵەت. کردنەوەی بنکەی کارگێڕی حکومی و دانانی بنکەی پۆلیس و جێگیرکردنی هێزی سەربازی لە دەڤەرەکەدا. پاراستنی خەڵك لە ستەمی شێخانی بارزان. گەڕاندنەوەی ئارامی بۆ دانیشتوانی ئەوێ. ئەنجامدانی مەشقی سەربازی لە ناوچەی بارزان. بەڵام ئەمانە هیچیان ڕاست نەبوون، بەڵکو مەرامی سەرەکی بریتی بوون لە: نیشتەجێکردنی ئاشوورییە دەرکراوەکانی تورکیا لە دەڤەری بارزان. بێهێزکردنی بارزانییەکان بەهۆی دروستکردنی شەڕی هۆزایەتی و شێخایەتی. لکاندنی کوردستانی باشوور بە دەوڵەتی عیراق. کۆکردنەوەی هێزی گەورەی سەربازی، بۆ دامرکاندنەوەی شۆڕشە نەتەوەییەکانی بارزان و لێدانی جموجۆڵە شۆڕشگێڕییەکان[٦٨]. ئیدی بەرە بەرە ڕاستییەکان بەهۆی خەباتی بەردەوام و ئاشتیخوازانەی بارزانی، بۆ خەڵکی گشت پارچەکانی کوردستان و وڵاتانی ئازادیخوازی دونیا ڕوون بۆوە.

بۆیە تا ئێستا ساڵانە بە هەزاران خەڵکی کوردستان بەسەرجەم چین و توێژەکان و، خەڵکی سەرجەم پارچەکانی کوردستانی گەورە و کوردانی رووسیا و، سەرکردە و کەسایەتی و ڕۆشنبیر و بەرپرسانی بیانی لە گشت وڵاتانی جیهان سەردانی گوندی بارزانیان کردووە، چەپکە گوڵی وەفادارییان لەسەر مەزارەکەی داناوە. دیارە ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە شێخانی بارزان و نەوەکانیان وەك بنەماڵەیەکی شۆڕشگێڕ، لەپێناو ئازادیی و بەرگری لە ستەمی داگیرکاران، هەر لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەوە تاکو سەدەی بیست و یەك، هەمیشە ڕووبەڕووی ستەمکاریی و دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی و بەریتانی و ئێرانی و تورکی و پاشایەتی و حکوومەتە یەك لەدوا یەکەکانی کۆماری عیراق بوونەتەوە، ئەمە سەرەڕای بەشداریکردنی ئاشکرا و نهێنی لە شۆڕشەکانی دیکەی پارچەکانی کوردستان.

---

(٦٨) مستەفا جوندیانی، هەڵدانەوەی چەند لاپەڕەیەك لە ڕاپەڕینەکەی خەلیل خۆشەوی کۆنگرەی یادەوەریی سەد ساڵەی بارزانی نەمر، بەشی دووەم، ل ١١١٤-١١١٥.

## باسی سێیەم

## سیما و خەسڵەتە سەرەکییەکانی کەسایەتی بارزانی

بارزانی نەك هەر بە منداڵی ئێش و ئازاری زیندان و بێ نازی چەشتووە، بەڵکو هەموو ڕۆژگاری گەنجێتی لە سەنگەر و دەستبەسەری و دەربەدەری و غوربەت و مەراق و شۆڕشنانەوە بەسەر بردووە، تەنانەت گشت تەمەنی خۆی لەپێناو ئازادی و پێشخستنی کۆمەڵگە و دۆزی ڕەوای گەلەکەیدا تەرخان کردووە، هەر ڕێگایەك بەرژەوەندی گشتی نەتەوەکەی تێدا بێت گرتوویەتییە بەر و بە جیددی کاری لەسەر کردووە، لە بەرانبەر ئەمەدا چاوی لە هیچ شتێکی تایبەت بەخۆی نەبووە. بۆیە کارکردن بۆ بەرژەوەندی گشتی بە گرنگترین بنەمای سەرکردایەتی لەقەڵەم دەدرێت، چونکە هەر سەرکردەیەك بەمە ((هێز و ڕێزدارییەك مسۆگەر دەکات کە هەرگیز بەهۆی تاج و ئەستێرە و نیشانەکانەوە دەستی ناکەوێت و لەبەرچاوی جەماوەرەکەیدا بەڕێزتر و بەرزتر دەبێتەوە و قسەکانی ماقوڵ دەبن و رووخسارێکی چاك بەخۆوە دەگرن، چونکە دەنگی ویژدانە و بەدوای بەرژەوەندی کۆمەڵەکەیدا دەگەڕێت، بەم پێیەش بڕیارەکانی لە ئیرادەی هەموو سەرۆکێکی تر بەهێزتر دەبێت، چونکە ئەو هێزەی لە ئیرادەی کۆمەڵەکەیەوە وەرگرتووە))(٦٩). هەر ئەم ڕێگایە بوو کە بارزانی گرتوویە بەر و پلەیەکی بەرزی بە کەسایەتییەکەی بەخشی. وێڕای ئەمە ئەگەر بە وردی لە کەسایەتی بارزانی بکۆڵینەوە، ئەوا دەشێ بە کورتی سەرەکیترین سیما و خەسڵەتەکانی کەسایەتی بارزانی لەم خاڵانەی خوارەوە دەستنیشان بکەین:

### یەکەم: ئازایەتیی و نەترسیی بارزانی جێگای سەرسوڕمان بوو

ئازایەتی یەکێك لە خەسڵەت و سیما سەرەکییەکانی کەسایەتی بارزانی بوو، ئەو بە ئازایەتییە سەیر و بێ وێنەکەی، کە لەتەك پێشمەرگەکاندا لە پێشەوەی سەنگەری بەرگریدا

(٦٩) ج. کورتوا، دەربارەی هونەری سەرکردایەتی کردن، و: سابیر بەکر بۆکانی، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیریی گەلاوێژ، چاپخانەی داناز، سلێمانی، ٢٠٠١، ل ٢٤-٢٥.



بووە و نەخشەی شەڕی کێشاوە و دەیان جار بریندار بووە، توانی کۆت و بەندەکان بشکێنێ و دەروازەی ئازادیی لەبەردەم گەلدا واڵا بکات، چونکە بارزانی سڵی لە دوژمن نەدەکردەوە و خودان بوێرییەکی سەرسوڕهێنەر بوو. بارزانی بۆ سەلامەتی هەڤاڵەکانی زۆرجار ژیانی خۆی خستۆتە نێو مەترسی گەورەوە، هەروەك (جەرجیس فەتحوڵلا) باسی لەوە کردووە کاتێك کە بارزانی و هەڤاڵەکانی ((پاشەکشەیان کردبوو ڕووەو سنوورەکانی یەکێتی سۆڤیەت-ئێران، هێزەکانی ئێرانی بەسەرکردایەتی ژەنەڕاڵ ڕازمارا بە دوایانەوە بوون، ئەمان پیادە بوون، لێ سوپاکەی دوژمن بە بارهەڵگر و زرێپۆش پۆشتە و تەیار بوو، بارزانی فەرمووی: سەرکەوتمە سەر گردێك بەسەر سێ ڕێیانێکدا دەیڕوانی بە فەروەکەم خۆم پێچابۆوە لەگەڵ چەند سەر مەڕێك و گۆچانی شوانیشم بەدەستەوە بوو، لێگەڕام پیاوەکانم ڕوو بکەنە باکوور بەرەو سنوور. بارزانی نزیکەی سەعاتێك یا ئەوەندە مایەوە تا بەرایی سوپاکەی ئێران بەدیار کەوت، فەرمووی: بە تەبیعەتی حاڵ ئەفسەرێکیان لێم هاتە پێشەوە و لێی پرسیم: ئایا نەتبینی چەند چەکدارێك بەلاتا تێپەڕێ؟ وتم: بەڵێ. پرسی: چ ڕێگایەکیان گرتەبەر؟ ئاماژەم بۆ ئەو ڕێگایە کرد کە بەرەو ڕۆژهەڵات دەڕوا، ئیدی لە شوێنەکەی خۆم وەستام چاودێری هێزە ڕاوکەرەکەم دەکرد لە حاڵێکدا ڕێگەی هەڵەیان گرتبوو، تا لە چاوم ون بوون، ئەوجا لێم دا و بە پیاوەکانمدا ڕاگەیشتم و مەڕەکانیشم دابوو لەبەر))(٧٠).

جەرجیس فەتحوڵلا ئەم نموونەیەی بەم شێوە شی کردۆتەوە و دەڵێت: (( تۆ ناتوانی چەلەنگی و ئازایەتی سەرەوژێر بکەیت بەسەر ژیری و توانایی و کارامەییدا لەم نموونە کەم وێنەیەدا. ئایا تا چەند بارزانی لێوەشاوەیی و توانایی لا بەرجەستە بووە بتوانێت دوژمن بخاپێنێ و وای لێبکات باوەڕی پێ بکات؟ تا چەند توانیویە دڵنیا بێ لەسەلامەتیی خۆی لەم موجازەفە گەورەیەدا گەر بهاتبا و یەکێك لە پیاوەکانی ئەو سوپایە خودی بارزانییان بناسیبایە؟))(٧١). لەم نموونەیەدا دەردەکەوێ کە ئازایەتی و بوێری بارزانی لە ڕادە بەدەر بووە.

ئازایەتی و دلێری ئەم سەرکردەیە لە بەرەکانی جەنگدا بەلای هەژار موکریانی کە خۆی بەشداری سەنگەری بەرگری کردووە مایەی سەرسوڕمان بووە، لەم بارەیەوە نووسیویەتی: ((بۆ ئازایەتی و بوێری و زیخی و نەبەردی و دلێری بە بڕوای من و هەر کەسێك، بارزانیی لە

(٧٠) جەرجیس فەتحوڵلا، با بارزانی وەك پێویست بناسین، گۆڤاری نەوشەفەق، ژ: (١٢)، ئاداری ٢٠٠٤، ل ٨-٩.

(٧١) هەمان سەرچاوە، ل ٩.

جەنگدا دیبێ، رەنگە تای ئەو لە جیهاندا هێشتا لەدایك نەبووبێ، من لە شەڕەکانی بارزان دەگەڵیا بووم، هاتبوومە سەر ئەو باوەڕە کە نازانێ مانای وشەی (ترسان) چییە))[٧٢].

بارزانی جگە لەوەی خۆی نەخشەی شەڕەکانی دادەڕشت، هاوکات لە پێشەوەی هەموو پێشمەرگەکانیەوە هێرشی بۆ سەر دوژمن دەبرد، سەبارەت بەم بابەتە د. تەیمور جەعفەر موسا کە یەکێك بووە لە هەڤاڵانی بارزانی لە ڕێڕەوە مێژووییەکە بۆ یەکێتی سۆڤیەت، دەڵێت: ((قارەمانەتی بارزانیی نەمر زۆر سەرنجی راکێشام لە بەرەکانی شەڕ، لە پێش هەموو پێشمەرگەکانی دا بوو و چاونەترسانە شەڕی دەکرد))[٧٣].

## دووەم: وردبینی و زیرەکیی خۆڕسکی بارزانی

بارزانی خودان توانا و زیرەکییەکی خۆڕسك و بیرێکی تیژ بوو، ئەمەش سیمایەکی دیی کەسایەتی بارزانی و پێکهاتە کەسایەتییەکەی بوو، بارزانی کاتێك بەرەو رووسیا لەتەك هەڤاڵەکانی رێگا دەبڕن، بەمەبەستی دابینکردنی خۆراك بۆ هەڤاڵەکانی بە تەنیا دەچێتە نێو گوندێك، داوا لە ئافرەتێکی پیر دەکات کە هەندێ خۆراکیان پێبدات، دوای ئەوەی خۆی بە ئافرەتەکە دەناسێنێ، ئافرەتەکە لە گوندەکە نانێکی زۆری بۆ کۆدەکاتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئافرەتەکە ئامادەیی خۆی و کوڕە بچووکەکەی خۆی دەردەبڕێ تاوەکو هاوشانی بارزانی و هەڤاڵەکانی بچنە ڕووسیا، بەڵام بارزانی بۆی روون دەکاتەوە، کە رێگاکە دوورە و بەرگەی ئەو ماندووبوونە ناگرن، پاشان بارزانی بڕنەوەکەی خۆی بە دیاری بە کوڕەکە دەبەخشێ و پێی دەڵێت: (کوڕم سەیدۆ ئەو بڕنەوەش بۆ تۆ..وەری بگرە...بیرت نەچێ تۆ کوردێکی مەزلۆمیت). ئافرەتەکە پەیمان بە بارزانی دەدات: (عەهد و پەیمان بێت لەبەردەم خوادا ئەگەر فیشەکێك دژی دوژمنەکانی کوردستان بتەقێ...فیشەکی دووەم لە بڕنەوەکەی تۆوە بەدەستی (سەیدۆ) دەتەقێ)، بەڵام دوای بەسەرچوونی زیاتر لە (١٤) ساڵ لەم رۆژە و لەگەڵ هەڵگیرساندنی شۆڕشی ئەیلول لە ساڵی ١٩٦١ پاش دوو رۆژ، بارزانی لاوێك لە نێو پێشمەرگەکانی دەبینێ و دەنووسێت ((بڕنەوەکەم بە دەستیەوە بینی ناسیمەوە... خوایە ئەوە بڕنەوەکەمە... تۆ بڵێیت ئەوە (سەیدۆ) بێ؟)[٧٤]. لەم نموونەیەدا دیقەت و بیر تیژیی بارزانیمان بۆ دەردەکەوێت، کە توانی پاش ئەو هەموو ساڵە بڕنەوەکەی خۆی بناسێتەوە، کاتێك کە سەیدۆ پەیمانەکەی دایکی بەجێ هێنا و هاتە نێو سەنگەری بەرگری تا شەهید بوو.

بارزانی خاوەنی زیرەکی و توانایەکی هزری قووڵ بوو، تەنانەت لە شیکردنەوەی بابەتە ئاڵۆز و تێکچڕژاوەکاندا، لەم بارەیەوە قەدری جەمیل پاشا دەڵێت: ((مستەفای بارزانی کە خاوەن زانیارییەکی فراوان و بلیمەتییەکی گەورە بوو، دەیتوانی زۆر بە ئاسانی ئاڵۆزترین مەسەلەت بۆ چارەسەر بکات))[٧٥].

زیرەکیی بارزانی تەنانەت لە کاتی گفتوگۆکردندا بە ئاشکرایی دەربارەی شیکردنەوەی بابەتە ئاڵۆز و دژ بەیەکەکان دەردەکەوت، ئەمە سەرەڕای شارەزایی لە بوارەکانی سیاسی و نەخشەکێشانی جەنگدا، د. گۆتنەر دشنەر دەڵێت: ((بارزانی سەرەڕای ئەوەی قۆناغەکانی خوێندنی بنەڕەتی لەسەر دەستی پیاوانی ئایینەوە بڕیوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خاوەنی توانایەکی زۆر بوو لە بەیەکەوە بەستنەوەی بابەت و مەسەلە جیاوازەکان و جەختکردنەوە لەسەر ناوەڕۆکی بابەتێکی دیاریکراو لە میانەی گفتوگۆکردندا، ئەمە وێڕای شارەزاییەکی لە رادەبەدەری سەربازی و سیاسی))[٧٦].

بارزانی لە داڕشتنی نەخشەی جەنگ زیرەکییەکی سەرسوڕهێنەری هەبووە، (ئەبولحەسەن تەفرەشیان) یەکێك بوو لەو شەش ئەفسەرە هەڵاتوانەی سوپای ئێران کە خوێندنی سەربازییان بە شێوەیەکی ئەکادیمی تەواو کردبوو و ئەزموونی شەڕیان هەبوو، دوای رووخانی هەردوو کۆماری کوردستان و ئازربێجان پەنایان بۆ بارزانی بردبوو، لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا باسی لەوە کردووە، ئەگەر بە هەر شەش ئەفسەرەکە نەخشەیەکی سەرکەوتووی جەنگییان بۆ شوێنێك داڕشتبایە، ئەمەش دوای گفتوگۆ و توێژینەوەیەکی

---

(٧٢) هەژار موکریانی، بارزانی، ل ٤٠.

(٧٣) سەفەر یوسف میرخان، لە شەستەمین ساڵیادی پەڕینەوە لە رووباری ئاراس دا، (دیمانە)، ر: خەبات، ژ: (٢٥٢٩)، دووشەممە ٢٠٠٧/٦/١٨، ل ١١.

(٧٤) د. شوکریە رەسووڵ، بیری نەتەوایەتی و کوردایەتی لای بارزانی نەمر، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠٠٣، ل٣٨-٤٠ .

(٧٥) جلال الطالباني، كردستان والحركة التحررية الكردية، ص ١٠٥. وەرگیراوە لە: سوار قامشلی، سەرنجێك لە پاڵەوانێتی و پاڵەوانی مێژوو و رابەری مەزن بارزانی، کۆنگرەی یادەوەریی سەد ساڵەی بارزانی نەمر، بەشی دووەم، ل ١٠٠٤ .

(٧٦) د. گۆتنەر دشنەر، بارزانی نەیدەهێشت قوتابیان بڕن بە پێشمەرگە، ر: برایەتی، ژمارە (٣٨٦٩)، سێشەممە، ٢٠٠٢/١٢/١٧، ل ٣.

ورد، ئەوسا وەکو بارزانی دەیانتوانی بڕیار لەسەر نەخشەداڕێژراوەکە بدەن، هەروەك دەڵێت: ((ئێمە هەرچەندە بە روالەت پسپۆڕ و پیاوی تەکتیك و خوێندەوار بووین بەلام پاش لێکۆڵینەوە و هووردبوونەوە لە نەخشەی زەوی و وتوێژکردن، ئەگەر بە چاکیش بڕیارمان بدایە ئەوا هێشتا وەك بڕیارەکەی ئەومان بڕیار دابوو))[٧٧].

## سێیەم: وەفاداری بارزانی و سیگار پێچانەوە

بارزانی لەگەڵ دۆستان و ئەوکەسانەی لەگەڵیدا کاریان کردووە، کەسێکی بەوەفا و ئەمەکدار بووە، بۆیە بە کەسێکی وەفادار ناسراوە، ئەمەش یەکێکە لە خەسڵەت و سیمایەکی دیکەی کەسایەتییەکەی، لەم بارەیەوە (د. عیزەدین مستەفا رەسوول) دەڵێت: ((...(بارزانی) یش هەمیشە بە وەفا ناسراوە بۆ دۆست و دڵسۆزەکانی))[٧٨]. ئەو پێشمەرگە و کەسانەی کۆمەکییان پێشکەش بە بارزانی کردبێ و لە تەکیدا کاریان بۆ سەرکەوتنی شۆڕشی کورد کردبێ و رۆڵی بەرچاویان بینیبێ، ئەوا پێگەیەکی تایبەتییان لەلای بارزانی هەبوو، بۆیە وەکو (عەبدوڵڵا رەسوول پشدەری) دەڵێت: ((یەك بەیەك دەینارد بە دوایاندا، بەتایبەتی لەگەڵیان دادەنیشت و قسەی خۆشی بۆ دەکردن و لەگەڵیان پێدەکەنی، هەندێ جار بەدەستی خۆی (سیگار)ی بۆ دەپێچانەوە و دڵی خۆش دەکردن، کاتێ بەرێی دەکردنەوە هەندێ یارمەتیشیانی دەدان))[٧٩]. ئەگەرچی هەندێك لە (دۆستانی) بارزانی لە بەرانبەریدا بێ ئەمەك بوون، بەلام بارزانی لە بەانبەر ئەواندا بێ وەفا نەبووە، تەنانەت ئەو کەسانە دوای ئەوەی بێ وەفاییان لەبەرانبەردا نواندبێ و پەشیمان بوونەوە، ئەوا بارزانی دووبارە رێزی لێبگرتوون و لاپەڕەیەکی نوێی لەگەڵدا کردوونەتەوە، لەم بارەیەوە فرەنسۆ هەریری دەڵێت: ((مەلا مستەفای بارزان هەڤاڵپەرست و دۆست لاوێنەرەوە و بە وەفا بوو، هیچ رۆژێك نەمدی و نەمبیست بارزانی

(٧٧) ئەبولحەسەن تەفرەشیان، بارزانی لە مەهابادەوە ... بۆ ئاراس، ل ٢٨٤.

(٧٨) د. عیزەدین مستەفا رەسوول، دەستنووس، سلێمانی ٢٠٠١/٦/٢٠، وەرگیراوە لە: فەهمی شوکری عەبدوڵڵا، رەگەزی نوێی شیعری کوردی لای قەدری جان، نامەی ماجستێر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠٠٢، ل ٥١.

(٧٩) عەبدوڵڵا رەسوول پشدەری، بارزانیی نەمر کەسایەتییەکی ناودار و ناسراو لە مێژووی کورد و کوردستاندا، کۆنگرەی یادەوەریی سەد ساڵەی بارزانی نەمر، بەشی دووەم، ل ١٢١٧-١٢١٨.



لەگەڵ هاوڕێ و دۆست و هەڤاڵێکی خۆی دا بێ وەفایی کردبێ یان پشتی لە دۆستێکی خۆی کردبێ، بەپێچەوانەوە زۆر جار دۆستەکانی ئەمیان جێ دەهێشت و پاش ماوەیەکیش کە دەگەڕانەوە و پەشیمان دەبوونەوە، بارزانی رێزی دەگرتن و بەخێرهاتنەوەی لێ دەکردن))[٨٠].

## چوارەم: خاکییەت و ساکاری لە رووخسار و بەرگدا

بارزانی کەسێکی خاکی و سادە بوو، ئەم سادەیی و خاکییە، یەکێکە لە خەسڵەتی سەرەکی کەسایەتییەکەی، ئەگەر بە وردی لە ژیانی بارزانی ورد بینەوە، ئەوا دەبینین سەرتاپای ژیانی لێوانلێوە لەم نموونەیە، ئەو بە سادەیی لەنێو پێشمەرگەکانی بەبێ جیاوازی دەژیا و لەنێو شاخ و پەنا تاشەبەردەکاندا دەخەوت، لەم بارەیەوە شەوکەت مەلا ئیسماعیل لە یادداشتەکانی خۆیدا باسی لە رۆژێکی خەمناك کردووە و نووسیویەتی بارزانی: (( بەرەبەیان لەپەنا تاشەبەردێکدا پاڵی دابووەوە و بەدەم خەفەت و پەژارەوە خەوی لێکەوت، بە بەتانیەك دایان پۆشی. باران بەتەوژم دەباری و پێخەفەکەی تەڕبوو، لەسەر داوای یەکێك لە پاسەوانەکانی لەگەڵ عەلی عەسکەری بۆ مەبەستی خەبەرکردنەوەی چووینە ژوور سەری، خۆی خەبەری بووەوە))[٨١].

ئەو شوێنەی بارزانی تێیدا دەژیا، وەکو شوێنی سەرکردەکانی دیکەی دونییا، شوێنێکی رازاوە و تایبەتی نەبوو، ئەو نانەی کە دەیخوارد ئەگەر لە خەڵکی گوندەکان و پێشمەرگەکانی خراپتر نەبێ، ئەوا باشتر نەبووە، هەروەك (داڤید ئادەمسن) دەنووسێت: ((ئەو بارەگایە هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ ئەو بارەگایانە نەبوو کە پێشتر هەمانبوو ... کە نانیان هێنا لەسەر سینییەك بوو لەنێوان من و بارزانی دایان نا لە دیمەنی ئەو سینییەی کە بینیم بۆم دەرکەوت لەماوەی ئەو چەند رۆژەی لە کوردستان بووم خواردنی بارەگای بارزانی لە خواردنی هەموو ئەو گوندانە خراپتر بوو کە من نانم لێ خوارد بوو))[٨٢].

(٨٠) فرەنسۆ هەریری، تایبەتمەندی و رەوشتە دیارەکانی بارزانیی نەمر ١، ر: برایەتی، ژ: (٣٨٤٥)، یەك شەممە ٢٠٠٢/١١/١٧، ل ٣.

(٨١) شەوکەت مەلا ئیسماعیل حەسەن، رۆژانێ لە مێژووی شۆڕشی ئەیلول (١٩٦١-١٩٧٥) ، نووسینگەی تەفسیر بۆ بلاوکردنەوە و راگەیاندن، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٧، ل ٦٢.

(٨٢) داڤید ئادەمسن، بارزانی حەزی لە ناوی باق و بریق نەبوو، ر: برایەتی، ژ: (٣٨٥٦)، شەممە ٢٠٠٢/١١/٣٠، ل ٣.

ئەگەرچی بارزانی سەرکردەی گەورەی شۆڕشەکە بوو، کەچی لە رووی سیما و شێوەی جلوبەرگەوە لە پێشمەرگە و هەژاران جیانەدەکرایەوە، هەر بەدەستەکانی خۆی جلوبەرگەکانی لەکاتی دڕاندا دەدوورییەوە، لەگەڵ هەموو ئەمانەدا هەرگیز خۆی لە هیچ سەرکردە و کەسێکی خۆ بە زلزان بە بچوکتر نەزانیوە، لەم بارەیەوە (هەژار موکریانی) نووسیویەتی: ((کە سەرۆکی ئەم شۆڕشە گەورەییەش بوو لە هەژار و نەداران پۆشتەتر نەبوو. بەرگ و پێڵاوی هەمیشە کۆن و چەك بوو. گۆرەوییە کون تیٚ بووەکەی خۆی بە دەستی خۆی دەچنییەوە. فیز و خۆبەزل زانینی پیٚ کفر بوو. خۆی لە هیچ شوان و گاوانێك بە گەورەتر نەدەزانی. هەروەك خۆیشی لە هیچ کەسێك لە دونیا پیٚ کەمتر نەبوو. لە بەرانبەر بەفیز و دەعیە و خۆبەزل زان، ئەوپەڕی سەرسەختی دەنواند))[٨٣]. وەنەبیٚ بارزانی جلوبەرگی سادەی وەك پێشمەرگەکانی لەبەر کردبیٚ، بەڵکو پێڵاوی خراپی لەپیٚ بووە و جلوبەرگی پینەکراویشی لەبەر کردووە، لەم بارەیەوە (هێدی) شاعیر دەڵێت: ((وابووە پێڵاوی کۆن و پانیە خوار و، دووجار چۆغەی پینەکراوم لەبەر دیوە))[٨٤].

بارزانی نامەی هەر بۆ سەرۆکی دەوڵەت و سەرکردەکانی جیهان و نەتەوە یەکگرتووەکان نەناردووە، بەڵکو ((بیٚ فیزی و بیٚ هەوایی بارزانیی نەمر باشتر لە ناوەڕۆکی نامەیەکیدا بۆ مرۆڤ دەردەکەوێت کە لە رۆژی ١٩٧٧/٧/٣ دا بۆ بەڕێز عەبدولڕەحمان بناڤی ناردبوو... لە کۆتاییدا بەناوی برای خزمەتکارتان مستەفا بارزانی ئیمزای کردووە. دەبیٚ ئەوەش بزانین کە کاك (عەبدولڕەحمان بناڤی) لە ژیاندا ماوە، کاتی خۆیشی ماوەیەکی دوور و درێژ چێشت لێنەری تایبەتی بارزانی بووە))[٨٥].

(٨٣) هەژار موکریانی، بارزانی، ل ٤٠.

(٨٤) هێدی، بارزانی چیرۆکی هەرە شیرینی سەدە، کۆنگرەی یادەوەریی سەد ساڵەی بارزانی نەمر، بەشی دووەم، ل ١١٨٢.

(٨٥) حەبیب محەمەد کەریم، دەربارەی کەسایەتیی بارزانیی نەمر، کۆنگرەی ٩٠ ساڵەی لەدایکبوونی بارزانیی نەمر، ل ٥٧.



## پێنجەم: خوداناسی و گەڕاندنەوەی سەرکەوتنەکان بۆ پشتیوانی خودا

بارزانی بڕوایەکی پتەو و بیٚ سنووری بەخودا و رۆژی دوایی و لێپرسینەوە هەبووە، خۆشەویستی خوا بە قووڵی لە نێو دڵ و دەروونی بارزانیدا جێگیر بوو، (هەژار موکریانی)، لەم بارەیەوە دەڵێت: ((زۆربەی قورئانی لەبەر بوو. باوەڕی بە ئیسلامەتی و قەزا و قەدەری خوا زۆر پتەو بوو))[٨٦]. بارزانی هەمیشە لە کاروبارەکانیدا خودای بە پشت و پەنای خۆی دادەنا و سەرکەوتنەکانی بۆ یەزدان دەگەڕاندەوە، رۆیشتنی بۆ یەکێتی سۆڤیەت بەنێو لەشکری سیٚ دەوڵەتی پڕ چەك، بە پشتیوانی خودا دەست پێکرد، هەروەك دەڵێت: ((برایان، من رووەو چارەنووسێکی نادیار دەڕۆم، نازانم لەبەر برسییەتی یان سەرما، یاخود بە گوللەی دوژمنان دەمرم، بۆیە شیمانەی مەرگ زۆر نزیکە، بەڵام خوا لە سەرجەم دوژمنان بەهێزتر و گەورەترە، من بە پشتیوانی خوا رێگای بەرەنگاربوونەوە دەگرمەبەر ))[٨٧].

خواپەرستی و بڕوابوون بەڕۆژی سزا و پاداشت، یەکێکە لە سیما و خەسڵەتە دیارەکانی کەسایەتی بارزانی، هەروەك (داڤید ئادەمسن) دەڵێت: ((کاتێك لە بارزانیم پرسی ناوچەیەکی زۆرتان رزگار کردووە وەڵامی دامەوە گوتی: خوا یارمەتی داوین))[٨٨].

هەروەها (فرانسۆ هەریری) جەخت لەسەر ئەم بابەتە دەکاتەوە و دەڵێت: (کاتێك رۆژنامەنووسەکان لێیان دەپرسی دەربارەی داستانی هەندرێن ئەو لە وەڵامدا دەیگوت: ئەو داستانە بە پشتیوانی خوا بەدەست هات، لوتفی خوا بوو ئێمەی سەرخست، خوا یارمەتی و بواری داین )[٨٩]. هەموو ئەمانە ئەو راستییە دەخەنەڕوو، کە عەشقی خوا دەستی بەسەر بیر و دڵ و دەروونی بارزانیدا گرتبوو.

## شەشەم: نیشتمانپەروەری و سەربەخۆیی کوردستان

خۆشەویستی نیشتمان و گەل و بەدەستهێنانی سەربەخۆیی کوردستان، زۆر بە قووڵی بەنێو دڵ و دەروونی بارزانیدا رۆچووە، هەژار موکریانی دەڵێت: ((بۆ کوردستان خۆشەویستی نە من

(٨٦) هەژار موکریانی، بارزانی، ل ٣٩.

(٨٧) مسعود البارزاني، البارزاني والحركة التحررية الكردية، ثورة بارزان ١٩٤٥- ١٩٥٨، ص ٧٧.

(٨٨) داڤید ئادەمسن، بارزانی حەزی لە نازناوی باق و بریق نەبوو، ل ٣.

(٨٩) فرەنسۆ هەریری، تایبەتمەندی و رەوشتە دیارەکانی بارزانیی نەمر ١، ل ٣.

وێنەم دیوە نە کەس. ئەوپەڕی ئاواتی لە ژیان پێکهێنانی کوردستانی سەربەخۆ بوو. خودموختاریی بە پێپەیژەیەك دەزانی بەرەو سەرکەوتنی سەربان ))[٩٠]. بۆیە هەموو ژیانی خۆی بۆ ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان و گەلەکەی تەرخان کرد. ئەگەر سەرنج لە گفتۆگۆکانی بارزانی بدەین، کە لە نێو خەڵك و کۆبوونەوەکاندا جەختی لەسەر دەکردەوە، ئەوەبوو کە هەمیشە خۆی بە خزمەتکاری نیشتمان و گەلەکەی دادەنا، لەم بارەیەوە لە ڕۆژنامەی ژیندا هاتووە ((خەباتکەری قارەمان مستەفا بارزانی لە هەموو قسەیەکیدا ئەیگوت من قارەمان نیم، من پیشەوا نیم  من خزمەتکاری میللەتم..))[٩١]. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە بارزانی هەرگیز خۆی بە سەرکردە نەزانیوە، ئەم هەستەش لە سەرچاوەی خۆشەویستی نیشتمانەکەی هەڵقوڵاوە، بۆیە وەك دەردەکەوێت بۆ سەرفیرازی نیشتمانەکەی، هەمیشە جەختی لەسەر یەکگرتوویی گەل کردۆتەوە، هەروەك دەڵێت: ((ئەگەر دڵی گەلەکەی خۆمان لەگەڵمان بێت، دوژمن هەزاران جار بەهێزتر بێ، ناتوانێت بمان شکێنێت))[٩٢]. (ئەبولحەسەن تەفرەشیان) لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا ئاماژەی بەوە دەدا کە بارزانی دەیگوت: ((..حەز دەکەم لەگەڵ گەلی خۆمدا لە ئاشتی و هێمنی و یەکسانیدا بژیم و بۆم بلوێ ئاڵای کوردستان لە خاڵێك لە کوردستاندا هەڵ بدەم، جا ئەو خاڵە عیراق، ئێران یان تورکیا بێ جیاواز نییە))[٩٣].

هەروەها لە وتارە مێژووییەکەیدا لە کۆنفرانسی ئەفسەرانی پێشمەرگە کە لە ڕێکەوتی ١٩٦٧/٤/١٥ پێشکەشی کردووە، هاتووە: ((ئەوەی لە هەمووتان بچووکترە من خزمەتی دەکەم. من سەرۆکی کەس نیم، سەرۆکایەتیم بۆخۆم ناوێت، بەڵکو ئەوەی من دەمەوێت ئەوەیە ببمە براتان و ئێوەش ببنە برام، هاوکاریبم بکەن بۆئەوەی هەموومان ببینە ڕۆڵەی ئەم گەلە و خزمەتی بکەین))[٩٤].

لەم نموونەیەی سەرەوەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە بارزانی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ پێشمەرگەکانی چەمکی خۆشەویستی برایانەی هەڵبژاردووە، خۆشەویستی برایانەش وێرای ئەوەی

(٩٠) هەژار موکریانی، بارزانی، ل ٣٤.

(٩١) (هەواڵی ناوخۆ)، ر: ژین، ژ: (١٤١٥)، پێنج شەممە ١٩٥٨/١٠/٣٠، ل ١.

(٩٢) مسعود البارزاني، البارزاني والحركة التحررية الكردية، الجزء الثالث، ص ٥٦٤.

(٩٣) ئەبولحەسەن تەفرەشیان، بارزانی لە مەهابادەوە ... بۆ ئاراس، ل ٢٩١.

(٩٤) مسعود البارزاني، البارزاني والحركة التحررية الكردية، الجزء الثالث، ص ٥٦١-٥٦٢.



ڕایەڵەیەکی بەهێزە بۆ کۆکردنەوەی چین و توێژەکان لە دەوری یەك خاڵدا، لەنێوان مرۆڤەکان لە یەك ئاست دایە. واتە ئەم خۆشەویستییە لەسەرەوە بۆ ژێرەوە و لە ژێرەوە بۆ سەرەوە نییە، بەڵکو دابەش بوونەکەی شێوەیەکی یەکسانی وەرگرتووە. هەروەك ئەریك فرۆم دەڵێت: ((بنەڕەتی ترین جۆری خۆشەویستی، کە زەمینە بۆ هەموو جۆرەکانی تری خۆشەویستی دەڕەخسێنێ، خۆشەویستی برایانەیە. مەبەست لە خۆشەویستی برایانە هەمان هەست کردن بە لێپرسراوێتی، دڵسۆزی ناسین و ڕێزگرتنە لە هەموو مرۆڤەکان و ئارەزووی باشترکردنی ژیانی خەڵکانی ترە))[٩٥].

## حەوتەم: ئاشتیخوازی و نەڕشتنی یەك دڵۆپە خوێن بە دەستپێشخەری بارزانی

بارزانی بۆ ئازادی نەتەوە و نیشتمانەکەی لەپاڵ خەباتی چەکداری و بەرگریدا، بایەخێکی زۆری بە ئاشتیخوازی و گفتوگۆ و ئاگربەست داوە، ئەمەش لەپێناو لێکحاڵیبوون و چارەسەرکردنی کێشەکان و گەیشتن بە مافی ڕەوای گەلی کورد. بۆیە سیمای ئاشتیخوازی یەکێکی دییە لە سیما و خەسڵەتە سەرەکییەکانی کەسایەتی بارزانی، چونکە ئەو هەرگیز حەزی لە شەڕ و زەبروزەنگ و توندوتیژیی نەبووە، بەڵکو وەکو شۆڕشگێڕێك ناچارکراوە ڕێگای بەرگری هەڵبژێرێت، هەروەك فرەنسۆ هەریری دەڵێت: ((بارزانی شەڕخواز نەبوو، بەڵکو هەمیشە تا ناچار نەکرابوایە شەڕی بەرگریشی نەدەکرد و بڕوای بە دیالۆگ و دانوستاندن هەبوو و گفتوگۆ و دیالۆگ بەشێوەیەك لە شێوەکانی خەبات دەزانی))[٩٦].

هەروەها (ئەلیکساندەر کسلیوڤ) لەم بارەیەوە دەڵێت: ((بارزانی ناچار کراوە دەست بداتە چەك. گەورەترین و ژیرانەترین هەڵوێست کە بارزانی نواندوویەتی، ئەوەیە کە یەك دڵۆپە خوێنیش بە دەستپێشخەری بارزانی نەڕژاوە، تەنها و تەنها بەرگری لە گەلەکەی کردووە))[٩٧].

(٩٥) ئەریك فرۆم، هونەری خۆشەویستی، و: عوسمان حەسەن شاکر، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئۆفسێتی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٠، ل ٦٤.

(٩٦) فرەنسۆ هەریری، تایبەتمەندی و ڕەوشتە دیارەکانی بارزانیی نەمر ٣، ر: برایەتی، ژ: (٣٨٤٩)، پێنجشەممە ٢٠٠٢/١١/٢١، ل ٣.

(٩٧) د. نیاز لاجانی، بارزانی بۆ کورد باوکی ڕۆحییە و بۆ جیهانیش پیاوی سەدە، ر: برایەتی، ژ: (٣٨٩٩)، پێنج شەممە ٢٠٠٣/١/٢٣، ل ٣

بارزانی بەم ڕێگا پاك و مرۆڤدۆستی و ئاشتیخوازییەی، کە بە درێژایی خەیاتی پیادەی کرد، توانی نێودەنگێکی جیهانیی و پاڵپشتییەکی زۆر بەدەست بهێنێ و بە پشتیوانی ئاشتی جیهانی لە قەڵەم بدرێت، بۆیە (رومیش چاندرا)ی سکرتێری ئەنجومەنی ئاشتی جیهانی، خەون بەوە دەبینێ چاوی بە بارزانی بکەوێت، هەروەك دەڵێت: ((ئومێدەوارم بە دیداری بارزانی بگەم و دەستی بکوشم، چونکە ئەو پشتەوانی ئاشتییە لە جیهاندا))[٩٨].

## هەشتەم: مرۆڤدۆستی تا سنووری ڕێزگرتن لە فریودراوان و دوژمنانی گەل

مرۆڤدۆستی و ڕێزگرتن لە کەرامەتی مرۆڤ بە یەکێك لە سیماکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و پرەنسیپەکانی ئەمڕۆی دونیای جیهانگەرایی دادەنرێت. بارزانی ڕێزگرتن لە مرۆڤ و تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردی بە پێگەیەکی پتەو و قایم زانیووە بۆ بەدەست هێنانی سەرکەوتنی شۆڕش و ڕاکێشانی دڵی گەلەکەی، بۆیە هەمیشە جەختی لەسەر ڕێزگرتن لە مرۆڤ و بەهێزکردنی گیانی مرۆڤدۆستی کردۆتەوە هەروەك لە وتارە مێژووییەکەیدا لەساڵی ١٩٦٧ جەختی لەسەر کردۆتەوە و دەڵێت: ((پێویستە لەسەر هەموو ئەوانەی لە ڕیزەکانی شۆڕشدا کار دەکەن، لەوانە یەکەمیان خۆم، دواتر سەرجەم بەرپرسەکان تاکو دەگاتە پێشمەرگەیەکی سادە و ئەندامێکی پارتی ئەوە لەبیر نەکەین، ئەگەر ئێمە هەستی لادێییەك یان شوانێك یاخود کاسبکارێك یان ئافرەتێك یا منداڵێکمان تەنیا بەیەك وشە برینداد کرد، ئەوا ئەو کات دەبین بە دوژمنی خۆمان و گەلەکەمان))[٩٩].

وەنەبێ بارزانی هەر ڕێزی لە تاکەکانی کۆمەڵگاکەی خۆی گرتبێ، بەڵکو ((ڕێزلێنان لە هەموو مرۆڤێك، بێ جیاوازیکردن لە جۆری ئایدیۆلۆژیا و بۆچوون و نەژاد و ڕەچەڵەکی ئەو مرۆڤە))[١٠٠] خەسڵەتێکی دیاری بارزانی بوو. هەروەها (فەلەکەدین کاکەیی) جەخت لەسەر ئەم ڕایە دەکاتەوە و دەڵێت: ((بارزانی حورمەتی ئینسانی گرتووەو کەرامەتی پاراستووە. ئەو کتێبانەی دەربارەی ژیانی

(٩٨) د. عبدالفتاح علي بوتاني، الملامح الاساسية لشخصية مصطفى البارزاني القيادية والانسانية، مطبعة خبات، دهوك، ١٩٩٦، ص ٢٧.

(٩٩) مسعود البارزاني، البارزاني والحركة التحررية الكردية، الجزء الثالث، ص ٥٦٤.

(١٠٠) مەحموود زامدار، کەسایەتی (بارزانی)ی سەرکردە، کۆنگرەی ٩٠ ساڵەی لەدایکبوونی بارزانیی نەمر، ل ٤٨٩.



نوسراون و ئەو کەسانەی لە نزیکەوە دیویانە، شایەدی ئەوە دەدەن کە ئەو خاوەنی ڕەوشتێکی بەرزی ڕێزلێنان بووە، بەرامبەر هەر کەسێك))[١٠١]. سەرەڕای هەموو ئەمانە بارزانی ڕێزی لە خۆفرۆش و دوژمنانی گەلەکەشی گرتووە کاتێك دەگەڕانەوە ناو ڕیزەکانی شۆڕش، بەبێ ئەوەی بهێڵێ سوکایەتییان پێ بکرێت، لەم بارەیەوە (زاڤی لۆڤا) دەڵێت: ((ئەو کاتەی من لە نزیك بارەگای بارزانی بووم چەند جارێك بینیم زۆر کەس لەو فریودراوانەی کە ئێوە پێیان دەڵێن (جاش) دەگەڕانەوە بۆ ناو شۆڕش و لای بارزانی، بەڵام بارزانی ڕێزی دەگرتن و نەیدەهێشت کەس سووکایەتییان پێ بکات و لاپەڕەیەکی نوێی لەگەڵ هەڵدەدانەوە))[١٠٢].

## نۆیەم: خۆشەویستی بۆ زانست و ڕێزگرتن لە زانایان

بارزانی بە مرۆڤێکی زانستپەروەر لەقەڵەم دەدرێت، کە ڕێزێکی زۆری لە خوێندەوار و زانستپەروەران گرتووە، چونکە نەخوێندەواری بە دەردێکی ترسناك و کوشندە بۆ کۆمەڵگاکەی زانیوە، بۆیە نەیهێشتووە لە سەختترین ڕۆژەکانی شۆڕشدا، قوتابیان هۆڵی خوێندن بەجێ بهێڵن و ڕوو بکەنە سەنگەری بەرگریکردن، لەم بارەیەوە (د.گۆتنەر دشنەر) ئەوە دەگێڕێتەوە کاتێك لەنێو دۆڵێکی قووڵدا قوتابیان دەبینێ لەنێو خێوەتدا سەرقاڵی خوێندنن، دەڵێت: ((لێرە دەتوانیت ئەو قوتابیانە ببینیت کە ناچار کراون مەسەلە جەبریەکان شیکار بکەن یان ڕێزمانی کوردی و عەرەبی فێر بن، دوای ئەوەی ژەنەراڵ بارزانی ڕێگەی چوونە ریزی هێزەکانی پێشمەرگەی لێگرتوون))[١٠٣].

جگە لە قوتابیان، بارزانی بەهای کاری زانستی بە بەرز نرخاندووە و ڕێزێکی زۆری لە خاوەن بڕوانامە بەرزەکان ناوە، بۆیە ئەم ڕێزگرتنە لەلایەن (د. گۆتنەر دشنەر) دەبێتە جێگای سەرسامی هەروەك دەڵێت: ((سیفەتێکی دیکەی بارزانی کە زۆر سەرسامی کردم، ئەویش

(١٠١) فەلەکەدین کاکەیی، بارزانیی مرۆڤ و مافی مرۆڤ، ر: برایەتی، ژ: (٣٨٦٣)، سێ شەممە ٢٠٠٢/١٢/١٠، ل ٣.

(١٠٢) فرانسوا زافی لۆکا، بارزانی لەگەڵ دوژمنەکانیشدا میهرەبان بوو، ر: برایەتی، ژ: (٣٨٥٧)، یەك شەممە ٢٠٠٢/١٢/١، ل ٣.

(١٠٣) د. گۆتنەر دشنەر، بارزانی نەیدەهێشت قوتابیان بین بە پێشمەرگە، ل ٣.

ڕێزگرتنی زۆری بوو بۆ ئەو کوردانەی کە پلەی زانستی و خوێندنی بالآیان وەدەستهێنا بوو، و هەمیشە هەوڵی دەدا پلەو پایەی بالآ و پێشکەوتووی پێدەبەخشین))[١٠٤].

بارزانی لە یەکێتی سۆڤیەت جگە لەوەی خۆی دەستی بە خوێندن کرد، لە هەمان کاتدا زۆر هانی هەڤاڵەکانی خۆی بۆ خوێندن دەدا، تەنانەت ئامادەبووە جلوبەرگی خۆی بۆیان بفرۆشێت، لەم بارەیەوە (د. تەیمور جەعفەر موسا) کە بەهاندانی بارزانی دەستی بە خوێندن کرد، تاکو بڕوانامەی دکتۆرای بەدەستهێنا دەڵێت: ((کاتێك بارزانیی نەمر دەهاتە لامان یان پەیامی بۆ ئێمە دەنارد و دەیفەرموو: کوردستان پێویستی بە خەڵکی خوێندەوار هەیە، پێویستە ئێوەش هەر لەم ساتەدا بخوێنن و ئەوەی پێشی ناکرێت ئامادەم جل و بەرگی خۆمی بۆ بفرۆشم، بەلاّم هەرچەندە ژیانی ئێمەش گەلێك ناخۆش بوو لەرووی ئابووریدا بەلاّم بەم جۆرەیەشدا هەبوون کە هەڤالاّنمان بڕوانامەی بەرزیان وەرگرت))[١٠٥].

وەنەبێ هەر قوتابیان و زانستمەندانی نێو کوردستان ئامادەییان نیشاندا بێت، کە بەشداری لە سەنگەرەکانی بەرگری لەبەرانبەر داگیرکاراندا بکەن، بەڵکو زانستمەندانی کورد لە رووسیا ئەو ئامادەییەیان تێدا هەبووە، هەروەك چۆن (پڕۆفیسۆر ئۆردیخانی جەلیل) لەساڵی **١٩٥٧** لە رووسیا سەردانی بارزانی دەکات، ئامادەیی خۆیان دەردەبڕێ، تاکو بێنە کوردستان و چەك هەڵبگرن، بەلاّم بارزانی بەم کارە رازی نابێت، چونکە بایەخدان بە خوێندن و زانستی بە کارێکی لە پێشینە بۆ کۆمەڵگەی کوردی داناوە، هەروەك ئۆردیخان دەڵێت: ((من بە بارزانیم گوت: کە ئێمە ئامادەین بێینە کوردستان و ببینە چەکداری تۆ، بەلاّم بارزانی لە وەلاّمی ئەمەدا گوتی: (ئەزبەنی چەکداری ئێمە گەلێکن، ئێمە پێویستمان بە خوێندەوار هەیە)))[١٠٦].

## دەیەم: باوەڕ بە دیموکراسیەت وپێکەوەژیان

بارزانی بۆ خەباتی رزگاریخوازی گەل و نیشتمانەکەی، رێگای دیموکراتی هەڵبژارد، خۆی کەسێکی دیموکراتیخواز بوو و توانی بیری دیموکراتی لەنێو کوردستاندا بلاّو بکاتەوە و سەرجەم

(١٠٤) هەمان سەرچاوە، ل ٣.

(١٠٥) سەفەر یوسف میرخان، لە شەستەمین ساڵیادی پەڕینەوە لە رووباری ئاراس دا، ل ١١.

(١٠٦) د. نیاز لاجانی، بارزانی بۆ کورد باوکی رۆحییە و بۆ جیهانیش پیاوی سەدە، ل ٣.



نەتەوە و مەزهەب و ئایینە جیاجیاکان بەبێ جیاوازی لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە، (فرەنسۆ هەریری) لەم بارەیەوە دەڵێت: ((بارزانیی نەمر ببووە سمبۆڵی کۆکردنەوەی تێکڕای میللەتی کوردستان چونکە لەسەردەمی دەسەلاّتی بارزاندا کوردی موسڵمان و ئێزیدی، ئاشووری و تورکمانەکانیش هەستیان بە هیچ جیاوازیی و جیاکردنەوەیەك نەدەکرد، بارزانی کارێکی کردبوو مەلایەکی موسڵمان لەگەڵ قەشەیەکی مەسیحی و ئێزیدییەك لەیەك لیژنە ناوچەی پارتی دا ئەندام بن و بەیەکەوە کار بکەن))[١٠٧]. هەر لەم رێگەیەوە بارزانی بڕوای پتەوی بە دیموکراتی و هەڵبژاردن و رای زۆرینە بۆ یەکلایکردنەوەی بیروڕا جیاجیاکان لەهەر بابەتێکدا هەبووە، (فرەنسۆ هەریری) دەڵێت: ((بارزانی هیچ ئاکارێکی دیکتاتۆریی نەبووە...بەڵێ بارزانی بیروڕای تایبەتی خۆی هەبوو، بەلاّم کاتێك لەگەڵ ئەندامانی مەکتەبی سیاسی پارتی کۆدەبۆوە، گەر بەشی زۆرینەی ئەندامان لەسەر رایەك کۆك بوونایە و بارزانی رایەکی دیکەی هەبوایە پێی دەگوتن، من رایەکی دیکەم هەیە، بەلاّم مادام زۆرینەتان ئەو رایەتان قەبووڵە منیش لەگەڵتاندا دەبم)))[١٠٨]. هەر سەبارەت بە دیموکراتییەوە بارزانی خۆی نووسیویەتی: ((من  هەمیشە لەگەل اتجاهی دیموکراتیم، لەبەرئەوە هەر رایەك بخرێتە پاڵ من بەپێچەوانەی ئەوە بە هەلبەستی ئەزانم))[١٠٩].

بارزانی نەك هەر تەنیا هەوڵی بۆ دامەزراندنی حکوومەتێکی دیموکراتییانە بۆ کوردستان دەدا، بەڵکو دەیویست لە عێراقیشدا حکوومەتێکی دیموکراتی لەسەر بنەمای هەڵبژاردنێکی ئازاد بێتە کایەوە ((ئێمە دەمانەوێ حکوومەتێکی دادپەروەری دیموکراتی لە عیراقدا لە رێگای هەڵبژاردنێکی ئازادەوە بەبێ گوشار و زۆر لێکردن بێتەکایەوە. یاسایەکی دادپەروەری وای هەبێت کە میللەتی عیراق خۆی بەشداری لە دانانی بکات، نەوەك هەر رۆژێك سەربازێك بە ئارەزووی خۆی چۆنی دەوێت فەرمانڕەوایی گەلی عیراق بکات، بەبێ ئەوەی گەل بتوانێت لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکات))[١١٠].

(١٠٧) فرەنسۆ هەریری، تایبەتمەندی و رەوشتە دیارەکانی بارزانیی نەمر ١، ل ٣.

(١٠٨) فرەنسۆ هەریری، تایبەتمەندی و رەوشتە دیارەکانی بارزانیی نەمر ٢، ژ: (٣٨٤٧)، سێ شەممە ٢٠٠٢/١١/١٩، ل ٣.

(١٠٩) بارزانی مستەفا، روونکردنەوە، ر: خەبات، ژ: (١٤)، ١٩٥٩/٧/١٤، ل ٧.

(١١٠) مسعود البارزاني، البارزاني والحركة التحررية الكردية، الجزء الثالث، ص ٥٦٥.

بارزانی بەو خەسڵەتە بەرزەی هەڵگری بوو، بەو مامەڵە شارستانییەی دەینواند، بەو ڕێگا ئاشتیخوازییەی گرتییە بەر، بەو خەبات و سیاسەتە واقیعبینانەی کە درێژەی پێدا، بەو تەمەنەی بۆ ئازادی و بەرژەوەندی نەتەوەکەی خەرجی کرد، بەو لێهاتووییەی هەیبوو بۆ وشیارکردنەوە و کۆکردنەوەی چین و توێژەکان لە دەوری خۆی و ئاراستەکردنیان بۆ گرتنەبەری ڕێگای تێکۆشان دژ بە داگیرکاران، جگە لەوەی کردی بە ڕەمزی گەلێکی بەشخوراو و ستەم لێکراوی وەکو کورد، هاوکات سەرنجی جیهانی بەلای خۆیدا ڕاکێشا، دواجار ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە لە ڕێگەی ناوی بارزانییەوە گەلانی جیهان باشتر نەتەوەی کورد بناسن، بەمەش ناوی بارزانی بە سەرجەم نەتەوەی کورد لکێنرا و، ناوی بارزانی و کورد ئاوێتەی یەکتر بوون.



## باسی چوارەم

## مەزراندنی مێژوو و کەسایەتی مێژوویی لە نێو شیعردا

ئەگەر بە وردی سەرنجی گەلانی دونیادا بدەین، دەبینین زۆرن ئەو مرۆڤانەی تاکو ئێستاش جێگای تێڕامان بوون و، نەك هەر سەرنجی خەڵکی ولاتانی خۆیان، بەڵکو نەتەوە و گەلانی دەوروبەر و تەنانەت جیهانیان ڕاکێشاوە، بەهۆی ئەو دلێرییەی نواندوویانە بۆ بەگژداچوونەوەی هێزی ستەمکاریی و مەرگدۆستیی لە سەنگەرەکانی بەرگریدا، ئەم دلێرییە هەر زوو لەلایەن شاعیرانەوە پێشوازی لێدەکرێت و دەبێتە سەرچاوەی ئیلهامی شیعریی ((کاتێك کە مرۆڤ دەبێتە قارەمانێکی نەتەوەیی یەکەم کەس کە ڕێزی لێ دەنێ، شاعیری نیشتمانپەروەرە، دەیکاتە بابەتێکی بە پیت بۆ بنیاتنانی هۆنراوەکانی))[١١١]. بۆیە هەر لە کۆنەوە شیعری جەنگ و شەڕو شۆڕ بەمەبەستی دەرخستنی دلێریی کەسایەتییە هەڵکەوتووەکان لەلایەن شاعیرانەوە سەری هەڵداوە و گەشەی کردووە و بەجۆرێك لە جۆرەکانی شیعر دەستنیشان کراوە، کە لە ڕووی مێژووییەوە ئەم جۆرە شیعرە مێژوویەکی دوورودرێژی هەیە، بەوەی ((ئەم هۆنراوی شەرر و شۆررە لە سەرەتای ئەو سەردەمەوە کە ئادەمیزاد کەوتە ناو ژیانێکی تۆزێ ڕێك و پێکەوە داهاتووە و هەبووە. هۆنەر باسی خۆی ناکات، بەڵکوو وەکو مێژوونووسێك تۆ ئەخاتە ناو ئەندێشەی کارەساتێکەوە. لەو کارەساتەدا پاڵەوانەکان و ئەو کەسانە کە هەراکە هەڵئەسووڕێنن هەموو ئەکەونە بەرچاوت. دیارە ئەم جۆرە هۆنراوانەش سەرەتا لە یۆنانەوە داهاتووە و پاشان وردە وردە لەناو نەتەوەکانی ترا بلاو بوونەتەوە))[١١٢]. ئەگەر گەلانی جیهان لە ئاکامی ڕووبەڕووبوونەوەی زوڵمی ستەمکار و داگیرکاران و بەرگری لە دەستکەوتەکانیان، کەسایەتی بەناوبانگ و پاڵەوان و دلێریان لێ هەڵکەوتبێ و شاعیران لە شیعرەکانیاندا ئاماژەیان بەو کەسایەتییانە کردبێ، ئەوا گەلی کورد کە بەدرێژایی مێژووی پڕ لە سەروەری خۆیدا ژیانی لەنێو کارەسات و نەهامەتی و ژێردەستەیی و ڕاپەڕین و شۆڕش هەڵگیرساندن

(١١١) کەریم شارەزا، بارزانی وەك ڕەمزێکی دیاری نەتەوەییمان لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا، گ: نەوشەفەق، ژ: (١٢)، ئاداری ٢٠٠٤، ل ١٧.

(١١٢) عەلائەدین سەجادی، ئەدەبی کوردی و لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی کوردی، چاپخانەی مەعارف، بەغدا، ١٩٦٧، ل ١٥٣ .

گوزەراندووە و، ئەمانەش بە ئاگر و ئاسن و ڕەشەکوژیی لەلایەن دوژمنانەوە کپ کراونەتەوە، بۆیە دەبینین مەبەستی شیعریی دلێری، پانتاییەکی بەرفراوانی لە نێو شیعری کوردیدا گرتووە. زۆرێك لەو شیعرانەی بۆ سەرکردە نەبەردەکان و پێشمەرگە شەهیدەکان بەو دلێرییەی کە لە تۆمارکردنی داستانی قارەمانیی لە سەنگەرەکاندا لە بەرامبەر دوژمن نواندوویانە، نووسراوە دەچێتە ئەو قاڵبەوە. بۆیە مەبەستی شیعری دلێری لەنێو شیعری کوردیدا بەدرێژایی مێژوو بەشێوەیەکی بەرچاو ئامادەیی هەیە، ئەمەش بەمەبەستی خستنەڕووی ئازایەتی و پاڵەوانییەتی ڕۆڵەکانی ئەم گەلە لەبەرامبەر داگیرکاران و ڕەتکردنەوەی ژیانی ژێردەستی و هەڵکردنی بەیداخی یاخیبوون بەدەربڕینێکی توند و پڕ لە زەبروزەنگ، ئەمەش بەو پێیەی، کە ((شیعری دلێریش یەکێکە لە گرنگترین و کاریگەرترین مەبەستی شیعر کە لە کانگای دەروونی شاعیرەوە هەڵقوڵاوە لە ئەنجامی ئەو بارە سەختەی تووشی نەتەوەکەی هاتووە))[113]. دیارە ئەمەش لە ڕەگێکی مێژوویی بەدەر نییە.

ئەگەر هەر هۆنراوەیەك لە زەمەنێکی دیاریکراودا هەڵێنجرابێ، ئەوا دەردەکەوێ کە پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوان شیعر و مێژوودا هەیە، تەنانەت دەکرێ بڵێین زۆرجار شیعر لەنێو منداڵدانی مێژوو لەدایك دەبێ، ئەمەش بەلەبەرچاوگرتنی لایەنە هونەرییەکەی. لەم بارەیەوە ئۆکتافیوباز (١٩١٤-١٩٩٨) پێی وایە ((هەموو قەسیدەیەك هەوڵدانێکە بۆ ئاشتبوونەوەی نێوان شیعر و مێژوو و، لەبەرژەوەندی شیعردا))[114]. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە پەیوەندی نێوان شیعر و مێژوو، پەیوەندییەکی بەردەوام و هەمیشەییە، بەڵام ئەوەی ئێمە لێرەدا دەمانەوێ قسەی لەسەر بکەین و بیخەینە نێو ڕایەڵەیەکی شیکارییانە، ئەوا کەڵك وەرگرتنی شاعیرانە لە مێژوو و کەسایەتی مێژوویی وەك سەرچاوەیەکی ئیلهامبەخش بۆ هۆنینەوەی هۆنراوەکانیان، چونکە کەسایەتییە مێژووییەکان کاریگەرییان بەسەر گۆڕینی ڕێڕەوی مێژوودا بەجێ هێشتووە.

بۆیە لە هەموو سەردەمەکاندا مێژوو بەلای شاعیرەوە کانییەکی هەمیشە هەڵقوڵاو بووە، بۆ خستنەڕووی بەها ڕەسەنەکان و، خولقاندنی زەمینەسازییەك بۆ بونیادنانی ئەزموونی شیعری نوێ، تاوەکو شاعیر بیکاتە پەرژینێك بۆئەوەی هەرکاتێك گرفت و خەمێکی قووڵ

(١١٣) د. شوکریە ڕەسووڵ، ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەب، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ١٩٨٩، ل ٤٩.

(١١٤) اوکتافیوباث، الشعر والتاريخ، ت: عبدالقادر الجنابي (www.elaph.com). یوم ٢/٤/٢٠٠٧.



ڕووی تێ بکات، پەنای بۆ ببات و ئاسوودەیی پێ ببەخشێت، ئەمە جگە لە بەخشینی چێژی جوانیی و هوشیارکردنەوەی نەتەوەکەی و ئاڕاستەکردنی ڕۆڵەکانی گەل بەرەو گرتنەبەری ڕێگای ڕزگاری و پەند وەرگرتن لەو ئەزموونانە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ((لە تێڕوانینێکی هاوچەرخانەوە مێژوو تەنیا وەسفکردنی ماوەیەکی زەمەنی نییە، بەڵکو درککردنی مرۆڤی هاوچەرخە یاخود قسەکردنیەتی لەم بارەیەوە، کەواتە بۆ هەر ماوەیەك لە ڕابردوودا، وێنەیەکی بەستوو و نەگۆڕ نییە))[115]. بەڵکو دەتوانین ئەوە بخەینەڕوو کە ((مێژوو یەکێکە لەو سەرچاوە فراوان و والاّیانەی بەردەم شاعیر کە سنووری بۆ نییە و هەموو شاعیرێکیش خاوەن زیهنێکی مێژووییە هەریەکەیان بە ڕێژەیەکی دیاریکراو. لە مێژووی هەر نەتەوەیەکیشدا لەپاڵ خاڵە پۆزەتیڤ و سەرکەوتنەکاندا، چەندین خاڵی نێگەتیڤ و شکستی بەدی دەکرێن، ئینجا هۆکاری دروستبوونی بەتایبەتی خاڵە لاوازەکان هەرچیەك بووبن، دەبنە سەرچاوەی بێزاری دەربڕین و بیرخستنەوەی بەردەوامی ئەم شکستیانە بۆ ئەوەی ببنە پەند و دووبارە نەبنەوە))[116]. شاعیرانی کورد لە ڕێگەی مێژوو وەك سەرچاوەیەکی ئیلهامبەخش، توانیویانە خۆشی و ناخۆشییەکانی ژیان بخەنەڕوو، هاوکات کەسایەتییە هەڵکەوتووەکانی نێو مێژوو بوونەتە مایەی گەشبینی و، لە تێکستە شیعرییەکاندا وەك ئاسۆ ڕوونی و ڕێگایەك بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان ئاماژەیان پێدراوە و ستایش و لاواندنەوەیان کراوە، بەڵاّم ((سەرچاوەی مێژوویی، گێڕانەوەی دەقاودەقی ناوەڕۆکی مێژوو و ڕووداوەکانی نییە، چونکە ئەمە تەنیا دەبێتە گێڕانەوەیەکی بێ پێزی ساردوسڕ. لە ڕاستیدا دەبێت ئەو وێنانەی کە لە مێژووەوە وەردەگیرێن، بە جۆرێکی وا تەوزیف بکرێن کە لەگەڵ بۆچوونی سەردەمدا بگونجێن و پەیوەندییەك لەنێوان ئێستا و ڕابردوودا دروست بکات))[117].

مەزراندنی کەسایەتی مێژوویی لە شیعری کوردیدا بەو مانایە دێت، کە لە ڕێگەی ئەم تەوزیفکردنەوە ڕەهەند و مانایەکی گەورەتر بە ئەزموونی شیعری نوێ ببەخشێت، بە

(١١٥) د. مصطفى ناصف، دراسة الادب العربي، الدار القومية للطباعة والنشر، القاهرة، ص ٢٠٥، ٢٠٦.

(١١٦) پەخشان سابیر حەمەد، ڕەمز لە شیعری هاوچەرخی کوردیی کرمانجی خوارووی کوردستانی عیراقدا (١٩٧٠-١٩٩١)، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠٠٢، ل ٢٣٨.

(١١٧) سەردار ئەحمەد حەسەن گەردی، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری کوردی دا (١٩٧٠-١٩٩١)، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل ١٩٨.

دەربڕینێکی دی ئەو تەوزیفکردنە دەبێتە ئامرازێك بۆ گوزارشتکردنی شاعیر لە تێڕوانینە هاوچەرخەکانی خۆی، لە هەمان کاتدا تەوزیفکردنی کەسایەتی مێژوویی لە شیعردا هەڵوێستی جوامێرانەی شاعیر دەسەلمێنێ لە هەمبەر بەوەفایی خۆی دەربارەی ئەو کەسایەتییە مێژووییانەی، کە ژیانی خۆیان لەپێناو ئازادی و بەختەوەری گەلەکەیان تەرخان کردووە و جێگای تایبەتییان لەنێو دڵ و دەروونی کەسانی دەوروبەر و نەتەوەکەیاندا گرتووە، چونکە ((کاتێك کە یەکێك بە باوەڕێکی بەتین و نەگۆڕ، هەڵوێستی نیشتمانی دەنوێنێ و خزمەتی نەتەوەکەی دەکات ئەو جۆرە مرۆڤانە ئەبنە جێی ڕێزلێنان و ئەو شاعیرانە وەك ڕەمزی بەهێز، هەریەکە بەپێی توانا و بۆچوونی لە هۆنراوەدا بەکاری دەهێنن))[118].

تەنانەت زۆرجاریش شاعیر لە ڕێگەی ئەو مەزراندنەوە، بە زمانی شیعریی، گوزارشت لە زۆربەی لایەنەکانی ژیان و پاڵەوانییەتی کەسایەتییە مێژووییەکە دەکات. لەوانەشە ئەو هۆکارەی کە پاڵی بە شاعیرەوە نابێت بۆ ئەوەی مەزراندن و نەخشەڕێژییەك بۆ ئەو کەسایەتییە مێژووییانە بکات، لەوەوە سەرچاوەی گرتبێ، کە جۆرێك لە پەیوەندییان دەتوانین ناوی بنێین هاوسۆزی، نێوان خودی شاعیر و ئەو کەسایەتییە مێژووییە هەبێت. لە هەموو حاڵەتێکدا ئەگەر بە وردی لێکیبدەینەوە، دەوڵەمەندکردن و بەهێزکردنی بونیاد شیعریی شاعیریان لێ دەکەوێتەوە. بەمەش ئەزمونی شیعری و جیهانبینیبیەتی شاعیر پاراوتر و فراوانتر دەبێت. لەم بارەیەوە (د. کەمال مەعروف) دەڵێت: ((شاعیر پەنا دەباتە بەر ڕەمزی مێژوویی لەلایەك ئەزموونی خۆی پێ دەوڵەمەند دەکا، لەلایەکی تر کەسایەتییە مێژووییەکان وەکو دەمامکێك وەردەگرێ))[119]. بێگومان ئەمەش بەبێ مەبەست نییە، بەڵکو مەرامی تایبەتی شاعیری لەخۆ گرتووە تاوەکو ((گوزارشت لە هەڵوێستی شاعیر بکات یاخود کەموکوڕییەکانی سەردەمی نوێ بخاتەڕوو))[120]. ئەگەرچی زۆرجار شاعیر بۆ مەزراندنی کەسایەتیی مێژوویی لە نێو تێکستی شیعرەکەیدا پەنا بۆ کەسایەتییەکی ناسراو و دیاریکراوی مێژوویی دەبات، بەڵام ((هەندێجار شاعیر پەنا بۆ کەسایەتییەکی مێژوویی دیاریکراو نابات، بەڵکو

(١١٨) کەریم شارەزا، بارزانی وەك ڕەمزێکی دیاری نەتەوەییمان لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا، ل ١٧.

(١١٩) د. کەمال مەعروف، ڕەخنەی نوێی کوردی، بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بلاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل ١٠٦.

(١٢٠) د. احسان عباس، اتجاهات الشعر العربي المعاصر، سلسلة عالم المعرفة، کویت، ١٩٧٨، ص ١٥٤.



کەسایەتییەکی گشتی دیاری دەکات، کە دەتوانین بە نموونەیەکی مێژوویی ناوی بنێین، وەکو باسکردنی کەسایەتی خەلیفە یاخود کەسایەتی جەلاد یاخود هەر کەسایەتییەکی لەو بابەتە))[121].

هەرچەندە ڕووداوی مێژوویی و کەسایەتییە مێژووییەکان دەچنە نێو تۆماری مێژووییەوە، بەلاّم دەکرێ لەنێو بۆتەی شیعرەوە گیانیان بەبەردا بکرێتەوە و خوێندنەوەی تازەیان بۆ بکرێت ((ڕووداوی مێژوویی و کەسایەتی مێژوویی تەنیا دیاردەیەکی گەردوونی تێپەڕبوو نییە، کە لەگەڵ کۆتایی هاتنی بوونی واقیعی کۆتاییان پێ بێت، بەڵکو لە پاڵ ئەمەشدا ئاماژەی گشتگیری هەمیشەیی هەیە، کە بە جۆرێك بە درێژایی مێژوو توانستی نوێبوونەوەی هەیە، ئەمەش لە سەر شێواز و شێوەی دیکەدا، ئاماژەی پاڵەوانییەتی لە سەرکردەیەکی دیاریکراو یاخود ئاماژەی سەرکەوتن لە جەنگێکی دیاریکراو - تا کۆتایی بوونی واقیعی ئەم سەرکردەیە یان ئەم جەنگە- دەمێنێتەوە و، تواناداره بۆ دووبارەبوونەوە لە نێو چەند هەڵوێست و ڕووداوێکی نوێدا، لە هەمان کاتدا لە توانایدا هەیە تەئویلات و شرۆڤەی نوێ لەخۆ بگرێ))[122]. بۆیە شاعیری بەتوانا دەتوانێ کەڵکێکی زۆر لە مێژوو و ڕووداوە مێژووییەکان هەڵێنجێ و مامەڵەیەکی تازە لەگەڵ کەسایەتییە مێژووییەکان بکات و ئیلهامی شیعری خۆی لێیانەوە وەربگرێت و سیمایەکی هونەرییان پێ ببەخشێت، بەتایبەتی ((شاعیری هاوچەرخ دەتوانێ ئاماژە هەمووەکییەکانی کەسایەتییەکی مێژوویی کە توانای تەئویلاتی جیاوازیان هەیە، لە هەندێك ڕووەوە لە ئەزموونەکەیدا بەکار بهێنێ، بۆئەوەی ئەم ئەزموونە جۆرێك لە هەمووەکی و گشتگیری بەخۆیەوە هەڵگرێ، سەرباری ئەمەش ڕەهەندێکی مێژوویی شارستانی دەداتێ بەشێوەیەك کە ببێتە مایەی بەخشینی جۆرێك لە شکۆمەندیی و ڕەسەنایەتی))[123]. ئەگەرچی سروشتی ئەو شیعرانەی بۆ کەسایەتییە مێژووییەکان نووسراون وەکو ((شیعری بەرهەڵستی بۆ خۆی بە جۆرێکە کەمجار جێگە بۆ نرخی هونەری و ئێستیکی دەهێڵێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا هێندێ شاعیر هەن سەرکەوتووانە و هەردوو لایەنی ئێستیکی و سیاسییان

(١٢١) د. علی عشری زاید، استدعاء الشخصیات التراثیة فی الشعر العربی المعاصر، دار غریب للطباعة والنشر والتوزیع، القاهرة، ٢٠٠٦، ص ١٣٢ .

(١٢٢) نفس المصدر، ص ١٢٠ .

(١٢٣) نفس المصدر، ص ١٢٠ .

تێکەڵ کردووە و شیعری شۆڕشگێڕانە و بەرز و جوانیشیان نووسیوە))[١٢٤]. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە نرخی ئەدەبی و بەهای هونەری هۆنینەوەی شیعری بەرز و پڕ داهێنان، بۆ توانا و سەلیقەی هونەری و بەهێزی خەیاڵی شاعیر دەگەڕێتەوە. لەگەڵ ئەمەشدا شاعیر لە نێو فەزای شیعرەکەیدا بۆ گوزارشتکردن لە کەسایەتییە مێژووییەکان، ئەو کەسایەتییانە هەڵدەبژێرێ کە لەگەڵ بیروبۆچوون و تێڕوانینەکانی خۆیدا دەگونجێن، کە لە رێگەیەوە دەیەوێت پەیامی خۆی بە خوێنەر بگەیەنێت. بۆیە مەزراندنی کەسایەتی مێژوویی یەکێکە لەو رایەلانەی، کە شاعیر بە مێژووی پڕ شانازی نەتەوەکەی دەبەستێتەوە، ئەم دیاردەیەش لە شیعری نوێ و هاوچەرخدا بووەتە خەسڵەتێکی دیار و بەرچاو، چونکە ((تێکۆشان و خەباتی تێکڕای میللەتی کورد، رۆشنبیر و شاعیرە شۆڕشگێڕەکانی خستە قەناعەتی یەکجارییەوە...بەتایبەتی پاش ئەوەی شاعیران بەچاوی خۆیان کارەسات و رووداوەکانیان بینیووە و هەنگاو بە هەنگاو تیایدا ژیاون و لە ئەنجامی خۆخواردنەوەیانەوە ئەو رووداوانەیان هەڵسەنگاندووە و پاڵەوانێتی و سەرکەوتنە گەورەکانیان بۆ ساغ بۆتەوە و لەم باری سەنجەوە شاعیرانی ئەم سەردەمە بەوپەڕی چاو کراوەیی و دڵسۆزییەوە مەزنی پێشەوایان لە دڵا جێگیر بووە و بوونەتە دەنگی ملیۆنەها خەڵکی کورد))[١٢٥].

لە شیعری نوێ و هاوچەرخی کوردیدا مەزراندنی کەسایەتی هەڵکەوتووی مێژوویی ئاڕاستەیەکی مێژوویی دەگرێتەبەر، کە رێڕەوێکی گوزارشتکارییە و رەهەندێك لە رەهەندەکانی ئەزموونی شیعری هاوچەرخی لەخۆ گرتووە، بەواتایەکی دی ئەو کەسایەتییە دەبێتە ئامرازی دەربڕین و ئاماژەدان، تاوەکو شاعیر لەو رێگەیەوە هەست و سۆز و بیرەکانی خۆی دەربڕێت. بەمەش مێژوو و کەسایەتی هەڵکەوتووی مێژوویی لەلای شاعیران بوو بە هۆیەك بۆ کەرەستەی هۆنراوە و سەرچاوەی داهێنانی شیعریی.

بەپێی سروشتی ئەو بارودۆخەی نەتەوەکەمان لە رابردوودا پێیدا تێپەڕیوە، دەشێ کەسایەتییە هەڵکەوتووەکانی مێژوو، کە شاعیرانی کورد لە تێکستی هۆنراوەکانیاندا بوونەتە جێگای سەرنج و بایەخیان، بۆ چوار جۆری سەرەکی پۆلێن بکەین:

(١٢٤) عەزیز کەیخوسرەوی، چاوپێکەوتنێکی تیشکهاوێژ (لەگەڵ فەرهاد شاکەلی)، چاپی یەکەم، ستۆکهۆڵم، ١٩٩٤، ل ٢٩.

(١٢٥) کاردۆ گەلاڵی، نووسەر و پارێزەر و سیاسەتمەدار، ئا: ئیسماعیل تەنیا، کتێبی گولان، هەولێر، ١٩٩٧، ٢٤.



یەکەم: کەسایەتی فەرمانڕەوا و میرەکان، ئەوانەی رۆڵی بەرچاویان لە دامەزراندنی قەوارەیەك بۆ گەلەکەیان، یان پاراستن یاخود بەهێزکردن و بەرفراوانکردنی قەڵەمڕەوییەکەیاندا هەبووە. بۆ نموونە: خانی لەپزێڕین، ئەوڕەحمان پاشای بابان (لە ١٨١٣ کۆچی دوایی کردووە)، ئەحمەد پاشای بابان (لە ١٨٧٥ کۆچی دوایی کردووە)، خانزادی میری سۆران (١٥٥٥-١٦١٥) ، میر محەممەد پاشای رەواندوز (١٧٨٣-١٨٣٦) ...تاد.

دووەم: کەسایەتی سەرکردەی شۆڕش و رابەری راپەرین و جولانەوەکان، ئەوانەی کە دژ بە ستەمکاریی و داگیرکاران وەستاون. ئەگەرچی ئەم سەرکردانە شۆڕش و راپەڕینەکانیان نەگەیشتنە ئامانج و چارەنووسیان لەڕووی رووخسارەوە شکستی هێنا، بەڵام مەرج نییە هۆکاری ئەو نشوستیانە بگەڕێتەوە بۆ کەموکوڕی لە داواکاریی و پرەنسیپەکانیان، بەڵکو وەك دەردەکەوێ، دیدی داگیرکاران جگە لەوەی هەڵقولاوی نەژادپەرستی بووە و بڕوایان بە چارەسەرکردنی کێشەکان و بەخشینی مافەڕەواکان نەبووە، هاوکات پیلانی گەورەی سەرووی ئیرادەی گەلی کورد و لە ئاست گەلەکۆمەکی دراوسێ و نێودەوڵەتی لە ئارادا بووە. بەڵام دەکرێ هەموویان بە ئەلقییەکی نەپچڕاو لەیەکتر سەیر بکەین، چونکە هەموویان لەپێناو ئازادی نەتەوەکەیان تێکۆشاون. نموونە: شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری (١٨٢٠-١٨٨٣)، شێخ مەحموودی حەفید، سمکۆی شکاك، شێخ سەعیدی پیران، قازی محەممەد، بارزانی مستەفا ...تاد.

سێیەم: کەسایەتییە گیانبەخشەکان، ئەوانەی گیانیان لە رێگەی نیشتمانە داگیرکراوەکەیان و سەندنەوەی مافی زەوتکراویاندا بەخشیوە، ئەمەش شەهیدانی رێگای رزگاریخوازی کورد و کوردستان دەگرێتەوە، کە دواهەمین پلەی بەرزی شەهیدبوون و شانازییان بەدەست هێناوە. بۆ نموونە: عیزەت عەبدولعەزیز (لە ساڵی ١٩٤٧ دا لەسێدارە دراوە)، خەیروڵڵا عەبدولکەریم (لە ساڵی ١٩٤٧ دا لەسێدارە دراوە)، محەممەد قودسی (لە ساڵی ١٩٤٧ دا لەسێدارە دراوە)، مستەفا خۆشناو (لە ساڵی ١٩٤٧ دا لەسێدارە دراوە)، لەیلا قاسم ( لەساڵی ١٩٧٤ دا لەسێدارە دراوە)...تاد.

چوارەم: کەسایەتییە بێزراو و ناحەزەکان، ئەوانەی کار و کردەوەی ناڕەوایان ئەنجام داوە، بۆیە لەلایەن گەلەوە بە کەسایەتی بەدکار ناسراون.

کەسایەتییەکانی خاڵی یەکەم و دووەم و سێیەم لە ئاکامی ئەو خۆشەویستییە قووڵەی بۆ نیشتمان و گەلەکەیان هەبوو، بەو بەرگرییەی لە خاك و نەتەوەکەیان کرد، ئەوا ناویان لەنێو تۆماری مێژووی نەتەوەکەیان و دڵی گەلەکەیاندا هەمیشە بە سەربەرزی و نەمری دەمێننەوە. بەڵام

کەسایەتییەکانی خاڵی چوارەم لە ئەنجامی ئەو ناپاکییەی لە نیشتمان و نەتەوەکەیان کردووە، بە سەرشۆڕییەوە بەرنەفرەتی مێژوو کەوتوون.

ئەوەی لێرەدا جێگای بایەخی ئێمەیە بریتییە لە خاڵی دووەم، کە ئەویش کەسایەتی بارزانی مستەفا وەك سەرکردەیەکی هەڵکەوتووی نەتەوەیی و نیشتمانیی کوردستان دەگرێتەوە. دیارە بارزانی لەسەرەتاوە وەك کەسایەتییەکی دلێرانە لە شیعری کوردی وێنەی کێشراوە و، لە چوارچێوەی شیعری شەڕ و شۆڕ و بۆ مەبەستی دلێری لە شیعری کوردی دەرکەوتووە، بەڵام ئەوەی لێرەدا گرنگە و پێویستە ئاماژەی بۆ بکرێت ئەوەیە، کە سەرجەم ئەو شیعرانەی لە سییەکانی سەدەی بیستەمەوە تاکو ئێستا بۆ بارزانی نووسراون، ناکرێ هەر لە چوارچێوەی مەبەستی شیعری دلێریی بەند بکرێ، بەڵکو ئەو چوارچێوەیە دەبەزێنێ و دەخزێتە نێو جیهانی شیعری ستایش، سیاسی، نیشتمانپەروەریی، بۆنە و لاواندنەوە ...تاد، بۆیە ئەو شیعرانەی بۆی هۆنراونەتەوە، ئەگەرچی فەزای سنوورەکانیان تێکەڵی یەکترین، بەڵام ستایش و لاواندنەوە بەسەریاندا زاڵن. (د. شوکریە ڕەسوڵ) پێی وایە ستایش و لاواندنەوە جیاوازیی بنەڕەتییان تێدا نییە، هەروەك دەڵێت: ((هیچ جیاوازییەك لە نێوان ستایش و لاواندنەوەدا نییە، تەنها لە درکاندن نەبێ کە هەندێ وشە و زاراوە هەن نیشانەی ستایش دەبەخشن و هەندێکی تریشیان تایبەتن بە لاوانەوە))[١٢٦]. لەگەڵ ئەوەشدا رەخنەگران و پسپۆڕانی بواری ئەدەب مەبەستی شیعری ستایش و لاواندنەوەیان لەیەکتر جیا کردۆتەوە هەروەك (د. عەبدوڵڵا محەمەد حەداد) دەڵێت: ((''لاواندنەوە'' ئەو هۆنراوەیەیە کە تیایدا چاکە و سیفەتە باش و جوانەکانی مردوو لە قاڵبی هۆنراوەیەکی فرمێسکاوییدا بەرچاو دەخرێ))[١٢٧]، واتە بە رای (د. عەبدوڵڵا محەمەد حەداد) شیعری لاواندنەوە تایبەتە بەو کەسەی کۆچی دوایی کردووە. بەڵام لە شیعری ستایشدا وەسفی جوامێریی و خەسڵەت و کردەوە جوان و بەنرخەکانی کەسایەتییەك دەکرێ کە لە ژیاندا ماوە و شایانی ستایش کردنە. بەمەش شیعرەکە پێشوازی لێدەکرێ، چونکە گوزارشتێکی راستگۆیی بەخۆیەوە هەڵگرتووە. بۆیە شاعیران لە دڵەوە ستایشی جوامێریی بارزانی و هەڵوێستی نەتەوەیی و نیشتمانی و سووربوون لەسەر خەباتی ئازادی ئەویان کردووە.

---

(١٢٦) د. شوکریە رەسوول، رێ و رەسمی لاوانەوەی کوردی، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ١٩٩٧، ل ٢٣.

(١٢٧) د. عەبدوڵڵا محەمەد حەداد، نالی (١٨٠٠؟ - ١٨٧٣) و میرەکانی بابان و کۆکردنەوەی (لاواندنەوە) (پیرۆزبایی) لە هۆنراوەیەکدا، گ: زانکۆ، ژ: ٢٤، نیسانی ٢٠٠٥، ل ٨١.

# بەشی دووەم

## کەسایەتی بـــارزانـی لــە دیــدی شیــعـرییــەوە

## باسی یەکەم

## بارزانی و شاعیر و نووسەرانی کوردستان

ئەگەرچی بارزانی سەرکردەیەکی بەهێز و خاوەن دەسەلآت بووە، لەگەڵ ئەوەشدا بە دۆستی شیعر و شاعیران ناوبانگی دەرکردووە، بەلآم وەکو سوڵتانەکان حەزی بەوە نەکردووە شیعری بۆ بهۆنرێتەوە، یاخود ئەوەی شیعری بۆ بنووسێت، ئەوا خەلاَتی بکات و ئەوەی بە شیعر رەخنەی لێبگرێت بیخاتە نێو زیندان. بارزانی نەك حەزی بەوە نەکردووە کەس شیعری بۆ بنووسێت و ستایشی بکات، بەڵکو هەر شاعیرێك ئەگەر شیعری بۆ نووسی بێت، ئەوا بەم هەڵوێستە تووڕە بووە. لەگەڵ ئەوەشدا کەسایەتی بارزانی لە هزری شاعیر و ئەدیبانی کورد بووە بە سەرچاوەی ئیلهام، بووە بە تانوپۆیەك لە ژێدەری مەعریفی و داهێنان، ئەم مەعریفەگەلەی کە بۆتە زەخیرەیەکی پڕ بایەخ و فراوان بۆ بەرهەمگەلی ئەدەبی و شیعر بەتایبەت، بۆتە سەرچاوەیەکی پڕ توانا و ئەزموون، بۆیە لەم بارەیەوە سەدان شیعر چڕۆ کردووە و لەنێو رووپەری رۆژنامە و گۆڤار و دیوانی شاعیران و نێوخەڵك و کەناڵەکاندا (نووسراو، بیستراو، بینراو) بلاَوبووەتەوە، لەم بارەیەوە (د.عەبدوڵلاَ ئاگرین) دەڵێت: ((کاریگەری کەسایەتی و خاوەنێتی بارزانی مستەفا بەسەر هەژاندنی هۆش و بیری شاعیراندا روون و دیارە و بۆتە چاوگی ئیلهام و خولْقاندنی شیعری نوێی سەردەم))[1]. ئەگەرچی بارزانی توانی سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵ لەدەوری خۆی کۆبکاتەوە، بەلآم لێرەدا تەقەلاَ دەدەین بۆ ئەوەی بزانین ئایا پەیوەندی و بایەخدانی بارزانی بە شاعیر و نووسەرانەوە لە چ ئاستێکدا بووە؟

دەشێ پەیوەندی بارزانی بە شاعیر و نوسەرانی دیاری ئەو سەردەم، بە پەیوەندییەکی بەرچاو و روون لەقەڵەم بدرێت، چونکە لەم بارەیەوە نەك هەر شیعر و بەڵگەنامە و وەسیەتنامە * و بروسکە لە ئارادایە، بەڵکو نامە لەنێوانیاندا ئاڵوگۆڕ کراوە، تەنانەت بە سەردان و ئامادەبوون لەخۆشی و ناخۆشییەکانی شاعیراندا بەشداری کردووە ((کاتێ یانەی

(١) د. عەبدوڵلاَ ئاگرین، رەنگدانەوەی کەسایەتی بارزانی مستەفا لە شیعری چەند شاعیرێکی نەتەوەیی کوردا، کۆنگرەی یادەوەریی سەد ساڵەی بارزانی نەمر، بەشی یەکەم، ل ٤٨٠-٤٨١.

(*) بڕوانە: بەڵگەنامەی (١).



سەرکەوتن لەو کاتەدا ئاهەنگێك بۆ قەدری جان سازدەکات بارزانی مستەفا لەسەر خاتری قەدری جان بەشداری لەو ئاهەنگە دەکات ))[2]. بەمەش دڵی شاعیرانی راگرتووە و، ئاگاداری هەستی ناسك و پڕ سۆزی ئەوان بووە و ئەرك و رۆڵی ئەوانی بەباشی زانیوە و بایەخی پێداون، چونکە شاعیران و نووسەران وێڕای ئەرکی ئەدەبییان، بونیادێکی بەهێزن و لە توانایاندا هەیە ویست لە هەناوی تاکەکانی کۆمەڵگادا دروست بکەن، ببنە هاندەری گۆڕان و بەرخودان و رۆڵی بەرچاو لە وشیارکردنەوەی گەلەکەیان بگێڕن و بەشداری پێشخستنی کۆمەڵگەکەیان بکەن. بۆیە بارزانی هەمیشە بایەخی بەم توێژە داوە، ئەمەش لەپێناو پێشخستنی زیاتری بواری شیعر و ئەدەب و کولتووری کوردی، لەم بارەیەوە (مەحموود زامدار) دەڵێت: ((بارزانی نەمر...بە چاوێکی هەڵۆیانەی یەکجار بەرزە فڕەوە سەیری شاعیرانی گەورەی کردەووە و بەوپەڕی میهرەوە رێزی لێ گرتوون و لەرۆژانی رەشیش دا پەنا و پەسارگەیان بووە))[3].

ئەمە لە کاتێکدا رازی نەبووە شاعیران شیعری بۆ بنووسن و ستایشی بکەن، بەڵکو زیاتر ویستویەتی خزمەت بە ئەدەب و نەتەوە و کۆمەڵگە و کولتووری کوردی بکەن، ئەمەش لەپێناو بەرەوپێشبردنی رەوتی دۆزی کورد بووە، نەوەك شاعیران وەکو سوڵتانەکان شیعری بۆ بنووسن. هەروەك (هەژار) گفتوگۆکەی نێوان خۆی و بارزانی دەگێڕێتەوە و دەڵێت: ((گوتیان کۆبوونەوەیەکی گەورە لە دەشت دەکرێ بە موناسەبەی جێژنی نەورۆزەوە. شیعرێکم بەناوی (کاوەی مەزن) نووسی کە لە دیوانەکەمدا چاپ کراوە. لە حەمامۆك بۆ بارزانیم خوێندەوە، بە تووڕەیی گوتی: رازی نیم بیخوێنیەوە. نابێ کەس تاریفی من بکا، بیدڕێنە. گوتم: باش گوێ بگرە! بیشی دڕێنم لەبەرم کردووە، نەشهێڵن بیخوێنمەوە، رۆژی جومعە دەچم لەسەر میکرۆفۆنی مزگەوتی گەورە بۆ خەڵکی دەڵێم. ئەو دەم دەتوانی دەرم کەی، دەتوانی بەر گوللەم دەی...زۆری گوت و هیچم نەگوت))[4]. واتە لێرەدا دەگەینە ئەو راستییەی کە بارزانی بە هیچ شێوەیەك حەزی بە پێداهەڵدان و ستایش لەلایەن هیچ شاعیرێکەوە نەکردووە و بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدا بووە کە زیاتر خزمەتی دۆزی نەتەوەکەی بکرێت، ئەمەش لە پێناو

(٢) فەهمی شوکری عەبدوڵلاَ، رەگەزی نوێی شیعری کوردی لای قەدری جان، نامەی ماجستێر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر ٢٠٠٢، ل ٥١-٥٢.

(٣) مەحموود زامدار. بارزانیی نەمر چریکەی چیا و سترانی شاعیران،١٠٠ ساڵەی یاد-١٠٠ شاعیر، ل ١١.

(٤) هەژار موکریانی، چێشتی مجێور، ئا: خانی شەڕەفکەندی، چاپی یەکەم، پاریس، ١٩٩٧، ل ٣٧٠.

بەرز راگرتنی ئەدەب و کولتووری کوردی و بەرزکردنەوەی ئینتیمای تاکەکان و توندوتۆڵکردنی هزری نەتەوەیی لەلای تاکەکانی کۆمەڵگە. بەڵام لە بەرامبەر ئەمەدا شاعیرانی کورد لەبەر گەورەیی ئەو سەرکردە مەزنە و کردەوەکانی، بەردەوام لەنێو هۆنراوەکانیاندا ئەویان بەرجەستە کردووە و راستی و گەورەیی ئەویان بە شێوەیەکی هونەری بۆ میللەت خستۆتەڕووو، لەم بارەیەوە کەریم شارەزا دەڵێت: ((زۆربەی ئەو شاعیرە نیشتمانپەروەرانەی کە هاوچەرخی بارزانیی نەمر بوون گرنگییەکی زۆریان پێداوە و گەلێك هۆنراوەی پتەویان لەبارەیەوە داناوە و هەریەکەیان کردوویەتی بە رەمز و نموونەی تایبەتی))[٥]. لەگەڵ ئەمەشدا لەسەرەتاوە شاعیران جگە لەوەی راستییەکانی ژیان و تێکۆشانی بارزانییان خستۆتەڕوو هیچ مەبەستێکی دیکەیان نەبووە، هەروەك لەم بارەیەوە (د. عەبدوڵلاّ ئاگرین) دەڵێت: ((ئەو شاعیرانەی بارزانییان لە شیعرەکانیاندا نەخشاندووە، هیچ بەرژەوەندییەکی تایبەتییان نەبوو جگە لەو عەشقە پیرۆزەیان بۆ بارزانی مستەفا کە خەباتگێڕێکی کۆڵنەدەر و گیانفیدای رزگاری نەتەوە و خاکەکەی بووە))[٦]. بۆیە دەبینین هەژار جەخت لەسەر ستایش و پیاهەڵدانەکانی خۆی بۆ بارزانی دووپات دەکاتەوە و سوورە لەسەر دەرخستنی گەورەیی بارزانی. بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ بارزانی حەزی لە شیعر نەکردووە، بەپێچەوانەوە بارزانی نەك هەر حەزی لە شیعر کردووە و رێزی تایبەتی لە شاعیران ناوە، بەڵکو لە رۆژی خەمناکدا خۆی پەنای بۆ شیعر بردووە و خەمەکانی خۆی پێ رەواندۆتەوە، بۆ نموونە کاتێك بارزانی لە یەکێتی سۆڤیەتی جاران بوو، سەرەڕای دووری لە وڵات و کەسوکاری، دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتە لە هەڤاڵەکانی جیا دەکەنەوە، بەمەش خەمێکی گەورە و چڕ ئاوێتەی دڵی بارزانی دەبێ، ئیدی لەنێو گێژاوی غوربەت و تەنیاییدا هانای بۆ دونیای شیعر بردووە، بۆیە ((لە یادداشتنامەکەی خۆیدا رۆژی ١٩٤٩/١١/٤ ئەم دوو دێرە شیعرە فارسییەی نووسیوە:

**اگر در خواب میدیدم غـــم روزی جـدائیرا**
**بدل هرگز نمی کردم خیـــال اشنـــائیرا ))**[٧]

(٥) کەریم شارەزا، بارزانی وەك رەمزێکی دیاری نەتەوەییمان لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا، ل ٢٥.

(٦) د. عەبدوڵلاّ ئاگرین، رەنگدانەوەی کەسایەتی بارزانی مستەفا لە شیعری چەند شاعیرێکی نەتەوەیی کورددا، ل ٤٧٢.

(٧) مسعود البارزاني، البارزاني والحركة التحررية الكردية، ثورة بارزان ١٩٤٥- ١٩٥٨، ص ١٠٧.



واتای ئەم شیعرە بەم شێوەیە: ئەگەر بەخەونیش خەمی رۆژی جیابوونەوەم بینی بوایە، ئەوا هەرگیز بە خەیاڵیش بیرم لە ناسین نەدەکردەوە. ئیدی هەر لە واتای ئەم شیعرە بۆمان دەردەکەوێت، کە بارزانی چەند لە دونیای شیعرەوە نزیك بووە.

بارزانی هەمیشە پاڵپشتییەکانی خۆی بۆ شاعیران و نووسەران دوپات کردۆتەوە و بە هەموو شێوەیەك یارمەتی داون، تەنانەت لەو رۆژانەی کە رەوشی شۆڕشی کورد بە بارێکی سەختی ماددییدا تێپەڕیووە، ئەو شاعیرانی لەیاد نەکردووە و هاوکاریی چاککردنی رەوشی ژیانی کردوون، لە ژیان و حاڵی پرسیون و پاڵپشتی گەورەی لێ کردوون، دیارە ئەم پاڵپشتیکردنە لە دیدی بارزانی بێ مەبەست و ئامانج نەبووە، چونکە پاڵپشتیکردنی شاعیران و نووسەران پاڵپشتیکردنە لە پێشخستنی ئەدەب و ناسنامە و کولتووری کوردیی، لەم بارەیەوە هەژار موکریانی دەڵێت: (( رۆژێك بارزانی فەرمووی: هەژار بەینی خۆمان بێ، هیچ پوڵمان نەماوە، هەرچی هەیە ناگاتە سەد دینار، بەڵام خودا رێکی دەخا...پاش نوێژی ئەو رۆژە یەکێك لەلای زاخۆوە هاتبوو. بارزانی حاڵی (ئەحمەد ناڵبەند)ی شاعیری پرسی، گوتی حاڵی باش نییە، سی دیناری بۆنارد، فەرمووی: بەئەسعەد خەبەر دەدەم ئاگاداری بکا. بارزانیەك هاتەلای، لێی پرسی: حاڵت چۆنە؟

-ئەز غولام ئەم بێ سەروبەرین.

پێنج دیناری دایە. گوتم: لەسەر ئەو حاڵە را ئەم حاتەمییەم کەیف نایگری.

فەرمووی مەلا ناڵبەند شاعیرێکی کوردە، ئەمەش ئەگەر هیچی شك بردایە نەیدەگوت بێ سەروبەرم. خودا تۆڵە دەکاتەوە مەترسە.))[٨].

لەم نموونەی سەرەوەدا جگە لەوەی پەیوەندی نێوان بارزانی و شاعیر بە روونی خراوەتەڕوو، کە بووەتە شورایەك بۆ ژیانی شاعیر لە تەنگانەکانی ژیاندا، هاوکات بایەخی شاعیران لەلای بارزانی بە جوانی دەردەکەوێت.

جگە لەمە شاعیران لە هەر کارەسات و رووداوێکدا کە بەسەریان هاتبێ و دۆش دامابن، ئەوا لەگەڵ ئەو یارمەتیدان و پاڵپشتییە پڕ ویستانەی بارزانیی، ئەو خەم و وێرانەییەی کە لە هزر و دەروونیاندا هەبووە، نەماوە. چونکە بارزانی بایەخێکی گەورەی بە شاعیرانی هەڵکەوتووی نەتەوەکەی داوە. بۆ نموونە کاتێك (قانیع)ی شاعیر لە مەریوانەوە بۆ تاران

(٨) هەژار موکریانی، چێشتی مجێور، ل ٤٣٢-٤٣٣.

دەچێ، دەسەڵاتی ئێران لەسەر شیعرێك دەیخەنە زیندانەوە، دوای مانەوەی ماوەیەك لە گرتووخانە، پاشان دەیبەنە سەر سنوور و بەرەو کوردستانی ئازادی ژێر دەسەڵاتی بارزانی دەنێرنەوە، (قانیع )ی شاعیر بەم حاڵەوە دەچێتە لای بارزانی، بارزانیش بە شێوازێکی جوان کە شاعیر هەستی پێنەکات دووسەد دینار وەك خەڵات دەداتە قانیع. بۆیە قانیع دەپرسێت: ((ئەم پارەیە بدەم بە کێ؟))[٩]. بارزانی پێی دەڵێت: ((بە کەس، هەر بۆ خۆت.))[١٠]. قانیع بە سەرسامییەوە دەڵێت: ((دینم نەبێ ئەگەر بڕوا بکەم! ئاخر لە هەموو ژیانم دا هەرگیز پێکەوە چوار دینارم لە گیرفانم دا نەبینیوە!))[١١]. لەم نموونەیەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە شاعیرێکی وەکو قانیع کاتێك لەسەر شیعرێکدا گیراوە و بارزانی هاوکارییەکی باشی پێشکەش کردووە، ئەم هاوکارییەی بارزانی مانای هاندانی شاعیر بۆ بەردەوام بوون لەسەر کاری ئەفراندن و شیعر دەگەیەنێت. ئیدی ئەم پاڵپشتییانەی بارزانی نەك تەنیا لە رووی ماددی و مەعنەوییەوە بووبێ، بەڵکو بووە بە هاندەر و رێگا نیشاندەرێك بۆئەوەی خاوەن هزر و قەڵەم بەدەستەکانمان بتوانن بەپێی ویستی خۆیان درێژە بە خەباتی نەبڕاوەی قەڵەمی خۆیان بدەن و، بتوانن لە کەناڵەکانی مەعریفەوە ئەزموون پەیدا بکەن. بۆ نموونە کەسێکی وەکو سەید عوبەیدوڵڵای ئەیوبی کە زۆر حەز بە تەواوکردنی خوێندن لە دەرەوە دەکات، بەو مەبەستە دەچێتە لای بارزانی و داوای لێدەکات و دەڵێت: ((دەمەوێ بچم لە فەڕەنسا بخوێنم))[١٢]. سەرەتا بارزانی بۆ مەکتەبی سیاسی دەنێرێ کە هەرچییەکی دەوێ بۆی بکرێ، لە پاشاندا بارزانی خۆی نامە بۆ د. کامەران بەدرخان دەنووسێ و بۆ فەڕەنسای دەنێرێ[١٣]. لەم نموونەیەدا جگە لەوەی پەیوەندی نێوان بارزانی و د. کامەران بەدرخانی شاعیرمان بە روونی بۆ دەردەکەوێ کە خۆی لە پەیوەندییەکی بەهێزدا دەبینێتەوە، هاوکات ئەم پەیوەندییەش بەلای بارزانی بێ ئامانج نەبووە، بەڵکو رێگایەك بووە تاوەکو لاوانی ئەم کوردستانە هزریان بە بیری نوێ تێرئاو بکرێ. بۆ ئەوەی رەهەندەکانی کۆمەڵگا بەرووی کرانەوەی زانست و داهێنان خۆی بکاتەوە.

(٩) سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٥٥.

(١٠) هەمان سەرچاوە، هەمان لاپەڕە.

(١١) هەمان سەرچاوە، هەمان لاپەڕە.

(١٢) هەمان سەرچاوە، ل ٥٣٥

(١٣) هەمان سەرچاوە، هەمان لاپەڕە.



وەك لە پێشەوە ئاماژەمان بە پاڵپشتییەکانی بارزانی بۆ شاعیر و نووسەران کرد، بەڵام دەبێ ئەوەش لە یاد نەکەین کە بارزانی لەبەر ئەوەی خۆی راستگۆ بووە، بۆیە زیاتر ئەو شاعیرانەی خۆشویستووە کە لەگەڵ خودی خۆیان و کۆمەڵگاکەشیان راستگۆ بوونە، چونکە شاعیرانی راستگۆ بە توانایەکی پتەوتر لە خزمەتی تاکەکانی کۆمەڵگەدا کاریان کردووە، بە هەموو شێوەیەك بە دید و هزری رۆشن و نوێگەرییان خزمەتیان بە بواری شیعر و ئەدەبیات گەیاندووە، ((بارزانی نەمر، زۆر زۆر شاعیرانی بێ فیز و بێ دەهۆ و سەر راستی خۆشویستوە...بەڵگەنامەکانیش هەمان راستی دووبارە دەکەنەوە))[١٤]. چونکە شاعیرانی راستگۆ بیر لەوە ناکەنەوە کە قەڵەمەکانیان بفرۆشن و لە دژی میللەتەکەیاندا بەکاری بهێنن، بەڵکو هەمیشە لەبەرەی دژ بە داگیرکار و ستەمکاران درێژەیان بە خەباتی رۆشنبیرییان داوە. هەروەك لە بیرەوەری (١٠) ساڵە و ساڵڕۆژی (فایەق بێکەس)ی شاعیردا بارزانی دەنووسێت: ((.. هەرچەندە کوردستان تا ئیمرو زور شاعیری نیشتمان پەروەری لی هەلکەوتووە بەڵام بێکەس لەناویاندا جیگەیەکی تایبەتی دیاری هەبوو. بێکەس لە کوردایەتی دا راست و نەبەز بوو، ئازار و داری ئیستعمار و نوکەرانی بەندیخانە و مەنفا دورەکانیان قەت نەیتوانی ئەوەندەی توزیك کار بکاتە سەر گیانی جوامێرانەی بەلکو زیاتریان هان دا بو خەبات لەپیناوی میللەت و نیشتمانی خوی دا))[١٥]. دیارە ئەو راستگۆیی و بوێرییەی شاعیر بووە بە هۆکارێك کە جیای بکاتەوە لە کەسانی تر و، شوێنێکی گەورە و شایستە بە فایەق بێکەس بدات.

بارزانی ئەگەر بەهۆی سەرقاڵییەوە نەیتوانی بێت بە ئامادەبوون بەشداری لە رێوڕەسمی یادەوەری شاعیراندا بکات، ئەوا بەناردنی نامە بەشداری کردووە، هەروەك ئەو نامەیەی کە بۆ میهرەجانی یادی (فایەق بێکەس)ی شاعیری ناردووە و پێناخۆشی خۆی بە ئامادە نەبوونی دەربڕیووە، کە ئەمەش ((دڵەمزنی و هزر و رێزلێنانی (بارزانی نەمرە) بۆ شاعیر و نووسەرانی کوردستان))[١٦]. هەروەك لە دەقی نامەکەدا هاتووە: ((بەبۆنەی بووژانەوەی بیرەوەری دە ساڵەی شاعیری نەمری کورد فائق بێکەس زورم پی ناخۆش بوو، کە نەم توانی بەشداربم لەو میهرەجانەی لاوانی دیموکراتی کوردستان ئەیگیرن بەبۆنەی بیرەوەری شاعیری گەورەی کورد و کوردستان، فائق

(١٤) مەحموود زامدار، بارزانیی نەمر چریکەی چیا و سترانی شاعیران، ل ١٣.

(١٥) مستەفا بارزانی، (وتار)، ر: ژین، ژ: (١٤٢٢)، پێنج شەممە ١٩٥٨/١٢/١٨، ل ١.

(١٦) مەحموود زامدار. بارزانیی نەمر چریکەی چیا و سترانی شاعیران، ل ١٣.

بێکەسی نەمر. بەراستی بێکەس، شاعیریك بوو هەموو کوردیکی دلسوز فەخری پێوە ئەکات چونکە بولبولی گولزاری کوردستان بوو، هەمیشە بەپەروش بوو بۆ خەلکە هەژارە مەزلومەکەی، نەشیدی رزگاری و سەربەستی بۆ دەخویندن...تکام وایە قەت بێکەس و رەفتارەکانیتان بیر نەچیت، وە دایم وەك ئەو بەجوش بن، بو میللەت و نیشتمان...هەروەك هیوادارم زور شاعیری وەك بێکەس تان لی هەلکەویت کە بو کورد و کوردستان دڵسوز و تێکوشەر بیت، تا جیگای بێکەس چول نەبی...! لە دواییدا دڵنیام کە لاوانی دیموکراتی کوردستان یەکیتییەتی خویان بەهیزتر ئەکەن وە شان بەشانی برا عیراقیەکانی تریان دریژە دەدەن بە خەباتی خویان بو چەسپاندنی جمهوریەتی دیموکراتی عیراقمان، و هینانەدی هیوا و ئاواتەکانی میللەت، هەروەها بێگومان بێکەس لە دلی هەموو لایکماندا وە لە دلی گەورەی کوردستاندا هەر زیندوو ئەبیت.))[١٧].

بارزانی لە دووتوێی ئەم دەقە نامەیەدا، کە بۆ میهرەجانی یادکردنەوەی (فایەق بێکەس)دا نووسیویەتی، دەیەوێت جەخت لەسەر ئەزموون و بوێری و راستگۆیی بێکەسی شاعیر بکاتەوە، لە پاڵ ئەم جەخت کردنەوەیەدا داوا لە لاوان و تاکەکانی تری کۆمەڵگا دەکات، کە هاوچەشنی (بێکەس)ی شاعیر خزمەت بە گەلەکەیان بکەن و بوێرانە کار بۆ هێنانەدی ئاسۆی دیموکراسییەت و کۆمەڵگەی مەدەنی و یەکسانی لە ماف و ئەرکدا بکەن، بۆیە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە هەر کەسێ ئەگەر دەیەوێت مێژوو ناوی نەسڕێتەوە و کۆمەڵگا لە یادی نەکات، پێویستە هاووێنەی بێکەس خەبات بکات لە پێناو دابینکردنی ژیانێکی ئاسودە و سەربەست و رۆشنگەری بۆ نەوەکانی ئایندە.

بارزانی کە لە یەکێتی سۆڤیەت بوو لە ماوەی ساڵانی (١٩٤٧-١٩٥٨) پەیوەندی هەر لەگەڵ سەرۆك و دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتە نەبەستووە، بەڵکو ئاشنایەتی لەگەڵ ئەدیب و شاعیری کوردی ئەرمەنستان و کوردستانی باکوور پەیدا کردووە، بەتایبەتی پەیوەندی لەگەڵ قەناتی کوردۆ و قەدری جان بونیادناوە، هەروەك (د. مارف خەزنەدار) دەڵێت: ((ئەو سێ کوردە گەلێ بیرەوەرییان لەگەڵ یەکتریدا هەیە))[١٨]. هەبوونی گەلێ بیرەوەری، مانای بەهێزی ئەو پەیوەندییە دەگەیەنێت.

---

(١٧) مستەفا بارزانی، (وتار)، ل ١-٢.

(١٨) مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی حەوتەم B، ل ١٩٣-١٩٤.

وەنەبێ هەر بارزانی شاعیرانی بەسەرکردبێتەوە و نامەی ئاڕاستە کردبن، بەڵکو شاعیرانیش لە ڕێگای نامەوە، پەیوەندییان بە بارزانییەوە کردووە و خۆشەویستی خۆیان پێگەیاندووە، هەروەك ئەو نامەیەی کە (قەدری جان)ی شاعیر بۆ بارزانی لە شام لە ١٤/١٠/١٩٥٨ ناردوویەتی تێیدا هاتووە: ((سرداری گورە و مزن، بەری هەر تشتی دەستی وە ماچ دکم. هون بخیر و بسلامت، هاتن .. سرسران و سرچاڤان .. أم لە شام چاڤنیری تشریفا وە بون. نزانم چما هون ژ شامی درباس نەبون! گەلەك برائن کرد دخوستن سرداری خوە ببینن و حسرتا سالان تسکین بکن. هاتنا وە معنویاتا ملتی مە لە هرجی زیدەتر کر .. کرد حمو، لە هرجی، مذهب و مشربی وان، مفکورە د مبدئی وان چە د بە برا ببە، مزناتیا وە بافتخار قبول دکن .. بی گومان، جمهوریتا عراقا خوشەویست ژی بوجودی وە خورت تر و قوی تر دبە .. بنگهی براتیا کرد و عرب باشتر تیتە دانین .. أز باوەر دکم کو نەتنی کرد، عرب و فارس و تورکین أزا ژی بهاتنا وە مینا مە دلخوەش و دلگش بونە .. هروکی هون چیتر و چاکتر تقدیر دکن خباتا ملتی مە باریکاری و تعاونا احرار، أزائن ڤان ملتان پیك تی. لڤر خالد بگداش گلك باوری و کیفا وی ژ وە رە هاتیە و د بیژە، حمو کرد، لازمن لدوورا زعیمی یکتا برزانی بجڤن و لگوری سیاستا وی ا سلیم خبات بکن .. گلك سلاڤو احترامی وی ژ وە رە هەیە. هڤالی مە گش احترامن خوە پیشکش دکن .. اگر بدست من کڤە و فرصتا اول دە أزی بیم زیارتا وە. دیسا دەستی وە ماچ دکم. چاڤی کاکە اسعەد رادمیسم و زور احترامی خوە ژ کاکە میرحاج رە پیشکیش دکم..چاڤی کاکە سادق و عبداللە ماچ دکم))[١٩].

دیارە ئەم نامەیە ئاماژە بە پەیوەندی بەهێزی نێوان بارزانی و قەدری جان دەدات، بەڵام شاعیر هەر بە ناردنی نامە ناوەستێ، بەڵکو دواتر لە کوردستان سەردانی دەکات، هەروەك (د. مارف خەزنەدار) نووسیویەتی: ((لەدوای ساڵێك پاش گەڕانەوەی بارزانی بۆ نیشتمان قەدری جان روو دەکاتە بەغدا بۆ پێشکێش کردنی پیرۆزبایی بەهۆی گەڕانەوەی بارزانییان بۆ وڵات و دەبێتە میوانی مەلا مستەفا))[٢٠].

(١٩) مسعود البارزاني، البارزاني والحركة التحررية الكردية، الكرد و ثورة ١٤ تموز ١٩٥٨ — ١١ ايلول ١٩٦١، كردستان، ١٩٩٠، ص ١٦٤-١٦٥.

(٢٠) مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی حەوتەم B، ل ١٩٤.



بارزانی جگە لەوەی هاوکاری ژیانی شاعیرانی کردووە، هاوکات بایەخی بە نووسراوەکانی داون و دەستنووسی شیعرەکانی بۆ چاپ کردوون، لەم بارەیەوە (هەژار موکریانی) دەڵێت : ((ئەگەر کەسانێك وابزانن کە من بۆرە خزمەتێکم بە زمانی کوردی کردووە، با مەمنونی بارزانی بن، چونکە ئەگەر ئەو نەبوایە کەس پەڕێکی چاپکراوی لە نووسراوی من نەدەدی))[٢١].

بارزانی پەیوەندییەکی تۆکمەی لەگەڵ (هێدی)ی شاعیر هەبووە، لە کاتێکدا کە شاعیر پەیوەندی بە شۆڕشی ئەیلولەوە دەکات، ئەوا پەیوەندییەکە بەهێزتر دەبێ و زیاتر لەیەکتر نزیك دەبنەوە، بۆیە دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلول، بارزانی خۆی دڵنیایی ژیانی هێدی شاعیر لەلای شای ئێران بۆ وەردەگرێت، هەروەك شاعیر دەڵێت: ((ئەو ناسیاوییە لەگەڵ (بارزانی نەمر) کاتێك لە (١٩٦٣) دا هاتمە ناو شۆڕش بۆ ئەم دیو، بوو بە نێزیکی و دۆستایەتی و باوەڕێکی زیاتر و هەتا تێکچوونی شۆڕش لە ریزی پێشمەرگە دابووم، کە شۆڕش تێکچوو (بارزانی) منیشی لەگەڵ خۆی بردەوە ئەو دیو و تەئمینی گیان وماڵی کردم لەلای حکوومەت کە ئەو کاتە شا لەسەر کار بوو.. ))[٢٢].

بارزانی رۆڵی شاعیرانی بەرز نرخاندووە و بۆ شاعیران پشت و پەنایەکی بەهێزبووە و ڕێزی گرتوون و وەك برایەك هەڵسوکەوتی لەگەڵ کردوون، لەم بارەیەوە هەژار موکریانی دەڵێت: ((بارزانی نەك تەنیا بۆ من بۆ هەموو نووسەران چاك* بوو. بۆ بێکەس وەختی خۆی کەس بوو. بۆ قانیع و مام هێمن و جگەرخوون و گشت** نووسەر و شاعیرانی بێ بەش و ناکام برا بوو))[٢٣]. لێرەدا دەردەکەوێ کە هەژار موکریانی لە هەستێکی قووڵ و لە دیدێکی کراوەدا کەسێتی بارزانی خوێندۆتەوە و راڤەی بۆ ژیان و هەستی ئەوی کردووە، هەر بۆیە جەخت

(٢١) هەژار، بۆ کوردستان، دەزگای چاپ و بلاۆکردنەوەی ئاراس، چاپی چوارەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠١، ل ١٢.

(٢٢) ئازاد عەبدولواحید، گفتوگۆ، دەزگای رۆشنبیری و راگەیاندنی گولاڵ، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٩، ل١٠٠.

(*) لە سەرچاوەکەدا (چا) نووسراوە، ئەمەش هەڵەیە و راستییەکەی (چاك)ە.

(**) لە سەرچاوەکەدا (گش) نووسراوە، ئەمەش هەڵەیە و راستییەکەی (گشت)ە.

(٢٣) هەژار، بۆ کوردستان، ل ١٢.

لەسەر بێهاوتایی و بێوێنەیی بارزانی دەکاتەوە کە بۆ هەموو گەل وەك رۆشناییەك توانیویەتی رێگاکانی تاریکیی کۆمەڵگە رۆشن بکاتەوە و، کۆمەڵگە لە هزری چەقبەستوودا رزگار بکات، هیچ کاتێ جیاوازی لەنێوان شاعیرانی پارچەکانی کوردستاندا نەکردووە و بەبێ جیاوازی هاوکاری شاعیرانی کردوون، لەم بارەیەوە (د. پاکیزە رەفیق حیلمی) لە یادداشتەکانی خۆیدا دەربارەی بەجێهێشتنی ولاتی سووریا لەلایەن جگەرخوێن و هاتنی بۆ بەغدا ئاماژە بەوە دەکات ((جگەرخوێن کە کوردی سووریابوو، بە هاوسەر و هەشت منداڵەکەیەوە لەرێگای بارزانی هاتنە عێراق ))[٢٤]. هەروەها نەوەی جگەرخوین بەهەمان شێوە جەختیان لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە ((بە رێنمایی سەرۆك بارزانیی نەمر جگەرخوێن وانەی کرمانجی لە کۆلێژی ئاداب و زمان لە زانکۆی بەغدا دەوتەوە)) [٢٥]. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە پەیوەندی نێوان بارزانی و جگەرخوێن پەیوەندییەکی بەهێزبووە.

پەیوەندی بارزانی بە شاعیر و نووسەرانەوە لەسەر بنەمای کوردایەتییەکی پاك بووە. پرۆفیسۆر پاکیزە رەفیق حیلمی سەبارەت بە پەیوەندی خۆی لەگەڵ بارزانی دەڵێت: ((پەیوەندی من بە بارزانییەوە هەر لەو رۆژەوەی هاتەوە تاسەربوو، هەرچەندە نەم توانی ببم بە ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان، بەلاّم مەلا مستەفا وەك یەکێك لە کەسە نزیکەکانی خۆی سەیری ئەکردم و رێزی لێ ئەگرتم، وە هەرچیم بکردبایە لە بەشی کوردیدا پێم ئەوت))[٢٦].

تەنانەت بارزانی بەبێ لەبەر چاوگرتنی ئینتیمای حیزبی مامەڵەی لەگەڵ شاعیر و نووسەراندا کردووە، واتە ئەگەر ئەم تاکە ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان بووبێ یاخود نا، ئەوا بە پێی تواناکانی خۆی هەوڵی سەرکەوتنی بۆ داوە و پاڵپشتی نووسەر و شاعیرانی کردووە، ئەمەش ئەوەمان بۆ روون دەکاتەوە کە بارزانی رێزی بۆ ئایدیۆلۆژیاکانی تر داناوە و بڕوای بە فرە رەنگی لە بیرکردنەوەدا هەبووە و شاعیرانی ئازاد کردووە لە دەربڕینی را و هزری تایبەتی خۆیاندا.

(٢٤) د. پاکیزە رەفیق حیلمی، کورد و ژیانێکی پڕ ئەندێشە، یادداشت، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٠، ل ٢٣٥.

(٢٥) دڵزار لەشکری، نەوەی جگەرخوێنی شاعیر لە هەولێرە، (دیمانە)، گ: هەرێمی کوردستان، ژ: ٤٤٦، ٢٢ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٨، لە ١٣.

(٢٦) د. پاکیزە رەفیق حیلمی، کورد و ژیانێکی پڕ ئەندێشە، ل ٢٣٦.



بە مەبەستی پێشخستنی فەرهەنگ و زمان و ئەدەبی کوردی و کۆکردنەوەی نووسەر و شاعیر و زانستمەند و رۆشنبیرانی کورد، بارزانی هەوڵی دامەزراندنی کۆڕی زانیاری کوردی داوە، لەم بارەیەوە (د.پاکیزە رەفیق حیلمی) نووسیویەتی: (( لە بەشی کوردی لە ژوورەکەی خۆم دانیشتبووم. فەڕاشەکە هات وتی دوکتۆرە سێ پیاوی کورد هاتوون بە میوانت ئەیانەوێ بت بینن وتم: بانگیان بکە با بیانبینم: کە هاتنەژوورەوە کاغەزێکی مەلا مستەفایان پێ بوو من نەم ئەناسین یەکێکیان نەبێ کە سەعید ناکامی شاعیر بوو وتی: مەلا مستەفا سەلامت لێ ئەکا و ئێمەی ناردووە بۆ هەوڵ دان لەگەڵتا پەیوەندی بکەی بە رۆشنبیرانی کوردەوە بۆ دامەزراندنی کۆڕی زانیاری کورد. منیش داواکەی مەلا مستەفام زۆر پێ خۆش بوو و دوانەکەی تریشم ناسی کە (هەژار)ی شاعری بەناوبانگ بوو و (فەرەیدون عەلی) ... بوون))[٢٧].

بارزانی هەمیشە هانی رووناکبیران و شاعیرانی داوە، کە بتوانن خزمەت بە دۆزی رەوای کورد بکەن، ئینجا لە هەر بوارێکدا بێ، ئەوەتا ویستوویەتی بونیادێکی پتەو بۆ کۆڕی زانیاری کورد دابمەزرێنێ، بۆئەوەی تیایدا بتوانرێ باکگراوندێك و بنەمایەکی پتەو بۆ سەرجەم کەناڵە مەعریفییەکان دابمەزرێنێ و سەرجەم شاعیران و نووسەران تیایدا بتوانن بە یەك دەنگ و بە یەك رەنگ خزمەت بە بزاڤی رۆشنبیری کوردی بگەیەنن، بۆئەوەی ئاستی رۆشنبیری و فەرهەنگی بەرز بکرێتەوە. هاوکات ناردنی (سەعید ناکام)ی ئەدیب وەك نوێنەری بارزانی بۆ ئەنجامدانی ئەم ئەرکە، ئەمە خۆی لە خۆیدا ئاماژەیە بۆ بایەخ پێدانی بارزانی بە ئەدیب و نووسەران.

سەرەڕای هەموو ئەمانە لە رۆژانی ناڵەباری ئەو بارودۆخەی داگیرکاران بەسەر کوردستانیاندا هێناوە، بارزانی لە هەندێ کاتدا کە پەنای بۆ ئاگربەست و راگرتنی شەڕ بردووە، دیارە رەوشی خەڵکی کوردستانی لەبەرچاوگرتووە و لێکدانەوەی وردی بۆ کردووە، بەلاّم مەرج نییە تەنانەت کەسانی نزیکی خۆشی درکیان بەم لێکدانەوە وردانەی کردبێت، ئەمە سەرەڕای لێکدانەوەی خراپ بۆ ئەم رەوشە لەلایەن کەسانی تێکدەر لەناو کوردستان، تەنانەت لەناو خودی پارتی دیموکراتی کوردستانیش. بەلاّم کاتێك (هەژار) رەخنەی توندی لە بارزانی گرتووە و پاشان بەجێی هێشتووە، ئەوا بارزانی دڵی شاعیرێکی وەکو (هەژار)ی

(٢٧) سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥٠ .

راگرتووە، لەم بارەیەوە هەژار نووسیویەتی: (( حیزب بلاوی کردبۆوە کە بارزانی کوردستانی بەچەند سندوق پورتەقال و چەند کراسێکی دیاریی عەبدورەزاقی وتویژکەر فرۆشت. وای لێ هاتبو ئەگەر پارەمان دەدا بە دوکاندارێك دەیگوت بۆنی پورتەقالی لێ دێ... بەڕاستی منیش ئیمزای ئەو ئاگربەسەم زۆر لا گران بو. رۆژێك لە سەنگەسەر دەگەڵ مەلا مستەفا لێمان بو بە کێشە، گوڕرە وای لێ هات کە حەرەسی بارزانی هاتە ژور، وەیزانی شەڕی بەڕاستە. بارزانی بە حەرەسەکەی گوت بچۆ دەر. گوتم: کاکە، تۆ زۆر ساڵت زەحمەت کێشاوە، بە پاڵەوانی رێگەی ئازادی کورد ناسراوی، پیر بوی، زۆر حەیفت کرد ئەو ئیمزایەت کرد. ئەگەر بتگوتایە بیست ملیۆن دینارم حەقی ئیمزا کردن دەوێ، دەیان دایەی))[٢٨].

وەك لەم دەقەی سەرەوە دەردەکەوێت هەژار کەوتۆتە ژێر کاریگەری پڕوپاگەندەی تێکدەران و راستی بارودۆخی کوردستان ئاگادار نەبووە. بۆیە بە دڵشکاوی بارزانی بەجێ دێڵێت، هەروەك دەڵێت: ((دەرکەوتم. لە حیرسانیش دەگریام... سواری جێبێکی کرێ بووم و چومە ماڵی مام قادری باغەوان لە رانیە. سەعاتێك شەوی مابو، لە دەرگایان دا. گوتیان هەژار وەرە کارمان پێتە . دوو چەکداری بارزانی بوون. خواحافیزی یەکجاریم لە ماڵی مام قادر کرد و لێم روون بوو لەسەر ئەم بێ ئەدەبی یەی دوێنێ گوللە بارانم دەکەن. گەیشتینە پشت رانیە. چوار جیپ لە دوی یەك وێستا بوون، مەلا مستەفا وێستا بوو. گوتی: هەژار تۆ لەگەڵ جێپی مەلا برایم سوار بە. چوینە (سەروچاوە) بووینە میوانی خێوەتی (ئەحمەد شاباز). پاش نانی نیوەڕۆ گوتی: حەرەس بە جێپەکان بڕۆنەوە دۆڵە رەقە، ئەسپی من زین کەن و ئێسترە شینیش بۆ هەژار زین کەن، ئێمە بە سواری دێین. ))[٢٩].

بارزانی ویستوویەتی بەجوانی ئەم بابەتە بۆ هەژار روون بکاتەوە، بۆیە کاتێکی کراوەی بۆ تەرخان کردووە و بە سواری ئەسپ رێگە دەبڕن، هەروەك هەژار درێژە بە گێڕانەوەکەی دەدات و دەڵێت: ((لە رێگە تاوێکی چاك هیچ دەنگی نەکرد. لە پڕ بێدەنگی شکاند: -هەژار تۆ هەر خۆت بە کورد مەزانە، زۆر پیاوی وا ماون کە گیانیان بە قوربانی ئازادی کوردستان بکەن. من لە تۆ دڵسۆزترم، چۆن بەجێم دێڵی و دەڕۆی و دەڵێی ((هذا فراق بینی و بینك))؟ قەرارمان وانەبوو لەسەر زوێڵە چەرم بێ؟ لەبیرت چۆتەوە؟ ... هەژار تۆ نازانی وەختێ هاتمە

(٢٨) هەمان سەرچاوە، ل ٤٤٥-٤٤٦.

(٢٩) سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٤٥-٤٤٦.



سەنگەسەر، چەند کەسێکم نارد لە حاڵی خەڵك بپرسن. تەنیا لە ژاراوە یەك تەنەکە گەنم لە ماڵێکدا هەبوو، کەسی تر نانی دوو رۆژی شك نەدەبرد. بەر لەوەی شەڕ لە بارزان بوەستێ، مردوو لە مێرگەسور لە برسان مردووە، کەس لە برسان هێزی نەبو بینێژێ. من دەبو نان بۆ ئەو هەموو برسییانە پەیدا کەم. ئیمزام کرد و گەنم و پارەی زۆریشم ساند و لە ئازادی کوردستانیش واز ناهێنم، خەم مەخۆ))[٣٠].

لەم نموونەیەدا دوو راستیمان بۆ دەردەکەوێ: یەکەمیان ئەوەیە هەر داگیرکارانی کوردستان نەیانتوانیوە سوود لە ئاگر بەست وەربگرن، بەڵکو بارزانی بە بیری ورد و تیژی خۆیەوە توانیویەتی سوود لە ئاگربەست وەربگرێت و گەلەکەی لە برسێتی رزگار بکات، ئەو کاتەی کە شەڕ بارودۆخی کوردستانی تووشی نەهامەتییەکی گەورە کردووە. دووەم دڵنەوایی و پڕ میهری و هاوسۆزی و بێفیزی بارزانی وا دەکات کە وەك هەر تاکێکی کۆمەڵگا بەبێ لەبەر چاوگرتنی گەورەیی لە ئەرك و کاردا بێت لەگەڵ شاعیرێکی وەك هەژار لەسەر سوار ئەسپیدا گفتوگۆ بکات و دڵنەوایی هەژار بداتەوە و ئیرادەی تیادا بڕوێنێتەوە، ئەمەش دڵ گەورەیی بارزانی لە بەرانبەر شاعیرێکی وەکو هەژار نیشان دەدات، کاتێك کە شاعیر زویر دەبێ و بەجێی دێڵێ، ئەم سەرکردە مەزنە بەم شەوە درەنگە بەو هەموو پاسەوانەوە بەدوای شاعیردا گەڕاوە تاکو دۆزیویەتییەوە، ئەمە نموونەی بایەخدانە بە شاعیران و لەبەرچاوگرتنی هەستی ناسکی شاعیر، دەکرێ لێرەوە بپرسین ئایا چ سەرکردەیەکی کورد تاکو ئێستا کاری وای بەرامبەر بە شاعیران کردووە؟ هەر بۆیە ئەم هەڵوێستە نەمرانەی بارزانی وا دەکات کە شاعیران ناوی بارزانی بە مرۆڤێکی گەورە ببەن.

لێرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە پەیوەندی و هاوکاری کردنەکانی بارزانی بۆ شاعیر و نووسەرانی کوردستان بێسنوور و بێ مەرج بووە، واتە بارزانی یارمەتی سەرجەم نووسەران و شاعیرانی هەر چوار پارچەی کوردستانی داوە، بەبێ لەبەرچاوگرتنی شاعیری نێو هەر پارچەیەکی کوردستان، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە شاعیرانی سەرجەم پارچەکانی کوردستانی (باکوور، باشوور، رۆژهەڵات، رۆژئاوا)، بەبێ جیاوازی لەلایەن بارزانییەوە بایەخیان پێدراوە، لەپێناو پێشخستنی شیعر و ئەدەبی کوردیدا، هاوکات پتەوکردنی بنەماکانی دامەزراندنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی لە هەر پارچەیەکی کوردستاندا لە هزریدا هەبووە.

(٣٠) هەمان سەرچاوە، هەمان لاپەڕە.

## باسی دووەم
## شۆڕشگێڕییەتی بارزانی لە دیدی شیعرییەوە

بارزانی مستەفا هەر تەنیا ژەنەراڵێکی گەورەی کۆماری کوردستان، سەرۆکی گەورەترین پارتی کوردیی، سەرکردەیەکی شۆڕشگێڕ و سیاسی و دیپلۆماسی، کەسایەتییەکی ئەفسانەیی، خودان چەندین داستانی قارەمانی، رابەری چەندین شۆڕش و دواتر درێژترین شۆڕشی کورد لە سەدەی بیستەمدا نەبوو، کە ماوەیەك دەسەلاتی شۆڕشگێڕی بەدەستەوەبێت، بەڵکو سیحری سەرکەوتنی بارزانی لەوەدا بوو کە توانی پێگەیەکی بەرفراوان لەناو دڵ و دەروونی گشت چین و توێژەکانی گەلی کورد لە سەرجەم پارچەکانی کوردستان بۆخۆی بنەخشێنێ، تەنانەت لەلای ئەوانەش کە نەیاری بوون. هەموو ئەمانەش ئەوە دەگەیەنی کە ((بارزانی نە تەنیا سەرکردەیەکی سیاسیی هەڵکەوتوو بوو، شارەزایەکی لێهاتووی کاروباری نیزامیش (عەسکەری) بوو، نەخشە و تاکتیکەکانی لە شۆڕشەکانی بارزان، لە کۆماری کوردستان، لە رێپێوانە مێژووییەکەی بۆ سۆڤیەت و لە شۆڕشی ئەیلولدا گەواهیدەدەن بۆ زانایی و شارەزایی ئەو لە بنەماکانی شەڕ و فەرماندەیی دا، بێجگە لە دانپیانانەکانی دوژمنانی کوردیش بەو توانا و لێهاتووییە. بارزانی شارەزاییەکی قووڵی لە قانونی یارییە سیاسییەکانی جیهانی دوو جەمسەری هەبوو. ئەو دیپلۆماتێکی لێهاتوو بوو. بۆ کێشەی کورد رووی لە هەر دەرگایەك دەکرد و دیپلۆماسی هاوسەنگی پۆزەتیفی بەکار دێنا. بەو مانایەی کە دەیویست بزووتنەوەی کورد لە زیاترین پشتیوانی نێودەوڵەتی بەهرەمەند بکا، بەبێ لەبەرچاوگرتنی نێوەرۆکی سیاسی-چینایەتی دەوڵەتەکان))[٣١]. بۆیە ناکرێ باس لە قۆناغی شۆڕشی نوێی کورد لە سەدەی بیستەم بەبێ بارزانی بکرێ. بە دڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین مێژووی نوێی کوردیی هەرگیز بە سەرکردەیەکی وا سەرقاڵ نەبوو، کە لە ناخی جەماوەرەوە هەڵقوڵاو بێ و سەرنجی ئەوانی بۆ لای خۆی راکێشابێ و لە نێو سۆز و ویژدانیاندا هەڵیانگرتبێ، دواجار

(٣١) حوسێن یەزدان پەنا، بارزانی پێشەوای مەزنی ئازادی، بارزانی لە ویژدانی رۆژهەلاتی کوردستاندا، ئا: حەسەنی دانیشفەڕ بەرگی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٣، ل ٢٨.



خۆشەویستییان بۆی رادەی پێوانەیی بەزاندبێ، ئەم نموونە بەرزەش کە بارزانی لە هەموو رووێکەوە لەخۆی کۆکردبوونەوە، وەنەبێ تەنیا گەلی کوردی بە دەوری خۆیەوە کۆکردبێتەوە، بەڵکو ناوی بارزانی مستەفا لەسەر ئاستی جیهانیش ناسراوبوو، سەرکردە و سیاسەتوان و دیپلۆماتکارێکی زۆری بەخۆیەوە سەرقاڵ کردبوو، چونکە بارزانی ((توانی کێشەی نەتەوایەتی کورد بگوێزێتەوە بۆ بەرزترین مینبەری نێونەتەوەیی جیهان..هەر لە سەردەمی ئەویشدا بوو کە کێشەی کورد بۆ جاری یەکەم خرایە ئەنجوومەنی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە))[٣٢].

دیارە بارزانی مستەفا خوێندنەوەی تایبەتی خۆی بۆ کورد و کێشە رەواکەی و خەباتی نەتەوەیی لەسەر بنەمای دیموکراسی هەبوو، هەمیشە جەختی لەسەر کوردایەتی دەکردەوە و بایەخی بە یەکڕیزیی گەلەکەی دەدا و چین و توێژەکانی بەرەو بەدەست هێنانی مافەکانیان ئاراستە دەکرد، بۆ ئەمەش توانایەکی گەورەی تێدابوو ((ئەو، سیاسەت و تاکتیك و ستراتیژی شۆڕشەکەی لەناخی کۆمەڵی کوردەوارییەوە هەڵێنجابوو. ئەو کوردەواری و شۆڕشی کوردی نەکردە مەیدانی تاقیکردنەوەی رێباز و ئایدۆلۆژی نامۆ لەگەڵ ئەو کۆمەڵگایە. توانایەکی سەرسوڕهێنەری لە هەڵسوکەوت لەگەڵ کێشەکان و ناتەباییەکانی هەناوی کوردەواریدا هەبووە بەو جۆرە توانیبووی زۆرترین جەماوەری کورد و زۆرترین ژمارەی روناکبیران و نووسەران و شاعیرانی کورد لە دەوری شۆڕشەکەی کۆبکاتەوە))[٣٣]. بۆیە شاعیرانی کورد لەسەرجەم پارچەکانی کوردستاندا کەسایەتی بارزانییان لەنێو بیر و خەیاڵی رەنگینی خۆیاندا لە بۆتەی شیعردا رەنگرێژ کردووە و قەسیدەی پڕ لە داهێنان و جوانییان بۆ هۆنیوەتەوە.

بارزانی کە هەر لە گەنجایەتییەوە قاڵبووی نێو سەنگەری رووبەڕووبوونەوەکان بوو و، شەڕی بەرگری لەگەڵ سوپای هەر چوار دەوڵەتی داگیرکاری کوردستان کردووە، بەمەش سەرنجی گەلەکەی بۆ خۆی راکێشاوە، هاوکات شۆڕشەکانیش گەواهی ئەوەی بۆ دەدەن، کە سەرەڕای سەختی مەیدانی بەرگری و شەڕ و هەڵگیرساندنی شۆڕشەکان، کەچی بارزانی هەمیشە لە چیاکاندا یاوەری هەزاران پێشمەرگە بوو، هەر لەم رێگەیەوە توانی هەردوو چەمکی شۆڕش و شۆڕشگێڕیی بەیەکەوە گرێ بدات و، لە جەنگی بەرگرییدا، کە لە رووی هێزەوە هەرگیز لەگەڵ

(٣٢) سەلاح بەدرەدین، نیو سەدە لە مێژووی بزاڤی نەتەوایەتیی کورد، کۆنگرەی ٩٠ ساڵەی لەدایکبوونی بارزانی ی نەمر، ل ٧٧.

(٣٣) حوسێن یەزدان پەنا، بارزانی پێشەوای...، ل ٢٨.

داگیرکاران بەراورد ناکرێ، جوانترین وێنەی سەرکەوتن تۆمار بکات. هەمووی ئەمانەش ئەوە دەردەخەن، کە بارزانی جگە لەوەی کەسێکی شۆڕشگێڕ و مرۆڤدۆست بوو، هاوکات عەشقێکی گەورەی بۆ ئازادی و ژیان بە گشتی هەبوو ((کەسێتی ی شۆڕشگێڕانە مرۆڤدۆستی (ئینسانیەت) سەنگی مەحەکیەتی و بە گوتەی ئەلبێرت شڤایتزەر، تامەزرۆییەکی قووڵ و مەیلێکی زۆر و عیشقێکی لەبن نەهاتووی بۆ ژیان هەیە. راستە کە ئێمەش وەکو گیانەوەران پڕ بە ژیاندا دەکەین و لەگەڵ مەرگدا دەجەنگین. بەلاّم نووسان بە ژیانەوە شتێکە و عیشق بۆ ژیان شتێکی دی))[٣٤]. ئیدی بەهۆی ئەمانەوە توانی کەسایەتییەکی شۆڕشگێڕ بۆ خۆی دروست بکات و لە سەنگەرەکانی بەرگریدا لەگەڵ هەڤاڵەکانی بەرەنگاری داگیرکاران ببێتەوە و ژیانی ژێردەستی رەت بکاتەوە و لە سەنگەری رووبەڕوبوونەوەکاندا سەرکەوتنی مەزن بەدەست بهێنێت و وەکو قارەمان بناسرێت، ئەمانەش ئاماژەن بۆ کەسێتی شۆڕشگێڕ، چونکە ((کەسێتی ی شۆڕشگێڕانە توانای ئەوەی هەیە بڵێ "نەء" بە دەربڕینێکی دی، کەسێتی ی شۆڕشگێڕانە کەسێتی یەکە مل کەچ ناکات. کەسێکە کە خۆپاراستن لە کۆیلایەتی لەلای ئەو رەندی (فەزیلەت) و ئازایەتی یە))[٣٥]. ئەو سەرکەوتنە شۆڕشگێڕییانەش دەنگدانەوەیەکی گەورەی لە کوردستاندا هەبوو ((کاتێ شۆڕشگێڕی نەمر بارزانی بووە قارەمانێکی نەتەوەیی کورد، یەکەم کەس رێزی لێنابێ، شاعیری کورد بووە و بە سەرنج و بۆچوونی جیاواز سەیریان کردووە، هەیە کردوویەتییە رەمزی فیداکاری و هەیشە بە رزگارکەری نەتەوەیی و هەندێکیش بە زەردەشتێکی تازەی داناوە))[٣٦]. بۆیە ئەم شۆڕگێڕییەتی و قارەمانیەتییەی بارزانی بووە مایەی ئەوەی کە سەدری قازی (١٩٠٨-١٩٤٧) لە سەردەمی کۆماری کوردستان لە مهاباد شیعرێکی جوانی بۆ بهۆنێتەوە، کە لە دواییدا بەهۆی ئەوەی کە ئەم شیعرە بۆ سەرکردە و کەسایەتییەکی شۆڕشگێڕی وەکو بارزانی نووسراوە، شیعرەکە، کاریگەرییەکی گەورە و رقێکی مەزنی بەسەر سوپای ئێران و دادگای ئێرانی شاهەنشایی بەجێ هێشت، بۆیە بوو بە خاڵی یەکەمی تاوانبارکردنی سەدری قازی و پاشان هۆی لە سێدارەدانی ئەم شاعیرە. خاڵی یەکەمی

(٣٤) ئەریك فرۆم، کەسی شۆڕشگێڕ کێ یە، چەند وێستگەیەکی فیکری و ئەدەبی، و: ئازاد بەرزنجی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، ٢٠٠٠، ل ١٣٨.

(٣٥) هەمان سەرچاوە، ل ١٤١.

(٣٦) کەریم شارەزا، بارزانی وەك رەمزێکی دیاری نەتەوەییمان لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا، ل ١٧.



تاوانبارکردنی سەدری قازی شاعیر وەکو لە دادگاییکردنەکەدا هاتووە بەم شێوەیە: ((نووسینی شیعرێکی حەماسی گەرم بۆ مەلا مستەفای بارزانی و بەو شیعرە بەخێرهێنان و پێهەڵگوتنی وەکو رەمزی پیرۆزی گەلی کورد))[٣٧]. (سەدری قازی) لە شیعرەکەدا بەم شێوەیە پێشوازی لە بارزانی کردووە و دەڵێت:

**یاخوا بەخێر بێی هەڵۆی بەرزەفڕی بارزانەکەم**
**رەمـــــزی پیرۆزی گـــەل و نیشتمانەکـــەم**
**بارزانی دوژمن شکێنی، شێری ژیـــــانەکەم**
**پێت لەسەر چاو و قەزات لە ماڵ و گیـانەکەم**

دووبارە شاعیر دەڵێت:

**تۆ مـــەردی مـــەیدان و نەبـــەرد و رۆڵەی**
**واریسی پیرۆزی ئیرسی بـــــارزان و تـــۆڵەی**
**بە مێژوو خـــاوەن نیشتمان و گـــەل و خێوی**
**بە بەرزیت بازی بـــــارزان و لــووتکەی کێوی**[٣٨]

شاعیر لەم شیعرە ستایش ئاساییەدا چەندین واتای جوان و بەهێزی بۆ بارزانی بەکارهێناوە وەك (هەڵۆ، بازی بارزان، لوتکەی کێو)، هەموو ئەمانەش ئاماژەن بۆ پاڵەوانییەتی و نموونەی بەرزی ئەم کەسایەتییە، ئەمە وێرای ئەوەی شاعیر بارزانی بە رەمزی پیرۆزیی دەستنیشان کردووە، ئیدی چەمکی پاڵەوانییەتی هەر لەو کاتەوە تێکەڵ بە چەمکی کاریزمایی سەرکردە کرا، هەر ئەوکات لەنێو شیعردا بۆ کەسایەتی بارزانی بەکارهێنرا. بارزانی نەك هەر بەلای شاعیرانەوە سەرکردەیەکی کاریزمایی بوو، بەڵکو لە دیدی کورد و گەلانی دیکەوە هەر وابوو، لەم بارەیەوە (د. ئەدمۆند غەریب) دەڵێت: ((بارزانی کەسایەتییەکی کاریزمایی هەبوو و بەباشی لە پەیوەندییەکان و

(٣٧) کیۆمەرس سالح، سەرۆك کۆماری کوردستان لەبەردەم دادگایی ئێراندا، ئا: بەدرەدین سالح، گۆڕینی بۆ کرمانجی: سامی ئەرگۆشی، دەزگای چاپ و بلاّوکردنەوەی موکریان، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠١، ل ١٣.

(٣٨) هەمان سەرچاوە، ل ١٤-١٥.

دابونەریتی کورد گەیشتبوو، ئەمەش وەکو سەرکردەیەکی کورد پێگەکەی نەك هەر لە نێو عیراق، بەڵکو لە دەرەوەشدا بەهێز کرد، تا وای لێهات بوو بە رەمزی نەتەوەکەی))[٣٩].

بۆیە دەشێ ئەوە بڵێین کە کێرڤی گیانی شۆڕشگێڕی لەلای شاعیران و ئەدیبان بەهۆی ئەو شۆڕشانەی بارزانی هەڵیگیرساند، بەشێوەیەکی بەرچاو بەرز بۆوە، تا وای لێهات ((هەرچی شاعیر و چیرۆکنووس و ئەدیب و نووسەری کورد هەبوو بەقەڵەمە پاکەکەی بەرگری لە شۆرش و بارزانی نەمر دەکرد و شانبەشانی پێشمەرگە بە گژ دوژمنان دا دەچوون))[٤٠].

پیرەمێرد (١٨٦٧-١٩٥٠)ی شاعیر زۆر خەم لەوە دەخوات، کە بە جەستە نەیتوانیوە شانبەشانی هەڤاڵانی بارزانی بەشداری لە داستانی قارەمانی پەڕینەوە لە ئاوی (ئاراس)دا بکات و دژ بە داگیرکاران بوەستێتەوە، ئەمەش لەبەر ئەوە بوو کە پیر و پەککەوتە بووە و هێز لە جەستەیدا بڕاوە، خەمی بەشداری نەکردنەکەشی هێندە گەورەیە پێشبینی ئەوەی لێدەکات دەورانی رۆژگار وەرگەڕێنێ، بۆیە پێی وایە دکتۆر ناتوانێ چارەسەری بکات، هەروەك دەنگ هەڵدەبڕێ و دەڵێت:

**عەشرەت هاوارە، عەشرەت هاوارە**

**کـــــەوتومە (ئاراس) ئاو بێ بوارە**

**رێم نییە منیش شوێن ئەوان کەوم**

**پیرم هەنـــگاوێك بنێم ئەکــــەوم**

**لێرەش وا کـــەوتوم بەدەم دەردەوە**

**لە ئێشی دووری و ئاهی سەردەوە**

**دکتۆر دەوای تـۆم ناوێ لێم گەڕێ**

**بەڵکم بە ئاـــم دەوران وەرگـــەڕێ**[٤١]

بەم جۆرە دەبینین بەهۆی ئەم بزووتنەوە شۆڕشگێڕییانەی بارزانەوە، هوشیاری نیشتمانپەروەری و سیاسی و شۆڕشگێڕی کوردی لەو ماوەیەدا پەرەسەندنێکی بەرچاوی

(٣٩) احمد الزاويتي، رحلة مصطفى البرزاني، ج www.aljazeera.net يوم ٢٠٠٧/٣/١٧.

(٤٠) محەمـەد خـدر مـەولود، بـەهێمنی شۆڕشـی ئـەیلولی مـەزن و ئـەدەبی بـەرەنگاری، ر: برابـەتی، رۆژی دووشەمە ١٩٩٣/٣/١٥، ژ: (١٥٩٦)، ل ٥.

(٤١) پیرەمێردی نەمر، محەمەد رەسوول (هاوار)، چاپخانەی ئەلعانی، بەغدا، ١٩٧٠، ل ١١٦-١١٧.



بەخۆیەوە بینی، هێنانەئارای ئەم کەشە شۆڕشگێڕییەش دەروازەیەکی چاك بوو بۆ خۆ تێوە قورتاندنی لاوان و باسکردنی ئەم شۆڕشە و، چەمکەکانی دیکەی ناو شۆڕش و ڕەنگدانەوەی هەموو ئەمانە لە ئەدەبی کوردیدا، بەتایبەتی شیعر جیاوازتر لە ژانرەکانی تری ئەدەب، ئەمەش بەپێی ئەو خەسڵەتەی کە شیعر هەیەتی، زیاتر لەم مەیدانەدا ئەفراندنی کرد و جڵەوی شۆڕشەکەی بەلای خۆیدا ڕاکێشا، چونکە ((شیعر کاریگەرییەکی زۆرتری هەیە و باشتر دەتوانی خوێنەر بجولێنێ))[٤٢]. رەنگە ناوەکانی (هەژار، هێمن، قەدری جان، جگەرخوین، کامەران موکری، حەسیب قەرەداغی، شێرکۆ بێکەس...) دیارترین ئەو قەڵەمە شیعرییانە بن کە سەرچاوەی ئەفراندنیان لە ڕەوشی سیاسی و خەباتی شۆڕشگێڕی و ئیلهامی زۆریان لەو شۆڕشانە وەرگرت کە بارزانی هەڵیگیرساندن.

شاعیرانی کورد هەروا شیعریان لە خۆڕایی نەهۆنیوەتەوە، بەڵکو خوێندنەوەی وشە بە وشەی چامە شیعرییەکانیان ئەوە دەردەخات، کە ئەوان هەڵوێستی خۆیان لە بۆتەی شیعردا خستۆتەڕوو، بڕوای بەتینیان بە خەباتی بارزانی هەبووە. نابێ ئەوەش لەیاد بکرێ کە هەڵومەرجی سیاسی ئەو کاتی دۆزی کورد، هۆکاری سەرەکی بوو لەخۆ سەپاندنی ئەم جۆرە هەڵوێستانە لەنێو جیهانی شیعردا، ئەمەش وەکو پەرچەکرداری ئەم ستەمەی لە کورد دەکرا و چاوتێبڕینی داگیرکاران بۆ خاکی کوردستان و چەوساندنەوەی گەل رۆژ بەڕۆژ لە زیادبووندا بوو. هەر لێرەوە کە رۆحی شۆڕشگێڕیی لە ناخی هەر تاکێکی کورد پەرەی دەسەند و بەرز دەبۆوە و، بەمەش پشتگیری خەباتە شۆڕشگێڕییەکانی بارزانییان دەکرد، چ جای شاعیران کە خودان هەستێکی ناسك و دڵێکی پڕ سۆزن. بۆیە (هەژار موکریانی) بڕوایەکی پتەوی بە خەباتە شۆڕشگێڕییەکەی بارزانی هەیە و لە شیعری (بۆ پێشەوە بارزانی)دا دەڵێت:

**ئەگەر دنیا مـــژ و تەم و تاریکە**

**ئەگەر رێگا کەند و کلۆ و باریـــکە**

**ئەگەر شەوە و گرمەی هەور و بارانە**

**ئەگەر بەفـــــرە و شڵێوەیە و تۆفانە**

**ئەگەر گێژە و کڕێوەیە و بـــــــۆرانە**

**ئەگەر لە هەرجێدا چەتە و گـــــۆرانە**

(٤٢) ئەبوبەکر خۆشناو، شیعری بەرەنگاریی کوردی، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل ٧٧.

**تۆ شـــارەزا و ڕێ نیشاندەری لاوانی**
**بۆ پێشەوە پێشمان کـــــەوە بارزانی** (43)

شاعیر وەسفی بارزانی بەوەی کردووە کە تاکە سەرچاوەی درێژە پێدەری خەباتی شۆڕشگێڕییە، تەنیا ئەو لە توانایدا هەیە وەك چرایەك ڕێگای تاریکی و پڕ تەمومژ و سەختی بەردەم شۆڕش ڕۆشن بکاتەوە، ئەمەش وادەکات بارزانی سەرەڕای ئەو هەموو ڕێگا دژوارەی خەبات، ببێت بە ئومێدبەخشی گەلی کورد و ڕابەرایەتی گەلەکەی بکات و، ببێت بە فریادڕەس و ڕێ نیشاندەر، بۆئەوەی نەتەوەکەی لە پیلانی دوژمنان بپارێزێ و گەلەکەی ڕزگار بێت.

گەڕانەوەی بارزانی لە ساڵی ١٩٥٨ بۆ نیشتمانەکەی، بەلای (جەمال شارباژێڕی) سەردەمی ستەمکاری کۆتایی پێدێت و سروشت بەشداری لەم خۆشییەدا دەکات، ئاسمانی تەڵخی کوردستان دەبێتە ساماڵ و سروشت جلوبەرگی خەمناکی دادەکەنێ و بارزانی کە وەکو مانگ* وایە، ئاسمانی کوردستان دەڕازێنێتەوە، هەروەك دەڵێت:

**ئاوابوو ڕۆژی پڕ ستەم**
**ساماڵ بوو ئاسمانی پڕ تەم**
**سروشت دای کەند بەرگی ماتەم**
**لە ئاسمانی ئاواتەوە**
**مانگی چەندان ساڵ ون بوومان**
**هەڵهاتەوە**
**ڕۆڵەی پاڵەوانی بارزان**
**بۆ نیشتمانی هاتەوە** (٤٤)

(٤٣) هەژار، بۆ کوردستان، ل ١٧٤-١٧٥.

(*) لە شیعری کوردیدا (مانگ) بۆ جوانیی کچی پێ تەشبیە کراوە، بەڵام لێرەدا (بارزانی) لەڕووی بەرزی و ئەو ڕۆڵەی هەیبووە پێی تەشبیە کراوە، ئەمەش حاڵەتێکی دەگمەنە کە بۆ پیاوان بەکارهێنرابێ، هاوکات بەڵگەیەکە بۆ گەورەیی بارزانی. لێرەدا شاعیر ڕەهەندێکی زۆر گەورەتری بە مانگ داوە.

(٤٤) جەمال شارباژێری، مژدەی کوردستان، بارزانی نەمر، چریکەی چیا و سترانی شاعیران، ل ٣١.



کاتێك بارزانی وەکو کەسێکی شۆڕشگێڕ، لە هەمان ساڵدا بۆ وڵاتەکەی گەڕایەوە، نەك هەر نەتەوەی کورد و گەلانی عیراق بە گشتی پێشوازییەکی گەورەیان لێکرد، بەڵکو بەلای (کامەران موکری) (١٩٢٩-١٩٨٦) شاعیرەوە، لە چەندین وێنەی ناسك و خەیاڵی قووڵ و مانای نوێدا ئەوە دەخاتەڕوو کە شەهیدانی کوردستان لە پێشوازیدا هەڵدەستنە سەرپێ، هەروەك دەڵێت:

**چوار ئەسپی ئاسن و ئاگر**
**چوار پەلیان سپی وەك بەفر**
**سوارەکانیان پارچەی دڵە**
**زینیان ئەرخەوان و گوڵە**
**بەناو ملی ڕیگە ئەگرن**
**پیشرەوی سوپای نەمرن**
**بەپیر ئیوەوە، دێن هاوڕێ**
**گیانی پیرۆزیان قەد نامرێ**(٤٥)

بارزانی لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی شۆڕشگێڕییەوە، توانی شۆڕش لەپێناو بەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی گەلەکەی بەرپا بکات، توێژی شاعیرانیش یەکێك بوون لەو لایەنانەی کە بڕوای قووڵیان بە هەوڵ و تەقەلاّ و بیروبۆچوونەکانی هێناوە، بەم جۆرە شاعیر بوو بە بەشێك لە پێشمەرگە، بەرگری لە کێشەی ڕەوای خۆی دەکرد، تەنانەت هەر بە قەڵەمەکەی ڕۆڵی سەرکردایەتی دەبینی لە ئاراستەکردنی کۆمەڵگەی کوردیی و پاراستنی بەهاکانی شۆڕش. ئیدی شاعیر وای لێهات کە زۆر پەیوەست بە خاك و نیشتمانەکەی بێت، واتە هەر تەنیا خەمی ئەوەی نەبوو، ئەفراندن لە هۆنینەوەی شیعرێکیدا بکات، بەڵکو شاعیر جگە لەوەی بە هەستی ناسك و بیری نەتەوەخوازیی لەڕێگەی قەڵەمەوە کێشەی ڕەوای نەتەوەکەی و خەم و ئازاری گەلەکەی لەنێو بۆتەی شیعردا دەردەبڕی، هاوکات لە گەرمەی شۆڕشدا شانبەشانی پێشمەرگەی کوردستان توانییان شیعر بۆ سەرکردەکەیان بنووسن و چەك هەڵبگرن و بخزێنە نێو سەنگەری بەرگری و جەستەی خۆشیان بکەن بە لەمپەر لەبەردەم پەڕینەوەی دوژمن بۆ خاك و زێدیان، هەروەك (شێرکۆ بێکەس) کاتێك باس لە شیعرێك دەکات کە بۆ بارزانیی

(٤٥) کامەران موکری، تەلغرافیك بۆ جەنرال مصطفی بەرزانی، ر: ژین، ژ: (١٤٠٩)، پێنج شەممە ١٩٥٨/٩/١٨، ل ٩.

نووسیوه و دەڵێت: ((ئەو شیعره لەو کاتەدا باڵا ئاوێنەی دڵ و دەروونی ملیۆنان بوو. ئەمە جگە لەوەی بۆ خودی خۆم ئەو شیعره مایەی خۆشاردنەوه بوو لە چاوی رژێم و لەدواییدا روو کردنە شاخ .. ))[٤٦]. ئەمەش ئەوه دەگەیەنێ کە هۆنینەوەی شیعرێك بۆ بارزانی لەلایەن گەلەوه مایەی دڵخۆشییەکی مەزن بوو، لەلایەن داگیرکارانیشەوه بە تاوانێکی گەوره لەقەڵەم دراوه.

شاعیرێك خۆی بە پەیامهەڵگری بارزانی دەناسێنێ و، بۆ کاروانی خەباتی میللەتەکەی بەرەو لوتکە دەکەوێتە رێ، ئاماژه بەوه دەدا کە ئەگەرچی دوژمن رقی خۆی دەرێژێ، بەلام شاعیر بە گیانێکی شۆڕشگێڕانە باکی بە مردن نییە و بەنێو دوژمن هەنگاو دەنێ، تاکو پەیامەکەی بە لوتکەی سەرکەوتن دەگەیەنێت:

**خەونەکانی هەر هەمووتان**
**لە جامانەیەکی سوورا هەڵئەگرم**
**یا ئەیگەیێنمە لوتکە**
**یا لە پێدەشتێکا ئەمرم**
**نامەکەی پێشەوام پێیە**
**جەسوورانە هەنگاو ئەنێم**
**چوار دەورم خێڵی دوشمنە**
**گوللەی رقیان ئەگرنە رێم**
**خەندەکانم لە گەردەلوولی رەشیانا**
**وەکو پرشەی چاوی ئەستێرەی**
**ژێرگەواڵەیەکی چڵکنە**
**خۆری من وا لە پشت ئاسۆی**
**شەوەزەنگە**
**دەنگی من وا لەناو گەرووی**
**دوورگەیەکی پڕ لە ژەنگە[٤٧]**

لە روانگە و تێگەیشتنی شاعیری شۆڕشگێڕ و خاك داگیرکراودا، قسەکردن لەسەر مرۆڤ هەمیشە بە هەڵوێستی شۆڕشگێڕانەی ئەو مرۆڤە بەستراوەتەوه، دواتریش هەموو ئەمانە

(٤٦) شێرکۆ بێکەس چەپکێك هەڤپەیڤین، ئەزموون ١٩٨٥-٢٠٠٠، کۆکردنەوه و ئامادەکردنی: یاسین عومەر، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠١، ل ٣٤٣.

(٤٧) شەونم بەرزنجی، باڵای ئالا، بارزانی نەمر، چریکەی چیا و سترانی شاعیران، ل ٢١٧ .



پەیوەستن بە سەرکردەی ئەو شۆڕشەوه، کە پێشڕەوەی جەماوەرەکەی دەکات و بەر لە هەر کەسێکی دی خۆی پێشەنگە لە رووبەڕووبوونەوەی هێزی داگیرکاران، چونکە شاعیران باش لەوه گەیشتوون کە ((چارەنووسی گەلان بە بڕیاری سەرکردەکانیان و دوژمنانیانەوه پێوەستە))[٤٨]. بۆیە ستایش و پشتگیری سەرکردەکانیان کردووه. خودی بارزانیش هەڵگری پەیامێکی شۆڕشگێڕیی بوو، سەرەتا بە کردار دروشمەکانی شۆڕشی لەسەر خۆی پەیڕەو دەکرد، ئینجا داوای لە گەلەکەی دەکرد پێیەوه پابەند بێت، ئەم خەسڵەتانەش زیاتر رۆحی گەلی بە بارزانییەوه پەیوەست کرد، بۆیە شاعیرانیش لە شیعرەکانیاندا بە هەموو شێوەیەك ستایشی بارزانییان دەکرد و بەسەریاندا هەڵدەگوت، هەر بەوەندەش نەوەستان، بەڵکو شاعیرێك خۆزگە بەوه دەخوازێ کە لە ژیاندا لە هەموو شتێکدا بێبەش بوایە، تەنیا چارەنووس ئەوەی بۆ بکردایە، کە پێشمەرگەیەکی سەردەمی بارزانی بوایە، هەروەك دەڵێت:

**سەد خۆزگە بێ ماڵ و حاڵ بام**
**بێ ئەنوا و رووت و رەجاڵ بام**
**دەست و چــــاو و قاچم نەبا**
**باکـــــم نەبوو بـــا چم نەبا**
**تەنها هێندەم دەویست بــــریا**
**چــــارەنووس وای پێ دەکریا**
**هەرچی دەبووم ئەو دەم هەبام**
**ئەو دەم ئەمنیش پێشمەرگە بام[٤٩]**

نەك هەر شاعیران و کوردەکان لەسەر ئاستی کوردستان حەزیان کردووه ببن بە پێشمەرگەی بارزانی، بەڵکو کەسانێکی بیانی لە وڵاتێکی زۆر دوور لە کوردستان هەبوون، زۆر حەزیان لەوه بووه کە ببن بە پێشمەرگەی بارزانی، هەروەك (د. کەمال مەزهەر) دەڵێت: ((پێم وایە ناوەندی ساڵی ١٩٦٣ بوو، لە مۆسکۆوه چوومە ئەمستەردامی هۆڵەندا، ئەو کاتە گەرمەی هێرشی بەعسییەکان

(٤٨) د. جەمال رەشید ئەحمەد، چەمکی دیموکراسییەت لە هزری خوالێخۆشبوو مستەفا بارزانیدا، گۆڤاری نەوشەفەق، ژ: ١٢، ئازاری ٢٠٠٤، ل ١٢.

(٤٩) کارۆخ عوسمان، پەیماننامەیەك لە یادی نەمراندا، ر: برایەتی ئەدەب و هونەر، ژ: (٢١٧) لە ٢٠٠١/٣/٢، ل ٥.

بوو بۆ سەر کوردستان...شەوێکیان ڕێگەی ئوتێلەکەم لێ تێکچوو، پەنام بردە بەر کوڕێکی لاو لێم پرسی:- بەڕوویەکی خۆشەوە پێی وتم: وا دیارە تۆ بیانیت، وتم: بەڵێ، پرسی: خەڵکی کوێی، گوتم: کوردی عیراق، کە وام وت: بە گەرمی دەستی گوشیم و بردمی بۆ لای ئۆتۆمبێلەکەی خۆی و تا ئوتێلەکە گەیاندمی، لە ڕێگە هەر باسی ئازایەتی کوردی دەکرد، ئەوەی باش بە بیرمە گوتی: زۆر حەزم دەکرد، ئێستا یەکێك لە چەکدارەکانی بارزانی بوایەم))[٥٠]. ئەم نموونانە ئەوە دەردەخەن، کە ئەمانە پێیان وابووە، مێژوو هەرگیز ئەم زەمەنە لەیاد ناکات، کە بارزانی تێیدا ژیاوە، بارزانییەك کە هەموو ژیانی خۆی لە ڕاپەڕین و شۆڕش هەڵگیرساندن و بەرگری لە خاك و نەتەوەکەی تەرخان کردو، بوێرانە لەبەرامبەر گشت داگیرکارانی کوردستان دەوەستایەوە، نەك هەر لە مێژووی کورددا بەشێکی زیندووە، بەڵکو ڕەهەندێکی جیهانی وەرگرتووە. هەروەك (ئۆکتافیوباز) دەڵێت: ((مێژووی زیندوو هەمیشە بە نهێنی دەگەڕێتەوە و تازە دەبێتەوە))[٥١].

شاعیران لە ستایشکردنی بارزانی ئیلهامی شیعرییان کۆتایی پێ نەدەهات، چونکە لەو بڕوایەدا بوون بارزانی بە بیرە نەتەوەیی و کردەوە شۆڕشگێڕییەکانی زۆری بۆ کردوون، بەجۆرێك کە لە نێو تاریکی ستەمکاریدا مەشخەڵی ئازادی بۆ بەدەست خستوون و، تارمایی ترسێکی گەورەی لێ ڕەواندونەتەوە، بۆیە شاعیران بارزانییان بە بەدیهێنەری ئاواتەکانیان دەزانی و بە پیرۆزییەوە تەماشایان دەکرد. هەر وەك دەبینین (جگەرخوێن) لەشیعرێکیدا بەناوی (قبلەگاهێ شاعران) لە ساڵی ١٩٧٠ نووسیویەتی، ئەو بە کەسێکی پیرۆز و قیبلەی شاعیران دەناسێنێت، کە شاعیران هەر تەنیا بارزانییان هەیە، بۆیە هەمیشە ڕووی تێدەکەن، هەروەك دەڵێت:

**پشتی کوردستان خەلاس کی قبلەگاهێ شاعران**

**سەد جگەرخوین و هەژار دەمسازێن دیوانا تەبن**[٥٢]

هێزی داگیرکارانی کوردستان هەمیشە ئامادەساز بوونە بۆ خولقاندنی زەبروزەنگ و، بەردەوام دژ بەم نەتەوە ژێردەستە لە پیلانگێڕاندا بوونە، لەهەر بزاڤ و سەرهەڵدانێکدا هاوکاری

(٥٠) عەبدوڵلاّ زەنگەنە، کاریزمای (مەلا مستەفای بارزانی) لە دەربەدەری سلێمانییەوە تا پلەی زەعیمی، کۆنگرەی یادەوەریی سەد ساڵەی بارزانی نەمر، بەشی یەکەم، ل ٢٧٨.

(٥١) اوکتافیوباث، الشعر والتاریخ، ت: عبدالقادر الجنابی (www.elaph.com)، یوم ٢٠٠٧/٤/٢.

(٥٢) جگەرخوێن، جگەرخوێن شاعر و مرۆڤ و کوردپەروەر، ڤەگوهاستن و بەرهەڤکرن: هەڤال زاخۆیی، دەزگەها سپیرێز یاچاپ و وەشاندن، چاپخانێ وەزارەتا پەروەردێ، هەولێر، ٢٠٠٤، ل ٤٢.



یەکتریان کردووە و هەموو ڕێگایەکیان خستۆتەکار بۆ لێدانی زەبری کوشندە و فشار خستنە سەر پێشمەرگەی کوردستان بەسەرکردایەتی بارزانی، بۆیە زۆرجار ئەو پێشمەرگانەی سەنگەر نەك هەر لە چوار لاوە، بەڵکو ئاسمانیشیان لێدەبوو بە ئاگری دوژمنان، لەگەڵ ئەوەشدا مردنیان بە پەسەندتر دەزانی لەوەی کە خۆیان ڕادەستی داگیرکاران بکەن. بۆیە دەبینین ئەم وێنە جوانانە لە دەقی شیعری شاعیراندا بەرجەستە بووە، کاتێك شاعیران زۆر بە حەماسەتەوە پێداگیری لەسەر مان و نەمان لەسەر خاکەکەیاندا دەکەن. لەم بارەیەوە شاعیرێکی وەك (عەبدولڕەحمان مزوری) لەو ڕۆژە سەختانەی خەباتدا ((بارزانی نەمری بە ڕەمزی سەرکردایەتی خەباتی شۆڕشگێڕی نەتەوەی کورد داناوە و پەیمانی دەداتێ و سوێند بە خاکی بارزان دەخوات کە خۆی و هاوڕێکانی ببنە خوێن و خۆراك و هێز بۆ دڵە گەورەکەی و خۆیان بکەن بە گوللە بۆ چەکی شۆڕشەکەی و خەنجەری تیژی ناولەپی بۆ لەناوبردنی دوژمنانی))[٥٣]. هەروەك لە شیعری (هۆزانەك بۆ سەرکێشی بابەلیسکێ) ڕوو لە بارزانی دەکات و دەڵێت:

**سوێند ب ئاخا شێران بیتن**

**ب بارزان بیتن**

**ئەو خۆ بکەینە نان و خوێن**

**بۆ دلێ تە**

**بۆ چەکێ تە!**

**خۆ بکەینە خەنجەراتە**

**بۆ لەپێ تە**[٥٤]

بارزانی دەیزانی ئەگەر خۆشی شۆڕش بەرپا نەکات، ئەوا نەوەکانی دوای خۆی بە ستەمی داگیرکاریی ڕازی نابن و شۆڕش بۆ وەرگرتنەوەی مافی زەوتکراویان هەڵدەگیرسێنن، بۆیە هەمیشە بایەخی بە شۆڕش داوە، تاوەکو چیتر گەلی کورد لەژێر دەسەڵاتی داگیرکاریی نەچەوسێتەوە. جگە لەمەش بارزانی بڕوای وابوو کە چارەنووسی ئەو بە ئاڕاستەی بەرپاکردنی ئەو شۆڕشە دەڕوات، بۆیە زۆر بە قەناعەتەوە هەموو ژیانی بۆ شۆڕشنانەوە تەرخان کرد و جڵەوی شۆڕشی گرتە ئەستۆی خۆی، بەر لە هەر کەسێکێکیش بنەماڵەکەی خۆی تێدا

(٥٣) کەریم شارەزا، بارزانی وەك ڕەمزێکی دیاری نەتەوەییمان لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا، ل ٢٤.

(٥٤) هەمان سەرچاوە، ل ٢٤.

زەرەرمەندبوون و برا و رۆڵەی تێدا شەهید بوون، لەگەڵ ئەوەشدا ئەمانە مکوڕبوونی بارزانی لەسەر بەردەوامیدان بە شۆڕش زیاتر کرد، تەنانەت بارزانی خۆنەویستانە لەبەرەکانی هەرە پێشەوەی سەنگەردا دەبینرا و وەکو پێشمەرگەکانی دی، سینگی خۆی کردبووە قەڵغان و گوللەی ئاڕاستەی هێرشی داگیرکاران دەکرد.

دەتوانین جەخت لەسەر ئەوە بکەینەوە کە شاعیرمان هەیە بەشێکی گەورەی شیعرەکانی بۆ بارزانی و شۆڕشەکانی، تەرخان کردووە، بۆ نموونە، هەژار موکریانی، هێدی، حەسیب قەرەداخی ...تاد، ئەمەش لەو روانگەیەوە کە ئەو بەرهەمە شیعرییانەی ئەوان نووسیویانە زۆر گونجاوە لەگەڵ سروشتی ئەو هەڵوێستە شۆڕشگێڕانەی کە بارزانی لەخۆیدا کۆیکردبوونەوە. بۆیە دەبینین زۆربەی شاعیرە بە هەڵوێست و نیشتمانپەروەرەکان روویان کردە ستایشکردنی بارزانی و شۆڕش وەك ئەوەی ئەم دوانە (شۆڕش/ بارزانی) دوو رووی یەك دراوبن، بوونی یەکێکیان وابەستەی ئەویتریانە و ئەویدیکەشیان مانای تەواوی بەبێ بوونی ئەویتر نادات. دیارترین شاعیرانی کورد کە لە هەرچوار پارچەی کوردستان شیعرییان بۆ بارزانی هۆنیوەتەوە ئەمانەن: (پیرەمێرد، جگەرخوێن، هەژار موکریانی، هێمن مهابادی، ئەحمەد هەردی، محەممەد سالح دیلان، قەدری جان، بەختیار زێوەر، هێدی، فانی، وردی، حەسیب قەرەداخی، عەبدوڵڵا پەشێو، ئەوڕەحمان بەگی نفوس، مەلا مەسعود بێبەش، سەبری بۆتانی، ا.ب. هەوری، جەوهەر غەمگین، تیرێژ، نەجمەدینی مەلا، موحسین ئاوارە، ئەژی گۆران، مەلا نەزیرێ بەدەوی، مەدحەت بێخەو، شێرکۆ بێکەس، دلبرین، عەونی، حەمەی حەمەباقی، جەمال شارباژێری، کاکەی فەللاح، کامەران موکری...تاد)، بۆیە بارزانی لە هەموو پارچەکانی کوردستان بووە بە سەرچاوەیەکی شیعریی بۆ شاعیرانی کورد وەك مەزنترین سەرکردەی بزاڤی رزگاریخوازی گەلی کورد لە سەدەی بیستەمدا.

شاعیران بەگشتی لە دەقە شیعرییەکانیاندا کەسایەتی بارزانییان بەو شێوەیە بەرجەستە کردووە، کە ئەو پاڵەوانێکی ئازا و خۆشەویستی گەلە و سیمبولی نەتەوەییە، هەرکاتێکیش کە باس لە بارزانی دەکرێ، وەکو بەڵگە شۆڕشی ئەیلول دەکرێتە نموونەی سەلماندنی راستییەکان، ئەو شۆڕشەی کە بەهێز هەڵگیرسا و زەبرێکی کوشندەی بەهێزی داگیرکار گەیاند، دەشێ بڵێین: وەکو تایبەتمەندی شیعری ئەو شاعیرانەی کە بە بارزانی و شۆڕشەکەیان هەڵدەگوت بریتییە لەو هەستە شیعرییەی کە پڕیەتی لە متمانە و بڕوابەخۆبوون، ئەمەشیان دیسانەوە بۆئەو متمانەیە دەگەڕێتەوە کە شاعیران بەبارزانیان هەبووە. بۆیە شاعیرێکی وەکو



(دلبرین) کە شاعیرێکی کوردستانی باکوورە لە شیعری (دەستپێکا سەورا بارزانی)دا، دەنگ هەڵدەبڕێ، بەوەی کە سەندنی ماف بە دوان و هیواخواستن نایەتەدی، بەڵکو پێویستی بەمەیدان گرتن و چەك هەڵگرتن و هەڵگیرساندنی شۆڕش هەیە، ئینجا داوا لە رۆڵەکانی کورد دەکات کە وەکو شێر روو بکەنە سەنگەر، بەمەش هانیان دەدات لەژێر سایەی بارزانی بە چەك بەرگری لەنیشتمانەکەیان بکەن، هەروەکو دەڵێت:

**ما کی مافێ خـــــوە ستاند ب هیڤی و ب زاری**
**دڤێ ماف بێتە گـــــرتن ب زۆر و چەنـــــگەواری**
**ل پازدەهێ ئێلوونێ نەه ســـــەد و شێست و یـــــەکا**
**ئالا جەنـــــگی هات هلدان دەست ئاڤێتنە چـــەکان**
**خورتێ کوردا تەڤ رابن بـــــەرێ خوە بدنە بەرزانی**
**ئێرێش بـــکن وەك شێرا ب هـــەڤرا هەرنە مـــــەیدان**
**دەنـــــگێ تۆپ و فرۆکا کەتە چـــــــیا و دەشتێ**
**ب من چەژن و سەری سالە ل وەلات گەلەك خوەش تێ** (٥٥)

بۆیە بەلای شاعیر رووبەڕووبونەوەی رۆڵەکانی کورد لە بەرانبەر دوژمنان لەنێو شاخدا، بە جەژن و خۆشی و شادی و جەژنی سەری ساڵ لێك دەدرێتەوە.

نابێ بایەخی شۆڕشی ئەیلول لەیاد بکەین، چونکە لە زۆر رەهەندەوە دەروازەیەکی هەستیار بوو لە مێژووی کاروانی پێشڤەچوونی کۆمەڵگای کوردی، هەر ئەو دەمیش بوو کە چەمکی شۆڕشگێڕیی بەشێوەیەکی بەرچاو لە ناو خەڵکیدا بڵاو بۆوە، بەواتای ئەوەی کە هوشیاریی نەتەوەیی چەکەرەی کرد و گەیشتە ئاستێکی بەرز، خەڵکی هەستیان بەوە کرد، کە مافێك هەیە پێویستە بۆیان بگەڕێتەوە. بەدرێژایی شۆڕشی ئەیلول گۆڕانکاریی سیاسی و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری هاتنە ئاراوە، هەر ئەمە بووە هۆکارێکی دیکەی پەیوەستبوونی گەل بە سەرکردایەتی شۆڕشەوە. بۆیە بە سەرسوڕمانی نازانین کە تێکڕای جەماوەر هەموو بەهاکانی خۆیان بخەنە ژێر فەرمانی سەرکردایەتی بارزانی، ئەمەش ئەو کاتە گەیشتە چڵەپۆپە کە گەل لەوە دڵنیابوون سەرکردەکەیان خۆی بۆ خۆشگوزەرانی ژیانی ئەوان تەرخان کردووە، بۆیە خۆنەویستانە لە پێش پێشمەرگەکانەوە لە سەنگەری بەرگری دەجەنگا.

(55) Dilbin, Despeka sewra barzani, http.wl. 920 telia.com.u92002382ailbirin,html.

بۆیە شاعیرانی کورد هەر بەوە نەوەستان تەنیا ئیلهامی شیعری لە بارزانی و شۆڕشەکەی وەربگرن، بەڵکو رەهەندی شیعری خۆیان بەرەو ئاقارێکی فراوانتر برد، ئەو کۆت و بەندە تەسکەیان شکاند، کە شۆڕش تەنیا ئەو بەشە داگیرکراوەی باشووری کوردستان بگرێتەوە، کە خودی شۆڕشی لێ هەڵگیرساوە، چونکە ئایدۆلۆژیا شۆڕشگێڕییەکەی بارزانی هەر بە کوردستانی باشوور نەوەستایەوە، بەڵکو کوردستانی گەورە لە پلانی خەباتە شۆڕشگێڕییەکەیدا بوو، نموونەی هەبوونی هەماهەنگی لەگەڵ شێخ سەعیدی پیران و بەهاوارەوە چوونی شۆڕشی شێخ مەحموودی حەفید و رۆڵی گەورەی لە کۆماری کوردستان لە مهاباد لایەنێکی بەرجەستەکراوە. بۆیە بە ئەندازەی ئەم بیرە فراوانەی بارزانی، شاعیران لەلایەن خۆیانەوە ئاڕاستە شیعرییەکانی خۆیان بەرەو ئەو ئاقارە برد و بەرهەمی شیعری لەمەودوایان لە سنووری باشووری کوردستان نەوەستا، بەڵکو بەرپەرچی داگیرکارانی کوردستانی گەورەیان دایەوە، نموونەی ئەو شاعیرانە زۆرن کە لە هەرچوار پارچەکەی کوردستان ستایشی کەسایەتی بارزانی و ئاکاری بەرز و شۆڕشەکەیان کردووە. تیرێژ (١٩٢٣-٢٠٠٢) کە شاعیرێکی کوردستانی رۆژئاوایە لە شیعری (مەلا)دا، بارزانی بە رێبەری کورد دەناسێنێ و، رووناکی کوردستان، لە بارزانیدا دەبینێتەوە، کە بەجۆرێك ئەو شۆڕشانەی هەڵیگرساندووە تیشکی بە هەر چوار پارچەی کوردستان پەخش بووە، هەروەك دەڵێت:

**ئـــەی مەلاییێ مێر و گەرناس، رێبەرێ کوردانی تو**

**رێچەناس و ژیر و مـــێرخاس، سەروەرێ خۆرتانی تو**

**رەنـگێ هەیڤار چاردەهیێ دا دەر ل کوردستـــان مەلا**

**شـــەوقێ دا باژارێ ئامـــــەد، ئەرزەڕۆم و وانی تو**

**زەنگلێ جەنـــــگا وەلات ئیرۆ ل بارزان دایـــە دەنگ**

**پێ شیار بوون کوردێن تــــرك و ســـوری و ئیرانی تو**

**دەنگێ دەف و سازێن شەر خوەش تێن ل سەر کۆهێن بلند**

**ئالا رەنگین رەفـــــ رەفە هەر دەم ب دەست لاوانـــی تو**

**خاکـی بـــارزان رەنـــــگێ باروودە ل روویێ دژمـــنان**[٥٦]

(56) Tirej, zozan 2, capxane?. 1990, L83.



شاعیر ئەوە دەخاتەڕوو کە بارزانی کەسێکی ئازا و سوارچاك و رێگەناس و ژیر و رابەری کوردانە، وەکو مانگی چواردە رووناککەرەوەی تاریکی کوردستانە، شاعیر پێی وایە رووناکی خەباتی شۆڕشگێڕییانەی بارزانی نەك هەر گەیشتۆتە شارەکانی کوردستانی باکوور بە تایبەت (ئامەد، ئەرزەڕۆم، وان) و رووناکی کردوونەتەوە، بەڵکو زەنگی ئازادیخوازیی کاتێك لە خاکی بارزان دەنگی دایەوە، ئەم زەنگە بوو بە هۆی ئەوەی کە کوردەکانی باکوور و رۆژئاوا و رۆژهەلاتی کوردستانیش وشیار ببنەوە و، دەنگی شەڕی ئازادی بگاتە سەر شاخە بەرزەکان و، ئالاێ کوردستان هەمیشە بە دەستی لاوانی کورد بەرز بکرێتەوە، بۆیە خاکی بارزان بۆ هەمیشە بوو بە ئاگر و باروت بە رووی دوژمنان.

بارزانی نەك هەر لەشیعری شاعیرانی چوارپارچەی کوردستانەوە رەنگی داوەتەوە، بەڵکو ئەم کەسایەتییە وەك قارەمانێکی نەتەوەیی کەوتۆتە نێو شیعری شاعیرانی* یەکێتی سۆڤیەتی جارانیش. دواتر شاعیری کورد رەنگدانەوەی شیعریی بەرفراوانتر بوو، بە رادەیەك تێکۆشانی گەلانی ژێردەستەی دیکەیان بە تێکۆشانی خۆیان دەزانی و سەرکەوتنیشیان بەسەرکەوتنی خۆیان لێکدەدایەوە، لەمەو دوا ئەوان بانگەوازی ئازادیی و دادپەروەریی و یەکسانییان لە جیهاندا دەکرد، ((یەکەمین خەسڵەتی شیعری نوێ بەشداریکردنە لە پرسی مرۆڤایەتی))[٥٨]،

(*) (قادری موتی) کە یەکێکە لەم شاعیرانە، لە شیعری (رابە، رابە شێر بارزانی) کاتێك باس لە بارزانی دەکات، ئەو وەك دانەری رێگای راستی و چارەسەرکاری دەردی کوردان لە پێنجینێکدا بەرجەستە دەکات، هەروەك دەڵێت:

**مێرخاسێ مە بارزانییە،**

**رێیا راستی وی دانییە،**

**دەردێ کوردان وی زانییە،**

**رابە، رابە، مێر بارزانی!**

**ل مەیدانێ شێر بارزانی!**

Qadir moti, Bigazinim Dunya, peseeki. Ehrnede hepo, Capi duwern, Bereweberayeti Capxaney Rosinbiri, Hewler, 2005, L25.

(٥٨) محمود امين العالم، الشعر المصري الحديث، نظرية الشعر، القسم الاول، المقالات، تحرير وتقديم: محمد كامل الخطيب، سوريا ، ١٩٩٦، ص ٢٠١.

بۆیە (شێرکۆ بێکەس) لە بەشێکی شیعری (من تینوێتیم بە گڕ ئەشکێ) کە لە ساڵی ١٩٧٢دا نووسیویەتی دەڵێت:

**ئاوی تینووم..**
**بەشوێن شەپۆلی خنکاوی خۆما هاتووم.**
**چرایەکم .. بەشوێن گڕی خۆما هاتووم.**
**لەگەڵ پەپوولەی فرمێسکی سەر کارێزی،**
**چاوی ئاڵی .. بەرەبەیانی ئاسۆدا**
**لەگەڵ کۆتری، دەنگی سپی برینداری**
**"بیکاسۆ"دا کەوتوومە رێ.**
**لەگەڵ دووکەڵی هەواڵ و .. بۆ کرۆزیی**
**جەرگی سووتاوی سابلاّخا کەوتوومە رێ.**
**بە فرۆکەی سەنگەری- بارزانیی- هاتووم.**
**لە فرگەی خوێنی — ڤێتناما- ئەنیشمەوە** [٥٩]

شاعیر جارێك خۆی بە ئاوێکی ( تێنو)، جارێکی دی بە (چرا) دەچوێنێ و بەدوای شوناس و سەرچاوەی ژیانی خۆی و نیشتیمانەکەیدا دەگەڕێت، لەتەك ئاسۆی بەرەبەیان و توانەوە و نەمانی دەنگی ئاشتی لە ولاّت دەکەوێتە رێ، پاشان لەگەڵ دوکەڵی هەواڵی وێرانبوونی شاری (مەهاباد) درێژە بە برینی رێگەی خەبات دەدات، ئیدی لێرەوە خەباتی نەپساوەی نەتەوەیی کورد بە سەرۆکایەتی بارزانی بە خەباتی خوێناوی نەتەوەکانی جیهان گرێدەدات، ئەمەش لەپێناو رزگاری نەتەوە ژێردەستەکان لەژێر ستەمکاریی داگیرکاران، بەتایبەت گەڵی ڤێتنام، دیارە مەبەستی شاعیر لێرەدا ئەوەیە دەیەوێت لە رێگەی شیعرەوە رایەلەکانی پەیوەندی خەباتی ئازادیخوازانەی گەلانی چەوساوە بە یەکەوە ببەستێتەوە، بازنەی جیهانی شیعری خۆی فراوان بکات.

بارزانی لە دیدی (ا.ب. هەوری) (١٩١٢-١٩٧٩)ی شاعیر لە شیعری (بۆ پێشەوا)دا، نەك هەر سەرکردەیەکی گەورەی کوردە، بەڵکو رەهەندێکی جیهانی لەخۆگرتووە، هەروەك دەڵێت:

(٥٩) شێرکۆ بێکەس، دیوانی شێرکۆ بێکەس، ل ٢٨١-٢٨٢



**گـەر خەباتی تۆ و پێشەوای گەلان**
**ورد بـەراوردکـــا پیاوی بە ویژدان**
**ئەوان ئەستێرە و تـــۆ خۆری بەیان**[٦٠]

شاعیر گشت سەرکردەکانی گەلانی دونیای بە ئەستێرە وەسف کردووە، بەلاّم بارزانی بەرزتر و گەورەتر نیشانداوە و بە خۆری داناوە، ئەمەش وێنەیەکی جوانە، چونکە رۆشنایی هەموو ئەستێرەکان ناتوانیّ تاریکایی شەو رووناك بکاتەوە، بەلاّم رووناکی خۆر هەرگیز بە کۆی ئەستێرەکان بەراورد ناکریّ، کە شاعیر بۆ بارزانی بەکاری هێناوە، بەمەش بارزانی بەرزکردۆتەوە بۆ سەرکردەیەکی بەرز لەسەر ئاستی جیهاندا.

بەم شێوەیە تۆمارکردنی سەرکەوتنەکانی لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستان و لێهاتوویی بارزانی لە سەرکردایەتیکردنی گەلەکەیدا، ناوبانگی بارزانی لە خاکی کوردستان بردە دەرەوە، بگرە لە هەموو هەرێمەکەدا و لەناو ولاّتانی دراوسیّ و تەنانەت لە جیهانیشدا وەکو سەرکردەیەکی شۆڕشگێڕ ناسرا و، بناغەیەکی پتەوی بۆ ناساندنی کێشەی کورد بەجیهان دارشت. بۆیە بەشێکی زۆری شیعرەکان کە بۆی دەنووسران شیعری ستایش و پیاهەڵدان بوون و راستییەکانی لەخۆ گرتبوو، بەم جۆرە ستایشی خەسڵەتە بەرزەکانی کەسایەتی بارزانی و ستایشی شۆڕش و ستایشی پێشمەرگە و ستایشی داستانە قارەمانییەکان ئاوێتەی یەکتری بوون.

(٦٠) ا.ب.هەوری، بۆ پێشەوا، ر: برایەتی، ژ: ١٥٨٥، سێشەممە، ١٩٩٣/٣/٢، ل ٥.

## باسی سێیەم
## بە ئەفسانەکردنی بارزانی لە دیدی شیعرییەوە

بارزانی بە هەموو پێوەرێك کەسایەتییەکی نادار و، پاڵەوانێکی نەتەوەیی بوو، خەڵکی هەر چوار پارچەی کوردستان، بە کوردەکانی یەکێتی سۆڤیەتی جارانیشەوە خۆشیان دەویست، تەنانەت ئەو خۆشەویستییە گەیشتە پلەی عاشقبوون، چونکە بارزانی وێنەی ئەفسانەیی مێژووی گەلی کوردی زیندوو کردەوە و پێشکەشی گەلەکەی کرد، (د. پاکیزە رەفیق حیلمی) کاتێك بارزانی دەبینێ، بەم شێوەیە وەسفی دەکات: ((لەو کاتەدا گەنجێکی وریا و چالاك بووم کە چاوم پێکەوت رۆستەمی زاڵم بیر کەوتەوە کە باوکم باسی ئازایی و پاڵەوانی بۆ کردم، بەڕاستی ئەوسا وام ئەزانی رۆستەمی زاڵ پاڵەوانێکی ئەفسانەیی بووە لە مێژووی کۆنی کورددا. بەڵام کە چاوم بە مەلا مستەفا کەوت بە چاوی خۆم، وتم ئەبێ ئەمە بێ رۆستەمی زاڵی راستەقینە و ئەمەی من ئەی بینم ئەفسانە و خەیاڵی نەتەوەیەکی لێ قەوماو نییە وەك کورد لە داخی کەساسی و بەسەرهاتی خۆی بە خەیاڵ پاڵەوانێکی دروست کردووە بە ئومێدی ئەوەی رزگاری کات لە دەرد و مەینەتی و ناوی ناوە رۆستەمی زاڵ..ئەمەیە رۆستەمی زاڵ وا بەر چاوم))[٦١].

ئەو لە ناخی گەلەکەیەوە دەژیا، لەگەڵ ئازارەکانیان دەهەژا، تەنیا خاڵێك لە جەماوەری جیا کردبێتەوە، ئەوەبووە کە ئەو لە بنەماڵەیەکی ئایینپەروەر و شۆڕشگێڕ بووە، بۆیە هەر لەگەڵ لە دایکبوونی لە تەمەنی (٣) ساڵیدا کەوتە زیندان، ئیدی دەروێشانە خوی بە ئازادیی و جەماوەر گرتبوو، خۆشەویستی هەژاران بوو، ئەوانەی بارزانییان دیبوو دەیانزانی سەرچاوەی خۆشەویستی ئەو لەوەدابوو، کە توانی بووی پردی خۆشەویستی لەگەڵ هەژاران بونیاد بنێت، هەمیشە لە ناویاندا هەستی بە ئاسوودەیی دەکرد، ئەو خۆشەویستییەکی وای دروستکردبوو، کە تاکو ئێستا لە ناو کورددا هیچ سەرکردەیەك توانای دروستکردنی نەبووە. بۆ بڵندگۆی دادپەروەریی هەرگیز جیاوازی لەنێوان هەژارێك و دەوڵەمەندێك نەدەکرد، مافی هەژارەکەی

(٦١) د. پاکیزە رەفیق حیلمی، کورد و ژیانێکی پڕ ئەندێشە، ل ٢١٧.



وەردەگرتەوە ئەگەر لەسەر ژیانی خۆشی بە گران کۆتایی پێ بهاتبایە[*]، ئەم خووڕەوشتانە پێگەی خۆشەویستی بارزانی لەناخی میللەتدا بەرفراوانتر کرد، ئەو یەکێك بوو لەو سەرکردانەی کە بەکردەیی گوتە و کاری خۆی بەیەکەوە دەبەستەوە ((بەدرێژایی ژیانی شتێکی بەکەس نەدەگوت کە خۆی باوەڕی پێ نەبوایە یا بە راستی نەزانیبایە))[٦٢]. کاتێکیش دروشمی ئازادی، ئاشتی، دیموکراسی، دادپەروەریی بەرز دەکردەوە، بە کردەیی لەناو گەلەکەیدا نموونەی بەرجەستەکراوی پیشان دەدان، تەنانەت زۆرجار ئەو مافانەی تەنیا لە خەیاڵی هەژاران بوو، کە وەری بگرنەوە، ئەو وەکو نموونەی بالاّ، ئەو ئاواتانەی بۆ دەهێنانە دی ((بارزانی دژی ستەم بوو ئەگەر بیزانیبایە لە جێگایەك زوڵم دەکرێ لە هانایان دەبوو بەرگری لێ دەکرد، ئەگەر کەسێك پیاوێکی بکوشتبایە بەناحەق دەبوایە بکوژرابایەوە... یەکێك لە پیاوماقوڵانی پشدەر لەگەڵ پیاوێك لە دێهاتەکەی خۆی بەشەڕ هاتبوو گوللەیێکی[*] لە لاقی دابوو، خزمەکانی هاتنە لای بارزانی شکایەتیان کرد کە چۆن بەناهەق ئەو پیاوە بریندار کراوە، فەرمانی دا دەبێ ئەو

(*) هەر لەم بارەیەوە فارس باوە کە پێشمەرگەیەکی دیاری شۆڕشی ئەیلولە، دەگێڕێتەوە و دەڵێت: ((جارێکیان لەگەڵ بارزانی چووینە دەوروبەری سلێمانی، لە ماڵی گەورەی یەکێك لە هۆزەکانی ئەو ناوە، کە ناوەکەی لای خۆمە، مێوان بووین، دیار بوو لاوێك هاتە دیوەخان و لای بارزانی شکاتی لە گەورەی هۆزەکە کرد و گوتی: غەدرم لێ دەکات. فارس وتی: (بارزانی زۆر تووڕە بوو، سەرزەنشتی گەورەی هۆزەکەی کرد و گوتی: چۆن دەبێ غەدر لە هەژاران بکەن، پاش ماوەیەك براکەی گەورەی هۆزەکە بە بارزانی وت: قوربان نەدەبووا بۆ هەتیوێك فلان عاجز بکەی. بارزانیش تووڕە بوو، هەستایە سەر پێ و ئیشارەتی بۆ چیاکەی بەرامبەر کرد و گوتی: ئەم چیایەم دوژمن بێ بە تەنیا ئێوە بۆ من تەختی بکەن، بەڵام غەدر لە هەژارێك بکەن، ئەو چاکەیەی ئێوەم ناوێ، ئینجا سوێندی خوارد و فەرمووی بزانمەوە غەدری لێ دەکەن، بە مردنی خۆیشی بمرێ تەفروتووناتان دەکەم)). فارس باوە دەیگوت: (من لە هەیبەتی بارزانی دەلەرزیم و زۆریش دەترسام. چونکی قوەتی ئەوان زۆر لە ئێمە پتر بوو، بەڵکو بارزانی چاك دەیزانی ئەو هۆزە ژمارەیان چەند زۆرە، هەر لەوێ ژمارەی ئافرەتەکانیان دە بەرامبەر حەرەسەکانی ئەو دەبوو) )). بڕوانە: عومەر عوسمان، وەفا بە وەعد، راستگۆیی، بڕیاردان، پارێزگاری لە هەژاران، کۆنگرەی یادەوەریی سەد ساڵەی بارزانی نەمر، بەشی یەکەم، ل ٤٤٣.

(٦٢) حەمید سوری، کۆڕی بارزانی، ۆنگرەی ٩٠ ساڵەی لەدایکبوونی بارزانیی نەمر، ل ٣٣٢.

(*) لە سەرچاوەکەدا (تفەنگێکی) نووسراوە، ئەمەش هەڵەیە و راستییەکەی (گوللەیێکی)ە.

دەست درێژکەرە بهێنن، کە هێنایان بڕیاریاندا دەبێ بریندارەکە گوللەی[**] بە کوێ کەوتووە گوللەیەك لە هەمان جێی دەست درێژکەرەکە بداتەوە، هەرچەندە زۆر لە پیاوانی پشدەر هاتنە لای و داوای عەفویان بۆ کرد بەلاّم موافق نەبوو هەتاکو کابرای بریندار خۆی هاتەلای گوتی گەورەم من عەفووم کردووە و ئێمە ڕێککەوتینەوە بووین بە برا هیچمان لە بەین نەما ئەنجا بارزانی رازی بوو پیاوماقوڵەکەی عەفو کرد))[٦٣]. ئەم هەڵوێستە جوانانەی بارزانی، کە لە زەمینەیەکی واقیعی هەڵقوڵاون، لەلای (نەژاد عەزیز سورمێ) بووەتە سەرچاوەی ئیلهامی شیعری (ئێستا و ئەوسا) و ئاوێتەی خەیاڵێکی بەپێز و جوانی سروشت کراوە:

**ئەی بارزانی**
**تۆ لە هەزار بە هەزاری کێوەکانماندا هاتی ...**
**گوێت بۆ برووسکە و**
**بۆ هەورە ئاوتێنەزاوەکان هەڵخست...**
**بەدەسرێژی گوللە پێکەنیت و**
**وتت: نەء!**
**ئەوسا هاتی لەبەر هەورازە هەمیشە هەورازەکەماندا**
**بوارت دۆزیەوە و سواری شەپۆلەکان بووی...**
**تا لە بێدادی دا**
**داد و**
**لە برسیەتی دا**
**نان و**
**لە تینوویەتی دا**
**ئاو بخولقێنی...**[٦٤]

(**) لە سەرچاوەکەدا (تفەنگی) نووسراوە، ئەمەش هەڵەیە و راستییەکەی (گوللەی)ە.

(٦٣) عزت سلێمان بەگ دەرگەڵەیی، بارزانی ی نەمر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٨٣.

(٦٤) ئێستا و ئەوسا، نەژاد عەزیز سورمێ، کۆنگرەی ٩٠ ساڵەی لەدایکبوونی بارزانی ی نەمر، ل ٤٠٦- ٤٠٧



شاعیرانی کورد بە ئامادەیی بارزانی لە کۆڕی خەباتدا کەرەسەی خاوی دەوڵەمەندکردنی شیعرەکانیان بۆ فەراهەم بوو، بۆیە کاتێك دەیانویست گوزارشت لە کەسایەتییەکی مێژوویی وەك بارزانی بکەن، پەکیان نەدەکەوت، چونکە لە هەموو لاوە وشە و وێنەی جوانیان بۆ هەڵدەڕژا، لە هەر گۆشەنیگایەکەوە بیان ویستبایە باس لە بارزانی بکەن، وەك سەرچاوەیەکی لە بن نەهاتووی ئیلهامی شیعری، ئەوا دەیان مانای جوانیان لەلا بەرجەستە دەبوو، دەقی شیعری خۆیان پێ دەوڵەمەند دەکرد، هاوکات بۆ باسکردنی شۆڕش و سەرکەوتنەکانی بارزانی و پەیوەندیی رۆحی لەگەڵ گەلەکەی، ئەو وێنە زیندوانەی، کە بەچاوی خۆیان لە رەفتاری بارزانییان بەرجەستەکردووە، هەموو ئەمانە بۆ شاعیران کەرەستەیەکی دەوڵەمەندی شیعریی بوون، هەروەك (هێدی) لە شیعری (بەیادی تۆ بارزانی)دا دەڵێت:

**وشەم خۆ ناگرن نـــاسرەون    وەپێش فرمـێسکم دەکـەون**
**یان بۆ وشێك مات و گێژم    یـان زۆرن دایـــــان دەبێژم**
**خۆم لە دزێــــوان دەبوێرم    کامیان جوانن لێ ی دەژمێرم**
**تـــا بەشێوەی ویـــژەوانی    یـــادی تـــۆ بکـەم بارزانـــی**[٦٥]

واتە بارزانی بۆ شاعیران سەرچاوەیەکی لەبن نەهاتووی شیعری بوو، هاوکات شاعیران بە وشە و خامەکانیان لە وەسفکردن و وێنە شیعرییەکاندا لە هەمبەر بارزانی دا، زۆر سەرقاڵی ئەوەبوون تاوەکو بتوانن بە شێوەیەکی هونەری گوزارشت لە ناخی خۆیان بکەن، بۆ ئەوەی شیعری جوان و پڕ وردەکاری بۆ بهۆننەوە.

بارزانی بە ئازایەتییەکەی، توانی سەروەری نەتەوەیی بگەڕێنێتەوە، چونکە ترسی لە فەرهەنگدا نەبوو، بۆیە دوژمن لە مەیدانی جەنگدا تەنانەت بە بیستنی ناوەکەی چۆکی دادەدا و دەشکا، لەم بارەیەوە شەوکەت مەلا ئیسماعیل دەڵێت: ((کۆتایی مانگی ١٢/ ١٩٦١ پێش ئەوەی بگەینە نزیك شارۆچکەی (کانی ماسی) لەناوچەی (بەرواری باڵا)، دامودەزگای ناحیەکە بەبیستنی ناوی بارزانی و لەشکرەکەی، بەخۆیان و ٢٠٠ چەکداریانەوە هەڵهاتن و چوونە ئەودیو سنووری تورکیا. بارزانی: بەناو و ئیمزای خۆیەوە نامەیەکی ئاراستەی نزیکترین هێزی چەکداری تورکیا لەودیو سنوورەوە کرد، کە دەبێ لە ماوەی سێ رۆژدا ئەو چەکدار و لێپرسراوانەی لە (کانی ماسی)یەوە گەیشتوونەتە تورکیا تەسلیممان بکەنەوە، ئەگینا ناچار

(٦٥) هێدی، کاروانی خەیاڵ، ل ٣٢٠، ٣٢١ .

دەبێ هێزەکانمان دەکەین بەناو خاکی تورکیادا و شوێن دوژمنی خۆمان دەکەوین هەتا (ئەنقەرە)...دوای ناردنی نامەکە بە دوو رۆژ هەمموویان بەسەر چیای (سەری زبڕ)دا کرانەوە بە ئەمدیو سنووردا))[٦٦]. بۆیە شاعیرێك دەڵێت:

**شاهەڵۆی سەر شاخ و داخی بارزانی بەرزی تۆ**
**هۆی ئومێد و هێزی هەستی قەومی لێقەوماوی کورد**
**وەك مەسیح رۆحی پاکت کوردی زیندوو کردەوە**
**سەر لەنوێ ژینی ژیاوە دەبدەبەی دۆڕاوی کورد**
**گاندییەك بووی بۆ تەواوی هۆگرانی ئاشتی**
**بوویە قیبلە بۆ ژنان و کیژ و پیر و لاوی کورد** [٦٧]

بەم جۆرە لەم کۆپلە شیعرەدا کۆمەڵێك واتای جوان کۆکراونەتەوە کە گوزارشت لەلایەنێك لەو سیفاتانە دەکەن، کە بارزانی پێیان دەوڵەمەند بوو، دیارە بارزانی کەسایەتییەکی خۆشەویست و ئاشتیخواز و نەبەرد و بونیادنەری لەخۆیدا کۆکردۆتەوە، ئەو وێنەیەکی ئەوتۆی بۆ خۆی لە زەینی ئەو شاعیرانە هەڵکۆڵیوە، ئیدی خەیاڵی سیحرئامێزی ئەوان و ئەفسانەیی بارزانی دەبێ چ دەقە شیعرێك بجوڵقێنێت. هەر ئەم تێڕوانینانەیە وای کردووە شاعیر بەجۆرێك گوزارشت لە بارزانی بکات، کە ئەو وەکو کەسایەتییەکی ئەفسانەیی بێتە هەژماردن، لەمەشدا نموونەی حەزرەتی عیسا دەهێنێتەوە کاتێك بەنیشاندانی پەرجوو، مردووی زیندووکردۆتەوە، بە هەمان شێوە بارزانی ئەگەر خودان پەرجوو نەبێ، ئەوا هەڵوێست و کاریزمایی ئەو، وای کرد گەل بەئاگا بێنێ و بە کەشتی شۆڕشەکانی، گەلەکەی زیندوو بکاتەوە و بیگەیەنێتە بەندەری وشیاریی.

شاعیرێك بەجۆرێك بارزانی وێنەکێشاوە، کە خودان کەسایەتییەکی ئەفسانەییە، تەنانەت تروسکایی یادەوەرییەکەی جگە لەوەی سەد مۆم و مەشخەڵ لە دڵ و دەروون دەکاتەوە، هاوکات سەد لاپەڕە لە مێژووی پڕ شانازی و خوێناوی هەڵدەداتەوە، دواتر شاعیر وێنەی بارزانی بە دەبانێکی تیژی بەرکەمەری کۆماری کوردستان بۆ لەناوبردنی دوژمن و، هاژەی بەردەوامی ئاوی ئاراس وەسف دەکات، ئیدی بە داستانە قارەمانییەکانی نەك هەر خۆی

(٦٦) شەوکەت مەلا ئیسماعیل، رۆژانێ لە مێژووی شۆڕشی ئەیلول ١٩٦١-١٩٧٥، ل ٥٠-٥١.

(٦٧) سەلاح سۆران، قارەمانی مێژوو، بارزانی لە ویژدانی رۆژهەلاتی کوردستاندا، ل ١١٩.



بووەتە کەسایەتییەکی ئەفسانەیی، بەڵکو کوردستانیشی کردووە بە وڵاتی ئەفسانە و پڕ داستان، هەروەك دەڵێت:

**یەك ترووسکەی یادەوەریت**
**سەد مۆم، سەد ئاگری بەمەشخەڵان**
**لە دڵاندا دەکاتەوە**
**سەد لاپەڕە لە دیرۆکی بە خوێن نووسراو**
**پەڕ بە پەڕ هەڵدەداتەوە.**
**ئەی دەبانە مووکارەکەی**
**بەر کەمەری**
**جەمهوریەتەکەی کوردستان.**
**هاژە هاژی بەردەوامی**
**چەمی ئاراس،**
**ئەی ئەفسانە و،**
**خودان جوانترین داستانی**
**وڵاتی ئەفسانە و داستان** [٦٨]

شاعیرێك بارزانی وا وێنەکێشاوە کە تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردی گەلێ وێنەی چارەسەری حەزەکانییان لە کەسایەتی ئەودا هەڵدەهێنجا و، کەسایەتی بارزانییان وەك نموونەی باڵای خۆیان لێکداوەتەوە:

**بەرامبەر هێزی ناڕەوا**
**وەکو لوتکەی خۆی وەستاوە،**
**تاجی شکۆمەندی رەنجی**
**لەسەر ناوە!..**
**بابەگەورەمان بارزانی،**
**تۆ دروشمی**

(٦٨) محەمەد داریاس، ئەفسانە و داستان، گولزارێکی وشە لە یادی سەد ساڵەی بارزانی، ئا: مومتاز حەیدەری و ...، ل ١٤٤.

**ناخ و هەستی هەموومانی،**

**تۆ بە ڕەوان هاوڕازمانی**

**بە ئاواتی**

**بەرز و ڕەوانمان ئەزانی...**[٦٩]

وێنە شیعرییەکانی شاعیرانی کورد بارزانییان بەو شێوەیە لە شیعری خۆیاندا بەرجەستە کردووە، کە ئەم کەسایەتییە ئەفسانەییە شتێك نییە لەلای دژوار بێت، چونکە ژیانی ئەو بەشێکە لە پەرجووە، لە بەرانبەریشدا گەلەکەی پیرۆزی ئەو قوربانیدانە گەورەیان لەبەرچاودا ون نابێ و، خۆنەویستانە بە ڕۆح و جەستە خۆیان دەکەنە قوربانی، چونکە بارزانی هەرچی خەم و کێشەی گەلەکەیەتی لە جیاتی ئەوان بە ئەستۆی خۆی گرتووە و، لەو پێناوەدا ڕۆحی خۆی پێشکەش بە نیشتمانەکەی کرد.

کەسایەتی بارزانی بەدەر لە خواستی خۆی بووە نموونەی بالاٚ، ئەوانەی کە لەگەڵی دابوون و ئەوانەشی کە تەنیا لە دوورەوە دەیانناسی یاخود تەنانەت ناویان بیستبوو، لە سەرووی خواستی خۆیانەوە لە بەرهەمەکانیاندا وەسفی گەورەیی و شۆڕشگێڕیی و دادپەروەیی و ئازایەتییان دەدایە پاڵ بارزانی، تەنانەت زۆر بە زەحمەت دەبینییەوە کە سیفەتێکی باش هەبێ و باس کرابێ، نەدرابێتە پاڵ بارزانی، هەروەك قازی محەممەد سەرۆکی کۆماری کوردستان لەناو هۆڵی دادگایی کردنیدا، کاتێك دادوەر داوای لێدەکات بەپێی زانیاری خۆی بارزانییان پێ بناسێنی دەڵێت: ((ئەوەی لە پیاوەتی و کەرامەت و شەرافەت و ئینسانییەت و شەجاعەت و نەبەزیی و سەخاوەت و پیاوەتی و نەترسیی لە مێژوودا کەسانی مەزن بوویێتیان، مەلا مستەفاش هەیەتی، ئەوەی موسڵمانانی سەدری ئیسلام لە باوەڕ و ڕاستیی و پاکیی و دڵسۆزیی بۆ خوا و ئایین و خەڵکی هەژار و داماوی میللەت بوویانە بارزانی هەمموو ئەوانەی تێدایە))[٧٠]. چونکە ئەو بەبێ ئەوەی تەنانەت لای زۆرکەس ببینرێ ببووە سەرگوزەشتەی قسەکان و نموونەی باشی وتەکان. کار گەیشتە ئەوەی کە زەمەنێك کەس باسی هێزی گەل و سەرکەوتنەکانی گەل و خواست و ئاواتەکانی نەدەکرد، بەڵکو هەموویان باسیان لە خودی

(٦٩) عوسمان محەممەد هەورامی، بابە گەورە، بارزانی نەمر، چریکەی چیا و سترانی شاعیران، ل ١٨٨.

(٧٠) کیۆمەرس سالح، سەرۆك کۆماری کوردستان لەبەردەم دادگای ئێراندا، ل ٢٣.



بارزانی دەکرد، ئەمەش بەو مانایە دێت کە بارزانی و گەل لە یەك سەنگەر و بگرە لە یەك جەستەدا کۆببوونەوە، ئیدی ناوی بارزانی هەموو گەلی کوردی گرتەوە:

**لەچوار دەوری کوردستانم**

**هەرچەندی دێم و دەڕوانم**

**لەسەر دوندی هەر چیایەك**

**لەسەر تەنکەی هەر گەلاٚیەك**

**لەسەر شاپەڕی هەر گوڵێ**

**لەسەر دەروازەی هەر دڵێ**

**لەو سەرانەی دوژمن ناشتی**

**لەسەر سینگی کۆتری ئاشتی**

**ئەو دێڕە شیعرە نووسراوە**

**کورد بە (بارزانی) ناسراوە**[٧١]

ئەم جۆرە وەسف کردنە وەنەبێ شێواندنی ڕاستییەکان بێت، چونکە بارزانی ڕابەرایەتی گەلەکەی دەکرد و شۆڕشی هەڵدەگیرساند، تەنانەت لە شۆڕش و جەنگدا پێشەوەی ئاگر و ئاسنی گرتبوو، تا سەرەنجام بەرهەمی ئەو تێکۆشانەی پێشکەش بە گەلەکەی کرد، بە مانایەکی دی کاتێك شاعیران بەو شێوەیە لە دەقە شیعرییەکانیاندا باسی بارزانییان دەکرد، بەلای ئەوان شانازییەکی گەورەیان لە ڕاستگۆیی هەست دەربڕین تۆمار کردووە، چونکە بارزانی بارگرانییەکانی سەرشانی ئێمەشی خستبووە سەرشانی خۆیەوە، هەروەك لە بەڵگەنامەیەکدا لە (١٩٥٧/٤/٤)دا هاتووە: ((حەقی ملتی کوردستان وە **وطنی** عزیزمان لەسەرە تا او دەرەجەیە کە ایمە بە پاکو صافەوە عمری خۆمان بوی صەرف بکەین و هەرچی لە دەستمان بیت قسور نەکەین نە بە کوفتار و قسە بەلکی بە عمل و کاری مخلصانە خزمتی بکەین بە دل و روحەوە))[٧٢]. بۆیە گەلەکەشی لەلایەن خۆیەوە چارەنووسی خستبووە ژێردەستی بارزانی، متمانەی گەلیش بەبارزانی گەیشتبووە ئەو ڕادەیەی کە ڕۆحی ڕۆڵەکانی

(٧١) حەسەنی دانیشفەر، کورد و بارزانی، بارزانی نەمر، چریکەی چیا و سترانی شاعیران، ل ٢٢٨.

(٧٢) دکتر اسو، خاطرات زندگی پر ماجرای دکتر اسو (چهره مهاباد)، مقدم: محمود پدرام (زوزان)، نشر هور، تاران، ١٣٧٤، ص ٦٨٠ .

خۆیان پێ بسپێرن، بۆیە بارزانی بە دڵنیاییەوە هەنگاوەکانی هەڵدەهێنا و هیچ شتێك لە فەرهەنگیدا نەبوو ناوی خۆبەدەستەوەدان بێت. هەروەك لە یادداشتەکانی (ئەبولحەسەن تەفرەشیان)دا هاتووە: ((مەلا مستەفا خۆی بەدەستی کەسەوە نادات))[73]. بارزانی هەموو شتێك دەکات و گەلەکەشی شانازی پێوە دەکەن، چونکە ئەو شکۆمەندیی پێشکەش کردن، بۆیە شاعیران هەرچی وەسفی جوانیان هەیە هەڵیدەڕێژن، چونکە بارزانی ((شۆڕشێکی ڕزگاریخوازی نیشتمانی بەرپا کرد و سەرکردایەتی شۆڕشگێڕە فیداکارانی نەتەوەکەی کرد و بوو بە ڕەمزێکی مەزنی نیشتمانی و نەتەوەیی کورد لەناو میللەتەکەی بە گشتی و لەلای نووسەر و شاعیری هاوچەرخی کورد بە تایبەتیی))[74]. هەروەك (ئەژی گۆران) لە شیعری (کە جامانە لە گەردنا سوور هەڵگەڕێ)دا، بە شانازییەوە بارزانی و دەستکەوتەکانی بەیەکەوە دەبەستێتەوە، کە تاکو کۆچی دوایی کرد قەڵغانێك بوو بۆ نەهێشتنی ئەو بەڵایانەی دوژمن بەسەر ئەو گەلەی دەهێنا، بۆیە بەم چەشنە گوزارشتی لێ کردووە:

**ئەی بارزانی**
**هەر ئەو کاتەی**
**خاکت پێچایە سەری خۆت...**
**جامانەکەت...**
**بۆ یەکەم جار...**
**پەپکەی داخی دەیان ساڵەی خۆی کردەوە...**
**سەرت قەڵغانی بەڵابوو...**
**تا سەرت نا بە خاکەوە...**
**تا بوویتە سوورە چنارێ...**
**لق و پۆپت**
**شانازی و سەربەرزی ئەگرێ...**[75]

(٧٣) ئەبولحەسەن تەفرەشیان، بارزانی لە مەهابادەوە...بۆ ئاراس، ل ٣١٣ .

(٧٤) کەریم شارەزا، بارزانی وەك ڕەمزێکی دیاری نەتەوەییمان لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا، ل ١٧.

(٧٥) ئەژی گۆران، کە جامانە لە گەردنا سوور هەڵگەڕێ، بارزانی نەمر، چریکەی چیا و سترانی شـاعیران، ل ٢٠٦-٢٠٧ .



شاعیریکی دی پێی وایە ئەو سەرکردە ئەفسانەییە هەر لە منداڵییەوە خودا وەك پەرجوویێك بەو گەلەی بەخشیوە، بۆیە لە کەڤاڵێکی پڕ لە سەرسامیدا کە لە ناخی ئەندێشەوە بازدەداتە سەرزەوی، بارزانی وا وێنە دەکێشی کە هەر لە سەرەتای لەدایکبوونیەوە دەستەکانی بۆنی خاکی گرتووە، ئەمەشی بۆ خۆشەویستی خاك گێڕاوەتەوە، بۆیە هەر لە منداڵییەوە سیفەتی نموونەی باڵا بەم کەسایەتییە دەلکێنێ :

**دەستەکانی بۆنی خاك و خۆڵی وڵاتیان گرتبوو**
**خەڵکی هەموو سەریان سوڕما**
**هەتا ڕۆژێکی گوڵدانە خنجیلانەکەی**
**هەردوو مشتی**
**پڕکرد لە خاك**
**بردیان بۆ لای دەیان پیاوچاك**
**پەنجەکانی نەکردەوە**
................
**توندتر خاکی لە دەستەکانی دەگوشی!**
**هاتن بردیان بۆلای شێخێ**
**هێندە گریا ... هێندە گریا ... هێندە گریا**
**خاك لە مشتیا بەجێ نەما**
**تا شێخ فەرمووی:**
**بیبەنەوە ... تازە ئەمە موعجیزەیە**
**پێی بەخشیوین گەورەیی خوا**[76]

شاعیرێکی دی، کە سوودی لە هونەری وێنەکێشان وەرگرتووە و لە تابلۆیەکی هونەریدا، جگە لەوەی پیرۆزی بە بارزانی بەخشیوە، هاوکات بەشێوەیەکی تایبەتی لە کەسایەتی بارزانی ڕوانیوە، کە ئەو لە مرۆڤی ئاسایی چۆتە دەرەوە و بووەتە کەسێکی ئەفسانەیی، هەروەك دەڵێت:

(٧٦) ڕێبوار ئیدریس، سەری ساڵ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣١-٢٣٢.

ئەو سوارێك
لە حەقیقەت، فانۆسی نوری لەدەست بوو
قژی شتەکانی بەبۆیەی ئاسمان رەنگ دەکرد و
پێکەنی،
لە نهێنی ئەودا سەرم سوڕمابوو
بۆیە بەردی پرسیارم هەمیشە لە دەستە و
دەیگرمە دەرگاکانی مێژوو
کە تۆ نە بەندەی سەر زەوی
نە فریشتەی نێو ئاسمانی[٧٧]

لەوە دواتریش هەرچی پرسی نەتەوەیی هەیە، چ ئەوانەی لە ئاستی شۆڕشگێڕی و سیاسەت و هەڵوێستە جیاوازەکان بەدی هاتوون، بوونە بەشێك لە بارزانی، وای لێهات کەسایەتی بارزانی لە چوارچێوەی ناوچەیی و هەرێمی چووە دەر، بەشێوەیەك وەسف کرا کە ئەو هەر تەنیا خەمی کوردستانی باشووری زێدی خۆی لەبەر نەبووە، بەڵکو هەموو بەشەکانی دیکەی کوردستان لەلای وەك خەمی بەشە کوردستانییەکەی خۆی وایە، لەگەڵ ئەوەشدا سەربەخۆیی کوردستانی گەورە لە کارنامەی خەباتیدا رەنگڕێژ بووە، هەژار موکریانی دەڵێت: ((رۆژێك کە هەردوو بەدوو بووین گوتم: کورد دەوڵەتی هەبێ ناتوانێ ئیدارەی بکا، چونکە بواری کەناری دەریامان نییە..فەرمووی قسەی سەیر دەکەی..(شەرەفنامە)ت وەرگێڕاوە و ئەمەش دەڵێی؟ چۆن نازانی لەلایەك تەنگەی هورمز و لەلایەك ئەسکەندەروونە کوردستانە و لە دوولاوە پاڵمان بە دەریاوە داوە؟؟ ))[٧٨]. هەر بۆیە بەلای شاعیرێکی دییەوە بارزانی هەر لەگەڵ رۆژی لە دایك بوونیدا بۆ گەل و نیشتمانەکەی پەرجوو بووە و لە ئەزەلەوە بۆ رزگارکردنی کوردستان خولقاوە، بووەتە هۆی بووژانەوە و گۆڕانکاری لە سروشت و زۆربەی لایەنەکانی ژیان، ئیدی لەو رۆژەوە مێژوو گەشترین رۆژ تۆمار دەکات، بەوەی کورد بە گشت پارچەکانییەوە دەبێ بە خاوەن سەرکردە، هەروەك دەڵێت:

(٧٧) شیرین ئیبراهیم حەیدەری، سوارێك لە حەقیقەت، گولزارێکی وشە لە یادی سەد ساڵەی بارزانی، ل ١٠.

(٧٨) هەژار موکریانی، بارزانی، ل ٣٤-٣٥.



هەر لێرەوە
خاك رەنگی گۆڕا
ئەشکەوت ئاوەدان بۆوە
کانیاو ئاوی خورایەوە
زەنوێرەکان توولە رێگایان بۆ چوون
ئازار خەندەی دوا رۆژ بوو
ئەسپێکی نەوچەوان سپی
سمکۆڵی لە رەوی کرد و
وەك بروسك پەیامی هێنا

هەموو ئەم وێنە جوانانە بەسەر یەکەوە گوزارشت لە دەرکەوتنی موژدەیەك دەکەن، بەڵام هەر سروشت ئەم موژدەیەی رانەگەیاندووە، بەڵکو شاعیر ئەمجارە بەخەیاڵی بەپێز و قووڵی خۆیەوە پەیامی ئازادی و خۆشگوزەرانی لە رێگەی (هەڵۆ) پەخش دەکات:

هەڵۆیەك بەرز بەرز ئەهات
باڵی لە هەور ئەدا
رەشترین هەوری رەواندەوە
هات لە بەرزترین دوندی کوردستان نیشتەوە
پاش کەمێ پشوو، بە شەماڵ دا نامەیەکی
بڵاو کردەوە
لە ئازارەکانی جووتیارێك دا پەیام و
لە خەونەکانی ژێر دەستێك دا ئازادی و
لە زستانی هەژارێك دا بەهار و
لە چۆراوگەی ئاوەدانییەك کانیاو بەرجەستە بوون..
شەو بوو بە رۆژ
توولە رێگاکان سنگیان راخست
مێژوو تۆماری گەشترین رۆژ بوو
بارزان بوو بە مەکۆ و
کورد بە خاوەنی سەرکردە و
بارزانیی لەدایك بوو[٧٩]

(٧٩) عوسمان ریشە، پەیامی ئەستێرە، بارزانی نەمر، چریکەی چیا و سترانی شاعیران، ل ٢١٧ .

دەکرێ ڕەخنەگرانی کورد پرسیاری ئەوە بکەن، ئاخۆ ئەگەر بارزانی هەڵگری ئەو هەموو مانا شۆڕشگێڕییە جوان و ئەو خۆشەویستییە جەماوەرییە بێت، ئاخۆ شاعیران چۆن هەڵوەستە لە بەرانبەر نسکۆی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥دا دەکەن؟ بۆچی وەکو دەربڕینی ستایشەکانیان، بەشێوەیەکی ڕەخنەئامێزانەش هەڵوەستەیان لەسەر نسکۆ نەکردووە؟ بۆ وەڵامی ئەمەش ڕەنگە لۆژیکی عەقڵ ئەو ڕێگەیەمان بۆ ڕوون بکاتەوە و پێمان بڵێت: ئاخۆ بۆچی ئێمە بەرپرسیارییەتی نسکۆی شۆڕش تەنیا بخەینە ئەستۆی بارزانی و سەرکردایەتی شۆڕشی کورد، لە کاتێکدا ئەوەی بەسەر گەلی کورد هات پیلانێکی نێودەوڵەتی بوو بۆ لەناوبردنی شۆڕش، دیارە ئەمەش لە دەرەوەی ئیرادەی گەلی کورد بوو، ئایا ئەگەر ئەوکات کورد درێژەی بە شەڕ بدایە، توانای شەڕێکی دوور و درێژی لەگەڵ هەردوو دەوڵەتی عیراق و ئێران و هاوپەیمانەکانیاندا هەبوو؟ ئایا دەشێ شەڕ لە هەموو بارودۆخ و کات و شوێنێکدا ئەنجام بدرێت؟

ئەگەرچی هەندێك وایان دەزانی دوای نسکۆ شاعیران و جەماوەر ڕەخنە لە بارزانی دەگرن و پشتی لێ دەکەن، کەچی هاوکێشەکە بە ئاڕاستەیەکی پێچەوانەتر ڕۆیشت و شاعیران لەو فانتازیایە جوانەی لە شیعرەکانیاندا بەکاریان دەهێنا، بەردەوام بوون لە ستایشی بارزانی و پیرۆز ڕاگرتنی گوتە و هەنگاوەکانی و، خۆشەویستی ئەم سەرکردەیە زیاتر لە جاران بووە ئیلهامی شاعیران. تەنانەت شاعیرێکی وەکو (هەژار موکریانی) دوای کۆچی بارزانی بەشێکی گەورەی دیوانەکەی بۆ بارزانی تەرخان کردووە. هەروەها (هێدی) تاکو ئێستاش لە شیعر هۆنینەوە بۆ بارزانی بەردەوامە، یاخود (سەدیق بۆرەکەیی) لە پێشەکی ئەو شیعرانەی کە بۆ بارزانی نووسیویەتی ئەوە ڕوون دەکاتەوە بارزانی ((لە ساڵی ١٩٧٩ دا کۆچی دوایی کرد و منیش بەهۆی کۆچی دوایی بارزانییەوە کۆمەڵە هەڵبەستێکم لە سەد و پەنجا هۆنراوەدا هۆنیوەتەوە))[٨٠].

کۆچی دوایی بارزانی لە ١٩٧٩/٣/١ کۆستێکی گەورە بوو بۆ گەلی کوردستان بە گشتی و پێشمەرگە بە تایبەتی، کە زۆریان خۆش دەویست و ببووە خۆشەویستی ڕۆحییان، ئەم کۆچە، نائومێدی و بێدەنگی و ئیفلیجبوونێکی تەواو و سەرسامییەکی گەورەی نایەوە، چونکە بارزانی تا دواین ئەو ساتانەی کە مەرگیش یەخەی گرت لە خەباتکردن بەردەوام بوو، تەنانەت

(٨٠) سدیق بۆرەکەیی، بیرەوەری بارزانی، گوڵزارێکی وشە لە یادی سەد ساڵەی بارزانی، ل ٢٧٧.



بە نەخۆشی و لەناو جێگادا لە پێشمەرگایەتی دانەبڕا بوو. هەروەك (مەلا نەزیرێ بەدەوی) (١٩٣٣-١٩٨٦) کە شاعیرێکی کوردستانی ڕۆژئاوایە، دوای ئەوەی کە مەرگی بارزانی بە کوڵ فرمێسکی پێ دەڕێژێ و زامێکی هەمیشەیی لەسەر دڵی بەجێدێڵێ، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە سروشت و گوڵ و بولبول بەشداری لەم ڕۆژە ماتەمییەدا دەکەن، هاوکات ڕەشبینی باڵ بەسەر بیر و خەیاڵی شاعیردا دەکێشێ بەوەی کە لەدوای بارزانی کەس نییە مافی ڕەوای گەلەکەی بۆ وەربگرێت، لە شیعری ( ل سەر وەفاتا سەیدایێ سەرۆك مەلا **مستەفا** بەرزانی) دەڵێت:

**بولبول دخوینی دایە هەواری**
**سەرەکێ کوردا چوویە مەزاری**
**بهارا شینە شینە شێرینە**
**سووسن و نێرگز تێدا فۆرینە**
**نەغما بولبول بوو بولبولێ دینە**
**حێستر ژ چاڤا خوەش بارینە**
**هەر ڕۆژ و هەر شەڤ ئەز لێ دخوینم**
**هەر چاخ و هەر دەم ئەز دلبرینم**
**داغێ ل سەر دل چاوا کەوینم**
**بکێ کو ڕابم ئەز حەق بستینم**[٨١]

(عوسمان خۆشناو)ی شاعیر لە شیعری (کورد لە خۆر گیرانەکەدا)دا، باسی لەو چرکە ساتە کردووە، کە چۆن لەگەڵ کۆچی دوایی بارزانی خۆرگیران ڕوویدا و، ئەم هەواڵە دڵ تەزێنە خێرا بڵاوبۆوە و چاوەکان لە بینین کەوتن، هاوکات سروشت بەشداری لەم ڕۆژە خەمناکەدا کردووە و، زەوی و ئاسمان و دەشت و شاخەکان ئارامیان تێدا نەماوە، چونکە شاعیر پێی وایە دوای بارزانی ژیان شێواوە. شاعیر لەو ڕێگەیەوە دەیەوێت بڵێت: بارزانی تەنیا سەرکردەیەك نییە کە کۆچی کردبێ، بەڵکو مردنی ئەم پیاوە ئەفسانەییە، کۆستێکی لەوە گەورەترە کە لە

(٨١) مەلا نەزیرێ بەدەوی، دیوانا داهی، بەرهەڤکرن: تەحسین ئیبراهیم دۆسکی، دەزگەها سپیرێز یا چاپ و وەشاندنێ، چاپخانا وەزارەتا پەروەردێ، هەولێر، ٢٠٠٤، ل ٢٣٤-٢٣٥.

چوارچێوەی مردنێکدا کۆی بکەینەوە، تەنانەت دونیاش لەبەرچاوان رەش بووە، هەموو ئەمانەش لەبەر خەم و کۆستی گەورەی کۆچی دوایی بارزانی بووە:

**لە وەختێکا**
**چاو کوێرای دادەهات و،**
**لوتکە سەریان چوو بە تەما**
**خۆرگیران بوو**
**تەمتومان بوو**
**داك، ئاگای لە کۆرپەی نەما!**
**بۆ بارزانی .. کوا بارزانی ؟!**
**لەم تەنگانە،**
**هەردە و دەشت و چیای کوردستان**
**هەمووی ژانە،**
**رێبەندانە،**
**چ قەومایە؟!**
**سەرکردەی لەشکری خەمان**
**بەرەو مێژوو..**
**لەسەردانی چوارچرایە** [٨٢]

لێرەدا (جوانی بایس) بەدی دەکرێ، چونکە خۆرگیران دیاردەیەکی سروشتییە، بەهۆی کۆچی دوایی بارزانی دروست نابێ، بۆیە کاتێك شاعیر پەنای بۆ ئەم هونەرە رەوانبێژییە بردووە، بۆئەوەی دەربڕینە شیعرییەکەی بەهێز نیشان بدات، بەمەش گەورەیی کەسایەتی بارزانی بخاتەڕوو.

(سەدیق بۆرەکەیی) لە شیعری بۆ (بارزانی)دا، کاتێك باس لە بارزانی دەکات، ئەو بە زەردەشت دەچوێنێ و بەرزی دەکاتەوە بۆ ئاستی پێغەمبەرایەتی و بە رابەری رێگای بەهەشتی دەناسێنێ، ئەمانەشی بۆ راستگۆیی گێڕاوەتەوە، هەروەك دەڵێت:

(٨٢) عوسمان مستەفا خۆشناو، مەرگ و لەدایك بوونەوەیەکی نوێ، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ١٩٩٩، ل ٢٠٢.



**بارزانی ئەتۆ دیارە زەردەشتی دیارە رابەری رێگای بەهەشتی**
**پێغەمبەرێکی راستگۆ و راستبێژی ئەوەی لە دڵتا بێ راستی ئێژی** [٨٣]

هەر خودی ئەم تێڕوانینەش بوو، کە کاریزمایی بارزانییان پەرەپێدا و لەم رێگەیەشەوە هەمووولایەك بە دەوری بارزانی کۆبوونەوە و خودی کاریزمایی بارزانیش بووە جێگای مشتومڕی خەڵکەکە و تەنانەت ئەم چەمکە لەنێوان خودی مرۆڤەکاندا لەسەر ئاستی تاکیشدا بووە جێگای هەڵوەستەکردن، کە دواتر ئەم کاریزماییە چووە ناو مێژوو و لە کولتووردا جێگای خۆی گرت، هەر ئەمەشە کە ئەمڕۆ شاعیران لە وەسفی ئەو چرکە ساتە مێژووییانە ناکەون و وەك ئەوەی بڵێی بارزانی لەناویان بێت و لەگەڵیدا هاموشۆ دەکەن و شیعر بۆ ئەو دەڵێن.

کاتێك لەو دەقە شیعرییانەی کە لەسەر ئەم کەسایەتییە کاریزماییە نووسراوە، قووڵ دەبینەوە، دیدگایەکی ئەوتۆمان بۆ ئاشکرا دەبێ، ئەویش ئەوەیە شاعیران لە چەند گۆشەنیگایەکەوە هەوڵیان داوە تەرزێك لە کەسایەتی ئەو سەرکردەیە بە هۆنراوەی جوان و پڕ تاموچێژی شیعریی دەربڕن، تەنانەت خودی ئەو وەسفانە زۆرجار دەگاتە رادەی ئەفسانە و بە پیرۆزی ئایینی بارگاوی دەبێ و، لە لۆژیکییەتی عەقڵ دەردەچێ، بەڵام ئەمە بەو مانایە نایەت کە ئێمە رەخنە ئاڕاستەی گوزارشتی ئەوان بکەین، چونکە لە هەموو حاڵەتێکدا ئەوانە شاعیرن، ئەوەی لەناخیاندا دەخولێتەوە بە دەربڕینێکی شیعری و بە وردەکارییەکی هونەری پڕ لە سۆز پێشکەشی دەکەن، کەوابوو زێدەڕۆییکردنی شاعیران لە وەسفکردنی ئەم سەرکردە مێژووییە، گوزارشتێکە لەو خۆشەویستییەی کە ئەوان بۆ سەرکردەکەی خۆیان هەیانە و لە ناخیاندا پەنگی خواردۆتەوە و بە خەیاڵی بەرز و و رەمز و دیدی جۆراوجۆر گوزارشتیان لێ کردووە، بۆیە ((بارزانیی نەمر لە بیر و بۆچوونی هەندێك لە شاعیرە هاوچەرخەکانی کورد و رەنگدانەوەی رەمزەکانی لە هۆنراوەکانیاندا کە هەر یەکەیان بە بیر و بۆچوونیان و بەهێزی بەهرەی شاعیرییان بە جۆرێك سەیریان کردووە و لە چەند نموونە و رەمز و هێمایەکی تایبەتیدا دەریان بڕیووە و سەرکەوتنیان وەدەست هێناوە))[٨٤].

لە ئەنجامدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە نەتەوەی کورد سەرەڕای ئەوەی بەدرێژایی مێژوو خودان راپەڕین و شۆڕشی گەورە و دەیان سەرکردەی نەبەردە، بەڵام وەکچۆن بارزانی

(٨٣) سدیق بۆرەکەیی، بیرەوەری بارزانی، گوڵزارێکی وشە لە یادی سەد ساڵەی بارزانی، ل ٢٧٩.
(٨٤) کەریم شارەزا، بارزانی وەك رەمزێکی دیاری نەتەوەییمان لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا، ل ٢٥.

کەسایەتییەکی تایبەتی هەبوو و، ڕێگای خەباتی جیاجیای گرتە بەر، ئاواش لەگەڵ سەرکردەکانی دیکەی کورد جیاوازە، بۆیە کەسایەتی ئەفسانەیی و سەرکردەی کاریزما جگە لە وەسفێك بۆ بارزانی لەلای شاعیرانەوە، نەدراوەتە پاڵ هیچ سەرکردەیەکی دیکەی کورد. تەنانەت بنکەی جەماوەری بارزانی و خۆشەویستی لەناو شاعیراندا شێوەی بەرفراوانتری بەخۆوە بینی، کە لە کاروانی خەباتی خۆیدا توانی وێنەیەکی نەمری سەرکردایەتی مێژوویيان پێشکەش بکات بە جۆرێك شاعیران و خەڵك و مێژوونووسان بەخۆیەوە سەرقاڵ کرد، کە زۆر دیدگای جیاوازی هێنایە ناوەوە، هەموو لێکدانەوەکانیش لە جیاوازی بیروڕادا، گەورەیی کەسایەتی بارزانی دەسەلمێنن.

# بەشی سێیەم

## ڕەنگدانەوەی کەسایەتی بارزانی لای شاعیرانی نوێ و هاوچەرخی کوردی

## رەهەندەکانی کەسایەتی بارزانی لای شاعیرانی نویێ و هاوچەرخی کوردی:

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ئەو هۆکارەی بووەتە زادەی خۆشەویستی و هەستێکی پیرۆز و ئینتیمایەکی بەهێز و کاریگەر لای شاعیرانی کورد، سەبارەت بەو پایەی بە بارزانی مستەفا بەخشیوە، ئەوا دەکرێ لە سێ رەهەندی سەرەکیدا چڕیان بکەینەوە: رەهەندی یەکەمیان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو خەبات و راپەرین و بەرخودانە بەردەوامەی بارزانی لە کوردستان بە پاڵپشتی نەتەوەکەی بەرپای کرد، ئەمەش لەپێناو بەدەست هێنانی ئازادیی و خۆشگوزەرانی و بلاَوکردنەوەی بیری دیموکراتیی. ئەم بەرخودانە بەردەوامەی بارزانی بۆتە جێگەیەکی پیرۆز نەك تەنیا لە چوارچێوەیەکی تەسکی دەڤەر و بەشێکی کوردستاندا، بەڵکو فەزایەکی فراوانی گرتۆتەوە و سەرجەم پارچەکانی کوردستانی گەورەی لەخۆگرتووە. دیارە ئەم هەستە نەتەوەییە لای شاعیران جێگای رێز و شانازی بووە، چونکە خەباتی نەتەوەیی یەکێکە لەو رایەڵانەی کە دەبێتە هۆی بەیەك بەستنەوەی هەست و سۆز و ئینتیمای تاکەکان بەیەکەوە.

رەهەندی دووەمیان بۆ ئەو پایە ئایینییە دەگەڕێتەوە، کە ماڵباتی بارزانی هەیانبووە، ئەمەش بووەتە رایەڵەیەکی بەهێز، بۆ کۆبوونەوەی سەرجەم تاکەکانی ئەو دەڤەرە، پاشان فراوانبوونی ئەم چوارچێوەیە لە دەوری یەك بازنەدا، کە ئەویش بونیادی ئایینییە، چونکە ئایین زۆرجار بووەتە هۆی سیستەمێکی دروست بۆ رێکخستنی پەیوەندییە کۆمەلاَیەتییەکان، لەگەڵ ئەوەشدا ئایین لەلای تاکەکان وا سەیرکراوە، کە میکانیزمێکە بۆ بەخشینی سەروەرییەت و شکۆ بە مرۆڤەکان، هەر بۆیە لەو روانگەیەوە تاکەکان ئەو بونیادەیان بە بایەخەوە وەرگرتووە.

رەهەندی سێیەم دەگەڕێتەوە بۆ کەلەپووری دەوڵەمەندی کوردی: ئەگەر رووەو کەلەپوری کوردی و تەنانەت جیهانیی بگەڕێینەوە و، سەیری جیهانی میتۆلۆژیا بکەین، دەبینین سەرجەم پایە بەرزەکان بە تاکە ئازا و ئاکتیڤەکان دراون، ئەو تاکانەی هەمیشە لە بەرخوداندا بوونە، بەرخودان لەپێناو بەدەستهێنانی ئازادیی و خۆشگوزەرانی، تەنانەت دەستەبەرکردنی نەمریی مرۆڤ، وەك هەوڵە بەردەوامەکانی گلگامش لەپێناو بەدەستهێنانی نەمری بۆ مرۆڤایەتی، هەروەها کۆششەکانی کاوەی ئاسنگەر لەپێناو رووخاندنی کۆشکی ستەمکاریی. لەگەڵ ئەوەشدا



هاوتای ئەوانە لە مێژووی نوێی خەباتی گەلی کورددا گەلێك پیاوی مەزن و خودان شکۆ هەبوونە، بارزانیش بە فیکرە ستراتیژییەتە تواناداڕەکانی خۆیەوە، توانی خەباتی شۆڕشگێڕی و سیاسی و دیپلۆماتی لە پێناو بەرژەوەندییە بالاَکانی نەتەوەکەی درێژە پێ بدات.

ئەگەر لەنێو بواری ئەدەبیاتدا بەتایبەتی شیعر سەرنج بدەین، دەبینین کەسایەتی بارزانی لە دیدی شاعیرانی هاوسەردەمی بارزانی و دوای کۆچی دوایی و، تەنانەت تاکو ئێستا، بە هەستە جوان و پەیڤە رەنگاوڕەنگ و وێنە هونەرییە بەرزەکانی خۆیان شیعری پڕ داهێنان و جوان بهۆننەوە، دلێری و مەزنی و سیفەتە جوانەکانی ئەو کەسایەتییە بخەنە بەردیدی خوێنەرانی کورد و تێنوێتییان بە تێکۆشانە بێوچانەکەی بشکێنن. بێگومان هۆنینەوەی ئەم شیعرانە بۆ چەندین هۆکار دەگەڕێتەوە، کە دەشێ لە چەند خاڵێکدا بە کورتی ئاماژەیان پێ بدەین، کە گرنگترینیان بۆ هۆکاری نەتەوەیی و رۆشنبیری و سیاسی و خودیی و هونەریی دەگەڕێتەوە. بۆیە لێرەدا هەوڵدەدەین شیعری هەندێ لە شاعیرانی ناوداری کورد بخەینەڕوو.

# باسی یەکەم
# کەسایەتی بارزانی لای شاعیرانی نوێی کوردی

## یەکەم: ڕەنگدانەوەی کەسایەتی بارزانی لە شیعری ئیبراهیم ئەحمەد دا (١٩١٤-٢٠٠٠):

ئیبراهیم ئەحمەد یەکێکە لەو شاعیرانەی هەر لە زووەوە بارزانی ناسیوە و توانا و لێهاتوویی ئەو سەرکردەیە سەرنجی ڕاکێشاوە و، بەلایەوە بووەتە جێگای هیوا و ئومێدی نەتەوەکەی، بۆیە دوای چوونی بارزانی و بارزانییەکان بۆ کوردستانی ڕۆژهەلاَت، ئیبراهیم ئەحمەد نامەی تایبەتی بۆ قازی محەممەد ناردووە، بۆ ئەوەی هەموو هاوکارییەك پێشکەش بە بارزانی و بارزانییەکان بکات و سوود لە توانای بارزانی بۆ بەهێزکردنی کۆماری کوردستان وەربگرێت، ئەمە لە کاتێکدا بارودۆخی ژیانی بارزانییەکان خراپ بوو، هەروەك کریس کۆچێرا دەلێت: ((ئیبراهیم ئەحمەد کە بە هیچ جۆرێ حەزی بە گەڕانەوەی بارزانی نەبوو[*]، کە (کۆماری مەهابادی لاواز دەکرد) و نامەی بۆ قازی محەممەد نارد و داوای لێکرد کارێك بۆ چاککردنی وەزع و حالی بارزانییانی دانیشتووی ئێران بکات))[(1)]. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئیبراهیم ئەحمەد شارەزاییەکی زۆری دەربارەی بارزانی هەبووە. دیارە ڕەگی ئەم شارەزاییە بۆ شۆڕشی (١٩٣١-١٩٣٢)ی بارزان دەگەڕێتەوە، چونکە هەر لە زووەوە ڕاپەڕینەکەی بەر دەرگای سەرای شاری سلێمانی کاریگەری بەسەر هۆشیاری نەتەوەیی بەتایبەت لەلای توێژی خوێندەواران بەجێ هێشتبوو، ئەمەش وای کردبوو کە ئاگاداری بارودۆخی کوردستان بن و لەبواری سیاسی و ڕۆشنبیری و ئەدەبی کار بکەن، هەروەك (دیڤید مەکداول) نووسیویەتی: ((ئەیلولی ١٩٣٠ خالێکی وەرگەڕان بوو، چونکە خالی دەستپێکی هۆشیاری نەتەوایەتی لەناو یەکەمین نەوەی خوێندەواری خەلکی شارستانی کورد بوو. ئیبراهیم ئەحمەد کە ئەودەم تەمەنی

---

(*) دوای چوونی بارزانی و بارزانییەکان بۆ کوردستانی ڕۆژهەلاَت، لەلایەن دادگای سەربازی عیراق لە مانگی دوازدەی سالی ١٩٤٥ حوکمی لەسێدارەدان بۆ بارزانی دەرچوو. بۆیە بەڕاست نازانرێت بارزانی ویستبێتی بۆ عیراق بگەڕێتەوە. بڕوانە: کرێس کۆچێرا، کورد لەسەدەی نۆزدە و بیستەم دا، ل ٢٤٣.

(١) کرێس کۆچێرا، ل ٢٤٣.

شازده ساڵ بوو، دەڵێ: "لەو ڕۆژەوە بە ئەرکی سەرشانی خۆمم زانی کە وەك کوردێك کار بکەم" ))[2]. ئەم کار کردنەش لە چەند لایەنێکەوە بووە، بەتایبەتی لە رووی سیاسی و ئەدەبی، لەڕووی سیاسییەوە ئیبراهیم ئەحمەد ئاگاداری بارودۆخی کوردستان و ناوچەکە و جیهان بووە، هەروەك نووسەری ئیسرایلی (ئەلیعەیزەر غەیزی) دەڵێت: ((ئەو خاوەن ئەزموونێکی سیاسیی باش بوو، لە هەموو ئەو شتانەی لە جیهاندا روویان دەدا، ئاگادار بوو، بەدرێژایی ماوەی دەستبەسەرییەکەیدا، بارزانی لە سلێمانی زۆر شتی سیاسی و باری کۆمەلایەتی ناوچەکە لەوەوە فێربوو، پێوەندیی نێوان هەردووکیان زۆر قووڵ بوو))[3]. لێرەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ، کە پەیوەندی قووڵی نێوان بارزانی و ئیبراهیم ئەحمەد بۆ سییەکانی سەدەی ڕابردوو دەگەڕێتەوە، چونکە بارزانی و خانەوادەکەی لەساڵی ١٩٣٦ بەدواوە لەلایەن حکوومەتی پادشایی عیراقەوە دەستبەسەر کرابوون. جگە لەمەش بارزانی کە لە سلێمانی دەستبەسەر بوو (ئیبراهیم ئەحمەد)ی راسپاردووە بۆ یەکخستنی هۆز و کۆمەڵە کوردییەکان و ئاشبوونەوە لەگەڵ هۆزی زێبار و، گفتوگۆکردن لەگەڵ (مەحموود ئاغای زێباری) بۆ خوازبێنی کچەکەی[*] بۆ بارزانی[4]. هەموو ئەمانە ئاماژەن بۆ بەهێزی پەیوەندی شاعیر و بارزانی.

دەتوانین هەموو ئەمانە لەرووی ئەدەبییەوە بەوە لێکبدەینەوە، کە ئیبراهیم ئەحمەد وەك خوێندەوارێك لە سەرەتای ژیانی گەنجایەتییەوە هەستی بە چەوسانەوەی نەتەوەکەی کردووە و زانیارییەکی باشی لەبارەی بارودۆخی کوردستان هەبووە، ئەمەش لە نەستیدا بە زیندوویی ماوەتەوە و دواتر لە کارە ئەدەبییەکانیدا بەشێوەیەکی هونەریی رەنگی داوەتەوە.

ئیبراهیم ئەحمەد شیعرێکی لەژێر ناونیشانی (هیوا و دڵداری) لە ساڵی (١٩٣٣) هۆنیوەتەوە و لە (١٩٣٣/٤/١٧) بلاوی کردۆتەوە[5]. نەوەك بە ناونیشانی (شیرین) هەروەك (مەحموود زامدار)، تەنانەت بەهەڵە ساڵی (١٩٤٨)ی بۆ هۆنینەوەی ئەم شیعرە دەستنیشان کردووە[6] . یاخود (بەشیر حوسێن سەعدی) هەمان هەڵەی دووبارە کردۆتەوە، هەروەك نووسیویەتی: ((لە شیعرە بەناوبانگەکانی مامۆستای نەمر ئیبراهیم ئەحمەد (شیرین بەهارە) یە کە لە ساڵی ١٩٤٧ داینەوە لە کاتی ڕۆیشتنی سەرۆکی نەمری کورد مستەفا بارزانی لە ژێر پاڵەپەستۆی دوژمنانی کورد پاش نەمانی کۆماری کوردستان لە مەهاباد لەو کاتە داینەوە..))[7].

ئیبراهیم ئەحمەد بە خەیاڵێکی بەرز و هەستێکی جوان و وردەکارییەکی زۆرەوە مامەڵەی لەگەڵ ئەم شیعرەدا کردووە، بۆیە بە یەکێك لە شیعرە هەرەجوانەکان و تەنانەت بە یەکەمین شیعری لە قەڵەم دەدرێت ((یەکەم شیعری برایم ئەحمەد (یادگار و هیوا) بەم بیرە ڕۆشنە زاخاو دراوەتەوە و بە چەشنی کالایەکی جوانکاری بە بالایدا براوە ))[8]. شاعیر خۆشی ئەم شیعرەی بەلاوە شیرین بووە، بۆیە دوای بلاوکردنەوەی، چەندین چوارینی دیکەی بۆ زیاد کردووە و چەندین جار بلاوی کردۆتەوە، لەم بارەیەوە (عومەر مەعروف بەرزنجی) نووسیویەتی: ((لە سەرەتادا دەقێکی بە (٢٠) چوارین بەناونیشانی (هیوا و دڵداری) بلاوکراوەتەوە...دواتر شیعرەکە هەندێ دەستکاری کراوە و بوویتە (٢٦) چوارین و ناونیشانەکەیشی کراوە بە — یادگار و هیوا-...جارێکی تریش بڕوانە: گۆڤاری گەلاوێژ، ژ ٩ س ٤، ئەیلولی ١٩٤٣))[9]. واتە ئەم شیعرە سێ جار بلاو کراوەتەوە، ئەمە جگە لەوەی مارف خەزنەدار وەریگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی و هەندێ چوارینیش بۆ سەر زمانی رووسی[10]. شاعیر لە سەرەتای شیعرەکەیدا، ترس و نهێنییەك دەخاتەڕوو و دەڵێت:

(٢) دیڤید مەکداول، مێژووی هاوچەرخی کورد، و: ئەبوبەکر خۆشناو، چاپی دووەم، بلاوکراوەکانی کتێبفرۆشی سۆران، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٥، ل ٤٧٣.

(٣) ئەلیعەیزەر غەیزی تسافریر، من کوردم، و: دینۆ، گ: بزاو، ژ: ٢١، ٤ ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٧، ل ٣٢ .

(*) مەبەست لەم کچە، خاتوو (حەمایل)خانی دایکی سەرۆك مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانە.

(٤) بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٣. هەمان سەرچاوە، ژ: ٢٢، ١١ ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٧، ل ٣٩.

(٥) برایم ئەحمەد، هیوا و دڵداری، گ: هاوار، ژ: ١٩، ساڵی (١)، ر: دووشەممە، ١٩٣٣/٤/١٧، ل ٦-٧. برایم ئەحمەد، یادگار و هیوا، بلاوکراوەی یادگاری لاوان، چاپخانەی کەرخ، بەغدا، ١٩٣٣، ل ١٣-١٩.

(٦) بڕوانە: مەحموود زامدار، بارزانی نەمر، چریکەی چیا و سترانی شاعیران، ل ١٨-٢٠.

(٧) بەشیر حسێن سەعدی، رۆژان، چاپخانەی کەوێڵ، هەولێر، ٢٠٠٧، ل ١٤٤.

(٨) برایم ئەحمەد، کۆی بەرهەمە شیعرییەکانی، کۆکردنەوە و ساغکردنەوە و پێشەکی: عومەر مەعروف بەرزنجی، ناوەندی چاپەمەنی و راگەیاندنی خاك، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل ٩.

(٩) سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨.

(١٠) بڕوانە: معروف خزنەدار، أغانی کردستان، مطبعة اسعد، بغداد، ١٩٥٦، ٤٧-٥١. د. معروف خزنەدار، موجز تأريخ الادب الكردي المعاصر، ت: عبدالمجيد شيخو، حلب، ١٩٩٣، ص ١٨٩-١٩٠.

**لەبەر چاوی بەد، لە ترسی بەدکار**
**دڵ خۆم ئەکـــــەمە گۆڕی یادگار**
**بەگریانی وشك، بەناڵەی بێدەنگ**
**دێنمە لـــــەرزین تەختی کردگار** [١١]

شاعیر بە هەستێکی ناسك و قورگی پڕ لە گریانەوە، لە ترسی بەدکاران ناچار دەبێت هەموو خەون و نهێنییەکانی خۆی لە نێو دڵی خۆیدا حەشار بدات، بە گریانێکی بێ فرمێسك و ناڵەیەکی بێ دەنگ، گوزارشت لە چرکە ساتە ناخۆشەکانی ژیاندا دەکات، دواجار قورسایی ئەو هەموو ئازار و مەراقەی شاعیر دەبێتە زەمینلەرزەیەك و تەختی کردگار دەهێنێتە هەژان. ئەگەر لەو دەربڕینە وردبینەوە (لەبەر چاوی بەد، لە ترسی بەدکار)، دەردەکەوێت کە شاعیر بەهۆی ترسێکی گەورە نەیتوانیووە ئەوەی لە دڵی دایە دەری ببڕێت، واتە بەئاشکرا قسە لەسەر ئەو ئازارەی شاعیر چەشتوویەتی و نەبردنی ناوی ئەو کەسەی شیعرەکەی بۆ هۆنیوەتەوە مایەی هەڕەشەی ژیانی شاعیر بووە، ئەم کەسە هەر تەنیا دولبەر نییە، چونکە شاعیر دەیتوانی ناوێکی خوازراو بۆ خۆشەویستەکەی دابنێت و شیعرەکەی پێشکەش بکات، بەڵکو ئەمە نهێنییەکی دیکەی لە پشتەوەیە، بۆیە شاعیر پەنای بۆ رەمز بردووە و ئەندێشە و بیرەکەی بە رێگەیەکی ناڕاستەوخۆ و ژمارەیەك لە رەمز دەربڕیووە، چونکە ((رەمز تا رادەیەك پارێزگاری لە بەشێك لە نهێنی دەکات و لێڵیش بەشێکە لە خودی رەمز و چەند بەرەو ناخی بچین هێندە ئەم لێڵییە ڕوونتر دەبێتەوە، جۆری پەیوەندی نێوان (دال و مەدلول)یش زۆرتر دەبێت))[١٢].

**شیرین ئەزانم کە تـــــۆش زامـاری**
**وەك من عەودالّی خونچەی بەهاری**
**هیوای تۆ یەکە، هیوای مـــن هەزار**
**مـــــن بێزار نەبم، تـــۆ بۆ بێزاری؟** [١٣]

(١١) برایم ئەحمەد، کۆی بەرهەمە شیعرییەکانی، ل ١٩.

(١٢) پەخشان سابیر حەمەد، رەمز لە شیعری هاوچەرخی کوردیی کرمانجی خوارووی کوردستانی عیراقدا (١٩٧٠-١٩٩١)، ل١٥.

(١٣) برایم ئەحمەد، کۆی بەرهەمە شیعرییەکانی، ل ١٩.



دەشێ دالی (شیرین) چەندین مەدلولی بەخۆوە هەڵگرتبێ، ئەگەرچی (د. مارف خەزنەدار) تەنیا دوو مەدلولی لێکداوەتەوە، هەروەك دەڵێت: ((شـیرین لەلایێك دلـبەری شاعیرە، لەلایێکی دیکە رەمزی سەربەستی و ئازادییە))[١٤]، بەلاّم (شیرین) هەڵگری مەدلولی زیاترە، بۆیە دەکرێ لەم شیعرەدا (شیرین) وەك ڕەمز بۆ چیای شیرینی بارزان لەلایەك و بارزانی مستەفا لەلایەکی دیکەوە لێکدانەوەی بۆ بکرێت، واتە شاعیر گفتوگۆ لەگەڵ چیای شیرین دەکات، کە هەردوکیان زامدار و عەودالّی خونچەی بەهارن. بەومانایەی هەردوکیان تامەزرۆی خونچەی ئازادی بوون. شاعیر ڕوو لە چیای شیرین دەکات و پێی دەڵێت (هیوای تۆ یەکە)، کە ئەویش ئازادبوونە، (هیوای من هەزار)، مەبەست لە هیوای دووەم خەون و حەز و ئاواتە لەبن نەهاتووەکانی مرۆڤ دەگەیەنێت، ئیدی ئیبراهیم ئەحمەد ئەوە دەخاتەڕوو مادام شاعیر لەم هەموو هیواو حەزانە بێزار نابێ، بۆ شیرین کە یەك هیوای هەیە، تووشی بێزاری بووە. دەشێ بێزاری و زامداری تاکە هیوای شیرین بە گەڕانەوە و ئازادی بارزانی لێك بدرێتەوە (( (شیرین) یش ئاماژەیە بۆ چیای (شیرین)ی بارزان و بۆ خودی بارزانی نەمر))[١٥]. چونکە ئەوکاتەی کە ئەو شیعرەی تێدا نووسراوە (١٩٣٣)، بارزانی پەنای بردۆتە بەر تورکیا و بە پەناهەندە وەرگیراوە، ئەمەش دوای ئەوەی هێزە زەمینی و ئاسمانییەکانی بەریتانیا و پادشایی عیراق دڕندانەوە کەوتنە دامرکاندنەوەی مەشخەڵی شۆڕشی یەکەمی بارزان (١٩٣١-١٩٣٢)، ئەگەرچی تورکیا بە فەرمی بەڵێنی وەرگرتنی بارزانییەکانی وەك پەناهەندە دابوو، بەلاّم دواتر بەشێکی لەگەڵ شێخ ئەحمەد تەسلیم بە عیراق کردەوە. واتە ساڵی (١٩٣٣) کە ئەو شیعرەی تێدا هۆنراوەتەوە، بارزانی بە ناچاری خاکی بارزانی بەجێ هێشتووە و لە کوردستان نەماوە.

**مەژی بۆ مـــــردن، بمرە بۆ ژیــــان**
**چۆن قازانج ئەکەی، تا نەکەی زیان**
**لە زڕەی زنجیر، دڵت نــــــــەلەرزێ**
**پێوەند بۆ لەشە، نەوەك بۆ گـــــیان** [١٦]

(١٤) مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی حەوتەم، ل ٢٨٦.

(١٥) مەحموود زامدار، بارزانی نەمر، چریکەی چیا و سترانی شاعیران، ل ٢٠.

(١٦) برایم ئەحمەد، کۆی بەرهەمە شیعرییەکانی، ل ٢٠.

شاعیر کەوتۆتە گفتوگۆ لەگەڵ ناوەوەی خۆی لەلایەك، لە هەمان کاتدا ئاماژەیە بۆ کەسی بەرانبەر، کە مەبەست لێی بارزانییە. شاعیر بە گیانێکی شۆڕشگێڕانە داوا دەکات لەبەرانبەر دوژمندا چۆك نەدات و بەئیرادەبێ، چونکە مرۆڤ تا رەنج نەکێشێ، قازانج بەدەست ناهێنێ، واتە شاعیر دڵی بارزانی دەداتەوە و داوای لێدەکات هەموو شتێك لە پێناو کوردستان ببەخشێ، ئەگینا یاران کە ەمزە بۆ پێشمەرگە، چۆن لێی کۆدەبنەوە و گیانیان لە پێناو ئازادی وڵات دەبەخشن. دواتر شاعیر جەخت لەسەر بەهێزی ویست دەکاتەوە، بۆئەوەی خەونە نەتەوەییەکان نەکەوێتە ژێر زەبری هەڕەشە و شکست، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە شاعیر ((لە خەباتی نەپساوەی نەتەوەکەی دەدوێ، قوربانیدان لە پێناویدا مایەی بەختەوەرییە، مردنێکی سەربەرزانە لە ژیانی ژێردەستی و سەرشۆڕی بە پەسندتر دەزانێ))[١٧].

**ئەوساکە چوومـە یزی دڵــداران**
**بێی وتم سەردار، هــۆزی هەژاران**
**" بێ دابنیشین، جــەپای دیواران**
**زنجیر لە گەردن، چون گوناهکاران"**
**بێ دابـنیشین، دیـــدە پڕ ئـــەسرین**
**تۆ بگری بۆ خۆت، منیش بۆ شـیرین**
**"وا بەهاریش هات، کـەژ کۆ رەنگین**
**دڵەی عالەم شاد، دڵ خۆمان خەمگین"** [١٨]

شاعیر بە خەیاڵ دەچێتە ریزی دڵداران و لای بارزانی و لەتەکیدا دادەنیشێ، دەردی دڵی خۆیان بۆ یەکتر هەڵدەرێژن، لێرەدا ریزی دڵداران واتە دڵدارانی شۆڕش و ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە گیانیان لەپێناو ئازادیی دەبەخشن. شاعیر بەناوبردنی (سەردار) بابەتەکە جوانتر روون دەکاتەوە، چونکە ئەم ناوبردنە نیشانەیە بۆ هەبوونی سەرکردەیەك، کە بارزانییە. شاعیر دەڵێت: (تۆ بگری بۆ خۆت منیش بۆ شیرین)، شیرین لێرەدا دلبەری شاعیرە. ئەمە لە کاتێکدا وەرزەکە بەهارە و کەژ و کێو بەرگی سەوزیان پۆشیوە، بەڵام بەو پێیەی کە دلبەر لە شاعیر

(١٧) د. معروف خزنەدار، موجز تأريخ الادب الكردي المعاصر، ت: د. عبدالمجيد شيخو، حلب، ١٩٩٣، ص ١٨٩-١٩٠.

(١٨) برايم ئەحمەد، کۆی بەرهەمە شیعرییەکانی، ل ٢١.



دووره و بارزانیش پەناهەندەیە، ئەوا هەردووکیان خەفەتبارن. دیسان شاعیر جەخت لەسەر ئازادی دەکاتەوە، کە (عالەم) توانیویانە رۆشنایی ئازادی بۆخۆیان بەدەست بێنن، بەمەش دڵیان شادە، کەچی ئەوان لە دیلێتیدا بە ناشادی و غەمگینی ماونەتەوە.

ئەگەر هەر لە ناونیشانی شیعرەکە وردبینەوە، بۆمان روون دەبێتەوە، کە شاعیر بە سەلیقەیەکی وردەوە مامەڵەی لەگەڵدا کردووە، بەوەی (یادگار) پەیوەستە بە یادگاری لەگەڵ دلبەر لەلایەك، لەلایەکی دیکەوە (هیوا)ی بۆ بارزانی بەکارهێناوە، واتە بارزانی تاکە سەردار و بەدی هێنەری هیوای گەلی کوردە. دواتر شاعیر دێتەسەر دەربڕینی هەست و نەستی خۆی و دەڵێت:

**شێوەی شیرینی کەژی خوێنینم**
**شیرێکە لەســـەر زامی برینم**
**ئازاد کردن و بـــــەرزی وڵاتم**
**هیوای گیانمە و ئامـانجی ژینم** [١٩]

کاتێ شاعیر سەیری سیما و شێوەی چیای شیرین دەکات، کە وەك کەژێکی خوێنین و زامدار وایە، کە رەمزە بۆ بارزانی، ئەمەی بە شیرێکی تیژی سەر برینی جەستەی خۆی داناوە، لەلایەك ئازادکردن و سەروەری کوردستانی بەو پەیوەست کردووە، لەلایەکی دییەوە بە هیوای نێو رۆح و ئامانجی ژیانی داناوە، چونکە ئەو کات تەنیا بارزانی جێگای ئومێدی کورد بووە.

کاتێك شاعیر خەمی دووری زۆری بۆ دێنێ، چیتر بەرگەی دووری و چاوەڕوانی بارزانی ناگرێ، بۆیە دەڵێت:

**شیرین هەتا کــەی دووری بچێژم؟**
**فرمێسکی خوێنین، تاکەی برێژم؟**
**تاکەی لە گـــۆشەی دڵی زارمدا**
**خونچـــەی جوانی و گەنجی بنێژم؟**
**ئەوا تۆ ئەڕۆی، بە خـــوام سپاردی**
**پێم نەکرا خۆم بێم، دڵــم بۆ ناردی**
**رێی ژیان سەختە، پڕ ترس و لەرزە**
**نابێ بترسی، لە گەرمی و ساردی**[٢٠]

(١٩) سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢.

شاعیر کاتێك گفتوگۆ لەگەڵ (بارزانی) دەکات، فرمێسکی خوێنین دەڕێژێ، دیارە فرمێسکی خوێن ڕشتنیش ئەوپەڕی خۆشەویستی دەگەیەنێ، ئینجا لە بێ چارەییدا لە بەرانبەر سەختی ژیاندا کە بەکارهێنانی ( گەرمی و ساردی)، لێرەدا بەڵگەیە بۆ چەرمەسەری ژیان و ئەمەش دەبێتە مایەی چۆك پێ دان و کوشتنی ئیرادە، بۆیە شاعیر داوای ئارامگرتن دەکات، ئەگینا ئازادی بەدەست نایەت.

**دڵە شـیرین ڕۆی، بڕۆ لە شوێنی**
**کە شیرین ڕۆیی، تــۆ بۆ بمێنی**
**بەڵێن بێ ئیتر نەتناسم هــەتا**
**مژدەی ئازادی، (یار)م بۆ دێنی** [٢١]

شاعیر ئەمجارە گفتوگۆ لەگەڵ دڵ و ڕۆحی خۆی دەکات و داوای لێدەکات بە شوێن کاروانی بارزانیدا بچێت، چونکە ژیانی کورد بەبێ خەبات، هیچ مانایەکی بۆ نامێنێتەوە و مردن لە دیلیەتی باشترە. بۆیە شاعیر مەسەلەی نەتەوەکەی لەسەروو هەموو شتێکەوە داناوە و تاکو وڵاتەکەی ئازاد نەبێ، بەلای دلبەرەوە ناچێ، مەگەر دلبەر مژدەی ئازادی (یار)ی بۆ بێنێ. ئەمەش ڕوونە کە یار دەستبەسەر کراوە، بۆیە لە چاوەڕوانی ئازادی یاردا دەمێنێتەوە و وەك بارانی بەهار فرمێسکی بۆ دەڕێژێت. لێرەوە ئەوەشمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە شاعیرانی کورد لەسەدەی ڕابردوودا خەمی باڵای مەسەلەی سیاسی و نەتەوەییان بەسەر جیهانی شیعر زاڵ بووە ((دیارترین سیمای شیعری هاوچەرخی کوردی تێکەڵاوبوونیەتی لەگەڵ خەمی مرۆڤی کورددا، دیارترین شەقڵی مرۆڤی کوردیش لەسەدەی بیستەمدا، خەمە سیاسییەکەیەتی)) [٢٢]. بۆیە شاعیر لە فرمێسك ڕشتن بۆ بارزانی زیاتر چیتری بۆ نەماوەتەوە.

**چـاوە وەك لێزمەی بـــــارانی بەهار**
**فرمێسکی خوێنت بۆ پیا دێتە خوار**
**گــــریان کــــردەوەی بێدەســـــەڵاتە**
**بێدەسەڵاتان ئـــــــەرزێن لە ژێر بار** [٢٣]

(٢٠) هەمان سەرچاوە، ل ٢٣.
(٢١) هەمان سەرچاوە، هەمان لاپەڕە.
(٢٢) د. دلشاد عـەلی محەمـەد، محەمـەد فـازل مـستەفا، شـیعری سیاسـی کـوردی لـە کرمـانجی خـوارووی کوردستانی عیراقدا(١٩٤٥-١٩٥٨)، گۆڤاری زانکۆ، ژ: ١٠، ساڵی ٤، ٣ی حوزەیرانی ٢٠٠٠، ل ٢٥.
(٢٣) برایم ئەحمەد، کۆی بەرهەمە شیعرییەکانی، ل ٢٤.



بەم شێوەیە ئیبراهیم ئەحمەد بە ئەندێشەی قووڵ و وردی پڕ داهێنانی توانیویەتی بە زمان و گوزارشتێکی ڕەمزی، خۆشەویستی خۆی بۆ بارزانی و دلبەرەکەی لە شیعرێکی بەرزی پڕ جوانیدا ڕەنگڕێژ بکات، ئیلهام لە سروشت و شاخی کوردستان وەربگرێت و جوانی سروشتی کوردستان کە کاری تێکردووە، بە جوانی ئەم کاریگەرییە ئاوێتەی شاخی شیرینی بارزان بکات و، لەتەك مامەڵەیەکی هونەریدا وەك ڕەمز بۆ دەربڕینی خۆشەویستی خۆی بۆ سەرکردەکەی دەربڕێت. ئەمەش بەبێ ئەوەی ناوی بارزانی بهێنێت.

## دووەم: ڕەنگدانەوەی کەسایەتی بارزانی لە شیعری قەدری جان دا (١٩١١-١٩٧٢):

قەدری جان یەکێکە لەو شاعیرانەی کە ڕۆڵی سەرکردەی نەتەوەکەی دژ بە داگیرکاران بەرز نرخاندووە و، بەشێکی زۆری شیعرەکانیشی بۆ نیشتمانپەروەریی و بەرگریی تەرخان کردووە ((شیعرەکانی قەدری جان نیشتمان پەروەری و شۆڕشگێڕیی و بەرگریی یان لێ بەرز دەبێتەوە و هەموو هۆش و بیری تەرخان کردووە بۆ بەرژەوەندیی گەل)) [٢٤] ، چونکە قەدری جان بە قووڵی هەستی بە ئێش و ژانی نەتەوەکەی کردووە، ئەمەشی لەنێو بۆتەی شیعردا مەزراندووە و گۆرانی نەك هەر بۆ نەتەوەکەی، بەڵکو بۆ ڕزگاری گەلانی چەوساوەی جیهان چڕیووە، هەروەك (د. مارف خەزنەدار) دەڵێت: ((قەدری جان لە منداڵییەوە هەستی بەوە کردووە لەبەرئەوەی کوردە بە چاوێکی نزم تەماشا کراوە، هەر لەو کاتەوە دوژمنی خۆی ناسیوە، بۆیە مەسەلەی نیشتمانی گەلەکەی خۆی بە مەسەلەی نیشتمانی هەموو میللەتە زوڵم لێکراوەکان بەستۆتەوە)) [٢٥]. بۆیە قەدری جان ڕزگاری نەتەوەکەی لەژێر دەستی داگیرکاران، بە سەرکردەیەکی وەکو بارزانی بەستۆتەوە و، بارزانی وەکو سیمبولی خەبات و بەرگری بۆ بەدەس هێنانی ئازادی لە شیعرەکانیدا ڕەنگڕێژ کردووە. لە شیعری (سەرداریٚ کوردان) هاوتای شاعیرانی دیکەی کورد، لەسەر ڕێچکە و شێوازی تایبەتی خۆی شیعری بۆ لێهاتوویی بارزانی لە گۆڕەپانی خەباتدا هۆنیوەتەوە، ئەم شیعرە لەشێوەی داستان نەخشێنراوە و ڕەهەندێکی فراوانی لەخۆ گرتووە و لە قاڵبێکی نوێی شیعریدا مێژوو و داستان و ئەفسانە بەشێوەیەکی

(٢٤) عەبدوڵلا یاسین ئامێدی، هۆنراوەی بەرگری لە بەرهەمی چەند شاعیرێکی کرمانجی سەروودا ١٩٣٩-١٩٧٠، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ١٩٩٩، ل ١٨٨.
(٢٥) مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی حەوتەم، B، ل ١٩٥.

هونەری تێکەڵ کراوە، هەروەك (د. عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ) دەڵێت: ((داستانی بارزانی لە ڕووی دارشتنەوە و لە بەیەکداچوونی بابەت و ناوەڕۆك و رووخساردا جۆرێکی دیار و سەرەتای پۆیەم یا داستانی شیعری مێژووییە، شەخسییەتێکی راستەقینە و مێژوویی کراوە بە قارەمانی داستانەکە و لە ڕاستی رووداو بنەمایەك و لە شێوە و بەرگی داستان تا دەگاتە ئەفسانە رەنگی مەیدانی جەنگ و تابلۆی پانۆڕامایەکی مێژوویی بۆ هەڵبژێراوە))[٢٦].
لەسەرەتای شیعرەکەدا شاعیر تابلۆی جەنگمان بۆ دەکێشێ و دەڵێت :

**برزانی ... برزانی..**
**د جەنگا وەلات دە،**
**د مەیدانا خەبات دە،**
**پەهلەوان....**
**قەهرەمان ....**
**تویی،**
**بویی،**
**هیمێ کوردستان..**
**تە هیمێ کوردستان**
**چێتر**
**پێتر**
**ل جی دانی**
**برزانی .. برزانی..**[٢٧]

شاعیر لێرەدا کەسایەتی بارزانی بەقارەمان و پاڵەوان وەسف دەکات، پاشان وەك سیمبولی نەتەوەیی کورد لە قەڵەم دەدات. دیارە ئەم سیمبولە بەدرێژایی مێژوو لەلایەن نەتەوەکانی سەر رووی زەمین بەو کەسانە بەخشراوە، کە توانیویانە بەرگری لە نەتەوەکەیان بکەن و ژیانی خۆیان بۆ ئەم رێگایە تەرخان بکەن، هەروەك (گاندی، هۆشی منە (١٨٩٠-١٩٦٩)، ماوتسی تۆنگ (١٨٩٣-١٩٧٦)، گیڤارا (١٩٢٨-١٩٦٧)... تاد).

(٢٦) قەدری جان، چاپی یەکەم، چاپخانە و ئۆفسێتی ئاسا، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل ٤٧.
(٢٧) مسعود البارزاني، البارزاني والحركة التحررية الكردية، ثورة بارزان ١٩٤٥- ١٩٥٨، ص ٢٦٧ .



**برزانی ... برزانی..**
**کی**
**ڤی**
**ناڤی**
**نزانی ؟**
**هەرکەسی دیت،**
**هەرکەسی بهیست،**
**ل رۆژهلات ..**
**رۆژهلاتا ناڤین ...**
**زڤستان و هاڤین..**
**کی دکە جەنگ؟. کی دکە خەبات؟**
**ل هەمبەر چەند دەولەتان،**
**ئەو دژمنێ میللەتان،**
**چەند دەولەتێن ئیستعمار**
**کی بوویە کەلەم؟ کی بویە بار**
**برزانی.. برزانی ..**[٢٨]

شاعیر لە درێژەی قەسیدەکەیدا کەسایەتی بارزانی وا نیشان داوە، کە لەنێو ڕۆژهەلاتی ناوەراست ناسراوە و لەکاتی سەختدا (زستان و هاوین) لە سەنگەردایە و بووەتە بەربەستێکی سەخت لەبەردەم چەندین دەوڵەت، ئەم بەربەستەییەش دەگەڕێتەوە بۆ سەرجەم ئەو خەبات و تێکۆشانانەی گرتوویەتییەبەر:

**لەشکەرێن تورك و ئێران**
**بالاڤرێن ترومان**
**هیچ تو هاڤل نەکرن..**
**تشتەك حاصل نەکرن ..**

(٢٨) نفس المصدر، ص ٢٦٧ .

**دیسا ل سەر چیان**
**دیسا ل ناڤ مەیدان**
**دەنگ دکە،**
**جەنگ دکە،**
**بارزانی... بارزانی ...**[29]

ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمن دژی بارزانی تەنیا لە چوارچێوەی یەك دەوڵەتدا نەماوەتەوە، بەڵکو داگیرکارانی دراوسێی وەکو تورك و ئێران، ئەگەرچی بە لەشکری زەمینی و باڵەفڕەی ئاسمانییەوە هێرشیان کردووە، بەڵاّم نەیانتوانی بەرامبەر بە بارزانی هیچ شتێك بەدەست بهێنن، بەمەش شاعیر وێنەی جەنگ و چیرۆکی قارەمانییەتی بارزانی کێشاوە و لە شێوەی داستانێکی شیعری کوردیدا بەرهەمێکی جوانی داهێناوە و سوودێکی زۆری لە داستانی فۆلکلۆری وەرگرتووە ((داستان بەرهەمێکی چیرۆك ئامێزە، سەرگوزەشتەیەکی ڕووداو یا ڕاستەقینە دەگێڕێتەوە کە بە ژیانەوە بەستراوە. ڕاستی ژیان لە دەروونی خاوەن بەرهەمەکەوە دەهێنێتە دەرەوە و وێنەی قارەمانی و ئازایەتی مرۆڤ پیشان دەدات))[30] :

**ئوردۆ، ئوردۆ شکاندن**
**هەزار چەپەر قەتاندن ..**
**مینا بروسك و ئەوران،**
**ل هەر جی .. ل هەر دەران**
**دچرسە ددە دەنگ،**
**مینا داوەت دچە جەنگ**
**سینوران دچرینە ....**
**ئوردیان د درینە ....**
**گاڤا ژێ رە بوو مەراق،**
**بێ پەروا داژو عیراق،**

(٢٩) المصدر السابق، ص ٢٦٨ .

(٣٠) کامەران موکری، ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، بەشی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ١٩٨٤، ل ٥٨.



**د دەسەر دلێ تورکان ..**
**دچە باکورێ کوردان ..**
**دبە تیر.. دبە کەڤان ..**
**خوە درێژ دکە ئیران ..**
**ئەو عەجەمێن ئەسرار کێش ..**
**ئەفیونکێش ..**
**ب قەلونا خوە دگرن**
**دکەڤن تایا مرن**
**و دبێژن:**
**دیسا کرنە خویانی،**
**هات روحستین: برزانی**[31]

لێرەدا (قەدری جان) بارزانی وانیشان داوە، کە لە هەر شوێنێکی کوردستاندا هەست بە ستەم و زۆرداری بکات، ئەوا وەکو برووسك دەگاتە ئەو شوێنە و وەکو چوونە زەماوەند، ڕووبەڕووی دوژمن دەبێتەوە، هەروەها ئەوەش دەخاتەڕوو، کە بارزانی بەبێ ترس ڕووبەڕووی داگیرکارانی هەرچوار پارچەی کوردستان بۆتەوە، ئەوکاتەش کە بەو ئازایەتییەوە ڕووبەڕوویان دەبۆوە، ئەوا دوژمن دەهاتە لەرزە، وا هەستی دەکرد کە بارزانی هاتووە ڕۆحیان دەکێشێ.

**سەرداریێ مە، برزانی**
**گەرەك هەرکەس بزانی**
**سەرداریێ ئازادی یە ..**
**ناڤداریێ ئابادی یە..**
**رابن هون ژی بلڤن**
**ل دۆرا وی بجڤن ..**
**بێژن بژی برزانی !**
**خلاصکارانێ انسانی !**[32]

(٣١) مسعود البارزاني، البارزاني والحركة التحررية الكردية، ثورة بارزان ١٩٤٥- ١٩٥٨، ص ٢٦٨.

(٣٢) نفس المصدر، ص ٢٦٩ .

لەكۆتایی قەسیدەكەیدا شاعیر جەخت لەسەر ئەوە دەكاتەوە، كە پێویستە گەل لە دەوری بارزانی كۆببنەوە، چونكە ئەو بەدەستهێنەری ئازادیی و رزگاركاری مرۆڤ و مرۆڤایەتییە، دیارە ئەمەش لەوە سەرچاوەی گرتووە كە شاعیر كێشەی نەتەوەكەی تێكەڵ بە كێشەی هەموو مرۆڤێكی ئەم جیهانە كردووە و بەوەی لێكداوەتەوە كە ((ئێمە هەر تەنیا لە نێو كێشەی خۆماندا ناژین، چونكە ئەوە بەسەرچوو كە كێشەكانمان لە شوێن و كاتدا لە كێشەی هەموو مرۆڤێك جیاواز بێت))[٣٣] .

(قەدری جان) خۆشەویستییەكی زۆری بۆ بارزانی هەبووە، بۆیە تەنیا یەك شیعری بۆ نەنووسیوە، بەڵكو شیعرێكی دیكەی بەناوی (شێرێ وەلات بارزانی هات)دا، بەبۆنەی گەڕانەوەی بارزانی لە یەكێتی سۆڤیەتی جاران بۆ نیشتمانەكەی لە ساڵی ١٩٥٨ هۆنیوەتەوە، ئیدی تەنیا بە هۆنینەوەی شیعر نەوەستاوە، بەڵكو ئەوكات شاعیر سەردانی تایبەتی بارزانی لە بەغدا دەكات، چونكە ((پێوەندییەكی گیانی لەگەڵ هەبوو لە پاش ئەوەی لە هاوینی ١٩٥٧ لە مۆسكۆ ناسیاوی لەگەڵدا پەیدا كرد و لە دوای ساڵێك بارزانی گەڕایەوە نیشتمان و قەدری جان بۆ پیرۆزبایی لە دیمەشقەوە هاتە بەغدا و ئەم شیعرەی بە دیاری پێشكێش كرد))[٣٤]. لەسەرەتای شیعرەكەدا شاعیر موژدە بە گەلی كورد دەدات و دەڵێت :

**مزگین .. مزگین .. گەلی كوردان!**
**رۆژا كوردستانێ هەلات ..**
**بارزانی هاتە نیشتمان،**
**شێر هات وەلات .. شێر هات وەلات ..**
**مزگین ل وە ، بارزانی هات** [٣٥]

شاعیر لەسەرەتادا موژدە بەگەلی كورد دەدات كە بارزانی گەڕاوەوەتەوە كوردستان و وەكو خۆر كوردستانی رۆشن كردۆتەوە، كە ئەمەش دەبێتە هۆی سەرلەنوێ بووژانەوەی هیوا و ئاواتەكانی گەلی كورد.

(٣٣) د. عزالدين اسماعيل، الشعر العربي المعاصر، الطبعة الثالثة، بيروت، ١٩٧٢، ص ١٥.

(٣٤) د. مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی كوردی، بەرگی حەوتەم، B، ل ٢٠٤-٢٠٥.

(٣٥) قەدری جان، شێری وەلات بارزانی هات، گ: هیوا، ژ: (٤)، سالی (١٩٥٨)، ل ٧٦-٧٧.



**چیایی زاگرۆس بێ دەنگ مابوو،**
**باغچە و باغ بێ رەنگ مابوو،**
**ئەو مەیدانان بێ جەنگ مابوو،**
**رۆژا كوردستانێ هەلات ..**
**شێر هات وەلات .. شێر هات وەلات ..**
**مزگین ل وە ، بارزانی هات..**[٣٦]

شاعیر ئەوە روون دەكاتەوە كە بەر لەوەی بارزانی بگەڕێتەوە بۆ خاكی باب و باپیرانی، ئەوا چیاكانی كوردستان خامۆش و باخچە و باخەكان سیس ببوون، لە كوردستان رووبەڕووبونەوە و جەنگ دژ بە دوژمن كۆتایی پێ هاتبوو، هەموو ئەم وێنانەش بەسەریەكەوە گوزارشت لە نائومێدی خەڵكی كوردستان دەكەن لە رابردوودا، بەڵام بە هاتنەوەی بارزانی، كوردستان رووناك بۆتەوە. لێرەوە شاعیر وێنەیەكی جوانمان بۆ دەكێشێ بە چواندنی بارزانی جارێك بە (خۆر) و جارێكی دی بە (شێر)، بارزانی لێچووە و (خۆر و شێر)یش لەوچوون، بەڵام چواندنی بارزانی لەنێو ئەدەبیاتی كوردیدا بە (خۆر) وێنەكێشانێكی دەگمەنە.

**شوونا شێران مابوو ڤالا،**
**شین گرتبوون خۆرت و كالا،**
**پەپووك مابوون، ژن ل مالا،**
**رۆژا كوردستانێ هەلات ..**
**شێرهات وەلات.. شێرهات وەلات..**
**مزگێن ل وە، بارزانی هات..**[٣٧]

لێرەدا شاعیر ئەوە دەخاتەڕوو، كە بەرلەوەی بارزانی بگەڕێتەوە كوردستان، هیچ كەسێك نەیتوانی بوو جێگای بارزانی بگرێتەوە و كەسێك نەبوو سەركردایەتی ئەم گەلە بەدەستەوە بگرێت، شین و گریان كوردستانی داپۆشیبوو، كوڕان و كچانی نیشتمان بەسەرگەرانی دەژیان، بەڵام بە دەركەوتنی خۆری كوردان كە بارزانییە، هیوایەكی گەش كوردستانی داپۆشیوە.

(٣٦) هەمان سەرچاوە، ل ٧٦.

(٣٧) سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٦.

ئەگەر بە وردی لەم چەند دێرە شیعرانەی سەرەوە وردببینەوە، دەبینین شاعیر زۆر بە جوانی چەند وێنەیەکی دژ بە یەك و نەگونجاوی لەگەڵ یەکتردا ئاوێتە کردووە، وەکو (چیایی زاگرۆس بێ دەنگ مابوو، باغچە و باغ بێ رەنگ مابوو، ئەو مەیدانان بێ جەنگ مابوو)، (شوونا شێران مابوو ڤالا، شین گرتبوون خۆرت و کالا، پەپووك مابوون، ژن ل مالا)، کە هەموویان گوزارشت لەوپەڕی رەشبینی دەکەن و وەك بەڵگەی ناخۆشی خستویەتییەڕوو، پاشان ئەم دێرە شیعرانە بەدوایاندا دێت (رۆژا کوردستانێ هەلات .. شێرهات وەلات.. شێرهات وەلات.. مزگێن ل وە، بارزانی هات..)، کە گوزارشت لەوپەڕی شادی و هیوا دەکەن و وەکو بەڵگەی خۆشی بەکاری هێناوە. بێگومان تێکەڵ کردنی ئەم دێرە شیعرانە و بەدوایەکدا هاتنیان لە یەك کۆپلە شیعردا جوانی و بەهێزی بە شیعرەکە بەخشیوە و توانای داهێنانی شاعیری خستۆتەڕوو.

**نەخویا بوو، ژ چەند سالان،**
**ژ بۆنا دەردێ نیشتمان،**
**چوو بوو دگەریا، ل دەرمان**
**رۆژا کوردستانێ هەلات..**
**شێرهات وەلات .. شێرهات وەلات..**
**مزگین ل وە، بارزانی هات..**[٣٨]

بارزانی بۆ چارەسەرکردنی دەردی لەمێژینەی گەلی کورد، چەشنی گلگامێش کە بەشوێن گیای نەمریدا گەڕابوو، ئەویش بەشوێن ئەو دەرمانەدا گەڕاوە، کە دەبێتە هەتوانی زام و برینی گەلەکەی، بۆ ئەمەش بارزانی هەر رێگای شەڕی نەگرتۆتە بەر، بەڵکو پەنای بردۆتەبەر رێگای دیپلۆماسی و لە وڵاتاندا گەڕاوە و چووەتە یەکێتی سۆڤیەت و ئەو رێگایەی تاقیکردۆتەوە، کە ئەوکات ئەو وڵاتە بە رەمزی ئازادی گەلان لەقەڵەم دەدرا:

**ژ بۆ شەڤێن رەش و تاری..**
**دەستە.. دەستە..نوور ئار ئانی،**
**ئەو مەرهەما سەر دلانی..**
**رۆژا کوردستانێ هەلات..**

(٣٨) هەمان سەرچاوە، ل ٧٧.



**شێرهات وەلات..شێرهات وەلات..**
**مزگێن ل وە، بارزانی هات ..**[٣٩]

شاعیر ئەوە دەخاتەڕوو کە بە هاتنەوەی بارزانی بۆ نیشتمانەکەی، توانی شەوی تاریك رۆشن بکاتەوە و ببێتە مەرهەمی چارەسەری برینی دڵەکان، بەمەش مەژدە بە خەڵکی کوردستان دەدات:

**ل ناڤ باغان رەیحان وگول**
**ل سەر شاخان...شالوول، بولبول**
**ب کەن. ب خوین..غەم چوو ژ دل،**
**رۆژا کوردستانێ هەلات ..**
**شێرهات وەلات ..شێرهات وەلات**
**مزگێن ل وە، بارزانی هات..**[٤٠]

شاعیر دواتر ئەوە روون دەکاتەوە، کە بەگەڕانەی بارزانی نەك هەر سەرجەم گەلی کورد دڵخۆشبوونە، بەڵکو بولبول لەناو باغدا دەخوێنێ، بەمەش غەمی نێو دڵەکان لەنێودەچێ.

**مژدە ژ بۆ دارو بەران**
**دەشت و نەوال ل هەر دەران**
**ل سەر دلان..ل سەر سەران**
**رۆژا کوردستانێ هەلات..**
**شێرهات وەلات ..شێرهات وەلات**
**مزگێن ل وە ، بارزانی هات** [٤١]

شاعیر موژدەی بە دار و بەردو دەشت و دۆڵ و هەموو شتێك لە هەر شوێنێك دەدات، کە بارزانی رۆشناییە بۆ نێو دڵەکان.

**ئازاد بوویە سلێمانی**
**سبە دۆرا مۆش و وانی**
**مەهابادو سنەو بانی!**

(٣٩) سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٧.

(٤٠) هەمان سەرچاوە، هەمان لاپەڕە.

(٤١) هەمان سەرچاوە، هەمان لاپەڕە.

**رۆژا کوردستانێ هەلات..**

**شێرهات وەلات .. شێرهات وەلات ..**

**مزگێن ل وە، بارزانی هات ..**[٤٢]

شاعیر هیوایەکی مەزنی بە خەباتی بارزانی هەیە، پێی وایە بە گەڕانەوەی بارزانی، کە کوردستانی خواروو ئازاد بووە، ئەوا لە ئایندەدا لەسەر دەستی بارزانی نۆرەی پارچەکانی دیکەی کوردستان و شارەکانی مۆش و وان و مەهاباد و سنە و بانە دێت.

**بژی ئازادی و کوردستان**

**بژی ئاسایش ل جهان**

**بژی ئینسان برای ئینسان،**

**رۆژا کوردستانێ هەلات ..**

**شێرهات وەلات ..شێرهات وەلات..**

**مزگێن ل وە، بارزانی هات..**

**بارزانی هات..بارزانی هات..**[٤٣]

شاعیر لە کۆتایی قەسیدەکەیدا وشەی ئازادی و کوردستان بەیەکەوە گرێدەدات و، پێی وایە بەئازادی و ئاسایش، کوردستان و هەموو جیهان رزگار دەبێت و هەموو مرۆڤەکان لەژێر چەتری ئەو ئازادییەدا وەکو برا بەیەکەوە دەژین. واتە شاعیر بڕوای پتەوی بە خەباتی هاوبەشی نێوان گەلانی جیهان هەبووە.

مەبەستی قەدری جان لەم شیعرانەی لەسەرەوە خستمانەڕوو، خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە بارزانی رەمزی نەتەوەیی کوردە، هاوکات بارزانی بە بەدی هێنەری ئازادی و سەربەستی کورد و کوردستان لەقەڵەم داوە. بەم چەشنە قەدری جان بە دید و خەیاڵێکی هونەری توانیویەتی شیعر بکات بە سەرچاوەیەکی بایەخدار بۆ خستنەڕووی خۆشەویستی خۆی بۆ سەرکردەکەی و، چاندنی تۆی بەرگریی لەنێو دڵ و دەروونی نەتەوەکەی.

(٤٢) سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٧.

(٤٣) هەمان سەرچاوە، هەمان لاپەڕە.



## سێیەم: رەنگدانەوەی کەسایەتی بارزانی لە شیعری هێمن مەهابادی دا (١٩٢١-١٩٨٦):

ئاشنایەتی نێوان هێمنی شاعیر و بارزانی بۆ دوای نیوەی دووەمی چلەکانی سەدەی رابردوو و سەردەمی کۆماری کوردستان دەگەڕێتەوە، چونکە هێمن لە ڕێوڕەسمی ڕۆژی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستاندا شیعری خوێندۆتەوە. وەك دەردەکەوێ بارزانی ڕێزی لەو شاعیرە ناوە و لەڕێگەی ناردنی وێنەی تایبەتی خۆیەوە شاعیری بەسەرکردۆتەوە و خۆشەویستی خۆی بۆ دووپات کردۆتەوە. لەکاتێکدا کە وێنەی بارزانی لەدوای هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلول بەدەست هێمن دەگات، هەروەك (رەسووڵ پێش نماز) نووسیویەتی: ((چەند وێنەیەکی بارزانی بۆ تێکۆشەرانی بەرچاو هات یەك لەوان بۆ کاك حەسەنی رەستگار بوو کە ئەودەم بەرپرسی لاوانی مەهاباد بوو یەك دانەش بۆ مامۆستا هێمنی خوالێخۆشبوو))[٤٤]، گەیشتنی ئەم وێنەیە، جگە لەوەی لە یەك کاتدا فرمێسك بە هێمن دەڕێژێ و برینی کۆنی سارێژ دەکات و خۆشی دەخاتە دڵیەوە، هاوکات دەبێتە سەرچاوەی ئیلهامی شیعرێك. لە شیعرەکەدا هێمن روو لە بارزانی دەکات و لە ستایشیدا دەڵێت:

**وێنەت گەیشتە دەستم و روون بۆوە چاوی من    سارێژ بوو زامی کۆن و برینی هەناوی من**

**شاگەشکە بوو دڵم دڵی پڕ مەینەت و خەمم    پاش ئەو هەموو گرینە بزە هاتە سەردەمم**

**ئەی بابی کوردی رۆڵەی ئازا و قارەمان    کاوەی زەمان و هەڵۆی کێوی بارزان**

**نەت خوارد فریوی جیّ و مەقام و دراو و چەك    عومرێکە بۆ نەجاتی وەتەن دات نەناوە چەك**[٤٥]

لێرەدا شاعیر سەرەڕای دەربڕینی سۆزی خۆشەویستی خۆی و ستایشکردنی ئازایەتی و قارەمانییەتی بارزانی، ئەم کەسایەتییەی بە کاوەی ئاسنگەر و هەڵۆ چواندووە، هاوکات وەسف و هەستێکی راستەقینەی مرۆڤانەی تێدا بەدی دەکرێ، لەپێناو هاندان و کۆڵنەدان، ئەمەش هەستی بەرزی نەتەوەیی شاعیر نیشان دەدات، کە هەر لە سەرەتای ژیانی ئەدەبییەوە تا دوا هەناسەی ژیانی پێی ناسراوە، چونکە ((یەکەمین شیعری بلاوکراوەی شاعیر هەر لە بابەتی بیروباوەڕی نەتەوەیی و کوردایەتی یە))[٤٦].

(٤٤) رەسووڵ پێش نماز، بارزانیم چۆن ناسی، کۆنگرەی یادەوەریی سەد ساڵەی بارزانی نەمر، بەشی دووەم، ل ١١٩٣.

(٤٥) هەمان سەرچاوە، ل ١١٩٤.

(٤٦) عوسمان دەشتی، هێمن دەربارەی ناوەڕۆکی سیاسی و کۆمەڵایەتی شیعرەکانی، نامەی ماجستێر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠٠١، ل ٤١.

هێمن مەهابادی لەنێو ئازاری نەتەوەکەی ژیاوە و شیعرەکانی ئاوێنەی قۆناغەکانی خەباتی گەلی کوردە، هەلومەرجی سیاسی و کولتووری نەتەوەکەی کاری کردۆتە سەر شیعرەکانی. ئەگەر لە تەواوی شیعرەکانی وردبینەوە، ئەوا دەبینین شیعرە نەتەوەیی و سیاسییەکانی پانتاییەکی فراوانیان گرتووە. بۆیە بۆ دەوڵەمەندکردنی ئەزموونی شیعری خۆی، سوودی لەبارودۆخی سیاسی و پرسی نەتەوەیی و کەلەپووری نەتەوەکەی وەرگرتووە.

هێمن لە شیعری (رەشەمە و نەورۆز)دا، کە لە ساڵی **١٩٦٩** دایناوە، نەوەك بە ناونیشانی (مەزنی کورد) هەروەك (مەحموود زامدار)، بەهەڵە ناونیشانی ئەم شیعرەی دەستنیشان کردووە[٤٧]، دەیەوێت لە رێگای زیندووکردنەوەی داستانی کاوەی ئاسنگەر، قارەمانییەتی سەرکردەیەکی کوردمان پێ بناسێنێ کە ئەویش بارزانییە. شاعیر لە درێژەی ئەو شیعرەدا بە دوو هێڵ پاڵەوانییەتی کاوەی ئاسنگەر و ئازایەتی بارزانیمان بۆ دەکێشێ، ئەمەش بە مەبەستی ئاوێتەکردنی هەردوو قارەمانییەتییەکە بۆ رزگارکردنی گەل لە ژێر زەبری ستەمکاریی، هەروەك لە بەشی یەکەمی شیعرەکەدا ئاماژە بە ئازایەتی کاوەی ئاسەنگەر دەکات و دەڵێت:

**لەو دەمەیڕا کە کاوە کوتکی وەشاند**
**مێشکی زوحاکی کوردکوژی پرژاند**
**گــەلی چەوساوە هات و لێی هالاً**
**چەرمی بەروانکەی کـرا بە ئـــالاً**
**شۆڕشی پـــاکی بیری ئاسنگەر**
**ڕاوی نا لەو وڵاتە داگـــیرکەر**
**ئاگرێکی بەتینی هـــەڵگیرساند**
**کۆشکی زۆرداری سەرلەبەر سووتاند**
**......................**
**ئـــاگری کـــاوە دانەمرکـــاوە**
**لەبن ئەو ژیلەمـــۆیەدا مـــاوە**
**تاکو کـــورد هەبێ لە دونیادا**
**زیندووە، نامرێت و کـــۆڵ نادا** [٤٨]

(٤٧) مەحموود زامدار، بارزانی نەمر، چریکەی چیا و سترانی شاعیران، ل ٧٤.

(٤٨) هێمن، بارگەی یاران، سەرجەمی شیعری هێمن، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٦، ل ٢٧٨-٢٧٩ .



لێرەدا شاعیر هانای بۆ ئەفسانەیەکی کوردی بردووە، بەوپێیەی ئەفسانە ((بابەت و رووداوەکانی لە رادەبەدەر و ئاسایی نین))[٤٩]. بۆیە شاعیر کارە نائاساییەکانی رابردووی نەتەوەکەی بە ئەنجامدانی کارە نائاساییەکانی سەردەمی نوێ بەستۆتەوە. دیارە مەبەستی شاعیر ئەوەیە کە ئەگەر لە رابردوودا کاوە شۆڕشێکی سەرکەوتووی بەرپا کردبێ، ئەوا لە سەردەمی نوێدا ژیلەمۆی کاوە دانەمرکاوەتەوە. بۆیە لەسەردەمی نوێدا کاوەی تر سەرهەڵدەدەن، بۆیە بەلای هێمنی شاعیرەوە بارزانی وەك کاوەی سەردەمی نوێ شۆڕشێکی دیکەی رزگاری دژ بە ستەمکاریی هەڵگیرساندووە، بەمەش گوزارشتی لە کێشە نەتەوەییەکەی لەرابردووی دوور و بەردەوامی سەردەمی نوێدا کرووە. هەروەك دەبینین شاعیر لە بەشی دووەمی شیعرەکەدا هاوکێشەی قارەمانییەتییەکە تەواو دەکات، تەنانەت بارزانی بە کاوەیەکی ئازاتر دەچوێنێ و دەڵێت:

**راپەڕی کاوەیـــەکی ئـــازاتر**
**کەوتە دوی کـــۆمەڵێکی وریـــاتر**
**مەزنی ئەو کوردە کاکە بـــارزانی**
**کاتێ حـــاڵی بەنالـەبار زانی**
**رابوو، راسا، پسانـــدی زنجیری**
**گرتی رێی راستـــی باب و باپیری**
**کوڕی دڵسۆزی کورد و شێری نەبەرد**
**دەستی دایە تفەنگ و چووە بن بەرد**
**شـــۆڕشێکی بەهێزی بەرپا کرد**
**سەد زوحـــاکی لەناخی رەش راکرد**[٥٠]

لێرەدا شاعیر باسی شۆڕشێکی نوێی گەلی کورد لە سەدەی بیستەم بە رابەرایەتی بارزانی کردووە، ئەو بارزانییەی کە هاتە مەیدانی خەبات و توانی زنجیری ستەم بپسێنێ و رێگای راستیی باب و باپیرانی بگرێتە بەر. بەمەش نەك هەر زوحاکێك، کە رەمزە بۆ دەسەڵاتی

(٤٩) عبدالناصر محمد نوري، الاسطورة وعلم الاساطير، دار حرية للطباعة، بغداد، ١٩٨٦، ص ٥-٦.

(٥٠) هێمن، بارگەی یاران، ل ٢٧٩.

داگیرکاران، بەڵکو سەدان زوحاکی لەناوبردووە. ئاماژەدان بە لەناوبردنی ئەو هەموو زوحاکە، نیشانەی گەورەیی کەسایەتی بارزانییە.

**نایە ژێر پێ، هەموو هەوا و هـــەوەس**
**سەری خۆی شۆڕ نەکرد لەڕاستی کەس**
**تەمـــەنی رابرا لــــــە چۆڵ و چیا**
**چونکی بۆ ژیانەوەی گەلــــــی دەژیا**
**تووشی بوو دەرد و داخ و کــوێرەوەری**
**بێکەسی، رەنجەڕۆیی، دەربـــــەدەری**
**پڕوپووچ و درۆی نەبیست و نـــەبیست**
**بۆ گەلی رەنجی دیت و گەنجی نەویست**
**زێڕ و ئـــــــاسوودەییی وەبەر شەق دا**
**چی وەبەر چاو نەهات لە رێی هـــەقدا** (٥١)

شاعیر لێرەدا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە ئەگەرچی بارزانی توانی ژیانی خۆی بۆ رزگاری نەتەوەکەی تەرخان بکات، لەم پێناوەشدا تووشی کوێرەوەیی و دوورە ولاتی و بێکەسی بووەتەوە، هەروەها بە رۆحییەتێکی بەرزەوە توانی بەرژەوەندی تایبەتی و کەسییەتی و گەنجییەتی خۆی بەلاوە بنێ و، رێگای راستی بگرێتە بەر و بەرژەوەندیی بالاّی گەل لە ئەستۆ بگرێ. هەر ئەم هەوڵ و هیمەتانە بوو، وای کرد گەلەکەی لە دەوری کۆببنەوە.

**مێر و جـــــووتێر و پیر و رەوشەنبیر**
**توند و ئازا و بەکار و یـــــــەکترگیر**
**گەیینە ناو شۆڕش بــــــــەدڵپاکی**
**کەوتنە کار و هـــــــەوڵ وچالاکی**
**کوڕە پێشمـــــەرگە پشتیدا بە یەك**
**کەوتنە شوێنی ئەوی دەستیدا چەك**
**لەو چیا و بەندەنانە سەنگەری گرت**
**لەو هەموو ملهوڕانە کێ بەری گرت** (٥٢)

(٥١) سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٨٠.

(٥٢) سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٨٠.



دیارە لەم شیعرەدا هێمن کە پەنای بۆ ئەم ئەفسانە کوردییە بردووە، هەر بەتەنیا مەبەستی خوڵقاندنی وێنەیەکی لێکچوان نەبووە، بەڵکو زیاتر نیازی بونیادنانی جیهانێکی نوێ بۆ کورد بووە لەسەر دەستی بارزانی، کە گوزارشت لە خەون و ئاواتی کەسی و کۆمەڵی کورد بە گشتی دەکات. بۆیە شاعیر لە نێو تێکستی شیعرەکەیدا ئاماژە بە چین و توێژەکانی کوردستان دەکات، کە بە گیانێکی یەکگرتوویی لە دەوری سەرکردەکەیان کۆبوونەتەوە و بە بڕوایەکی پتەو شاخیان کردۆتە پشت و پەنا.

**ئەو هـــەڵۆ، دوژمنیش قەل و داڵ بوو**
**رووی لە هەر سەنگەرێك دەکرد زاڵ بوو**
**هەرکوڕێك پاڵەوان و ئـــــــــازا بوو**
**مشتەکی خەنجەری تـــــــــرازا بوو**
**تا سەری دوژمنانـــــــــــی پێ ببڕێ**
**یا زگی زۆڵە کـــــــــوردی پێ بدڕێ**
**هەرکە دەستی گەیشتە میلی تـفەنگ**
**کوردەواریی بەدوژمنی کرد تـــــەنگ**
**گیانی دانا لەسەر بــــــــەری دەستی**
**بۆ ژیان و نەجات و سەربـــــــەستی**
**هەر بژی کاکی پاکی خـــــــاکیپۆش**
**تۆی گەلی خۆت گەیاندە رۆژی خۆش** (٥٣)

شاعیر بارزانی بە هەڵۆ چواندووە و دوژمنیش بە قەل و داڵ، بۆ ئەوەی وێنەی ئەو رۆژانەمان بۆ بکێشێ، کە تیایدا بارزانی و جەنگاوەرانی لە سەنگەرەکاندا دژ بە دوژمنان وەکو هەڵۆ زەبری لە دوژمن وەشاندووە، بەمەش سەرکەوتنیان بەدەست هێناوە.

بەم شێوەیە هێمن مەهابادی بە سوود وەرگرتن لە کەلتووری نەتەوەیی و پاڵەوانی ئەفسانەیی کورد، وێنەیەکی جوانی بارزانی نەخشاندووە و، بەخەیاڵێکی هونەرییانە تێکۆشانی پاڵەوانییەتیی کاوەی ئاسنگەری لە ابردوودا هێناوە و بە پاڵەوانییەتی بارزانی بەستۆتەوە، تەنانەت بارزانی بە کاوەیەکی ئازاتر لەقەڵەم داوە، ئەمەش لە ئەنجامی ئەو توانا شاراوەیەی لە بارزانیدا بووە، بۆ ئەنجامدانی کاری نائاسایی لەسەردەمی نوێدا، کە دواجار بووە جێگای بەدیهێنەری رۆژێکی پڕشنگدار بۆ نەتەوەکەی.

(٥٣) سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٨١ .

## چوارەم: ڕەنگدانەوەی کەسایەتی بارزانی لە شیعری هەژار موکریانی دا (١٩٢٠-١٩٩١):

هەژار وەکو شاعیرێکی نەتەوەیی کورد، هەر لە دامەزراندنی کۆماری کوردستاندا توانیویەتی بە شێوازێکی جوانی زمان پاراو، بارودۆخی کوردستان و خەباتی نەپساوەی گەلەکەی لەنێو بۆتەی شیعرەکانی دابمەزرێنێ. لەم بارەیەوە (شوکر مستەفا) نووسیویەتی: ((هەرچی شیعر و شاعیرییەتی هەژارە، ئەوە هاواری کوڵ و کەسەری کوردی مەزڵوومی بەش لێ زەوت کراوی غەدر لێ کراوە، چڵەپۆپەی ئێستێتیکای زمانی شیرینی کوردییە))[٥٤]. جگە لەمە هەژار بە داهێنانی شیعری جوان و پڕ وردەکاری، توانیویەتی وێنەی سەرکەوتنەکانی بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان بکێشێ و، قەڵەمی خۆی بکاتە چەکێك، بۆ ئەوەی شانبەشانی خەباتی چەکداری، ئینتیمای کوردایەتی و گیانی بەرگری لە نێو بیر و دەروونی گەلەکەی بڕوێنێ. ((هەژاری شاعیری کوردایەتی، خامە ڕەنگینەکەی و بەهرەی شاعیریی خۆی بۆ خزمەتی کورد و کوردستان و شۆڕشە مەزنەکەی کورد و بارزانی سەرکردە تەرخان کردبوو))[٥٥]. جگە لەمە بە کردەیی بەشداری لە سەنگەرەکانی بەرگرییدا کردووە ((دەخزمەت جەنابی بارزانی دای گوزەراندووە...پێشمەرگەی بارزانیی نەمر بووە))[٥٦]. هەژار موکریانی لە شیعرەکانیدا وێڕای ئەوەی توانیویەتی باس لە ڕووداوە تاڵ و شیرینەکانی گەلی کورد بکات، لە هەمان کاتدا بەشێکی هەرە زۆری بۆ خۆشەویستی بارزانی تەرخان کردووە ((بەشێکی زۆر لە شیعری بۆ ستایش و پێداهەڵدانی بارزانی و بنەماڵەکەی بووە. پێوەندی بەوەوە گەیشتۆتە پلەی سۆفیزم لەبەرئەوە دەکرێ بە شاعیری بارزانی ناو ببرێ))[٥٧]. لە بەرانبەر ئەوەشدا بارزانی هەژاری زۆر خۆشویستووە و حیسابی تایبەتی بۆ کردووە و بە کەسێکی زۆر نزیکی خۆی داناوە ((هەژار موکریانی، یەك لەو دەگمەنانەیە، بارزانیی نەمر، هەر لە رۆژگاری کۆماری مەهاباتەوە چۆتە دڵیەوە و رێزی تایبەتی لێ ناوە و بێ لە خزم و کەسوکاری نزیکی خۆی، تاکە کەسێ بووە، زۆری مەحرەمانەی نۆڕیوەتێ و جێی رازونیازی بووە و زۆر گرێی دڵی لەکن

(٥٤) هەژار موکریانی، بارزانی، ل ٦٢.

(٥٥) بۆتان مستەفا، هەژار شاعیری کوردایەتی، ر: برایەتی ئەدەب و هونەر، ژ: (٢١٦)، هەینی ٢٠٠١/٢/٢٣، ل ١.

(٥٦) هەژار موکریانی، بارزانی، ل ٥٠.

(٥٧) د. مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی حەوتەم، B، ل ٣٨٤.



کردۆتەوە..))[٥٨]. وێڕای بەهێزی ئەم پەیوەندییانە بارزانی هاوکاری لەچاپدانی بەرهەمەکانی هەژاری لە ئەستۆ گرتوو. بۆ نموونە چاپی یەکەمی هەرسێ کتێبی (مەم و زین)ی ئەحمەدی خانی (١٦٥٠-١٧٠٧) و (چوارینەکانی خەیام)، کە هەژار وەریگێڕاون، لەتەك دیوانی شیعری (بۆ کوردستان) لەسەر ئەرکی بارزانی چاپ کراون[٥٩].

ئەگەر ئەحمەدی خانی لە (مەم و زین)دا لە دیدێکی نەتەوەییەوە، هەستی بە بۆشایی و نائامادەیی پادشایەکی لێهاتووی کوردی کردبێ، هەروەك دەڵێت:

**رابت ژ مە ژی جەهان پەناهەك**
**پەیدا ببتن مە پادشاهەك**
**شیرێ هونەرا مە بێتە دانین**
**قەدرێ قەلەما مە بێتە زانین**
**دەردێ مە ببینتن علاجێ**
**علمێ مە ببینتن رەواجێ** [٦٠]

ئەوا ئامادەیی بارزانی وەکو سەرکردەیەك لە گۆڕەپانی جەنگ و خەبات و بەرگرییدا، (هەژار) ئەو پادشایە بە بارزانی دەزانێت، بۆیە بە بڕوایەکی پتەوەوە لە شیعری (بۆ پێشەوە بارزانی)دا دەڵێت:

**ئەگەر دوژمن پڕا و پڕی دنیا بێ**
**شەپۆڵ بداتەوە، وەکو دەریا بێ**
**چەکی دەسی لە ئێمە زۆر زۆرتر بێ**
**لەگش دڕندە، وەحش و پیاو خۆرتر بێ**
**خۆیان لەناو زرێپۆشان وەشارن**
**بۆمبا لەبن فڕۆکەیان دابارن**

(٥٨) هەژار موکریانی، بارزانی، ل ٦٢.

(٥٩) هەژاری گەورە لە بیرەوەرییەکانی کەمال مەزهەر دا، عەبدوڵلا زەنگەنە، گ: رۆڤار، ژ: ٢٤، ٢٠٠٣/٥/٥، ل ٤٧.

(٦٠) ئەحمەدێ خانێ، مەم و زین، بەرهەڤکرن: تەحسین ئیبراهیم دۆسکی، دەزگەها سپیرێز یا چاپ و وەشاندنێ، چاپخانا وەزارەتا پەروەردێ، هەولێر، ٢٠٠٥، ل ٥٢.

**له کـــــوردستان تۆمان هەبی بەسمانی**
**بۆ پێشەوە پێشمان کەوە بـــــــارزانی**(٦١)

شاعیر له وێنەیەکی بەرزی هونەریدا دەیەوێت دوو هاوکێشەمان بۆ بکێشێت، هاوکێشەیەکیان پێکهاتووە لە چەك و زرێپۆش و بۆمبا و فڕۆکە و درندەیی داگیرکاران، کە لە زۆریدا وەکو دەریا شەپۆڵ بداتەوە. هاوکێشەی دووەمیان پێکهاتووە لە ئیرادە و کۆڵنەدان و بەرخودانی بارزانی وەکو سەرکردەیەکی شۆڕشگێڕ، ئینجا شاعیر دەیەوێت هاوکێشەی دووەم زاڵ بکات بەسەر هاوکێشەی یەکەم، چونکە شاعیر پێی وایە بەرخودان و ئیرادەی گەلی کورد بە سەرکردایەتی بارزانی زۆر بەهێزترە لە هێزی دوژمن، ئەگەر دوژمن تەنانەت پڕاوپڕی دونیا بێت.

**ئەگـــەر هەوار نشێوە یان هەورازە**
**ئەگـــەر لەهی و لافاوی بێ پێ بازە**
**ئەگەر چەق و لوور و مڕەی دەعبایە**
**هــــەموو دەر و دۆڵێك پڕی حەزیایە**
**ئەگەر لە هەر بن بەردێ نەعرەی دێوە**
**هــــەر پنچکێك پڕی لەجند و خێوە**
**باکمان نییە هـــــێز و گوڕی دڵمانی**
**بۆ پێشەوە پێشمان کەوە بـــــارزانی**(٦٢)

شاعیر ئاماژە بە ئیرادەی بارزانی و هەڤاڵانی دەکات کە خودان ئیرادەیەکی پۆلاێینانەن، لەگەڵ ئەوەی ڕۆژگار پڕیەتی لە سەختی و هەوراز و نشێو و لافاو و حەزیا و دێو، کە ئەمانە هەموویان ئاماژەن بۆ پیلانی دوژمنان، سەرەڕای ئەوەی سوودوەرگرتنە لە فۆلکلۆری کوردیی، کەچی شاعیر بارزانی دەکات بە سەرچاوەی ئیرادە و وزەی بەردەوامی خەبات.

**با کۆخ و لادێ و شارەکان خاپوورکـەن**
**با گوللە تۆپ لاشان لەخوێنا سوورکەن**
**خوێنمام لەرێی ئـــــەم نیشتمانە برژێ**

(٦١) هەژار، بۆ کوردستان، ل ١٧٥.

(٦٢) سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٥.



**مێشکی ژن و ســوڕ و گیژانمان بسووژن**
**با وێران کەن، ببڕن، ببەن، بـــــکوژن**
**لە دواتەوەین باب و برا و کــــەسمانی**
**بۆ پێشەوە پێشمان کەوە بـــــارزانی** (٦٣)

شاعیر وەسفی ستەمکاریی دوژمنی کردووە، کە هەمیشە تایبەتمەندییەکانی خۆی لەوەدا دەبینێتەوە هەرچی لادێ و شار هەیە خاپووری کردوون و، ژن و منداڵ و گەنجان رووبەڕووی رەشەکوژیی کردۆتەوە و، ولات رووەو ماڵوێرانی بردووە. لەهەمان کاتدا بەو پێیەی، کە باوەڕێکی پتەوی بە سەرکەوتنی سەرکردە و خەباتی بارزانی هەیە، بۆیە سڵ لە زەبروزەنگی دوژمن ناکاتەوە و بە کارو هەڕەشەکانی ورەی ناڕووخێ، بەوپێیەی بارزانی باب و برا و پێشەوایە، سەرکەوتن هەر بەدەست دێت.

هەژار لە شیعرێکی دی بەناوی (کاوە: بارزانی)دا، دەیەوێت لە رێگەی کاوەی ئاسنگەردا وەسفی ئازایەتی بارزانی بکات، هەروەك دەڵێت:

**سەد وەك کاوە لە مێژوودا**
**لــە زوودا و لــە رابردوودا**
**لە راست بـــارزانی بێ ناوە**
**کــەس وا ئازا نەڕســـکاوە** (٦٤)

شاعیر ئازایەتی بارزانی لەسەرووی ئازایەتی کاوەی ئاسنگەر دادەنێت، ئەمەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، چونکە هەژار خۆی لەژێر سەرکردایەتی بارزانی لە سەنگەری بەرگرییدا جەنگاوە و بە چاوی خۆی بارزانی لە جەنگدا بینیووە.

کۆچی دوایی بارزانی کاریگەرییەکی گەورەی بەسەر هەژاردا بەجێ هێشتووە و، لەو بڕیارەی دابووی، کە واز لە شیعر هۆنینەوە بێنێت پاشگەزی دەکاتەوە، هەروەك دەڵێت: ((بڕیارم دا پاش ئەو هەموو بەلاێانە. بەلای شیعر و میعرا نەچم. بەلاَم کۆچکردنی بارزانی. کوورەی دڵی ساردەوە بووی نێڵ دامەوە و لەبڕیار هەڵگەڕامەوە. لەوساوە کە هاتوومەوە؟ بۆ

(٦٣) هەمان سەرچاوە، ل ١٧٥-١٧٦.

(٦٤) هەمان سەرچاوە، ل ٣١٤.

یەکەم جار بۆ بەرێ کردنی بارزانی شیعر هاتووە بە لامەوە))[٦٥]. بەلاّم ئەوەی جێگای تێڕامانە ئەوەیە کە یادەوەری کۆچی بارزانی هەر ئەوە نەبووە، شاعیر لە هۆنینەوەی شیعر پاشگەز کردبێتەوە، بەڵکو هەژار بەشی چوارەمی دیوانە شیعرییەکەی تایبەت کردووە بۆ ستایش و لاواندنەوەی بارزانی، بەمەش کەسەری گەورە و خەمی دوور لە بارزانی بە شیعر رەواندۆتەوە ((دەربازبوونی شاعیر بەرێگەی دەربڕین لە ئازار و برینەکانی، دەبێتە مایەی ئارامی دەروونی، ئەمەش دوای دەرکردنی خەمەکەی بە شیعر))[٦٦]، ئیدی هەموو ساڵێك لە بیرەوەری کۆچی بارزانیدا، بە تایبەتی لە مانگی ئاداردا ئەو یاد و بۆنەیە لەلای هەژار بووەتە سەرچاوەی لەدایکبوونی شیعر. راستە بۆنە بە یەکێك لەو هۆکارانە دادەنرێت کە شاعیر لە ناوەوە دەجولێنێ و هانی دەدات بۆ هۆنینەوەی شیعر، تەنانەت ((دەبێ بە راشکاوی دانی پێدا بنێین کە هیچ شیعرێك بەبێ ئەگەر و بیانوو، ئیلهامێك نەگوتراوە))[٦٧]، بەلاّم ئەم بۆنەیە بەلای هەژار سەیر کەوتۆتەوە، چونکە هەژار تاکو لە ساڵی ١٩٩١ کۆچی دوایی کردووە، هەموو ساڵێك شیعرێکی بۆ بارزانی نووسیووە. واتە لە ساڵی ١٩٧٩ تاکو ساڵی ١٩٩٠ ساڵانە لەو مانگ و رۆژەدا شیعری بۆ بارزانی هۆنیوەتەوە. ئەگەرچی ئەم شیعرانەش لاواندنەوەن و، فرمێسك رشتن و ئاخهەڵکێشان و خەمناکییان لەخۆگرتووە، بەلاّم سنوورەکەیان لەمە فراوانترە، هەروەك (د. عادل جاسم ئەلبەیاتی) دەڵێت: ((لاواندنەوە دەروازەکی فراوانە و تەنیا بەرووی فرمێسك رشتن و نالین و ئازارچەشتندا والاّ نابێ، بەڵکو بەسەر شانازی و حەماسەت و هەڕەشە و پەیمان بەستن و داشۆرین و ستایش و پەند وەرگرتنیشدا دەکرێتەوە))[٦٨].

هەژار لە شیعری (بارزانی نامرێ) کە بۆ کۆچی دوایی بارزانی لە ١٩٧٩/٣/١ هۆنیویەتییەوە، دەڵێت:

(٦٥) سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٣٩.

(٦٦) صبيح ناجي القصاب، الشعر بين الواقع و الابداع، وزارة الثقافة و الاعلام، دار الرشيد للنشر، بغداد، ١٩٧٩، ص ٨٨.

(٦٧) ئەبوبەکر خۆشناو، شیعری بەرەنگاریی کوردی، ل ٩١.

(٦٨) رثاء الابطال في الادب العربي قبل الاسلام، م: اداب المستنصرية، العدد: ٦، ١٩٨٢، ص ٢٢١.



**بارزانی پاڵەوانی کورد**
**هیوای پیر و جەوانی کورد**
**خەبەریان پێ دام تۆ مردووی**
**بەدیمەن لە بەرچاو ون بووی**
**من دەزانم تۆ نامری**
**تۆ لە مردن بەهێزتری** [٦٩]

شاعیر کاتێك باس لە کۆچی بارزانی دەکات، ئەو جگە لەوەی وەك پاڵەوانێکی کورد وەسفی دەکات، هاوکات بە سەرچاوەی هیوای پیر و گەنجانی لەقەڵەم داوە، چونکە هەموو چاویان لە دەستی ئەو بوو، تاوەکو کێشەکەیان بگەیەنێتە بەندەری دڵنیایی، لەگەڵ ئەوەشدا لە زۆربەی شیعرەکانیدا جۆرە سۆز و پەژارەیەکی توند دایدەگرێ، کە نەیتوانیوە بڕوا بە هەواڵی ئەم کۆچە بێنێ، وەك ئەوەی ئەم سەرکردەیە لەبەرگی مرۆڤدا نەبووە و هارمۆنییەتێکی فانتازی پێبەخشیوە، بە واتای ئەوەی لە هەموو دروستکارانی دی خودا جۆرە جیاوازییەکی هەبووە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ ئەم مرۆڤە کەسێکی ئەفسانەیی بووە و جیاوازتر لە ئێمە بۆ ژیان و گەلە ستەمدیدەکەی خوڵقاوە. هەر بۆیە دەبینین شاعیر بەوە دەست پێدەکات کە نەخێر بارزانی نامرێ.

**بەر لە شۆڕشی بارزانی**
**کەس بە کوردی نەدەزانی**
**ئەو کوردی بە دنیا ناساند**
**هاواری بە دنیا گەیاند**
**لەهەرچوار قوڕنەی دنیادا**
**لەسەر بەژ، لەناو دەریادا**
**بە کێ بڵێی کوردستانیم**
**پێت دەڵی بڵێ بارزانیم** [٧٠]

(٦٩) هەژار، بۆ کوردستان، ل ٥٣٩.

(٧٠) هەمان سەرچاوە، ل ٥٤١.

هەژار پێی وایە بارزانی بە هەڵگیرساندنی شۆڕشەکانی توانی گەلی کورد بە جیهان بناسێنێ، شوناسێك بۆ کورد بەدەست بێنێ و ناوی لەنێو مێژووی گەلانی جیهاندا بدرەوشێنێتەوە. لە ئەنجامی ئەو خەباتە سەختەی گرتوویەتییە بەر لەپێناو ئازادی گەلەکەی، تووشی ئازار و دەربەدەری و نەهامەتی هاتووە، هەموو جۆرە ناخۆشییەکی چەشتووە، بۆیە ناوی کورد و بارزانی ئاوێتەی یەکتر بوون، هەروەك هەژار دەڵێت:

**بارزانی شێست ساڵی رەبەق**
**جیٚ خەوی تاشەبەردی رەق**
**بەشـــــاخ و شـــکێڕانەوە**
**بە بــــەندەن و لـــێڕانەوە**
**لە غوربەت و دەربەدەری**
**غـــەمخۆر و لەخۆشی بەری**
**بۆ گەلی کورد چەوسایەوە**
**قەت تاوێك نەحەسایەوە**(٧١)

هەژار، بەپێی ئەوەی لە بارزانی نزیکبووە، ئەوە دەخاتەڕوو، کە ئەو هەمیشە یارمەتیدەری هەژاران و لێقەوماوان بووە، بۆیە بە پشتیوان و باوکی هەژارانی لەقەڵەم داوە، ئەمەش گەیاندوویەتی بەو راستییەی کە پێویست بە رشتنی فرمێسك ناکات، چونکە بارزانی لەنێو دڵی هەژاران و گەلی کورد زیندووە. پاشان شاعیر پەیمانی وەفاداری خۆی لەگەڵ گیانی بارزانی نوێ دەکاتەوە، کە هەمیشە درێژە پێدەری خەباتی ئەو بێت.

**بارزانـــــــی بابـی هـــەژاران**
**هــــــەتوانی دڵ برینـــداران**
**شیوەن شـــــــایانی تۆ نییە**
**ئـــــەسرین رژتن چی بۆ نییە**
**مـــــن بۆ دەربڕینی هـەستم**
**پـــــەیمانت دەگەڵ دەبــــەستم**
**تـــــادەمــــرم پێت وەفادارم**

(٧١) سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٤١-٥٤٢.



**چـۆن بووم هەرهەمان هەژارم** (٧٢)

هەژار لە شیعری (هەر شەو نابێ) کە بۆ ساڵیادی کۆچی دوایی بارزانی لە ١٩٨٠/٣/١ هۆنیویەتییەوە، بارزانی بە هەتاو دەچوێنێ لە کاری جوان و جوامێریدا، ئەمەش یەکێکە لەو خەسڵەتانەی کە ناوی بە نەمری دەهێڵێتەوە، هەروەك دەڵێت:

**تۆ لە عاسمانی پیاوەتی خـۆری**
**هەموو ئازا کەمن ئەتـــۆ زۆری**
**تیشکی تۆ هەر بینا سەری داوە**
**ناوی تـــۆ تا هەتایە هــــەر ماوە** (٧٣)

هەژار لە شیعرێکی دی بەناوی (رۆژی کورد)دا، کە بۆ ساڵیادی کۆچی دوایی بارزانی لە ١٩٨١/٣/١ هۆنیویەتییەوە، بارزانی بە خۆرەتاو دەچوێنێ بۆ رۆشنکردنەوەی ئەو تاریکییەی کە داگیرکاران بەسەر کوردستانیاندا هێناوە. شاعیر بارزانی بە هێزی هەناو و سۆمای چاو دەچوێنێ، کە هەر ئەو وای کردووە بەو هێزەوە ترس لە دڵ و بیری رۆڵەکانی نەتەوەکەی بڕەوێنێتەوە. دواجار بە هۆی زیرەکی و نەبەزییەکەی ناوی کورد لە سەرانسەری دونیادا دەنگی دایەوە، هەروەك دەڵێت:

**لە شەوی کـــورد خۆرەتاوە**
**هێزی هەناو، سۆمای چاوە**
**چــــاوی دڵی کـــــردینەوە**
**تــــرسی لە بیر بردینــــەوە**
......................
**لە ناو گشت کۆمەڵ و چیندا**
**لە سەرانـــــسەری زەمـــیندا**
**لە سایەی ئەو خـــــــەباتەوە**
**ناوی کورد دەنـــگ ئەداتەوە**(٧٤)

(٧٢) هەمان سەرچاوە، ل ٥٤٢.
(٧٣) هەمان سەرچاوە، ل ٥٥٣.
(٧٤) سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٥٥.

هەژار لە شیعری (ڕێبەری نەمر)دا، کە بۆ سێیەمین ساڵیادی کۆچی دوایی بارزانی لە ١٩٨٢/٣/١ هۆنیویەتییەوە، جەختی لەسەر نەمری بارزانی کردۆتەوە و، ئەمەشی لەلایەك بۆ هەژارپەروەری و پەیمان بردنەسەر گەڕاندووتەوە. پاشان بە دەربڕینی بیرێکی قووڵ جوانییەکی زۆری بە شیعرەکە بەخشیوە، ئەمەش لە بەرانبەر ئەو وەفادارییەی بارزانی لە ژیاندا نواندوویەتی، بۆیە وەفاداری کڕنووشی بۆ بردووە. دیارە کڕنووش بردن تەنیا بۆ مرۆڤ بەکاردێت، بەڵام شاعیر هاتووە مامەڵەیەکی هونەری لەگەڵ وشەی وەفاداری کردووە و زیندوویەتی پێداوە و سروشتی مرۆڤی پێبەخشیوە، ئەمەش لایەنێکی جوانی ڕەوانبێژییە و شێوەیەکە لە خواستنی درکاو کە ((شاعیران بەکاری دێنن بۆ کردەی زیادکردنی ژیان یاخود شێوەی مرۆڤ بۆ سەر واتای ڕووت و ماددیی زیندوو یاخود بێ گیان))[٧٥]. بەمەش لایەنی داهێنانی شیعرەکە لەو خاڵەوە بە جوانی دەرکەوتووە، هەروەك دەڵێت:

**لـــــە هەنگامەی مەیدانداری**
**ئێستاش هەر خۆت شۆڕەسواری**
**بۆ بەزە و هـــــەژار پەروەری**
**تائەبەد هـــــەر خۆت ڕێبەری**
**وات پەیمان دەبـــــردە سەرێ**
**وەفـــــا کڕنووشت بۆ بەرێ**
**دەی سا چۆن ئەو گیانە دەمرێ**
**چۆن مـــــردن خۆی لەبەر دەگرێ** [٧٦]

شاعیر لەم شیعرەیدا بارزانی هەر تەنیا وەك شۆڕەسوار و تێکۆشەر ناخاتەڕوو، بەڵکو باس لە ڕەوشت بەرزی و بەخشندەیی و هەژارپەروەری بارزانی دەکات، کە هەموو ئەم تایبەتمەندییانە بوونەتە هۆی ئەوەی بارزانی لای هەموو گەلی کورد وەك ڕێبەرێکی نەمر بناسێنرێ، بە جۆرێك کە لە پەیمانبردنەسەر هاوتای نەبووە، بۆیە لەم ڕوانگەیەوە وەفاداریی کڕنۆشی بۆ بردووە.

(٧٥) سەردار ئەحمەد حەسەن گەردی، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری کوردی دا (١٩٧٠-١٩٩١)، ل ٧٣.

(٧٦) هەژار، بۆ کوردستان، ل ٥٥٧-٥٥٨.



هەژار لە شیعری (نموونەی هونەر)دا، کە بۆ چوارەمین ساڵیادی کۆچی دوایی بارزانی لە ١٩٨٣/٣/١ هۆنیویەتییەوە، دەڵێت:

**بە هەموو هێز وەخۆکەوە**
**هەموو هونەران کۆکەوە**
**لێکی دە، پوخت دایبێژە**
**بیـــخە قاڵب و دایڕێژە**
**کەسێکی لێ بەرهەم بێنە**
**لــــەبەرچاوانی ڕانوێنە**
**بۆ بەجەوهەری و مێرانی**
**هــەرگیز ناگاتە بارزانی** [٧٧]

شاعیر دەیەوێ لە وێنەیەکی جوانی هونەریدا مرۆڤێك بخوڵقێنێ، سەرەڕای ئەوەی کە تیایدا هەموو هێز و هونەرەکانی ژیانی تێدا کۆکرابێتەوە، بەڵام ئەم مرۆڤە ناگات بە جوامێری و لێهاتوویی بارزانی، چونکە لە دیدی شاعیر بارزانی مرۆڤێکی بێهاوتابووە لە هەموو ئەو توانایانەی لە مرۆڤدا هەیە. لێرەوە خۆشەویستی و عەشقی لە ڕادەبەدەری شاعیر بۆ بارزانی دەردەکەوێت کە گەیشتۆتە نزیك سنووری پەرستن.

هەژار لە شیعری (بەیادی تۆ دەژی دڵم)دا، کە بۆ پێنجەمین ساڵیادی کۆچی دوایی بارزانی لە ١٩٨٤/٣/١ هۆنیویەتییەوە، دەڵێت:

**بـــارزانی باوکی شیرینم**
**ڕۆژی تیشــکدەری ژینم**
**ماوێکە دەڵێن پێنج ساڵە**
**کـە لام هەزار ساڵی تاڵە**[٧٨]

شاعیر وەکو منداڵێك بارزانی بە باوکی شیرینی خۆی دادەنێ و، ئەو بە ڕووناکی دەچوێنێ. هەژار پێنج ساڵی دووری لە بارزانی بە هەزار ساڵی تاڵ لەقەڵەم دەدات، کە ئەمەش ئەوپەڕی نائارامی شاعیر دەگەیەنێ بەوەی ڕۆژگار خۆشەویستەکەی لێ ون کردووە. دواتر لە درێژەی

(٧٧) سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٦١.

(٧٨) هەمان سەرچاوە، ل ٥٦١.

شیعرەکەیدا شاعیر دوای پێنج ساڵ لە کۆچی بارزانی، هێشتا پێی وایە بارزانی نەمردووە و خاك نەیتوانیوە ناوی بارزانی لەیادی شاعیر بباتەوە، چونکە ئەو نموونەی مرۆڤێکی باڵایە، هەروەك دەڵێت:

**دەزانن ئەتۆ هەر ماوی**
**نافەوتێی و نەفەوتاوی**
**تۆی نموونەی مەردایەتی**
**تۆی دروشمی کوردایەتی**[٧٩]

یاخود شاعیر لە شیعری (خوایە بەس نەبێ ئیتر)، بە هەمان هەناسە جەخت لە سەر چەمکی باوکایەتی و برایەتی لەبەرانبەر بارزانی دەکاتەوە، کە لە تاریکیدا کوردستانی رووناك کردۆتەوە و هیوای بە گەل بەخشیوەتەوە، ئەمەش وای کردووە بۆ نیشتمان پەروەران ببێتە رووگە (قیبلە) :

**بارزانی باوك و برای کورد**
**لەشەوە زەنگا چرای کورد**
**هیوا و هومێدی کوردستان**
**رووگەی راستی کوردپەرستان**
**بەڕێبەری پێشمان کەوتی**
**هیچ گاوێك تاوێك نەسرەوتی**[٨٠]

هەژار لە شیعرێکی دیدا لەژێر ناونیشانی (بەیادی تۆ دەژی دڵم)، کە بۆ پێنجەمین ساڵیادی کۆچی دوایی بارزانی لە ١٩٨٤/٣/١ هۆنیویەتییەوە، پێی وایە لەڕێگەی ئاگری سۆزی خۆشەویستی بارزانییەوە، دڵی بە زیندوویەتی ماوەتەوە. دواتر شاعیر ستایشی بارزانی دەکات و بە کەسایەتییەکی بێ هاوتا و دڵ پاك و خورەوشت جوان لەقەڵەم دەدات، هەر ئەمەشە وای کردووە شاعیر لەنێو بیرەوەرییە جوانەکانیدا بمێنێتەوە، چونکە بارزانی سەرچاوەی زیندوویەتی شاعیرە.

(٧٩) سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٦٢.

(٨٠) هەمان سەرچاوە، ل ٥٧٥-٥٧٦.



**بە یادی تۆ دەژی دڵم**
**دڵەی سەرشێت و سەرچڵم**
**هەرچەن تەنگە ماڵی تۆیە**
**پەپوولەی شەماڵی تۆیە**
**تا چیای بەرزی لێ دیارە**
**تا گوێی لەخوڕەی رووبارە**
**هیمەتی لەدنیا تاکت**
**دڵی پاکت، ناوی چاکت**
**بۆ من هەر کاکی جارانی**
**هەر هومێدی هەژارانی**[٨١]

هەژار لە شیعرێکی دیدا لەژێر ناونیشانی (بەیادی بارزانی)دا، کە بۆ شەشەمین ساڵیادی کۆچی دوایی بارزانی لە ١٩٨٥/٣/١ هۆنیویەتییەوە، باس لە تاڵی ئەزموونی ژیانی خۆی دەکات، بەرلەوەی بارزانی بناسێ. وەك دەردەکەوێ شاعیر ژیانێکی پڕ لە ئازار و نائومێدی و غوربەتی و دەربەدەری چەشتووە و لە چەندین دەرگای داوە، کەس دەرگای بەخشندەیی بەڕوودا نەکردۆتەوە، هەروەك دەڵێت:

**هەڵوەدا، شێواو، سەرگەردان**
**ئاوارەی سەر هەرد و بەردان**
**بێ هێز، سیس و زەرد هەڵگەڕاو**
**زەبوون و توانا لانەماو**
**ناهومێد بەرەو هیچ دەچووم**
**بۆ خۆم پیادە سوار بوو پشووم**[٨٢]

پاش ئەو ئەزموونە تاڵەی شاعیر تێیدا ژیاوە، کاتێك کە بە بارزانی شاد دەبێت، لە چەندین وێنەی هونەری جواندا، شاعیر بارزانی بە سەرچاوەی ژیانی خۆی و پەناگای هەژارانی داناوە و، بۆ ئەم کەسایەتییە کانی و ئاوی بەکارهێناوە، واتە لێرەدا (کانی و ئاو) خوازەیە و

(٨١) سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٦٣.

(٨٢) هەمان سەرچاوە، ل ٥٦٦.

لەباتی بارزانی بەکارهێنراوە. لەگەڵ ئەوەشدا شاعیر ئەوەی خستۆتەڕوو، کە چۆن خدری زیندە ئاوی حەیاتی دۆزیوەتەوە، شاعیریش بەم چەشنە بارزانی دۆزیوەتەوە:

**گاوێك نازانم چۆن گـــاوێك**
**هاتە بەرم کانی و ئـــاوێك**
**لەسەر کانـــی شەنگەدارێك**
**جێ سانەوەی گشت هەژارێك**
**بڵێم چۆن بوو سەرچاوەکەی**
**چۆن بدەم پەسنی ئاوەکەی**
**سەد جار شیرنتر لەگیانم**
**روونتر لەفرمێسکەکانم**
**ئاوی حەیاتی گۆڕین بوو**
**کە لە خدر بە پەرژین بوو**[٨٣]

یاخود شاعیر لە شیعری (ئەستێرەیەکی گەش )دا، کە بۆ حەوتەمین ساڵیادی کۆچی دوایی بارزانی لە ١٩٨٦/٣/١ هۆنیویەتییەوە، بارزانی بە ئەستێرەیەکی پڕشنگدار دەچوێنێ، کە تاریکی ژیانی شاعیری ڕۆشن کردۆتەوە و کۆتایی بە ئازارەکانی هێناوە، بەمەش هەروەك دەڵێت:

**لـــەپڕ ئاسۆی پڕ تەمـــــی ژیانم**
**ئەستـــێرەیەك گەش خۆی دا نیشانم**
**تیشـــــك ئەنگێوتر لە کاروانکوژە**
**ڕەواندی هـــــەرچی تاریــکی و مژە**
**سپیی هەڵـــــگێڕا ڕەشایی تـــاڵەم**
**وشـــکایی هێـــــنا بە ئاخ و ناڵەم**
**بزەی هاوێشتە ســــەر لێوی سیسم**
**تەرەو ئاوابوو بـــەختی نـــــەگریسم**
**هـــــێز و تین هاتن بەهــــــانامەوە**
**خۆشی و گەشی و هات، هات بەلامەوە**[٨٤]

(٨٣) سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٦٦.



هەژار پێی وایە بارزانی بە لێهاتوویی خۆیەوە، جگە لەوەی کوردی بە جیهان ناساند، هاوکات وەکو دڵۆپە بارانی ڕەحمەت بووە، بۆ بووژانەوەی هەست و بیری کوردایەتی و سەوزبوونی ئیرادەی گەلەکەی:

**کاکە بارزانی ئەو خـــــودان ناوە**
**کە کورد لە سۆنگەی ئەوڕا ناسراوە**
**هـــــێژای بلیمـــەت لەئـــازایەتی**
**بـــــارانـــی ڕەحمەت بۆ کوردایەتی**[٨٥]

خۆشەویستی بارزانی لەلایەن هەژارەوە لە شیعری (ئەستێرەیەکی گەش )دا، لە خۆشەویستییەکی ئاسایی نێوان دوو مرۆڤ دەردەچێ و دەبێتە عەشقێکی گەورە، بەمەش وێنەی بارزانی لەبەر چاوی شاعیر کاڵ نابێتەوە. دواتر ریشەی ئەو عەشقە ئەبەدییە شۆڕ دەبێتەوە بۆ نێو دڵ و بیری هەژار، بەمەش زمانی شاعیر پڕ دەبێ لە وێرد و یادی بارزانی، تەنانەت دوای مەرگی شاعیریش لە دونیای لێپرسینەوە ئەم عەشقە بە نەمری دەمێنێتەوە، بۆیە ئەگەر فریشتە پرسیاری لێ بکەن، لە وەڵامدا خۆی بە هەژاری بارزانی پێیان دەناسێنێ، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە عەشقی هەژار بۆ بارزانی گەیشتۆتە نزیك سنووری پەرستن، لێرەوە دەردەکەوێ شاعیر چیتر خاوەنی خۆی نییە، بەڵکو بارزانی بووەتە سەرچاوەی بوونی ژیانی، هەروەك دەڵێت:

**بـــارزانی لەمــــــن جـــوێ نابێتەوە**
**ڕەنگی وەفـــــای ئـــەو قەت ناچێتەوە**
**تـــــا لەسەر زەوین ژینێکـــــم هەیە**
**تـــــا لەڕەگ و خوێن تینێکـــم هەیە**
**بـــــارزانی لەدیــــــــار دڵ و گیانمە**
**یـــــادی ئەو ویردی ســــــەر زمانمە**
**دوای مەرگیش ئەگەر پرسییان نیشانیم**
**دەڵێم هـــــــەژاری کاکە بـــــارزانیم**[٨٦]

(٨٤) هەمان سەرچاوە، ل ٥٧٢.
(٨٥) هەمان سەرچاوە، ل ٥٧٠.

شاعیر لە شیعری (شابازی چیا)دا، کە بۆ هەشتەمین ساڵیادی کۆچی دوایی بارزانی لە ١٩٨٧/٣/١ هۆنیویەتییەوە، جگە لەوەی بارزانی بە (شابازی چیا) چواندووە، بەوەی کە شاباز جۆرێکە لە جۆرەکانی باز و بازیش جگە لەوەی بە ئازایەتی و بەهێزی ناسراوە و ڕەمزی سەرکەوتنە، هاوکات هەمیشە لە گەڕاندایە و لە هیچ شوێنێکدا جێگیر نابێت و بەردەوامیش چاودێری بێچووەکانی دەکات، بەڵام لێرەدا دەبینین شاعیر مامەڵەیەکی جوانی هونەریی لەگەڵدا کردووە و ئەمەی بەشێوەیەکی جوانتر بەکارهێناوە، ئەمەش لەو خاڵەوە دەردەکەوێ کە شاعیر ئەم شابازەی وەك ڕەمز بە چیا بەستۆتەوە. هاوکات شاعیر باسی لەو کەلێنە فراوانەی سەرکردایەتی گەل لە نێو گۆڕەپانی خەباتدا کردووە، کە دوای بارزانی گەل بەسەرگەردانی ماوەتەوە، بۆیە لەم یادەدا بە خەیاڵ دەیەوێت بارزانی بەهانای گەلەکەیەوە بێت و تۆڵە لە دوژمنان بکاتەوە، چونکە ((چێژی تۆڵەکردنەوە، خەم و ئازارچەشتن دەڕەوێنێتەوە))[٨٧]. بۆیە لەدیدی شاعیردا دوای کۆچی بارزانی، گەل هەستی بە سەرگەردانی کردووە، ئەمەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە بارزانی ڕێبەرێکی نەمرە و لە دیدی شاعیرەوە هەمیشە ئامادەیی هەیە.

**لـــەکوێیە هەڵمەتی شابازەکەی چیا و رازان**
**ببێ بـــە تـــۆڵەستێنی گـرۆی بەلەنـــگازان**
**بکێشێ خەنجەرێ مووکار لە حاندی نامەردان**
**ببێ بە رێبەری جاران لە هۆزی سەرگەردان** [٨٨]

شاعیر لە شیعری (خوایە بەس نەبێ ئیتر)دا، کە بۆ نۆیەمین ساڵیادی کۆچی دوایی بارزانی لە ١٩٨٨/٣/١ هۆنیویەتییەوە، داکۆکی لەسەر ئەوە دەکات کە تاهەتایە باس لە لایەنە مرۆڤایەتی و کارە چاکەخوازیی و خەسڵەتە جوانەکانی کەسایەتی بارزانی بکرێت هەرگیز کۆتایی پێ نایێ:

(٨٦) سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٧٣-٥٧٤.

(٨٧) رسائل اخوان الصفاء و خلان الوفاء، المجلد: ٣، دار بیروت للطباعة والنشر، بیروت، ١٩٥٧، ص ٦٠.

(٨٨) هەژار، بۆ کوردستان، ل ٥٧٥.



**ئەی ئەو مەردەی تا هەتایە**
**باســـی چاکەت بنەی نایە**[٨٩]

شاعیر لە شیعری (کورد لەفەرموودەی تۆ ناگا)دا، کە بۆ دەیەمین ساڵیادی کۆچی دوایی بارزانی لە ١٩٨٩/٣/٣ هۆنیویەتییەوە، لە وێنەیەکی جوانی داهێنانکارییانە بە زمانێکی سادەی دەربڕین، ئەوە روون دەکاتەوە کە بارزانی نەك هەر کەسێکی ئازا بوو، بەڵکو خودی (ئازایەتی) شانازی بە بارزانی دەکرد و لە کارامەییدا هونەر کڕنۆشی بۆ دەبرد. لەم وێنە جوانەدا بیرێکی قووڵ دەردەکەوێ، بەوەی شاعیر خەسڵەتی مرۆڤی بە ئازایەتی و هونەر بەخشیووە، ئەمەش مامەڵەکردنێکی ورد و داهێنانکارییانەیە لەگەڵ وشە، کە بۆ خەیاڵی بەرزی شاعیر دەگەڕێتەوە، وێنەکەش وەك دەردەکەوێت لەسەر بنەمای بە کەس کردن دروست کراوە. ئەمە جگە لەوەی سەرچاوەی ئەم بیرۆکەیە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بارزانی بێ وچان تەواوی ژیانی خۆی بۆ گەلەکەی خەرج کرد، بۆ ئەوەی هوشیاریان بکاتەوە و شوناسێك بۆ کورد بەرهەم بێنێت.

**غیرەت شـــــانازیی پێ دەکـــرد**
**هـــــونەر کڕنووشی بۆ دەبـــرد**
**نیو چەرخ پتر ئـــــەو مـــەردە**
**ئەو نـــــەبەزە، ئەو نەبـــــەردە**
**بەتەمای دەست و بازووی خۆی**
**تێکـــۆشا، تـــــۆ بزانی تۆی** [٩٠]

شاعیر لە دوا هەناسەی شیعریی خۆیدا لە شیعری (وەك بارزانی نابێتەوە)دا، کە بۆ دەیەمین ساڵیادی کۆچی دوایی بارزانی لە ١٩٩٠/٣/٣ هۆنیویەتییەوە. جگە لەوەی جەخت لەسەر گەورەیی بارزانی دەکاتەوە، بەوەی کە هەرگیز لە مێژووی گەلی کورددا، ڕێبەرێکی هاوچەشنی بارزانی نەخوڵقاوە و ناخولقێتەوە. هاوکات باس لەو بۆشاییە رۆحییەی خۆشی دەکات، کە بۆ ماوەی یازدە ساڵ لە دیداری رواڵەتییانەی بارزانی دوورە. خۆشەویستی بارزانی

(٨٩) سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٧٦.

(٩٠) هەمان سەرچاوە، ل ٥٩٠.

لە هزر و خەیاڵی شاعیردا قووڵ و بەرچاوە، ئەو خۆشەویستییەی ئۆقرەی لە بەر بڕیوە و لەنێو خەم و دووری تواندوویەتییەوە، بۆیە وای لێکردووە بڵێت:

**لەدنیا هەر تۆ دەبینم**
**تۆ بوویە رووگە بۆ ژینم**
**تا باسی خاوەن هونەران**
**کە هەڵکەوتوون لەهەر دەران**
**لە کتێبان وەدەخوێنم**
**لە وێنەی تۆ رادەمێنم**
**لە هەمبەر تۆیان رادەنێم**
**گورجێ گشتیان وەلا دەنێم**
**نەمدیوە کەس وەکو تۆ بێ**
**ناشێ هیچ کەسیش ولۆ بێ**
**لەوساوە دنیا دنیایە**
**هاوتای بۆ تۆ پێ شك نایە**[٩١]

یادی ئەو سەرکردەیە بەچڕی ئاوێتەی بیر و خەیاڵی شاعیر بووە و، پێی وایە لە نێو هەڵکەوتوانی دونیادا، هیچ کەسێك لە ئاستی بارزانیدا نییە، چونکە کەس وەك ئەو لە توانایدا نەبووە بۆ گەلەکەی بژی. بۆیە روو لە دوژمنانی کورد و رۆژگار دەکات، کە تەنانەت ئەوەی دووەمیشیان نەهامەتی بۆ گەلی کورد هێناوە و لە بەرژەوەندی ئەودا نەسووڕاوەتەوە، دەڵێت:

**بەڵام با چەرخی بێ باریش**
**داگیرکەری کوردەواریش**
**تێ بگەن کوردستان خواردن**
**خۆ لەمافی رەوا بواردن**
**بەسەرچوو و باوی نەماوە**

(٩١) سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٩٤-٥٩٥.



**رۆڵەی کورد پەیمانی داوە**
**تا ماوە کە هەر دەشمێنێ**
**لە ئازادی واز ناهێنێ**
**تا مافی ڕەوای دەستێنێ**
**لە بارزانی جێ نەمێنێ**[٩٢]

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە لە دوای کۆچی بارزانی، مەشخەڵی شۆڕش هەرگیز لە نێو بیر و گیانی گەلی کورد خامۆش نابێ، چونکە رۆڵەی کورد پەیمانی بە بارزانی داوە، هەمیشە رۆڵەیەکی بەوەفای ئەو رێگایە بێت کە ئەو گرتوویەتییە بەر و، لە خەبات بۆ بەدەست هێنانی ئازادی و مافەکانی خۆی واز نەهێنێ و لە کاروانی گیانبەخشین بەردەوام بێت.

بەم چەشنە هەژار موکریانی بە وێنەی جوان و مانای قووڵ و خەیاڵی بەپێز و وشە و بیری داهێنانکاری و زمانێکی سادەوە، لە شیعرەکانیدا بارزانی بە سەرچاوەی بوون و بووژانەوە و زیندوەیتی خۆی لە ژیان بەرجەستە کردووە، چ لەوکاتەی کە بارزانی لە ژیاندا بوو، چ ئەوکاتەش کە کۆچی دوایی کردبوو. دواجار خۆشەویستی بارزانی لەلای هەژار لە خۆشەویستی نێوان دوو مرۆڤی ئاسایی دەردەچێ و لە پەرستن نزیك دەبێتەوە.

(٩٢) هەمان سەرچاوە، هەمان لاپەڕە.

## باسی دووەم
## کەسایەتی بارزانی لای شاعیرانی هاوچەرخی کوردی

### یەکەم: ڕەنگدانەوەی کەسایەتی بارزانی لە شیعری شێرکۆ بێکەس دا (١٩٤٠-.....)

شێرکۆ بێکەس یەکێکە لەو شاعیرە هاوچەرخانەی کە لەگەڵ ئێش و ئازاری گەلەکەی ژیاوە و سوودی لە ڕووداو و کارەسات و ئێش و ئازاری نەتەوەکەی وەرگرتووە و بەشێوەیەکی جوان و وێنەی داهێنراوی هونەرییەوە لەنێو شیعرەکانیدا تەوزیفی کردووە و بووەتە هەوێنی شیعرەکانی، سەرەڕای جیاوازی بیرکردنەوەی سیاسی تایبەتی خۆی، لە بەرەی گەلدا دژ بە داگیرکاران وەستاوە و هەڵوێستی شیعری شانبەشانی سەنگەری پێشمەرگە بووە و تەنانەت ئەو خۆشەویستی و ئاواتەی لە دڵی جەماوەردا بوو توانیویەتی شیعری جوانی لێ هەڵێنجێت، هەروەك خۆی دەڵێت: ((لەو ڕۆژەوە کە شۆڕشی چەکدارانەی گەلی کورد بەرپابووە، واتە لە ئەیلولی ١٩٦١ەوە، سەنگەری ڕاستەقینەی پێشمەرگەی ئەم شاخ و کێوانە لەکوێ بووبێ، شیعری منیش لەوێ بووە. ئەو خۆزگە و حەز و خۆشەویستییانەی لە دڵ و دەروونی گەلەکەمدا هەبوون و نەیانتوانیوە بیکەن بە شیعر، لای من بوون بە شیعر و چوونەتە سەر کاغەز))[٩٣]. لەگەڵ ئەوەشدا شێرکۆ بایەخی سەرکردەی شۆڕشی بەرز نرخاندووە و لە شیعرەکانیدا پایەیەکی بڵندی بۆ داناوە، بە تایبەتی سەرکردەیەکی وەکو بارزانی کە شیعری جوانی بۆ نووسیووە، ئەوکاتەی سەرکردایەتی گەلەکەی دەکرد و هەڵگری سەرجەم مانا شۆڕشگێڕییەکانی کورد و ڕەمزی نەتەوەکەی بوو.

شێرکۆ لەو شیعرانەی ئەوکات بۆ بارزانی نووسیوە، دوای ئەو هەموو گۆڕانکارییانەی بەسەر بارودۆخی کوردستان و کاری پارتایەتی و بیروبۆچوونی تایبەتی خۆیدا هاتووە، کەچی هەر لەسەر ڕای خۆی ماوەتەوە و لەو شیعرانە پەشیمان نەبۆتەوە، وەك (محەمەد خدر مەولوود) وای بۆچووە، کە دەڵێت: ((لادانێك بەمەبەستی سڕینەوەی مێژووی پێشینەی شیعری، بەزەقی تەنیا لای شێرکۆبێکەس دەبینرێ...ئەوەشیان حاڵەتێکی خودی بەرژەوەندخوازی

(٩٣) شێرکۆ بێکەس چەپکێك هەڤپەیڤین، ل ٧٧-٧٨.



شاعیرە))[٩٤]. چونکە شێرکۆ خۆی ئەو بۆچوونانە ڕەتدەکاتەوە هەروەك لە چاوپێکەوتنێکدا بە ڕوونی ئاماژەی بۆ کردووە. لە دیدارەکەدا شێرکۆ هەموو ئەو گومانانەی ڕەواندۆتەوە گوایە لەو شیعرەی کە بۆ بارزانی نووسیوە، پەشیمان بۆتەوە. لە گفتوگۆکەدا بەم شێوەیە لە شێرکۆ دەپرسن:

((+ لە شیعری بۆ بارزانی پەشیمان بوویتەوە؟

- نەخێر، قەت لەو شیعرەم پەشیمان نیم.

+ چونکە لە چەند دانیشتنێك وام پێ گوتراوە؟

- نەخێر، قەت وام نەووتووە، چونکە ئەگەر وابوایە لەکاتی چاپکردنەوەی سەرجەمی شیعرەکاندا، ئەو شیعرەم بڵاو نەئەکردەوە. ئەمە جگە لەوەی کە ئەو شیعرە بەشێکە لە ئەزموونی شیعر و ژیانی خۆم. من لە وێنەکانی ئەلبومی ڕابردووم پەشیمان نیم و خۆم تەفرە نادەم))[٩٥].

شێرکۆ نەك هەر لەم شیعرە پەشیمان نییە کە بۆ بارزانی نووسیوە، بەڵکو شاعیر شانازی بەو شیعرە دەکات کە بۆ ئەو سەرکردەیەی نووسیوە و، بە شیعرێکی جوانی خۆی لەقەڵەم داوە، هەروەك دەڵێت: ((شیعری "بۆ بارزانی " بەیەکێك لە شیعرە جوانەکانی خۆم ئەزانم))[٩٦]. پێویستە ئاماژە بەوە بدەین کە شێرکۆ بێکەس هەر یەك شیعری بۆ بارزانی نەنووسیوە، بەڵکو چەندین شیعری بۆ ئەم سەرکردەیە هۆنیوەتەوە. هۆنینەوەی ئەم شیعرانەی بۆ هیچ مەبەستێك نەبووە، تەنیا ئەوە نەبێ هەروەك شێرکۆ دەڵێت: (( بارزانی ڕەمزی بەرەنگاربوونەوەی داگیرکەرانی کوردستان بوو. خۆشەویستێکی بێ نموونەی ناو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بوو. لە ساڵی ١٩٧٢* دا کاتێ ڕژێمی بەغدا پیلانی کوشتنی سازکرد، بە چەند ڕۆژێك دوای ئەو پیلانە، من شیعری "بۆ بارزانی"م نووسی و بەرلەوەی بە کوردی بڵاوبێتەوە پێشتر کرا بە عەرەبی و لە ڕۆژنامەی (التاخی )دا لەگەرمەی ئەو بەسەرهاتەدا و لە سانسۆرکردنی ڕۆژنامەکەدا و دەست بەسەرداگرتنی چەند ژمارەیەکیدا، لە تیژبوونەوەی وەزعێکی نالەباردا، بڵاوکرایەوە. بەڵێ ئەوکاتە شیعری "بۆ

(٩٤) محەمەد خدر مەولوود، بارزانی وەك بابەتی ئەدەبی ئەفرێنەر، کۆنگرەی یادەوەریی سەد ساڵەی بارزانی نەمر، بەشی دووەم، ل ١٣٥٦.

(٩٥) شێرکۆ بێکەس چەپکێك هەڤپەیڤین، ل ٤٠١

(٩٦) هەمان سەرچاوە، ل ٧٧.

(*) پیلانی تیرۆرکردنی بارزانی لە ساڵی ١٩٧١ بوو، نەك ساڵی ١٩٧٢.

بارزانیم" نووسیوە. ئەوساش نە پارتی بووم نە بەیاننامەی (١١) ئازار کردبوومی بە هیچ، مووچەخۆرێکی بچووك بووم.))[٩٧]. بۆیە لێرەدا دەردەکەوێت شێرکۆ لەو شیعرانەی بۆ بارزانی نووسیوە، هیچ مەبەستێکی تایبەتی نەبووە، بەڵکو نووسینی ئەو شیعرانە بۆ هەستێکی پاکی نەتەوەیی دەگەڕێتەوە، کە پاڵی بە شاعیرەوە ناوە تاوەکو گوزارشت لە هەستی راستەقینەی نیشتمانپەروەری و خۆشەویستی خۆی بۆ سەرکردەکەی بکات.

شێرکۆ لە شیعری (بارزانیی)دا کە بەبۆنەی هەوڵی تیرۆرکردنی بارزانی لە **١٩٧١/٩/٢٩** بە هەستێکی نەتەوەییانە لە ساڵی (**١٩٧٣**) نووسیویەتی، خۆشەویستی خۆی بۆ بارزانی وەك سەرکردەیەکی نەتەوەیی رادەگەیەنێت. لەکاتێکدا شاعیر ستایشی بارزانی دەکات ئەو ستایشە هەر لە روانگەیەکی تاکەکەسییەوە نەبووە، بەڵکو کۆدەنگی لەسەر بووە، هاوکات شاعیر هەڵوێستی خۆی لەنێو بۆتەی شیعر بەرانبەر بە دوژمن راگەیاندووە، ئەو شیعرەشی بە تیرێکی ژەهراوی بۆ سەر دڵی دوژمن داناوە، هەروەك خۆی دەڵێت: (( پیاهەڵدانی من پیاهەڵدانی میللەت بوو، پیاهەڵدانی هەزاران پێشمەرگە بوو، لەو رۆژگارەدا ئەو شیعرە تیرێکی ژەهراوی بوو بۆ سەر دڵی دوژمن و گۆرانییەکی راستگۆیانەی سەرزاری"فراوانترین جەماوەر بوو" کە تا ئەو رۆژە و تا ئێستەش وێنەی نەبینراوەتەوە))[٩٨]. شێرکۆ لە سەرەتای شیعری (بارزانیی)دا دەڵێت:

**خۆشمان ئەوێی**
**بەقەد رقی شمشێری ناو چاوی ئەوان**
**خۆشمان ئەوێی**
**بەقەد پیتی داخ لە دڵی ناو رۆژنامە،**
**زەردەکانی ئەوسا و ئەمڕۆ. خۆشمان ئەوێی.**
**بەقەد کینەی گوللە تۆپ و،**
**کوێرە بۆمبای فڕۆکەیان .. خۆشمان ئەوێی.**
**بەقەد بێشەلانی بوغزی سەری سونگی،**
**سوپاکانیان .. خۆشمان ئەوێی**[٩٩]

(٩٧) سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٨.

(٩٨) سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٩

(٩٩) شێرکۆ بێکەس، دیوانی شێرکۆ بێکەس، بەرگی یەکەم- چاپی دووەم، چاپکراوەکانی پرۆژەی کتێبی دانسقە، چاپخانەی پرژە، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل ٣٥٨



شاعیر سەرەڕای ئەوەی هەستی خۆشەویستی خۆی ئاوێتەی کۆدەنگی گەلەکەی بۆ بارزانی وەك سیمبولی نەتەوەیی و ئازادیی دەردەبڕێ، ئەوەندە لە خۆشەویستییەکەی قووڵ دەبێتەوە، دەیەوێت پێوانەیەك بۆ ئەو خۆشەویستییە دروست بکات، بۆیە دێت بە پێوانەی رقی دوژمنان ئەو خۆشەویستییە بپێوێت، کە هێندە زۆرە و خۆی لەوەدا دەبینێتەوە، کە بە قەد مەزنی رقی نێو دڵی دوژمنانی کورد و پیتی داخ لەدڵی ناو رۆژنامە کۆن و نوێیەکانی ئەوان دژ بە بارزانی نووسراوە، ئەوا خۆشەویستی خۆی بۆ بارزانی هەڵدڕێژێت. بێگومان خۆشەویستییەك بە قەد کینەی گوللە تۆپ و کوێرە بۆمبای فڕۆکە و بێشەلانی بوغزی سوپای دوژمانی کورد بێ، ئەوا رێژەی زۆری ئەو کینەیە بەهیچ پێوەرێك ناپێورێت، کە مەبەست تێیدا زۆری ئەو رقەیە، ئەمەش وەك دوو دیاردەی دژ بەیەك جوانییەکی بە شیعرەکە داوە، بۆ نیشاندانی رادەی بەرزی خۆشەویستی شاعیر بۆ بارزانی.

**بەقەد ناڵەی تەقینەوەی "تی، ئێن تی"ناو،**
**جانتاکانیان .. خۆشمان ئەوێی.**
**بەقەد داوی پیلانی ژێر مێزەر و جبەی پێراریان**
**خۆشمان ئەوێی.**
**بەقەد .. بەقەد**
**ژمارەی چاوی جاسوسی سەروخوارو**
**رۆژهەلات و رۆژئاوایان .. خۆشمان ئەوێی**
**چەندیان "ناوەکەت" خۆش ناوێ .. خۆشمان**
**ئەوێی**[١٠٠]

شاعیر پەیڤە رەنگاوڕەنگەکانی خۆی دەکات بە زوومی کامێرا و چەندین وێنەی جۆراوجۆری رق لەدڵی دوژمنان و هەوڵی رەش و نەزۆکانەی بەردەوامیان دەکێشێ. لەبەرانبەر ئەمەشدا خۆشەویستی خۆی بۆ بارزانی دووپات دەکاتەوە.

**ئەمانەوێی**
**وەك گوللە بۆ چەکەکانمان.. ئەمانەوێی.**
**وەك چەك بۆ پێشمەرگەکانمان.. ئەمانەوێی.**

(١٠٠) شێرکۆ بێکەس، دیوانی شێرکۆ بێکەس، ل ٣٥٨

**وەکو پێشمەرگە بۆ کەژ و کێوەکانمان ..**
**ئەمانەوێی**
**وەك باران بۆ کێڵگەکانمان**
**ئەمانەوێی.**
**هەر بۆ "مەرگ" ئەمانەوێی،**
**ئەی بارزانیی!** [١٠١]

لێرەدا شاعیر لە وێنەیەکی هونەری جواندا پێویستی نەتەوە بە سەرکردەیەکی وەکو بارزانی هێندە بە پێویست دەزانی، تەنانەت وردتر قووڵ دەبێتەوە بۆ ئەم پێویستییە کە فەزای ئەم پێویست بوونە گەورە دەکات و بارزانی بە باران و نەتەوە بە کێڵگە دەچوێنێ، (گوڵلە- چەك)، (چەك- پێشمەرگە) (پێشمەرگە - کەژ و کێو) بەواتە شاعیر دێت کار لە نێو چەمکە شیعرییەکانی خۆی دەکات و چەمکی پێویستیمان بۆ راڤە دەکات و تێیدا قووڵ دەبێتەوە، ئیدی بە قووڵبوونەوە لەم چەمکانە جۆرێك لە پیرۆزی و پێویستبوون رادەگەیەنێت، واتا پێویستبوونی ئەم دوو چەمکانە بە یەکتر (گوڵلە- چەك )، (چەك- پێشمەرگە) (پێشمەرگە - کەژ و کێو)، (باران- کێڵگە) جۆرێك لە نەمریی و زیندوویەتی بەیەکترییەوە دەبەخشن، چونکە ئەو کاتە (چەك)، (پێشمەرگە)، (کەژوکێو)،(کێڵگە) بایەخ و زیندوویەتی خۆیان بەدەست دێنن، کە بەرامبەرەکانیان (گوڵلە)، (چەك)، (پێشمەرگە)، (باران) پارێزگاری لەو زیندوویەتییە بکەن و نەمری بەخۆیانەوە پەیوەست بکەن.

**خۆشم ئەوێی!**
**ئەوەندەی برسیی نانێ خۆش ئەوێ**
**ئەوەندەی تینوو ئاوی خۆش ئەوێ.. خۆشم ئەوێی**
**خۆشم ویستی..**
**لەکاتێکا.. قەڵەمەکەم،**
**بە گەڕەکی رستەکانما .. راو ئەنرا**
**خۆشم ویستی. لە رۆژێکا بە نیوەڕۆ،**
**خۆشەویستیت لە شەقامی شارەکەما.. سەر ئەبڕرا،**

(١٠١) هەمان سەرچاوە، ل ٣٥٩



**لە رۆژێکا.. کاسەی سەرم بە دروشمە،**
**رەشەکانا هەڵئەواسرا.**
**لەکاتێکا .. قسەکانم لەناو دەمما دەس بەسەر**
**بوون**
**خۆشم ویستی لەشەوێکا بە نیوەشەو،**
**خۆشەویستیت .. قەدەغەبوو،**
**ناوهێنانت پشکۆیەك بوو زمانی شیعری تازەمی،**
**پێ داخ ئەکرا**
**خۆشم ویستی لەکاتێکا خۆشەویستیم**
**خەرمانێ بوو.. ئەسووتێنرا**
**سووتانێ بوو.. ئەسووتێنرا** [١٠٢]

شاعیر جەخت لەسەر خۆشەویستییەکەی خۆی بۆ بارزانی دەکاتەوە و رستە شیعرییەکانی خۆی درێژە پێدەدات و دووبارە ئەو چەمکانەی کە بەبێ یەکەوە هەڵناکەن، دەکات بە وێنەیەکی هونەریی و بۆ لێکچواندنی خۆشەویستی خۆی بۆ بارزانیی، ئەمە لەکاتێکدا دەربڕینی خۆشەویستی بۆ بارزانی لەو سەردەمدا جێگای مەترسییەکی گەورەبوو، بەڵام شاعیر بەبێ ترس و دوودڵی شیعرەکەی خۆی هۆنیوەتەوە هەروەك دەڵێت: ((ئەو رۆژگارەی ئەو شیعرەی تێدا وترا و بڵاوکرایەوە، رۆژگاری شلۆقی و پڕ لە مەترسی بوو، بۆیە ئەڵێم جێی شانازیمە کە لە سەردەمێکدا داگیرکەری ولاتەکەم پیلانی بۆ کوشتن و لەناوبردنی سەرکردەی خۆشەویستی گەلەکەم، رەمزێکی گەورەی ئەو سەردەمەمان سازکردبێ، منیش هەڵوێستی شاعیرانەم ئەوە بووبێ و بێدەنگ نەبووبم! وەکو زۆر بەناو شاعیری ئەوسا و ئێستەش، نەمتوانیوە بێدەنگی هەڵبژێرم و دەست بە کلاوی خۆمەوە و بە کلاوی شیعرمەوە بگرم تا با نەیبات!))[١٠٣]. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت شاعیر لە کاتی سەختدا بە چەکی شیعر رووبەڕووی دوژمن وەستاوە و بە شیعر دیواری بێدەنگی رووخاندووە و لەبەرەی سەرکردە و گەلەکەی وەستاوە و هەڵوێستی نواندووە.

(١٠٢) سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٥٩-٣٦٠

(١٠٣) شێرکۆ بێکەس، چەپکێك هەڤپەیڤین، ل ٧٨-٧٩.

**لە کاتێکا کتێبخانەی چاوەکانم ئەپشکنرا**
**بۆت ئەگەڕان .. بینییانی:**
**چیرۆکێکی دەماودەم لوتکەی شاخەکان**
**ئەتگێڕنەوە.**
**لق و پۆپی درەختەکان بە گۆرانیی ئەتلێنەوە.**
**بینییانی:**
**تابلۆیەکیت گڕ ئەتکێشێ و خانەقین ئەتکا بە سنگی**
**کەرکوکەوە..**
**بینییانی.. لەناو چاوی منالانی گوندەکانا..**
**بینییانی**
**لە رەشەبای هەردەکانا .. بینییانی**
**لە لافاوی چەمەکانا .. بینییانی**
**ئەی بارزانیی!** (١٠٤)

لە تابلۆیەکی دیکەی هونەریدا شاعیر دێت بوونی بارزانی لەنێو هەموو رایەڵەکانی ژیان و بوون رەنگڕێژ دەکات و، باس لە قارەمانییەتی و پێویستییەتیی بارزانی بۆ نیشتمان و نەتەوەکەی دەکات، هاوکات لە بەرامبەر ئەمەشدا دوژمن لە هەوڵی تیرۆرکردنی خەونی سەرجەم تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردیی پیلانی دادەڕشت. بۆیە شاعیر دەنگ هەڵدەبڕێت و دەڵێت:

**ئەی بارزانیی لەگەڵتاین چۆن بنار لەگەڵ**
**لوتکە دایە.**
**لەگەڵتاین چۆن چاوت لەگەڵ سەرنجتایە.**
**هەناسەت لەگەڵ سییتایە.**
**دەنگت لەگەڵ گەروتایە.**
**لەگەڵتاین، چۆن خەنجەرەکەت لەگەڵتایە**
**ئەی بارزانیی!** (١٠٥)

---
(١٠٤) شێرکۆ بێکەس، دیوانی شێرکۆ بێکەس، ل ٣٦٠



شاعیر لە کۆتایی قەسیدەکەیدا خۆشەویستی و پاڵپشتی خۆی و نەتەوەکەی بۆ بارزانی وەك (بنار لەگەڵ لوتکە)، (چاو لەگەڵ سەرنج)، (هەناسە لەگەڵ سیی)، (دەنگ لەگەڵ گەروو)، (خەنجەر لەگەڵ بارزانی) لە گرتەیەکی هونەرییانەی وردتر دەردەبڕێ، چونکە شاعیر باش لەوە گەیشتووە، کە زیان گەیاندن بە بارزانی واتە زیانگەیاندن بە دۆزی کورد، لەبەرئەوەی بارزانی و کێشە رەواکەی هەرگیز لەیەکتر جیانەکراونەتەوە. لێرەوە دەشێ بڵێین شێرکۆ راستگۆیانە توانیویەتی واقیعی رووداوەکە بەشێوازێکی هونەریی و سەرکەوتوانە بۆ نێو چوارچێوەی شیعرەکە بگوازێتەوە و کارێکی ئەدەبی لێ بەرهەم بێنێ، کە تاکو ئێستا نرخی ئەدەبی و مێژوویی و ئیستاتیکی خۆی لەدەست نەداوە، هاوکات توانای بەرزی شاعیر بەرجەستە بووە ((سازکردنی بەرهەمی ئەدەبی لە واقیعدا، هەزاران جار لە دروستکردن لە خەیاڵدا گرانترە، ئەو کەسەی کە لەنێو رووداوێکدا دەژی، پاشان رووداوەکە دەگێڕێتەوە و دواتریش لە دەروونی خەڵکیدا هەمان کاریگەری سەرخۆی لەواندا بەرجەستە دەکات، ئەوا هونەرمەندێکی راستگۆ و بەتوانایە ))(١٠٦).

شێرکۆ هەستە جوانەکانی خۆی نەك هەر تەنیا لە قەسیدەی درێژ و تایبەتی بۆ بارزانی نووسیوە، بەڵکو لەچەندین کۆپڵە شیعردا ئاماژەی بە شکۆی کەسایەتی بارزانی کردووە و لە یادگەی خۆیدا پاراستوویەتی، هەروەك لە شیعری (دڵداری ناو شارێکی مردوو)دا دەڵێت:

**دڵدارێکم .. بەسەردەمی پردی گوێزانی ئازاری**
**شارەکەما .. دێم و ئەڕۆم**
**چاوم .. لە گۆمی رووناکیی ..**
**وەرزی پێنجەمیندا ئەشۆم.**
**دڵدارێکم .. دڵم گۆپکەی مشتۆی سەر ئەو:**
**خەنجەرەیە .. سوارەکەی بەردەقارەمان**
**دایە دەس سوارەکەی بەرزان** (١٠٧)

---
(١٠٥) هەمان سەرچاوە، ل ٣٦٠-٣٦١.

(١٠٦) توفیق الحکیم، الواقع والخیال، م: الثقافة، عدد: ٢٣، السنة الاولی، ١٩٣٩، ص ٥.

(١٠٧) شێرکۆ بێکەس، دیوانی شێرکۆ بێکەس، ل ٣٤٤-٣٤٥.

شاعیر وەکو عاشقێکی نیشتمانپەروەر باس لە ئازاری شارەکەی دەکات، کە وەکو گوێزانێك برین بەرهەم دێنێت، بەلاّم لەگەلّ ئەوەشدا چاوی بڕیوەتە ئاسۆ و چاوەڕوانی وەرزی پێنجەمە کە مەبەست لەم وەرزە دەشێ (ئازادی) بێت. هەروەها شاعیر لە وێنەیەکی هونەری جواندا وەك عاشقێکی نیشتمان دڵی بەستراوەتەوە بە گۆپکەی سەری ئەو خەنجەرەی کە (شێخ مەحموودی حەفید) دەیداتە دەست شۆڕەسوارەکەی بارزان کە مەبەستی شاعیر (بارزانی مستەفا)یە، دیارە لێرەدا مەبەستی شاعیر لە ئالوگۆڕکردنی ئەو خەنجەرە درێژە پێدانی خەباتی ئازادیخوازانەی گەلی کوردە لە سەرکردەیەکەوە بۆ سەرکردەیەکی دیکە بۆ بەدەستهێنانی ئازادی کوردستان.

شێرکۆ لە شیعری (لە دورگەی خەوی زڕاوی شاعیرێکا)دا، کاتێك کە خەمی ڕۆژگار ڕوو لە مالّی دڵی دەکات و پەست و هەراسانی دەکات دەلّێت:

**پەستم..**
**پەستم وەك کێلّگەیەك .. هەور**
**زیاد لە جارێ**
**بەسەر سەریا تێپەڕێ**
**تێبپەڕێت و نەبارێ!.**
**پەستم..**
**پەستم وەك ئەو قومە ئاوەی لە سەنگەرا،**
**ڕژاو ..نەگەیشتە دەمی،**
**پێشمەرگەیەك .. شەهید کرا.**
**پەستم وەکوو سەرچاوەیەك: لێخن کرێ.**
**وەك مەچەکی هۆنراوەیەك**
**زنجیر .. کرێ**
**پەستم وەك ئەو پێکەنینەی:**
**کە داگیرکەرم ئەیگرێ.**
**پەستم .. پەستم**
**وەك سەعات پێنجی ئێوارەی**
**بیست و نۆی مانگی "نۆ" پەستم!** [108]

(١٠٨) سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٥٤-٣٥٥.



پێویستە لێرەدا ئاماژەیەك بە مەغزای کاتی ئەم شیعرە بدەین، کە مەبەست لە پەستی و بێزاری شاعیر لە پێنجی ئێوارە دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژی ( ١٩٧١/٩/٢٩)ە، دیارە ئەم ڕێکەوتە بۆ ئەو ڕووداوە دەگەڕێتەوە کە بارزانی ڕووبەڕووی هەولّی تیرۆریستی داخ لە دلّی ڕژێمی بەعس بووەوە، کاتێك کۆمەلّێك زانای ئایینی سەردانی بارەگای بارزانییان لە حاجی ئۆمەران کرد و بە مینی تەوقیت کراو نزیك کاتژمێر پێنجی ئێوارە تەقینەوە، کە بارزانی بەشێوەیەکی پەرجوو ئاسا ڕزگاری بوو، ئەم ڕووداوەش بوو بە ئیلهام بۆ لەدایکبوونی ئەم شیعرە هەست بزوێن و پڕ لە وێنە سەرنجڕاکێشە لەلای شێرکۆ.

بەم شێوەیە شێرکۆ توانی چەندین شیعری پڕ لە جوانیی و داهێنان بهۆنێتەوە، کە سەرچاوەی ئیلهامەکەی بۆ کەسایەتی و ژیانی بارزانی دەگەڕێتەوە، هاوکات بارزانی لە دیدی شیعری شێرکۆدا وەك کەسایەتییەکی خۆشەویستی بێ هاوتای نێو نەتەوەکەی بەرجەستە کراوە.

### دووەم: ڕەنگدانەوەی کەسایەتی بارزانی لە شیعری عەبدوللاّ پەشێودا (١٩٤٧- ....):

عەبدوللاّ پەشێو کە ((یەکێك لە پێشەنگی شیعری کوردی مۆدێرنە))[109]، لەنێو جیهانی شیعرەکانیدا هەر تەنیا خۆشەویستی خۆی بۆ دلبەر و نیشتمان و هەژارانی نەتەوەکەی نەهۆنیوەتەوە و بەرگری لە دۆزە ڕەواکەی کردبێ و ڕەخنەی لە بارودۆخی سیاسی و کۆمەلاّیەتی کوردستان گرتبێ، بەلّکو لەپالّ دەربڕینی خۆشەویستی بۆ دلبەرەکەی، دلّسۆزیی سەرکردەی نەتەوەکەی سەرنجی ڕاکێشاوە و لە شیعرێکدا ئەو خۆشەویستییەی ئاوێتەی یەکتر کردووە.

پەشێو شیعرێکی هەیە لەژێر ناونیشانی (ئازیزەکەم)، کە لە سالّی ( ١٩٧١ ) بلاّوی کردۆتەوە، نەوەك بەناونیشانی (پەیکەر) هەروەك مەحموود زامدار ئاماژەی پێداوە[110]. شاعیر لەم شیعرەیدا زۆر بە جوانی هەست و سۆز و هەلّوێستی خۆی بەرانبەر بارزانی دەردەبڕێت لە کاتێکدا لەگەلّ خۆشەویستەکەی گفتوگۆ دەربارەی دروستکردنی پەیکەرێك بۆ

(109) Evdila Pesew، VEGER-Birakuji-،werger: Ruken Begdu Keskin u Bedran Hebib،dezgay Wesana Avesta، Estanbul، 1996, Λ 7

(١١٠) مەحموود زامدار، بارزانی نەمر، چریکەی چیا و سترانی شاعیران، ل ٨٩ .

کەسێکی گەورە دەکات، چونکە دروستکردنی پەیکەر تەنیا شایانی کەسانی مەزنە، بۆیە دلبەرەکەی شاعیر پرسیار ئاڕاستەی شاعیر دەکات، لەکاتێکدا ئەگەر پەیکەرێك بۆ نیشتمانپەروەرێك داتاشیٚ ئایا بۆ کێی دەتاشیٚ؟ شاعیر لەم ساتەدا بیٚ دوودلّی و بە بڕوایەکی ڕاستەقینەوە وەلاّمی دەداتەوە، هەروەك لە شیعرەکەدا هاتووە:

**لەم ڕۆژانە، ئازیزەکەی**
**خۆشەویستی گیانی برسیم**
**زۆر بە تاسە و پەرۆشەوە،**
**هات لیٚ ی پرسیم ..**
**وتی:**
**گەر بلێیم پەیکەریٚ**
**داتاشە بۆ کوردپەروەریٚ**
**بۆ کیٚ دەکەی؟**
**منیش ووتم:**
**کوردستانم لە زەمینی**
**تا ئاسمانی**
**تیٚ یدا نییە دلّسۆزتر بیٚ**
**لە بارزانی** (١١١)

شاعیر لەم شیعرەیدا کاتێك گفتوگۆ لەگەلّ خۆشەویستەکەیدا دەکات و هەست و سۆزی خۆی بەرانبەر بە بارزانی دەردەبڕێت، پێی وایە گەورەیی بارزانیی بە هەموو کوردستان بلاّوبۆتەوە و چەمکی دلّسۆزییەکەی بۆ خاك و نەتەوە و دۆزە ڕەواکەی، بەشێوەیەکی ڕەها لە کەسایەتی بارزانی بەرجەستە دەکات، کە لە سەرتاسەری کوردستاندا هەرگیز هاوتای نەبیٚ بۆیە شاعیر لەم شیعرەدا زیرەکانە دووبابەتی ئاوێتەی یەکتر کردووە، کە ئەویش خۆشەویستی یار و خۆشەویستی سەرکردەیە، ئەوەی لە شیعرەکەدا بووەتە سەنتەری قسەکردن لەسەری چەمکی دلّسۆزییە، دلّسۆزیی یەکێکە لەو سیفەتە جوانانەی کە مرۆڤ لە ژیاندا بەرز دەکاتەوە و، دەبێت بە شوناسێکی زیندوو بۆ ئەو کەسەی هەلّگریەتی و، دەبێتە هۆی ئەوەی مرۆڤەکان

(١١١) عەبدوللاّ پەشێو، ئازیزەکەم، ڕ: خەبات، ژ: (٦٦٥)، دووشەممە ١٩٩٣/٣/١، ل ٨.



لە ژیاندا لێی کۆببنەوە و پشتی پێببەستن و لەلایان خۆشەویست بێت. بۆیە شاعیر ویستوویەتی ئەوە نیشان بدات کە دلّسۆزی بناغەیە بۆ خۆشەویستی یار و خۆشەویستی سەرکردە، دەشیٚ بە دیوێکی تر و لەودیو مانا شاراوەکانی ژێر ڕستەکانی ئەم شیعرەدا ئەوە بخوێنینەوە، کە ئەگەر شاعیر بۆ خۆشەویستەکەی دلّسۆز بێت، ئەوا خۆشەویستەکەی بارزانی کە کوردستانە لەرێگەی دلّسۆزییەوە نەمری بەدەست دێنێت و هەردوو لا بەهۆی دلّسۆزییەوە پلەی بەرز دەستەبەر دەکەن، چونکە ئەگەر ئەڤینداری و خۆشەویستی شۆڕشگێڕ لە دلّسۆزیی بەتالّ بکرێت، ئەوا هیچ مانایەکی بۆ نامێنێتەوە. کەچی بە پێچەوانەوە دەبێتە هۆی بەدەست هێنانی پلەیەکی بەرز لەنێو دلّ و دەروونی مرۆڤایەتیی. ئەڤیندارە نەمرەکانی نێو جیهان هەمیشە بونیادی خۆشەویستییەکەیان لەسەر دلّسۆزیی بونیاد نرابوو، بۆیە لەم ڕێگەیەوە توانییان نەمری بەدەست بێنن.

پەشێو هەر تەنیا یەك شیعری بۆ بارزانی نەهۆنیوەتەوە، بەلّکو خۆشەویستی خۆی لە شیعری دیکەش بۆ بارزانی دەربڕیوە، ئەو شیعرانە کە بۆ سەرکردەکەی هۆنیوەتەوە هیچ مەبەستێکی تایبەتی تێدا نەبووە، هەروەك خۆی لە سالّی ٢٠٠٥ ئەمە ئاشکرا دەکات و دەلّێت: ((لەکاتێکدا من شیعرم بۆ بارزانی نووسی، نان بە شیعرنووسین پەیدا نەدەبوو))(١١٢). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت شاعیر وەك پێویستییەکی سەردەمەکەی سەیری بارزانی وەك سەرکردە و سیمبولی نەتەوەیی کردووە.

پەشێو لە شیعرێکی دی دا بەناوی (بروسکە)، کە لە ١٩٧١/١٠/٢ دا بلاّوی کردۆتەوە، دەلّێت:

**وتیان: وا گوندێك، گڕی تێبەربوو**
**گریانم نەهات !**
**وتیان ! منداڵێك،**
**بەنێزە و قەمەی، دوژمن بیٚ سەر بوو**
**گریانم نەهات !**
**بەلاّم کە وتیان، زامی بارزانی لە دایك بووە،**
**دانی پیاوەتی و تۆڵە تێك چەقین !**
**لە چاوەکانما، دوو کارێز تەقین !** (١١٣)

(١١٢) د. عەبدوللاّ پەشێو، کۆڕی شیعری، هەولێر، ڕێکەوتی٢٠٠٥/١٢/٢٠، کاتژمێر (٢:٣٠).
(١١٣) عەبدوللاّ پەشێو، بروسکە، گ: ڕۆژی کوردستان، ژ (٢)، سالّی (٢)، ١٩٧٢، ل ٦٠.

شاعیر لەم شیعرەیدا لە هەموو شتێك گرنگتر و گەورەتر لەلای کەسایەتی بارزانی بووە، بە واتە کەسایەتی بارزانی لە روانگەی شاعیرەوە زۆر بە نرخ بووە، سووتانی دێیەك، سەربڕینی منداڵێك بە قەمەی دوژمن سەرنجی شاعیری رانەکێشاوە. لەم شیعرەدا جەخت لە سەر بارزانی کراوەتەوە، چونکە بارزانی تاکە رابەر و رێنیشاندەری نەتەوەیەکی ژێردەستە بووە، بە واتە سەرجەم نەخشە و ستراتیژەکانی گەلی کورد و گشت بڕیارەکان لەوەوە دەردەچوو، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە بارزانی رێگەیەك بووە بۆ گەیشتن بە خەونی نەتەوەیی کورد. یاخود چرایەك بوو بۆ رۆشنکردنەوەی رێگەی سەرفیرازی و سەربەخۆیی. بۆیە تەنیا بە زامداربوونی بارزانی، شاعیر فرمێسکی وەك کاریز لە چاوەکاندا دەرژێ، چونکە لەدەست دانی بارزانی هەڵوەشانەوەی نەخشەی ستراتیژی دۆزی کورد و کارەساتێکی گەورە بووە، هەروەك دەڵێت:

**گریانەکەی من**
**بۆ زامی گەشی، ملیۆنەهایە**
**گریانەکەی من، ئەو گریانەیە،**
**بۆ نەوتی چرای، چارەنووسێکە،**
**بۆ چوار مێگەلە، مامزی بەردەم، لوولەی ساچمەیە!** (١١٤)

لێرەدا گریانەکەی شاعیر ئاماژەیە بۆ زامی ملیۆنان کورد و، لەدەستدانی نەوتی خاوی ئەو چرایەیە کە وابەستەیە بەو چارەنووسەی، کە ژیانی گەلی کورد رۆشن دەکاتەوە و دەیگەیەنێتە لوتکەی سەرفرازی، دیارە ئەو چارەنووسەش لای شاعیر گرێدراوەتەوە بە گەلی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان، کە وەکو مێگەلە مامزێك کەوتوونەتە بەردەم لولەی تڤەنگی داگیرکاران.

ئەم رووداوە کاریگەرییەکی گەورەی بەسەر هەست و بیری شاعیر بەجێ هێشتووە و بووەتە سەرچاوەی شیعرێکی جوان و پڕ داهێنان. بلاّو بوونەوەی ئەو هەواڵە نەك هەر لای خەڵکی کوردستان، بەڵکو لەلای چیا و سەنگەرەکانی بەرگریش دەبێتە شۆك، هەروەك شاعیر دەڵێت:

**چیاکان راچەنین**
**سەنگەرەکانمان، هەستانە سەرپێ**
**پێشمەرگە لەگەڵ تاقە نەجمەدا،**

(١١٤) هەمان سەرچاوە، ل ٦٠.



**بوونەوە هاوڕێ !**
**مناڵیش .. مناڵ**
**لە ناو بێشکەیدا، کەوتە گڕوگاڵ:**
**-دایە دەنگوباس ؟**
**-بابە دوا هەواڵ ؟**
**تا کێو لە کێوی، دەپرسی: هەواڵ**
**سەنگەرێك لەوی تری دەپرسی،**
**سووتام بۆ هەواڵ**
**هەواڵ .. هەر هەواڵ !**
**چ شیرین .. چ تاڵ !** (١١٥)

دیارە مەبەستی شاعیر لە دەنگدانەوەی ئەو هەواڵە کە منداڵی نێو بێشکەی خستۆتە گڕوگاڵەوە، نیشاندانی پەیوەستبوونی گەلی کورد بە بارزانی و پێویست بوونی نەتەوەکەی بەم سەرکردەیە، لەو رۆژگارە سەختەدا دەگەیەنێت. ئەمە لە کاتێکدا بارزانی تەنیا بە سووکی زامدار بووە.

بەم چەشنە عەبدوڵلا پەشێو بە خەیاڵی ناسك و زمانێکی سادەوە توانی شیعری جوان و خاوەن پێگەی هونەری بهۆنێتەوە و، بارزانی بە دڵسۆزترین مرۆڤی کوردستان لەنێو جیهانی شیعردا بەرجەستە بکات، هاوکات بارزانی لە روانگەی شیعری پەشێودا رێگایەکە بۆ گەیشتن بە خەونی دێرینی نەتەوەیی کورد.

### سێیەم: رەنگدانەوەی کەسایەتی بارزانی لە شیعری حەسیب قەرەداخی دا (١٩٢٩-١٩٩٧):

حەسیب قەرەداخی یەکێکە لە شاعیرە هاوچەرخەکانی کورد، جگە لەوەی هەستی جوانی سروشتی کوردستان و دلبەر سەرنجی راکێشاوە، سۆزی نیشتمانپەروەری لە زووەوە لە دەروونی هەڵقوولاوە و بەرەو کاری سیاسەت پەلکێشی کردووە بەجۆرێك ((هەموو ژیان و فیکر و

(١١٥) سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٠.

ئەندێشە و خەبات و کارکردنی بۆ کورد و کوردستان و ئازادی و ئاشتی و جوانی و سەرفیرازی مرۆڤ بووە))[116]. شاعیر هەستی بە چەوسانەوەی میللەتەکەی کردووە و، چووەتە نێو ڕێکخراوی سیاسی نهێنییەوە و ((رق و کینی بەرامبەر بە دوژمنانی کورد بەتینە))[117]. ئەمەش کاریگەری بەسەر گێتی شیعرەکانیەوە هەبووە ((سەرەتا لەناو پارتی دیموکراتی کوردستاندا دەست بە تێکۆشان دەکات...کە لەناو پارتی دا بوو، هۆنراوەکانی زیاتر دروشم هەڵگری نەتەوە و کوردایەتی و وڵات بوون))[118].

ئەگەرچی دواتر سەنگەری تێکۆشانی خۆی گواستۆتەوە بۆ نێو حیزبی شیوعی عیراق، بەڵام کاری حیزبایەتی بەسەر هەستی نەتەوەیی و نیشتمانیی شاعیر زاڵ نەبووە، بەڵکو ((بەدرێژایی ژیانی بەرژەوەندی گەلەکەی لەسەر بەرژەوەندی حیزبایەتییەوە داناوە))[119]. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە حەسیب هەر تەنیا ((شاعیر نەبووە، بە هەموو مانای مرۆڤایەتی مرۆڤ بوو، بۆ ئاشتی و خۆشگوزەرانی و برایەتی و تەبایی ریزەکانی نێوان نەتەوەکەی مۆمێکی هەمیشە داگیرساو بوو..!))[120]. بۆیە شاعیر توانیویەتی ئیلهام لە واقیعی سیاسی و کۆمەڵایەتی وەربگرێت و بە خەیاڵی داهێنانکارییانەی خۆیەوە وێنە و بیری تازەیان لێ هەڵێنجێ و شیعری جوان و پڕ داهێنانیان لێ بەرهەم بهێنێت. لەگەڵ ئەوەشدا حەسیب قەرەداخی ڕۆڵی سەرکردەی شۆڕشی فەرامۆش نەکردووە و لەنێو شیعرەکانیدا پایەکی بەرزی بە سەرکردەیەکی وەکو بارزانی بەخشیووە ((حەسیب قەرەداغی وەك سەرکردەیەکی مێژوویی پاك و دڵسۆز و نەمر سەیری (بارزانی) کردووە، لە چەندین شیعریدا ناوی بردووە و کردوویەتییە نموونەی بەرزی سەرکردەی کورد، لە کانگای دڵیەوە، (بارزانی)ی نەمری خۆشویستووە، دوور لە بەرژەوەندی تایبەتی))[121] .

(116) حەسیب قەرەداخی، فەرهەنگی خەم، سەرجەم شیعرەکانی حەسیب قەرەداخی، بەرگی یەکەم، دەزگای چاپ و بلاۆکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٢، ل ٧.

(117) د. مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی حەوتەم، **B**، ل ٦١٨-٦١٩.

(118) حەسیب قەرەداخی، فەرهەنگی خەم، بەرگی یەکەم، ل ٩.

(119) تانیا ئەسعەد محەممەد ساڵح، دیاردەی غەم لە شیعری حەسیب قەرەداغی دا، نامەی ماجستیر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، ٢٠٠١، ل ٢٦.

(120) غەریب پشدەری، حەسیب قەرەداغی لە ڕێی بەهەشتدا، گ: رامان، ژ: ٨، ١٩٩٧/٢/٥، ل ١١٦.

(121) تانیا ئەسعەد محەممەد ساڵح، دیاردەی غەم لە شیعری حەسیب قەرەداغی دا، ل ٢٩.



شاعیر لە سەرەتای شیعری (دوو دێر —بە نهێنی- بۆ بارزانی) کە لە ( ١٩٩٥/١٢/١ ) نووسیویەتی، بارزانی بە سەرکردەیەکی هەرە گەورەی کورد لەقەڵەم دەدات، هەروەك دەڵێت:

**کە تۆ هەبووی هەر تۆ هەبووی**
**هەبووی، سەرووی گشت هەبووان بووی!**
**هەرکەس سەری لێ دەشێوا**
**هەرکەس ڕێگەی لێ ون دەبوو تۆ باوان بووی!** [122]

شاعیر وای بۆ دەچێ کە بارزانی پایەی هەرە بەرزی لەناو گەلەکەی بەدەست هێناوە و، بووەتە چاوگەی بەرهەم هێنانی ئیرادە و پشت و پەنای هەموان.

جگە لەمە شاعیر پایەی بارزانی هێندە بەرز نیشان دەدات بەجۆرێك کە لەناو گەل و لەسەر زەمین جێگای نابێتەوە و سەر زەمینی پێ بە ڕەوا نابینێ، بۆیە بەرەو ئاسمانی بەرزکردۆتەوە:

**تۆ خۆرێك بووی ئاسمانی شینی کوردستان**
**بەشی باڵای نەدەکردی**[123]

لێرەدا شاعیر خودی بارزانی لە وێنەیەکی هونەریی جواندا دەکات بە خۆرێکی درەوشاوە، بۆ ڕۆشنکردنەوەی ئاسمانی کوردستان، کەچی ئەو ئاسمانە بە قەد باڵای جوامێری بارزانی بەرز نییە و ئەو ئاسمانە بە شایستەی ئەم خۆرە دانانێت لە بەرزی و مەزنی ئەو کەسایەتییە. دەشێ لێرەدا خۆر وەکو ڕەمزێك لێکدانەوەی بۆ بکرێت، کە مەبەست لێیەوە سەرچاوەی رووناکی و خۆشی و رەوێنەوەی ئەو تاریکییەیە کە داگیرکاران بەسەر کوردستانیاندا هێناوە.

**ئەوسا ناوت بەڵگەنامەی خەباتمان بوو**
**ئەمڕۆ بۆچی لەسەر زارمان هۆی هەرایە؟**
**ئەوسا هەبووی رابەرمان بووی**
**ئێستێکەش هەیت و، ئەو ڕێگەیەی کە بۆت کێشاین**
**بەیتی کۆڕی نەدیمانە**

(122) حەسیب قەرەداخی، فەرهەنگی خەم، بەرگی دووەم، دەزگای چاپ و بلاۆکردنەوەی ئاراس، هـەولێر، ٢ ٠٠٢،ل ١٠١ .

(123) هەمان سەرچاوە، ل ١٠١

**ئەوەی ڕۆژی لا ڕێتی کرد هەتا دەمرێ پەشیمانە**(١٢٤)

شاعیر باس لە نەمری بارزانی دەکات، کە بۆتە بەڵگەنامەی خەباتی نەپساوەی گەلەکەی، ڕابردوو و ئێستا و ئایندە بەیەکەوە گرێ دەدات و، گیانی بارزانی بە نەمری دەهێڵێتەوە و ڕێبازی خەباتی بە زیندوو وەسف دەکات، پێی وایە ئەوەی لەسەر ئەو ڕێگایە نەبووبێت تاکو دەمرێ پەشیمان دەبێتەوە، چونکە ئەو سەرچاوەی ڕێگای ڕاستییە. ئەو (هەرایەی) کە شاعیر ئاماژەی پێداوە، نیشانەیە بۆ ئەو شەڕەی کە لە ساڵی (١٩٩٤)دا لەنێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا بەرپابوو.

**تۆ هەر تۆیت و هەر شێ سواریت**
**تۆ سروودی سەربەستیت و**
**ئاڵای بەرزی کوردستانێکی یەك واریت!**
**کوردستانێکی یەك زاریت!** (١٢٥)

شاعیر لە یەك کاتدا بارزانی بە شێسوار و سروودی سەربەستی و ئاڵای کوردستان چواندووە، بە واتا بارزانی ئەو کەسەیە کە بە بیری نەتەوەخوازیی خەباتی کردووە، بۆئەوەی پارچەکانی کوردستان بەیەکەوە گرێبدات و، کوردستانێکی یەك وار و یەك زار لەلای تاکی کورد ڕەنگرێژ بکات.

**چاوگەییێك ئەشکم بۆ ڕشتی و ئەم دوو کەلیمەم بۆ وتی:**
**نەمن پیری ئاتەشکەدەم، نەتۆش بتی**
**تۆ زیندوویت و منیش لەناو بەستەکاندا**
**ئازادیخوازی خۆشخوانم**
**پێویست ناکات بۆ ئافەرین**
**بینووسمەوە ناونیشانم ...**
**تۆ شەفەقی ئیلهامیت و**
**منیش بانگی بەربەیانم**
**نەیارانیش بۆیان دەلوێ**
**شیعر بکەن بەتاوانم!**
**تۆی باوانم** (١٢٦)

(١٢٤) هەمان سەرچاوە، ل ١٠٢.

(١٢٥) سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٢.



شاعیر لە تەك ڕشتنی ئەشکی خۆشەویستی خۆی بۆ بارزانی، بەچەند پەیڤێك کۆتایی بە قەسیدە شیعرییەکەی دێنێت و بارزانی بە زیندوو وەسف دەکات و دەیکات بە ئاسۆی ئیلهامی شیعری و، خۆشی بە بانگی بەرەبەیان دەچوێنێ، بەواتا بارزانی دەبێتە داینەمۆی سەرجەم شۆڕشەکان و ئیلهام بەخشی گشت شاعیران، ئەگەرچی دوژمنان شیعر بکەن بە تاوان و بەهۆیەوە شاعیری پێ لەناو ببەن.

**دەرگای مێژووت وا کردەوە**
**خەڵکی دەیوت ئەوە کوردە و ئەوا گرەوەی بردەوە!**
**تۆ سوارچاك بووی، تۆ ئیمام بووی، نوێژت دابەست،**
**کوردیش هەمووی لە ڕێزدا بوو بەدوای تۆدا**
**یا کوردستان یا نەمان بوو**
**دوژمن ماری بێ ئامان بوو**
**دانەبەزیت ئەسپەشێکەت لە تاوا بوو**
**خۆرت نابوو بەشانەوە بەرەو ئاسۆ**
**تاریکەشەو کەوتە لەرزین** (١٢٧)

شاعیر جەخت لەسەر خەباتی بەردەوام دەکاتەوە، کە دەبێتە هۆی کردنەوەی دەرگای مێژووی پڕ شانازی و بەدەست هێنانی سەرکەوتن. پاشان وەسفی بارزانی بە سوارچاك و پێشەوا دەکات، کە میللەت لەژێر سەرکردایەتی ئەودا لە یەك ریزدا وەستاون و گیانی خۆیان لەپێناو ڕزگاری دەبەخشن، بەوەی (کوردستان یان نەمان) وێردی سەر زمانیانە. هەرچەندە دوژمن وەك مار ژەهری خۆی ڕژاندووە، بەڵام بارزانی بۆ ڕۆشنکردنەوەی تاریکی شەو، کە ڕەمزە بۆ بیری تاریك و مەرگدۆستی، خۆری بەرەو ئاسۆ بەشان هەڵگرتووە. چۆنیەتی هەڵگرتنی خۆر بەشانەوە، جوانی بە شیعرەکە بەخشیوە و ئاستی داهێنانی دەرخستووە.

شاعیر هەبوونی بارزانی بە پێویستییەکی گرنگی گەل لە قۆناغە جیاجیاکاندا دەزانێ، لەم بارەوە دەڵێت:

(١٢٦) هەمان سەرچاوە، هەمان لاپەڕە.

(١٢٧) سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٤.

**تۆمان دەویست وەکو باران**

**تۆمان دەویست وەکو جاران**

**تۆمان دەویست وەکو سێبەر بۆ ماندوومان**

**وەکو بەڵگەی رابووردوومان**

**وەك شایەتی داهاتوومان**

**تۆمان دەویست وەکو باب و مام و برا**

**تۆمان دەویست وەکو رەمزێ وەکو چرا**

**وەکو رابەری خۆشەویست تۆمان دەویست تۆمان دەویست**[١٢٨]

لێرەدا شاعیر مامەڵەیەکی جوانی هونەری لەگەڵ بارزانیدا کردووە و جەخت لەسەر پێویستییەتی گەلی کورد بە سەرکردەیەکی وەکو بارزانی دەکات، ئەم پێویستبوونەش بە باران دەچوێنێ، لێرەدا باران رەمزە بۆ خۆشی و نەمانی هەژاریی. دواتر بارزانی وەك سێبەر بۆ رەوێنەوەی ماندوویەتی و هیلاکی، وەك باب و برا بۆ پالپشتی و هاوسۆزیی بوون، وەك چرا بۆ رۆشنکردنەوەی ریگەی تاریکی، وەك رابەر بۆ لە ئەستۆ گرتنی رەوتی خەباتی نەپساوە. جگە لەمە شاعیر پێی وایە هەر سەرکردەیەك رێگای خەباتی ئازادی بگرێ، دەبێ وەکو بارزانی بێ:

**ئەوەی شێ سواری سوارانە ئەی بارزانی**

**دەبێ، دەبێ لە تۆ بکات**

**ئەی بارزانی...**

**تۆ سروود و دەفتەری جاویدانی، ئەی بارزانی!** [١٢٩]

شاعیر لە کۆتایی قەسیدەکەیدا بۆ بارزانی، هۆکاری ئەوەی کە دەبێ شێسواری سوارەکان لە بارزانی بچن، بۆ ئەوە گەڕاندۆتەوە، چونکە بارزانی سروود و کتێبی نەمرییە، بۆیە پێویستە هەمیشە گوێ لەم سرووده بگیرێ و ئەم کتێبە بخوێنرێتەوە.

حەسیب قەرەداخی لە شیعری (قەڵەم و بارزانی)دا، دێت بە پێنووس لە دەرگای مێژوو دەدات و بێداری دەکاتەوە:

(١٢٨) هەمان سەرچاوە، ل ١٠٦.

(١٢٩) سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٩.



**قەڵەمی من سەرچاوەکەی ئێجگار روونە**

**بیری چاکە، وتەی چاکە، کردەی چاکە**

**قەڵەمی من خەنجەرەکەی شێخ مەحموودە،**

**بڕنەوەکەی بارزانییە.**

**قەڵەمی من نالی و ئەحمەدی خانییە ...**[١٣٠]

شاعیر لێرەدا ئاماژە بە قەڵەمەکەی خۆی دەدات کە سەرچاوەکەی (بیری چاك، وتەی چاك، کردەوەی چاك)ە، کە ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ وتە بە نرخەکەی زەردەشت، دواتر قەڵەمەکەی خۆی بە خەنجەرەکەی شێخ مەحموود و بڕنەوەکەی بارزانی و نالی و ئەحمەدی خانی دەچوێنێ. دیارە شاعیر ئەمانە بۆ پیرۆز راگرتنی پەیامی شیعری خۆی دەخاتەڕوو. دەشێ لەکۆی دێرەکاندا ئەوە بخوێنینەوە کە شاعیر گەرەکیەتی خەباتی قەڵەمی پاك و، بیر و وتە و کردەوەی چاکی فەیلەسووف و، خەباتی چەکداری (خەنجەر و بڕنەو)ی شۆڕشگێڕان و هەڵوێست و قەڵەمی شاعیران ئاوێتەی یەکتر بکات، بۆ هێنانەدی ژیانێکی نوێ.

خۆشەویستی شاعیر بۆ بارزانی، قۆناغ بە قۆناغ لە خۆشەویستییەکی ئاسایی دەردەچێ: هەروەك دەڵێت:

**تۆ ئەو تینەی، ئەگەر شەختەی ئەم رۆژگارەم**

**بەسەر سەردا بێتە خوارێ**

**تیری تەرزەم وەکو مەینەت لێ بباریێ**

**پشکۆیەکی ئێجگار گەشت، دەخەیتە نێو کوانووی دڵم**

**دەژیێمەوە ، تاو دەستێنم**

**تۆ نەمریت، بۆیە منیش هەر دەمێنم**[١٣١]

شاعیر خۆشەویستی بارزانی دەکات بە پشکۆی ئاگر، هەرچەندە سەرما و سۆڵەی دونیای بەسەر دا بێتەخوار و تەرزەی زستان وەك مەینەت بەسەریدا بباریێ، ئەگەرچی ئەو ساردییە، کە هیچ مرۆڤێك خۆی لەبەر راناگرێت و دەیخاتە نێو دەستی مەرگ، بەڵام شاعیر بە خۆشەویستی بارزانی ساردی جەستەی دەرەوێتەوە و دووبارە ژیانی بە بەردا دێتەوە. دواتر

(١٣٠) هەمان سەرچاوە، ل ١١٠.

(١٣١) سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٠-١١١.

شاعیر مانەوە و نەمری خۆی بە نەمری بارزانی دەبەستێتەوە و، پێی وایە بەو هۆیەوە ئەویش نەمری بەدەست هێناوە.

خۆشەویستی شاعیر بۆ بارزانی دەگاتە بەرزترین پلەی خۆشەویستی، بۆیە لەم بارەوە دەڵێت:

**بەهەشت. سلاو، تۆ پیرۆزی**
**چونکە تۆ جێگەی بارزانیت**
**تۆ بەشەهیدی ئێمەی کورد ئاوەدانیت!**
**پێ دەزانیت؟** [١٣٢]

شاعیر لە وێنەیەکی هونەرییدا بە دیدی تایبەتی خۆی، سلاو لە بەهەشت دەکات و پیرۆزی بەهەشت بەوە دەپێوێ، کە بارزانی تێدایە و، ئەم بەهەشتە بە شەهیدانی گەلی کورد ئاوەدان بۆتەوە، دیارە ئەمەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە گەلی کورد بەدرێژایی مێژوو بەرگری لەخاکی خۆیدا کردووە و هەمیشە ستەمکاریی رەتکردۆتەوە و هەزاران شەهیدی لەو پێناوەدا بەخشیوە. دیارە شاعیر بەهۆی باکگراوندی رۆشنبیری ئایینی هەستی بەوە کردووە، کە ئەو کەسانەی لەپێناو رەتکردنەوەی ستەمکاریی خوێنیان برژێ، ئەوا پلەی شەهیدبوون بەدەست دێنن، هەروەك پێغەمبەر (د.خ) دەفەرمووێت: ((**مَنْ قُتِلَ دُونَ مَظْلَمَتِهِ فَهُوَ شَهِيدٌ**))[١٣٣]، واتە هەر کەسێك لە پێناو رەتکردنەوەی ستەمکاریی بکوژرێت، ئەوا شەهیدە. دیارە بەپێی لێکدانەوەی شاعیر بارزانیش سەرکردایەتی ئەو گەلەی کردووە، کە هەمیشە ستەمیان رەتکردۆتەوە، بۆیە شاعیر ئەو بیرە ئایینییەی وەرگرتووە و رەهەندێکی سیاسی و نەتەوەیی پێبەخشیوە و ئەو وێنە شیعرییەی لێ هەلێنجاوە.

حەسیب لە شیعری (پێشەکییەکی لەنوێ )دا، کە لە (١٩٩٣/٩/٦) دا نووسیویەتی، ئیلهامی لە رۆشنبیری ئایینی و بەتایبەتی قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی پێغەمبەر (د.خ) وەرگرتووە و بە خەیاڵی داهێنانکارییانەی خۆیەوە مامەڵەیەکی هونەری لەگەڵدا کردوون و وێنە و بیری تازەی لێ هەڵنجاون، هەروەك دەڵێت:

(١٣٢) هەمان سەرچاوە، ل ١١١.

(١٣٣) سنن النسائى، بشرح الحافظ جلال الدين السيوطي وحاشية الامام السندى، طبعـة جديـدة، دار الفكر للطباعة والنشر والتوزيع، بيروت، ١٩٩٥، ص ١٢٢، رقم الحديث: ٤١٠٢.



**لەسەر ((طوور))ی کوردستانم، ئاگرێکم لێوە دیارە**
**رووی لێ دەکەم، چراوگی دەهێنمەوە**
**ئێوە لێرە چاوەڕوان بن**
**بەشێك لە ئەندێشە و ژان بن**
**ئەوە (طوور)ەو ئەوەش ئاگر**
**وا من دەڕۆم**
**وا من خەمی گەورە دەخۆم**
**نایشارمەوە گوڵهاوێژێك رێگە مابوو بگەمە لای**
**وتیان لێرە بوەستە، با نەسووتێی**
**ئەوە نووری بارزانییە**[١٣٤]

شاعیر لێرەدا وێنەی رووناکیی بارزانیمان پێ نیشان دەدات، کە لەسەر چیای تور دەدرەوشێتەوە. ئیدی شاعیر بەرەو ئەو رووناکییە دەچێت، بەلام لەو سەفەرەیدا کە لەو نورە نزیك دەبێتەوە، داوای لێدەکرێ بووەستێ، نەوەك بەم ئاگری نورە بسووتێ، چونکە ئەو نوورە، نوری بارزانییە. شاعیر لە دیدی شیعری خۆیەوە بارزانی لەو نورە نزیك دەکاتەوە کە لە نووری خوداوە سەرچاوەی گرتووە و دەڕژێ، وەك ئەو نوورەی کە لە چیای توور بە حەزرەتی موسای نیشاندا و لە ئەنجامدا شاخی توور خۆی رانەگرت و سووتا، هەروەك خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿**وَلَمَّا جَاءَ مُوسَى لِمِيقَاتِنَا وَكَلَّمَهُ رَبُّهُ قَالَ رَبِّ أَرِنِي أَنظُرْ إِلَيْكَ قَالَ لَنْ تَرَانِي وَلَكِنْ انظُرْ إِلَى الْجَبَلِ فَإِنْ اسْتَقَرَّ مَكَانَهُ فَسَوْفَ تَرَانِي فَلَمَّا تَجَلَّى رَبُّهُ لِلْجَبَلِ جَعَلَهُ دَكًّا وَخَرَّ مُوسَى صَعِقًا فَلَمَّا أَفَاقَ قَالَ سُبْحَانَكَ تُبْتُ إِلَيْكَ وَأَنَا أَوَّلُ الْمُؤْمِنِينَ**﴾[١٣٥]. واتە ((کاتێك موسا هات بۆ شوێنی دیاریکراو، پەروەردگاریش گفتوگۆی راستەوخۆی لەگەڵدا ئەنجامدا، موسا وتی: ئەی پەروەرگار خۆتم نیشاندە، خواش فەرمووی: هەرگیز لە دونیادا نامبینی، بەلام سەیری ئەو چیایە بکە، ئەگەر لە جێگای خۆی مایەوە، ئەوا دەمبینی، کاتێك پەروەردگار خۆی نیشانی چیایەکەدا، چیایەکەی ورد و خاش کرد، موساش کەوت و لەهۆش خۆی چوو، کاتێك کە بە ئاگا هاتەوە

(١٣٤) حەسیب قەرەداخی، فەرهەنگی خەم، بەرگی دووەم، ل ١١٣.

(١٣٥) سورەتی ئەعراف، ئایەتی (١٤٣).

وتی: ستایش و بێگەردی بۆ خودا، من پەشیمانم لە داواکەم و من یەکەم کەسم لە ئیمانداران کە خودا لە دونیا نابینرێ))[١٣٦].

بۆیە کاتێك شاعیر دەیەوێ لە بارزانی نزیك ببێتەوە، ئەوا لە ڕێگەدا داوا لە شاعیر دەکرێ، کە بوەستێ و زیاتر نزیك نەبێتەوە، نەوەك بسووتێ وەکو شاخی توور. لە دواییدا شاعیر دەڵێت:

**وتم حەلاجی سەردەمم... من ناسووتێم**

**ئەو سەرچاوەی ڕاستیمانە و جۆگەییێکم لەوێوە دێم**

**کە ئەو نورە، منیش شاری ئاوەدانم**

**کە ئایەتە، منیش تەجویدی قورئانم!**

**کە ئەو هزرە، منیش هەمو ناوەکانی،**

**خۆشەویستیی ئەو دەزانم!** [١٣٧]

شاعیر لە درێژەی قەسیدەکەیدا خۆی بە مەنسووری حەلاج[*] چواندووە بەوەی کە ناسووتێ، چونکە شاعیر پێی وایە بارزانی سەرچاوەی ڕاستییە و ئەو ڕێگایەی گرتوویەتییەبەر جۆگەیەکە و لە ڕاستییەوە دەڕژێت. کاتێك شاعیر لە دەربڕینی خۆشەویستیدا خۆی بە حەلاج دەچوێنێ، وێنەیەکی تازەی هەڵێنجاوە کە تاکو ئێستا هیچ شاعیرێك نەیتوانیوە بەم شێوەیە گوزارشتی لێ بکات و ئەمەش وێنەیەکی زۆر دەگمەنە لە شیعری کوردیدا.

---

(١٣٦) ناصرالدين ابى الخير عبدالله بن عمر البيضاوى، انوار التنزيل واسرار التأويل، جزء الاول، مطبعة مروى، تهران، ١٤٠٥، ص ٣٦٧-٣٦٨. ابن عباس، تنوير المقباس من تفسير ابن عباس، الطبعة الثانية، انتشارات استقلال، تهران، ص ١٣٧.

(١٣٧) حەسیب قەرەداخی، فەرهەنگی خەم، بەرگی دووەم، ل ١١٣.

(*) مەنسوری حەلاج (٨٥٨-٩٢٢) زانا و سۆفییەکی گەورەیە، بۆ بلاۆکردنەوەی خواپەرستی زۆر وڵات گەڕاوە، ئەگەرچی لە نێو دونیای خواپەرستیدا تواوەتەوە، بەڵام بەهۆی تێنەگەیشتن لێیەوە هەندێ کەس بە کافریان لەقەڵەم داوە، بۆیە دواساڵەکانی ژیانی لە بەندیخانە بەسەربردووە، دواجار دادگا فەرمانی کوشتنی بە شێوەیەکی نادروست بەسەر جێبەجێ کرد و سەریان بڕی و سووتاندییان، چونکە لە کۆڕی خواپەرستیدا دەیگوت (انا الحق)، ئەمەشیان بە بانگەشەی خوایەتی لێکداوەتەوە. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: یاسین سابیر ساڵح، ئینسایکلۆپیدیای گشتی، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل ٤٢٥.



دواتر شاعیر بارزانی بە نور و خۆشی بە شاری ئاوەدانی چواندووە، جارێکی تر بارزانی بە ئایەتی قورئانی پیرۆز و خۆشی بە تەجوید و شێوازی خوێندنەوەی قورئان تەشبیە کردووە، دیارە مەبەست لە هێنانەوەی ئەم لێکچواندنانە بەخشینی پیرۆزی ئایینییە بە کەسایەتی بارزانی، ئەمەش بەو نیازەی کە بەیەکەوە دەتوانن زیندوویەتی بەدەست بێنن.

چەمکی پیرۆزگەرایی یەکێکە لەو چەمکانەی شاعیران لە شیعرەکانیاندا بەمەبەستی بەرزراگرتنی کەسایەتییە ناودارەکان بەکاریان هێناوە، بۆ ئەوەی جۆرێك لە نەمرییان پێ ببەخشن. دیارە شانبەشانی ئەو شاعیرانەی کە شیعریان بۆ سەرکردەی خۆیان نووسیووە، حەسیب قەرەداغییە. شاعیر لە شیعری (بۆ تەقدیسی بارزانی چەپکە شیعرێکم هانی) کە لە ١٩٩٣/٨/١٦ دایناوە، توانیویەتی بە قووڵی شۆڕببێتەوە بۆ نێو ئەم چەمکە و بتوانێ بە شێوەیەکی جوان خۆشەویستی و گەورەیی کەسایەتی بارزانی لە نێو شیعردا وێنەی بکێشێ. هەروەك دەڵێت:

**من دەروێشی ڕێگەتم، نەزرگەمە، مەزارت**

**شیعر دەکەم بە ڕەنگێ لەسەر تابلۆی نیگارت**

**تۆ نەمردووی، تۆ ماوی، تۆ نووری هەردوو چاوی**

**تۆ شایانی دروود و هەزار هەزار سڵاوی**[١٣٨]

سەرەتا شاعیر بە خەمێکی قووڵەوە ناخی خۆی دەردەبڕێ و قسە لەگەڵ ڕۆحی بارزانی دەکات و بە پێشڕەوی کاروانی خەم و سیحری وشەی پیرۆزی لەقەڵەم دەدات، ئینجا خۆی دەکات بە دەروێشی ڕێگای ئازادی، مەزاری بارزانی دەکاتە شوێنی نەزرگەی خۆی و شیعرەکەشی دەکات بە ڕەنگێکی سەر نیگاری. لە کۆتاییدا جەخت لەسەر نەمریی بارزانی دەکاتەوە و بە نوری چاوی خۆی دەچوێنێ. ئەم وێنانە بەسەریەکەوە گوزارشت لە پاکی بارزانی لەنێو جیهانی ئارام و پاکی سۆفیگەری دەکەن.

هێنانەوەی تەرمی بارزانی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە بۆ کوردستانی باشوور لە ١٠/٦/ ١٩٩٣، کورەی دڵی شاعیری جۆشداوە، بۆیە لە شیعری (بەردەنوێژ)دا، کە لە (١٩٩٣/١٠/١١)دا نووسیویەتی، بەم شێوەیە شین بۆ بارزانی دەگێڕێ:

---

(١٣٨)حەسیب قەرەداخی، فەرهەنگی خەم، بەرگی دووەم، ل ١١٢.

**ئەمڕۆ لەشاری دڵمدا کارەسات بوو، مەرگەسات بوو**
**خوایە فرمێسك، خوایە گریان**
**با خۆم نەبمە خودی زریان!**
**نەقەڵەمم لابمێنێ، نەپەیڤێ بێ بەدەنگمەوە**[(١٣٩)]

شاعیر لەسەرەتای قەسیدەکەیدا لە ئەندێشەیدا ئاماژە بە مەرگەساتێکی دڵتەزێن دەکات کە بەڕێوەیە، دیارە ئەم ڕووداوە مەرگەساتەش خەمێکی قوڕس و گرانی بەکۆڵەوەیە، کە وا لە شاعیر دەکات فرمێسك ببارێنێ و گەرووی پڕ لە هەنسکی گریان بێت. لەبەرانبەر ئەمەشدا داوا لە خودا دەکات، کە لە بەرانبەر ئەو کارەساتەدا ئارامی پێ ببەخشێت، دواتر شاعیر ئاماژە بە کەژاوەی تەرمی بارزانی دەکات، کە لە دوورە وڵاتەوە دەگەڕێتەوە بۆ زێدی باب و باپیرانی لە بارزان. ئینجا لە خوا دەپاڕێتەوە کە خەمی شاعیر سووك بکات، بۆئەوەی نەبێ بە زریانی تووڕە، کە هەستی جوانی شاعیرییەتی نەهێڵێ و لە شیعری هۆنینەوەی بکات. ئەمەش لەلای شاعیر بۆ گەورەیی قەبارەی ئەو خەمە دەگەڕێتەوە کە کەژاوەی تەرمی بارزانی لەگەڵ خۆیدا هێناویەتییەوە. ئەمە لە کاتێکدا نەك هەر شاعیر، بەڵکو گەردوون و خۆر لە حەژمەتان دەبن بە هەور و دادەبارنە سەر ڕێگای کەژاوەکەی بارزانی، هەروەك دەڵێت:

**خۆر فرمێسکی چاوی لێڵی ڕۆژهەڵات بوو!**
**من و گەردوون، من و ئەندێشە و فرمێسك و خامەی خەمین**
**من و ئازار و ئەمەك و سۆزی برین**
**بووین بە هەورەکەی مەعدومی و دەبارینە سەرە ڕێگا**[(١٤٠)]

شاعیر لە بەرانبەر تەرمی بارزانی کە لە دوورە وڵاتەوە دەگەڕێتەوە، لە وێنەیەکی هونەری جواندا ئەو کەژاوەیە بەو خۆرە دەچوێنێ کاتێك کە فرمێسکی دەتکێ، لە ڕۆژی هێنانەوەی تەرمەکەدا چاوەکانی لێڵ دەبێ، دواتر شاعیر لە وێنەیەکی هونەری دیکەدا خۆی و گەردوون و ئەندێشە و فرمێسك و خامەی خەمین و ئازار و ئەمەك و سۆزی برین دەبن بە هەورێکی چڕ و دادەبارێنە سەرە ڕێگەی ئەو کاروانەی کەژاوەکەی بارزانی لە کۆڵ گرتووە. بەم شێوەیە شاعیر لاواندنەوەیەکی بەسۆزی بۆ بارزانی هۆنیوەتەوە و ئەو ڕۆژەی بە ڕۆژێکی زۆر خەمناك و

(١٣٩) سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٤.

(١٤٠) سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٤-١١٥.



فرمێسکاوی و مەرگەسات لە قەڵەم داوە، دیارە ئەمەش یەکێك لە ناخۆشترین ساتەکانی ژیانی شاعیر بووە، چونکە وەك د. عەبدوڵڵا محەممەد حەداد دەڵێت: (( (لاواندنەوە) لە ناخۆشترین ساتەکانی ژیان، لە کەش و هەوایەکی خەماوی و فرمێسکاوی و تراژیدیدا دەنووسرێ، لە کاتێکدا دەنووسرێ کە وڵات یا کۆمەڵگا دوچاری مەرگەساتێکی گەورە بووە، مەینەتی باڵی ڕەشی بەسەر دڵ و دەروونی خەڵکدا کێشاوە، لە ناخەوە کاری تێکردوون و هەژاندوونی))[(١٤١)].

شاعیر بۆ خۆشەویستی و نزیکی لە بارزانی، گلەیی لە بوونی خۆی دەکات و خۆزگە بەوە دەخوازێ لەبری ئەوەی خوا کردوییەتی بە مرۆڤ، بیکردایە بە خاکی بارزان، بەمەش بەخیلی بەم خاکە دەبات:

**خوا...بۆ منی نەکرد بەخاك: خاکی گوندەکەی بارزان بم**
**وەکو دەروونی تەبایی، ئەمڕۆ منیش ئاوەدان بم**
**هیچ نەبوایە با تەرمەکەی بارزانییان لەسەر دڵم دابنایە**
**دەبووم بە دارێکی گەورە ... خۆشەویستی ئەم سێ ڕۆژەم**
**دەخستە ژێر باڵی سایە...وەك ئالایە**
**هەتا شیعرم پێ بمایە هەتا دڵم لێی بدایە**
**هەر نەم دەهێشت ناتەبایی بەگوزەریا بهاتایە** [(١٤٢)]

شاعیر ئەوە دەخاتەڕوو کە خاکی بارزان زۆر خۆشەویستە، بۆیە داخ بۆ ئەوە دەخوازێ کە خودا شاعیری نەکردۆتە ئەو خاکەی بارزانی لە خۆ گرتووە، چونکە بە هۆی خۆشەویستی بارزانی لە لایەن خەلکی کوردستانەوە، کە هەمیشە سەردانی مەزارەکەی دەکەن و ئاوەدانی دەکەنەوە، دەروونی شاعیریش حەز بەو ئاوەدانییە دەکات. هەروەها ئەفسوس بۆ ئەوە دەردەبڕێ، کە ئەگەر هیچ نەبوایە تەرمەکەی بارزانییان لە سەر دڵی شاعیر دابنایە، ئەو کات لە بەر گەورەیی ئەو کەسایەتییە، شاعیر دەبوو بە دارێکی گەورە، بۆ ئەوەی خۆشەویستی

(١٤١) نالی (١٨٠٠؟ - ١٨٧٣) و میرەکانی بابان و کۆکردنەوەی (لاواندنەوە) (پیرۆزبایی) لە هۆنراوەیەکدا، ل ٩٩.

(١٤٢) حەسیب قەرەداخی، فەرهەنگی خەم، بەرگی دووەم، ل ١١٥.

بارزانی وەك سێبەر لە ژێر خۆیدا گل بداتەوە. ئیدی تا توانای هۆنینەوەی شیعری بمایە و تا دڵی لە لێدان دەکەوت، ئەوا تەبایی دەخستە ئەو شوێنەوە.

شاعیر خەون بە هاتنەدی تەبایی و یەکگرتوویی گەل دەبینێ و، چاوەڕوانی بانگی سەربەخۆیی کوردستان دەکات و دەڵێت:

**هۆ... کوردستان، کەی بانگ دەدەی**
**بێم بۆ جەژنی ئاوەدانیت؟**
**شیعر بکەم بەشاباشی ئەو شاییە و**
**ببمە کاکە مەمی خانیت!**
**لە میحرابی بارزانیدا نوێژ دابەستم**
**بەرماڵەکەم گۆمی وان بێ،**
**ئاگرەکەی باوەگوڕگوڕ هەتوانی گلی چاوان بێ!**
**کوردایەتی بۆ هەموومان، ماڵە گەورەکەی باوان بێ** (١٤٣)

شاعیر هەمیشە لە چاوەڕوانی ڕۆژی بەدیهاتنی خەونە نەتەوەییەکەیدایە، بۆ ئەوەی شیعری موژدەبەخش پێشکەش بەو ڕۆژە پڕشنگدارە بکات، ئەوسا گۆمی وان بکاتە بەرماڵی نوێژ و لە میحرابی بارزانیدا نوێژی سوپاسگوزاری بۆ سەربەخۆیی کوردستان دابەستێ. ئەم وێنە جوانانەش بەسەریەکەوە گوزارشت لە رزگاری خاك و خەڵکی کوردستان دەکەن. هەموو ئەمانە ئەوە دەگەیەنێ کە حەسیب قەرەداخی هەمیشە داکۆکی لە مافی رەوای نەتەوەکەی لە گشت پارچەکانی کوردستان کردووە، بۆئەوەی بەیەکگرتنی گەل کوردستانی سەربەخۆ ببێتە ماڵی هەموان.

بەم چەشنە خۆشەویستی بارزانی لەنێو مانای قووڵ و وێنەی جوانی داهێنانکاری لە شیعری حەسیب قەرەداخی دا، بەرزترین پلەی خۆشەویستی بڕیووە، تەنانەت نزیك بۆتەوە لە پەرستن، چونکە وەك دەرکەوت شاعیر پیرۆزی بەهەشتی بۆ ئەو هۆیە گەڕاندۆتەوە کە شوێنی بارزانییە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە بارزانی تێکەڵ بە نوری خودا کردووە و لەمەشی تێپەڕاندووە.

---

(١٤٣) سەرچاوەی پێشوو، ل ١١١.

p

# ئـــەنـــــجـــــام

# ئــەنجــام

١- دوای تاوتوێکردن و شیکردنەوەی بابەتەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە, بەچەند ئەنجامێك گەیشتین, کە هەوڵ دەدەین بە چڕی گرنگترینیان بەم شێوەی خوارەوە دیاری بکەین:

٢- بارزانی یەکێکە لەو مرۆڤە جوامێرانە, کە لە قۆناغی منداڵیدا زیندانیکراوە و لە ئەنجامی خەباتە شۆڕشگێڕانەکەیدا لەپێناو ئازادی نەتەوەکەی, تووشی دەربەدەری و دەستبەسەری و ڕووبەڕووی تیرۆرکردن و ژەهرخواردن بووەتەوە, جگە لەوەی چەندین جار بریندار بووە, چەندین جار فەرمانی لەسێدارەدانیشی بەسەردا دراوە, تاکو دواجار لە دوورە وڵاتی کۆچی دوایی کردووە. بۆیە لەلایەن شاعیرانەوە شایستەی ئەوەبووە کە ستایش و لاوانەوەی بۆ بکرێ.

٣- کەسایەتی بارزانی کە سەرنجی شاعیرانی بەلای خۆیدا ڕاکێشاوە و شیعری بۆ هۆنراوەتەوە, شیعرەکان تەنیا پەیوەست نین بە قۆناغێکی دیاریکراوی ژیانی, بەڵکو بەستراونەتەوە بە هەموو قۆناغەکانی ژیانی.

٤- خەباتی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی و نیشتمانی بارزانی, هەر تەنیا پەیوەست نەبوو بە کوردستانی باشوور, بەڵکو ئەم خەباتە پەیوەست بوو بە گشت پارچەکانی کوردستان و بە کردەوەش ئەوەی سەلماندووە. بۆیە بارزانی نەك هەر لەلایەن شاعیرانی کوردستانی باشوور شیعری بۆ هۆنراوەتەوە, بەڵکو شاعیرانی پارچەکانی دیکەی کوردستانی (باکوور, ڕۆژهەڵات, ڕۆژئاوا) شیعریان بۆ داناوە, تەنانەت وەك پاڵەوانێکی نەتەوەیی لە نێو شیعری کوردەکانی یەکێتی سۆڤیەتی جارانیش ڕەنگی داوەتەوە. ئەمەش چ بە قەسیدە یان ڕەمز یاخود ناوبردن بێت.

٥- بارزانی خاوەن تیۆر و تێڕوانینێکی فەلسەفییە, ژیانی پڕ بوو لە شۆڕش هەڵگیرساندن و بڵاوکردنەوەی هەستی کوردایەتی و ناساندنی کێشە ڕەواکەی بە جیهان, تا وای لێهات ناوی بارزانی و کورد ئاوێتەی یەکتربوون, بۆیە لەشیعری کوردیدا بارزانی بووەتە ڕەمزێکی دیاری نەتەوەیی.

٦- شاعیران لەپێناو بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان شیعریان بۆ بارزانی نەنووسیوە, بەڵکو لەبەر گەورەیی و بەتوانایی ئەو کەسایەتییە و خۆشەویستییان بۆی, بەشێوەیەکی هونەریی بەرز



شیعری پڕ وردەکارییان بۆ هۆنیوەتەوە, گرنگترین ئەو هۆکارانەش بۆ هۆنینەوەی ئەو شیعرانە, هۆکاری نەتەوەیی, سیاسی, شۆڕشگێڕیی, ڕۆشنبیری, خودیی و هونەریین.

٧- نەك هەر شاعیران شیعریان بۆ بارزانی نووسیوە و لەدەوری کۆبوونەتەوە, بەڵکو بارزانی بایەخی بە شاعیر و بەهرەمەندان وەك بەشێکی زیندووی نێو کۆمەڵگە و وشیارکەرەوەی گەل داوە, حەزی کردووە لێیانەوە نزیك بێت, بەتەنگ ژیانیانەوە بووە و هانی داون بۆ ئەوەی خزمەت بە شیعر و ئەدەبیاتی کوردی بکەن.

٨- بارزانی کە سەرکردەیەکی سیاسییە, کاتێك بووەتە سەرچاوەی ئیلهامی شاعیران, ئەوا لە دیدی شاعیرانەوە هەر تەنیا وەك سەرکردەیەکی سیاسی نەماوەتەوە, بەڵکو لایەنی نهێنی ئەفسانەیی و پیرۆزییەکانی ئایین بەکەسایەتییەکەی بارگاوی بووە.

٩- شاعیرانی کورد لە شیعرەکانیاندا وێڕای ئەوەی ستایش و شانازییان بە بارزانی کردووە, هاوکات بە کەسایەتییەکی ئەفسانەیی و سەرکردەیەکی کاریزماش وەسفیان کردووە, ئەم وەسفەش لە نێو شیعری کوردیدا تەنیا بۆ کەسایەتی بارزانی بەکار هاتووە. ئەمە لەکاتێکدا کە بارزانی حەزی نەکردووە شاعیران شیعری بۆ بنووسن.

١٠- خەسڵەتەکانی کەسایەتی بارزانی لەوانە دڵسۆزی بۆ خاك و نەتەوەکەی هەمیشەیی بووە, لەم پێناوەدا باجی قورسی خەباتی داوە, لەگەڵ ئەوەشدا لە هەموو قۆناغەکانی ژیانیدا هەر بە پاکی ماوەتەوە, بۆیە ئەم لایەنە زیاتر لە شیعری عەبدوڵڵا پەشێودا بە ڕوونی بەرجەستە بووە.

١١- شاعیرانی کورد شیعریان بۆ بارزانی نووسیوە, تەنانەت ئەگەر ڕووبەڕووی گەورەترین چەرمەسەری بووبنەوە, نموونەی ئەمەش سەدری قازییە, کە یەکێك لەو خاڵانەی پێی تاوانبار کرا و دواجار لە سێدارە درا, هۆنینەوەی شیعرێك بوو بۆ بارزانی.

# سـەرچـاوەكـان

## سەرچاوەکان

### قورئانی پیرۆز

### یەکەم: بە کوردی

### أ—کتێب:

١٢-ئازاد عەبدولواحید، گفتوگۆ، دەزگای رۆشنبیری و راگەیاندنی گولان، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٩.
١٣-ئەبوبەکر خۆشناو، شیعری بەرەنگاریی کوردی، سلێمانی، ٢٠٠٢.
١٤-ئەبولحەسەن تەفرەشیان، بارزانی لە مەهابادەوە ... بۆ ئاراس، و: شەوکەت شێخ یەزدین، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠١.
١٥- ئەحمەدێ خانیٚ، مەم و زین، بەرهەڤکرن: تەحسین ئیبراهیم دۆسکی، دەزگەها سپیریٚز یا چاپ و وەشاندنیٚ، چاپخانا وەزارەتا پەروەردێ، هەولێر،٢٠٠٥.
١٦-ئەریك فرۆم، کەسی شۆڕشگێڕ کێیە، چەند وێستگەیەکی فیکری و ئەدەبی، و: ئازاد بەرزنجی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، ٢٠٠٠.
١٧-ئەریك فرۆم، هونەری خۆشەویستی، و: عوسمان حەسەن شاکر، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئۆفسێتی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٠.
١٨-ئەفراسیاو هەورامی (د)، مستەفا بارزانی لە هەندێك بەڵگەنامە و دۆکیۆمێنتی سۆڤیەتیدا، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٢.
١٩-بارزانی لە ویژدانی رۆژهەلاتی کوردستاندا، ئا: حەسەنی دانیشفەڕ، بەرگی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٣.
٢٠-بازیل نیکیتین و کوردناسی، و: نەجاتی عەبدوللا، بەرگی یەکەم، چاپخانەی شڤان، بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٤.
٢١-بەشیر حسێن سەعدی، رۆژان، چاپخانەی کەوێل، هەولێر، ٢٠٠٧.



٢٢-برایم ئەحمەد، کۆی بەرهەمە شیعرییەکانی، کۆکردنەوە و ساغکردنەوە و پێشەکی: عومەر مەعروف بەرزنجی، ناوەندی چاپەمەنی و راگەیاندنی خاك، سلێمانی، ٢٠٠٧.
٢٣-برایم ئەحمەد، یادگار و هیوا، بلاوکراوەی یادگاری لاوان، چاپخانەی کەرخ، بەغدا، ١٩٣٣.
٢٤-پاکیزە رەفیق حیلمی (د)، کورد و ژیانێکی پڕ ئەندێشە، یادداشت، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٠.
٢٥- پیرەمێردی نەمر، محەممەد رەسوول (هاوار)، چاپخانەی ئەلعانی، بەغدا، ١٩٧٠.
٢٦- ج. کورتوا، دەربارەی هونەری سەرکردایەتی کردن، و: سابیر بەکر بۆکانی، چاپی یەکەم، لە بلاوکراوەکانی بنکەی ئەدەبی وروناکبیریی گەلاوێژ، چاپخانەی داناز، سلێمانی، ٢٠٠١.
٢٧- جگەرخوێن، جگەرخوێن شاعر و مرۆڤ و کوردپەروەر، ڤەگوهاستن و بەرهەڤکرن: هەڤال زاخۆیی، دەزگەها سپیریٚز یاچاپ و وەشاندن، چاپخانیٚ وەزارەتا پەروەردیٚ، هەولێر، ٢٠٠٤.
٢٨- حەسیب قەرەداخی، فەرهەنگی خەم، بەرگی دووەم، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٢.
٢٩- حەسیب قەرەداخی، فەرهەنگی خەم، سەرجەم شیعرەکانی حەسیب قەرەداخی، بەرگی یەکەم، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٢.
٣٠- حەمید گەردی، پوختەی مێژوونامە، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤.
٣١- دیڤید مەکداول، مێژووی هاوچەرخی کورد، و: ئەبوبەکر خۆشناو، چاپی دووەم، بلاوکراوەکانی کتێبفرۆشی سۆران، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٥.
٣٢- شەوکەت مەلا ئیسماعیل حەسەن، رۆژانێ لە مێژووی شۆڕشی ئەیلول (١٩٦١-١٩٧٥)، نوسینگەی تەفسیر بۆ بلاوکردنەوە و راگەیاندن، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٧.
٣٣- شوکریە رەسوول (د)، ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەب، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ١٩٨٩.

٣٤- شوكريه رەسووڵ (د)، بیری نەتەوایەتی و کوردایەتی لای بارزانی نەمر، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠٠٣.

٣٥- شوكريه رەسووڵ (د)، ڕێ و ڕەسمی لاوانەوەی کوردی، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ١٩٩٧.

٣٦- شێرکۆ بێکەس چەپکێك هەڤپەیڤین، ئەزموون ١٩٨٥-٢٠٠٠، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: یاسین عومەر، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلیمانی، ٢٠٠١.

٣٧- شێرکۆ بێکەس، دیوانی شێرکۆ بێکەس، بەرگی یەکەم- چاپی دووەم، چاپکراوەکانی پڕۆژەی کتێبی دانسقە، چاپخانەی پرژە، سلێمانی، ٢٠٠٢.

٣٨- گوڵزارێکی وشە لە یادی سەد ساڵەی بارزانی، ئامادەکردن و سەرپەرشتی مومتاز حەیدەری و ئەوانیتر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٣.

٣٩- گوینتەر دێشنەر (د)، کورد: گەلی لە خشتەبراوی غەدر لێ کراو، وەرگێڕانی لە ئەڵمانی عەبدولسەلام بەرواری، وەرگێڕانی لە عەرەبی حەمە کەریم عارف، چاپی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٩.

٤٠- عەبدولمونعیم غولامی، سێ قوربانییەکە، و: ئیحسان ئیروانی، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٤.

٤١- عەزیز شەمزینی، جولانەوەی ڕزگاریی نیشتمانیی کوردستان، و: فەرید ئەسەسەرد، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان، چاپی چوارەم، سلێمانی، ٢٠٠٦.

٤٢- عەزیز کەیخوسرەوی، چاوپێکەوتنێکی تیشکهاوێژ (لەگەڵ فەرهاد شاکەلی)، چاپی یەکەم، ستۆکهۆڵم، ١٩٩٤.

٤٣- عەلائەدین سەجادی، ئەدەبی کوردی و لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی کوردی، چاپخانەی مەعارف، بەغدا، ١٩٦٧.

٤٤- عەلائەدین سەجادی، شۆڕشەکانی کورد وە کورد و کۆماری عیراق، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئەتلەس ، تاران، ٢٠٠٥.

٤٥- عوسمان عەلی (د)، چەند لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی بزاڤی هاوچەرخی کورد، و: کامەران جەمال بابان زادە، چاپخانەی دێکان، سلێمانی ، ٢٠٠٥.

٤٦-عوسمان مستەفا خۆشناو، مەرگ و لەدایك بوونەوەیەکی نوێ، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ١٩٩٩.



٤٧-عومەر نورەدینی، سیستەمی نوێی جیهانی و دۆزی کورد (کوردستانی عیراق وەك نموونە) لێکۆڵینەوەیەکی شیکاری سیاسییە، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠٠٣.

٤٨- د. عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، قەدری جان، چاپی یەکەم، چاپخانە و ئوفسێتی ئاسا، سلێمانی، ٢٠٠٢.

٤٩- فەرەیدوون نوری (د)، بزاڤی بارزانی، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی دەزگای ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٧.

٥٠- کۆنگرەی ٩٠ ساڵەی لەدایکبوونی بارزانیی نەمر، سەلاحەدین ١٤-١٧/٩/١٩٩٣، ئامادەکردنی مومتاز حەیدەری و ئەوانیتر، چاپخانەی خەبات، دهۆك، ١٩٩٧.

٥١- کۆنگرەی یادەوەریی سەد ساڵەی بارزانی نەمر، بەشی یەکەم، ئامادەکردن و سەرپەرشتی: مومتاز حەیدەری و ئەوانیتر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٣.

٥٢- کۆنگرەی یادەوەریی سەد ساڵەی بارزانی نەمر، بەشی دووەم، ئامادەکردن و سەرپەرشتی: مومتاز حەیدەری و ئەوانیتر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٣.

٥٣- کاردۆ گەلاڵی، نووسەر و پارێزەر و سیاسەتمەدار، ئا: ئیسماعیل تەنیا، کتێبی گوڵان، هەولێر، ١٩٩٧.

٥٤- کامەران موکری، ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، بەشی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ١٩٨٤.

٥٥- کەمال مەعروف (د)، ڕەخنەی نوێی کوردی، بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بلاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی، ٢٠٠٧.

٥٦- کرێس کۆچێرا، کورد لەسەدەی نۆزدە و بیستەم دا، و: حەمەکەریم عارف، چاپی سێیەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٦.

٥٧-کیۆمەرس ساڵح، سەرۆك کۆماری کوردستان لەبەردەم دادگایی ئێراندا، ئا: بەدرەدین ساڵح، گۆڕینی بۆ کرمانجی: سامی ئەرگۆشی، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠١.

٥٨-لازاریف و ئەوانیتر، کوردستانی هاوچەرخ، و: گوشاد حەمە سەعید، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٥.

٥٩- مارف خەزنەدار(د)، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی حەوتەم، دەزگای ئاراس، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر -٢٠٠٢.
٦٠-مەحموود زامدار. بارزانیی نەمر چریکەی چیا و سترانی شاعیران،١٠٠ ساڵەی یاد-١٠٠ شاعیر، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و بلاْوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٣.
٦١-مەحموود مەلا عزەت، جەمهوریەتی کوردستان، لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی و سیاسییە، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠١.
٦٢-مەحموود مەلا عزەت، دەوڵەتی جمهوری کوردستان، چاپخانەی تیشك، چاپی دووەم، سلێمانی، ٢٠٠٣.
٦٣- مەلا نەزیرێ بەدەوی، دیوانا داهی، بەرهەڤکرن: تەحسین ئیبراهیم دۆسکی، دەزگەها سپیرێز یا چاپ و وەشاندنێ، چاپخانا وەزارەتا پەروەردێ، هەولێر، ٢٠٠٤.
٦٤-محەممەد مەلا قادر، خەباتنامە، کورتە مێژووی پارتی و کەلتووری بارزانی نەمر، چاپی دووەم، چاپخانەی خەبات، دهۆك، ٢٠٠٠.
٦٥-نەجەف قولی پسیان، لە مەهابادی خوێناوییەوە هەتا لێوارەکانی ئاراس، وەرگێڕان و پێشەکی و پەراوێز: شەوکەت شێخ یەزدین، بلاْوکردنەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان، هاوینەهەواری پیرمام، ١٩٩٦.
٦٦-نەوشیروان مستەفا ئەمین، حکومەتی کوردستان ڕێبەندانی ١٣٢٤ – سەرماوەزی ١٣٢٥، کورد لە گەمەی سۆڤێتی دا، چاپی دووەم، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، سلێمانی، ٢٠٠٦.
٦٧-هەژار موکریانی، بارزانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٨.
٦٨-هەژار موکریانی، چێشتی مجێور، ئا: خانی شەرەفکەندی، چاپی یەکەم، پاریس، ١٩٩٧.
٦٩-هەژار، بۆ کوردستان، دەزگای چاپ و بلاْوکردنەوەی ئاراس، چاپی چوارەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠١.
٧٠-هێدی، کاروانی خەیاڵ، چاپی دووەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ١٩٩٧.
٧١- هێمن، بارگەی یاران، سەرجەمی شیعری هێمن، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و بلاْوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٦.



**ب–کتێبی کوردی لاتیتی:**

61-Tîrêj, zozan 2, çapxane ?, 1990.
62- Qadir motî, BiGazinim Dunya, pêşekî: Ehmedê Hepo, Çapî duwem, Berêweberayetî Çapxaney Roşinbîrî, Hewlêr, 2005.
63- Evdila Peşêw, VEGER-Birakujî-,werger: Rûken Begdu Keskin u Bedran Hebîb, Weşanên Avêsta, Estanbul,1996.

**ج– گۆڤار:**

١- ئەلیعەیزەر غەیزی تسافریر، من کوردم، وەرگێڕانی دینۆ، گۆڤاری بزاو، ژمارە (٢١)، ٤ ی تشرینی دووەم ٢٠٠٧.
٢- ئەلیعەیزەر غەیزی تسافریر، من کوردم، وەرگێڕانی دینۆ، گۆڤاری بزاو، ژمارە (٢٢)، ١١ ی تشرینی دووەم ٢٠٠٧.
٣- برایم ئەحمەد، هیوا و دلْداری، گۆڤاری هاوار، ژمارە (١٩)، ساڵی یەکەم، نیسانی ١٩٣٣.
٤- جەرجیس فەتحوڵلاْ، با بارزانی وەك پێویست بناسین، گۆڤاری نەوشەفەق، ژمارە: (١٢)، ئاداری ٢٠٠٤.
٥- جەمال رەشید ئەحمەد (د)، چەمکی دیموکراسییەت لە هزری خوالێخۆشبوو مستەفا بارزانیدا، گۆڤاری نەوشەفەق، ژمارە (١٢)، ئازاری ٢٠٠٤.
٦- دلشاد عەلی محەممەد (د)، محەمەد فازل مستەفا، شیعری سیاسی کوردی لە کرمانجی خوارووی کوردستانی عیراقدا (١٩٤٥-١٩٥٨) گۆڤاری زانکۆ، ژ: ١٠، ساڵی ٤، ٣ی حوزەیرانی ٢٠٠٠.
٧- دلْزار لەشکری، نەوەی جگەرخوێنی شاعیر لە هەولێرە، (دیمانە)، گۆڤاری هەرێمی کوردستان، ژمارە ٤٤٦، ٢٢ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٨.
٨- عەبدوڵلاْ پەشێو، بروسکە، گۆڤاری رۆژی کوردستان، ژمارە (٢)، ساڵی (٢)، ١٩٧٢.

٩- عەبدوڵلاٚ محەممەد حەداد (د)، نالی (١٨٠٠؟ - ١٨٧٣) و میرەکانی بابان و کۆکردنەوەی (لاواندنەوە) (پیرۆزبایی) لە هۆنراوەیەکدا، گۆڤاری زانکۆ، ژ: ٢٤، نیسانی ٢٠٠٥.
١٠-غەریب پشدەری، حەسیب قەرەداغی لە ڕێی بەهەشتدا، گۆڤاری رامان، ژمارە ٨، ١٩٩٧/٢/٥.
١١-قەدری جان، شێری وەلات بارزانی هات، گۆڤاری هیوا، ژمارە (٤)، سالی (١٩٥٨).
١٢-کەریم شارەزا، بارزانی وەك رەمزێکی دیاری نەتەوەییمان لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا، گۆڤاری نەوشەفەق، ژمارە (١٢)، ئاداری ٢٠٠٤.
١٣-مومتاز حەیدەری، یەکەم منداڵی زیندانی کورد، گۆڤاری هەنگ، ژمارە ( ١٣)، ئاداری ١٩٩٧.
١٤-عەبدوڵلاٚ زەنگەنە، هەژاری گەورە لە بیرەوەرییەکانی کەمال مەزهەر دا، گۆڤاری رۆڤار، ژمارە (٢٤)، ٢٠٠٣/٥/٥.

**د- رۆژنامە:**

١٥- ا.ب. هەوری، بۆ پێشەوا، ڕۆژنامەی برایەتی، ژمارە ١٥٨٥، سێشەممە، ١٩٩٣/٣/٢.
١٦- بۆتان مستەفا، هەژار شاعیری کوردایەتی، ڕۆژنامەی برایەتی ئەدەب و هونەر، ژمارە (٢١٦)، هەینی ٢٠٠١/٢/٢٣.
١٧- بارزانی مستەفا، روونکردنەوە، رۆژنامەی خەبات، ژمارە (١٤)، ١٩٥٩/٧/١٤.
١٨- داڤید ئادەمسن، بارزانی حەزی لە ناوی باق و بریق نەبوو، رۆژنامەی برایەتی، ژمارە (٣٨٥٦)، شەممە ٢٠٠٢/١١/٣٠.
١٩- سەفەر یوسف میرخان، لە شەستەمین ساڵیادی پەڕینەوە لە رووباری ئاراس دا، (دیمانە)، رۆژنامەی خەبات، ژمارە (٢٥٢٩)، دووشەممە ٢٠٠٧/٦/١٨.
٢٠- عەبدولحەمید بەرزنجی، بارزانیی نەمر، نموونەی سەرکردەی لێهاتووی نەتەوەی کوردە، رۆژنامەی برایەتی، ژمارە (٣٩٣٦)، هەینی ٢٠٠٣/٣/١٤.
٢١- عەبدوڵلاٚ پەشێو، ئازیزەکەم، رۆژنامەی خەبات، ژمارە (٦٦٥)، رۆژی دووشەممە ١٩٩٣/٣/١.
٢٢- فەلەکەدین کاکەیی، بارزانیی مرۆڤ و مافی مرۆڤ، رۆژنامەی برایەتی، ژمارە (٣٨٦٣)، سێ شەممە ٢٠٠٢/١٢/١٠.



٢٣- فرانسوا زافی لۆکا، بارزانی لەگەڵ دوژمنەکانیشدا میهرەبان بوو، رۆژنامەی برایەتی، ژمارە (٣٨٥٧)، یەك شەممە ٢٠٠٢/١٢/١.
٢٤- فرەنسۆ هەریری، دوا دیدارم لەگەڵ بارزانی نەمردا، رۆژنامەی برایەتی، ژمارە (١٥٨٨)، شەممە ١٩٩٣/٣/٦.
٢٥-فرەنسۆ هەریری، تایبەتمەندی و رەوشتە دیارەکانی بارزانیی نەمر، رۆژنامەی برایەتی، ژمارە (٣٨٤٥)، یەك شەممە ٢٠٠٢/١١/١٧.
٢٦- فرەنسۆ هەریری، تایبەتمەندی و رەوشتە دیارەکانی بارزانیی نەمر، رۆژنامەی برایەتی، ژمارە (٣٨٤٧)، سێ شەممە ٢٠٠٢/١١/١٩.
٢٧- فرەنسۆ هەریری، تایبەتمەندی و رەوشتە دیارەکانی بارزانیی نەمر، رۆژنامەی برایەتی، ژمارە (٣٨٤٩)، پێنج شەممە ٢٠٠٢/١١/٢١.
٢٨- کامەران موکری، تەلغرافیك بۆ جەنرال مستەفا بەرزانی، رۆژنامەی ژین، ژمارە (١٤٠٩)، پێنج شەممە ١٩٥٨/٩/١٨.
٢٩- کارۆخ عوسمان، پەیماننامەیەك لە یادی نەمراندا، رۆژنامەی برایەتی ئەدەب و هونەر، ژمارە (٢١٧) لە ٢٠٠١/٣/٢.
٣٠-مەلا مستەفا بارزانی، اخباری نیوخومان، رۆژنامەی کوردستان، ژمارە (٢١)، ساڵی یەکەم، شەممە ١٩٤٦/٣/٢.
٣١-محەممەد خدر مەولوود، بەهێمنی شۆڕشی ئەیلولی مەزن و ئەدەبی بەرەنگاری، رۆژنامەی برایەتی، ژمارە (١٥٩٦)، دووشەممە، ١٩٩٣/٣/١٥.
٣٢-مستەفا بارزانی، (وتار)، رۆژنامەی ژین، ژمارە (١٤٢٢)، پێنج شەممە، ١٩٥٨/١٢/١٨.
٣٣-نیاز لاجانی (د)، بارزانی بۆ کورد باوکی رۆحییە و بۆ جیهانیش پیاوی سەدە، رۆژنامەی برایەتی، ژمارە (٣٨٩٩)، پێنج شەممە، ٢٠٠٣/١/٢٣.
٣٤-هەواڵی ناوخۆ، رۆژنامەی ژین، ژمارە (١٤١٥)، پێنج شەممە، ١٩٥٨/١٠/٣٠.

**هـ: نامەی ئەکادیمی**

**١- نامەی دکتۆرا:**

٣٥- پەخشان سابیر حەمەد، رەمز لە شیعری هاوچەرخی کوردیی کرمانجی خوارووی کوردستانی عیراقدا (١٩٧٠-١٩٩١)، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠٠٢.

٣٦- سەردار ئەحمەد حەسەن گەردی، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری کوردی دا (١٩٧٠-١٩٩١)، نامەی دکتۆرا، کۆلیژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، ٢٠٠٢.

٣٧- عەبدوڵلا یاسین ئامێدی، هۆنراوەی بەرگری لە بەرهەمی چەند شاعیرێکی کرمانجی سەروودا ١٩٣٩-١٩٧٠، نامەی دکتۆرا، کۆلیژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ١٩٩٩.

**٢- نامەی ماجستێر:**

٣٨-تانیا ئەسعەد محەمەد ساڵح، دیاردەی غەم لە شیعری حەسیب قەرەداغی دا، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، ٢٠٠١.

٣٩- عوسمان دەشتی، هێمن دەربارەی ناوەرۆکی سیاسی و کۆمەلایەتی شیعرەکانی، نامەی ماجستێر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر ٢٠٠١.

٤٠- فەهمی شوکری عەبدوڵلا، رەگەزی نوێی شیعری کوردی لای قەدری جان (١٩١١-١٩٧٢)، نامەی ماجستێر، کۆلیژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠٠٢.

**و: کۆڕ**

٤١- عەبدوڵلا پەشێو (د)، کۆڕی شیعری، ڕێکەوتی (٢٠/١٢/٢٠٠٥)، کاتژمێر (٢:٣٠)، هەولێر.

**ز: ئینسایکلۆپیدیا**

٤٢- یاسین سابیر ساڵح، ئینسایکلۆپیدیای گشتی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٥.



**ح: کتێب و ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی**

٤٣- ئەبولحەسەن تەفرەشیان، بارزانییەکان، وەرگێڕانی بەختیاری شەمەیی، چاپی دووەم، کتێبی ئەلیکترۆنی (www.pasok.org)، ٢٠٠٤.

44– Διλβιριν,Δεστπεκα σεωρα βαρζανι,ηττπ:ωλ.920.τελι α.χομ. υ92002382διλβιριν.ητμλ

**دووەم: بە عەرەبی**

**١– کتێب:**

١- ابن عباس، تنویر المقباس من تفسیر ابن عباس، الطبعة الثانیة، انتشارات استقلال، تهران.

٢- احسان عباس (د)، اتجاهات الشعر العربي المعاصر، سلسلة عالم المعرفة، کویت، ١٩٧٨.

٣- البارزاني وشهادة التاريخ، مجموعة ابحاث وانطباعات للمؤلفين الكورد والروس، ت: د. باقێ نازێ، د.عبدي حاجي، دار سبیرێز للطباعة والنشر، دهوك ، ٢٠٠١.

٤- انور المائی، الاکراد في بهدینان، مطبعة الحصان، الموصل، ١٩٦٠.

٥- پی رەش، بارزان وحركة الوعي القومی الكردی، (١٨٢٦-١٩١٤)، ١٩٨٠.

٦- رسائل اخوان الصفاء و خلان الوفاء، المجلد: ٣، دار بیروت للطباعة والنشر، بیروت، ١٩٥٧.

٧- سنن النسائی، بشرح الحافظ جلال الدين السيوطي وحاشية الامام السندی، طبعة جديدة، دار الفكر للطباعة والنشر والتوزيع، بیروت، ١٩٩٥.

٨- صبيح ناجي القصاب، الشعر بين الواقع و الابداع، وزارة الثقافة و الاعلام، دار الرشيد للنشر، بغداد، ١٩٧٩.

٩- صديق الدملوجي، امارة بهدينان الكردية او امارة العمادية، تقديم و مراجعة عبدالفتاح علي بوتاني (د)، الطبعة الثانية، دار ئاراس للطباعة والنشر، مطبعة وزارة التربية، اربیل، ١٩٩٩.

١٠-عبدالفتاح علي البوتاني (د)، الحركة القومية الكوردية التحررية، دراسات ووثائق، تقديم: خليل علي مراد (د)، دار سثيريَز للطباعة والنشر، مطبعة وزارة التربية، اربيل، ٢٠٠٤.
١١-عبدالفتاح علي بوتاني (د)، الملامح الاساسية لشخصية مصطفى البارزاني القيادية والانسانية، مطبعة خبات، دهوك، ١٩٩٦.
١٢-عبدالناصر محمد نوري، الاسطورة وعلم الاساطير، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٨٦.
١٣-عزالدين اسماعيل (د)، الشعر العربي المعاصر، الطبعة الثالثة، بيروت، ١٩٧٢.
١٤-على عشرى زايد (د)، استدعاء الشخصيات التراثية فى الشعر العربى المعاصر، دار غريب للطباعة والنشروالتوزيع، القاهرة، ٢٠٠٦.
١٥-كاوس قفطان (د)، الانتفاضات البارزانية- صفحات من الحركة القومية التحررية الكردية، مطبعة سركوتن، السليمانية، ٢٠٠٢.
١٦-محمود امين العالم، الشعر المصري الحديث، نظرية الشعر، مرحلة مجلة الشعر، القسم الاول، المقالات، تحرير وتقديم: محمد كامل الخطيب، سوريا ، ١٩٩٦.
١٧-محمد طه بدوي (د)، المدخل الى علم العلاقات الدولية، المكتب المصري الحديث، الاسكندرية، ١٩٧٧.
١٨-مسعود البارزاني، البارزاني والحركة التحررية الكردية، انتفاضة برزان الاولى ١٩٣١-١٩٣٢، كردستان، ١٩٨٦.
١٩-مسعود البارزاني، البارزاني والحركة التحررية الكردية، ثورة بارزان ١٩٤٣-١٩٤٥، كردستان، ١٩٨٦.
٢٠-مسعود البارزاني، البارزاني والحركة التحررية الكردية، ثورة بارزان ١٩٤٥- ١٩٥٨، كردستان، ١٩٨٧.
٢١-مسعود البارزاني، البارزاني والحركة التحررية الكردية، الكرد و ثورة ١٤ تموز ١٩٥٨ — ١١ ايلول ١٩٦١، كردستان، ١٩٩٠.
٢٢-مسعود البارزاني، البارزاني والحركة التحررية الكردية (١٩٦١-١٩٧٥)، الجزء الثالث، مطبعة وزارة التربية، اربيل، ٢٠٠٢.
٢٣-مصطفى ناصف (د)، دراسة الادب العربي، الدار القومية للطباعة والنشر، القاهرة.
٢٤-معروف خزنەدار، أغانى كردستان، مطبعة اسعد، بغداد، ١٩٥٦.



٢٥-معروف خزنەدار (د)، موجز تأريخ الادب الكردي المعاصر، الترجمة عن الروسية: الدكتور عبدالمجيد شيخو، حلب، ١٩٩٣.
٢٦-ناصرالدين ابى الخير عبدالله بن عمر البيضاوى، انوار التنزيل واسرار التاويل، جزء الاول، مطبعة مروى، تهران، ١٤٠٥.

**ب–گۆڤار و رۆژنامە:**

٢٧-توفيق الحكيم، الواقع والخيال، مجلة الثقافة، عدد: ٢٣، السنة الاولى، ١٩٣٩.
٢٨-عادل جاسم البياتي (د)، رثاء الابطال في الادب العربي قبل الاسلام، مجلة اداب المستنصرية، العدد: ٦، ١٩٨٢.

**ج: ماڵپەڕەكان**

٢٩-احمد الزاويتي، رحلة مصطفى البرزاني، جزء الاول، ( ωωω.αλφαζεερα.νετ ).
٣٠-احمد الزاويتي، رحلة مصطفى البرزاني، جزء الثاني، ( ωωω.αλφαζεερα.νετ ).
٣١-اوكتافيوباث، الشعر والتاريخ، ترجمة: عبدالقادر الجنابى (www.elaph.com).
٣٢-زعماء الكورد، نبذة عن حياة الخالد مصطفى البارزاني، ( www.gilgamish.org ).

**سێیەم: بە فارسی**

٣٣-دكتر اسو، خاطرات زندگی پر ماجرای دكتر اسو (چهره مهاباد)، مقدم: محمود پدرام (زوزان)، نشر هور، تهران، ١٣٧٤.
٣٤-سعيد همايون، پيشوای بيداری، خاطرات سعيد همايۆن، چاپ اول، موسسه چاپ و نشر ئاراس، چاپخانه وزارت اموزش و پرورش، اربيل، ٢٠٠٤.

# بەڵگەنامە و وێنە مێژووییە پەیوەندارەکان

## بەڵگەنامەی (١)

- بەناوی خودا -

حەدیسی پێغەمبەرە سلاوی خودای لێبێ: «لەو دنیا هەرکەس دەگەڵ ئەوانە حەشری دەکرێ کە لەسەر دنیا خۆشی ویستون»

خواش ئاگادارە کە منی هەژار لە هەموو تەمەنی ژیانم دا هیچ کەسێکم بە قەدەر مەلا مستەفا بارزانی خۆش نەویستوە... کە بەرانبەر بەو حەدیسە دەبێ حەشرم دەگەڵ ئەو بێ و هەروەک لە دنیا لێیەوە نزیک بوم لە قیامەتیش بە یەکێک لە نزیکانی خۆیم قبول بکا.

وەسیەت دەکەم بۆ ئەو کەسانەی کە دۆست و نزیکمن ئەگەر ئەوەندەی بۆیان مومکین دەبێ کاتێ مردم لاشەکەم لەبەر پێی مەرقەدی مەلا مصطفا بارزانی بنێژن. یان لانی کەم لەو گۆڕستانەم بنێژن کە ئەوی تێدا نێژراوە... لەوانەش کە دۆست و نزیکی و خزمەتی بارزانین و لەپاشی بەجێ ماون دەپارێمەوە، ئیجازە بدەن کە قەبرم لە قەبری مستەفا بارزانیەوە تا دەکرێ دوور نەبێ. تاوەک لە دنیا هەموو دڵخۆشی و شانازیم بەدیتن و نزیکبوون لەو بوو.. لاشەکەشم نزیک بە جەنازەی پیرۆزی ئەو بێ. و ئەگەر خوای کرد و لە سایەی ئازادبوونی کوردەوە جەنازەکەیان بردەوە بارزان، شتێک لە ئێسکی منیش بەرن و لەبەر پێی ئەودا ژێر خاکی کەن. ئەگەر بۆیان مومکین نەبێ وەسیەتەکەم جێبەجێ کەن قەیدی نییە. خۆ ئەگەر بۆیان مومکین بێ و زەحمەت و دەردی سەری لەدوو نەبێ و بە وەسیەتەکەم عەمەل نەکەن لە قیامەت لای بارزانی گلەیان لێ دەکەم.

لێشم روونە هەروەک لە سەر دنیا لاگیری لێ دەکردم ئەوساش لاگیریم لێ دەکا. -

امضاء: عبدالرحمن شرفکندی. هەژار، شاعیر.

ئەم وەسیەتە روژی ١٧/ شعبان سالی ١٤٠٤ هجری قمری = ٢٩/ اردیبهشت ١٣٦٣ هجری شمسی

١٩/ مانگی مای ١٩٨٤. لە گوندی سلیڤان نوسراوە.-- هەژار



## وەسیەتنامەی هەژار

### بەناوی خودا

حەدیثی پێغەمبەرە سلاوی خودای لێ بێ: «لەو دنیا هەر کەس دەگەڵ ئەوانە حەشری دەکرێ کە لەسەر دنیا خۆشی ویستون»

خواش ئاگادارە کە منی هەژار لە هەموو تەمەنی ژیانمدا هیچ کەسێکم بە قەدەر مەلا مستەفا بارزانی خۆش نەویستوە... کە بەرانبەر بەو حەدیثە دەبێ حەشرم دەگەڵ ئەو بێ و هەروەک لە دنیا لێیەوە نزیک بووم لە قیامەتیش بە یەکێک لە نزیکانی خۆیم قبوڵ بکا.

وەسیەت دەکەم بۆ ئەو کەسانەی دۆست و نزیکمن ئەگەر ئەوەندەی بۆیان مومکین دەبێ کاتێ مردم لاشەکەم لەبەر پێی مەرقەدی مەلا مصطفا بارزانی بنێژن. یان لانی کەم لەو گۆڕستانەم بنێژن کە ئەوی تێدا نێژراوە... لەوانەش کە دۆست و نزیکی بارزانین و لەپاشی بەجێ ماون دەپارێمەوە، ئیجازە بدەن کە قەبرم لە قەبری مستەفا بارزانییەوە تا دەکرێ دوور نەبێ. تاوەک لە دنیا هەموو دڵخۆشی و شانازیم بەدیتن و نزیکبوون لەو بوو.. لاشەکەشم نزیک بە جەنازەی پیرۆزی ئەوبێ و ئەگەر خوای کرد و لە سایەی ئازادبوونی کوردەوە جەنازەکەیان بردەوە بارزان، شتێک لە ئێسکی منیش بەرن و لەبەر پێی ئەودا ژێر خاکی کەن. ئەگەر بۆیان مومکین نەبێ وەسیەتەکەم جێبەجێ کەن قەیدی نییە، خۆ ئەگەر بۆیان مومکین بێ و زەحمەت و دەردی سەری لەدوو نەبێ و بە وەسیەتەکەم عەمەل نەکەن لە قیامەت لای بارزانی گلەیان لێ دەکەم. لێشم روونە هەروەک لەسەر دنیا لاگیری لێ دەکردم ئەوساش لاگیریم لێ دەکا...

امضاء: عبدالرحمن شەرفکندی. هەژاری شاعیر.

ئەم وەسیەتە رۆژی ١٧/ شعبان سالی ١٤٠٤ هجری قمری= ٣٩/ اردیبهشت ١٣٦٣ هجری شمسی ١٩/ مانگی مای ١٩٨٤. لەگوندی سلیڤان نووسراوە... هەژار

سەرداری گوزە و مەزن ،

بری هەرتشتی دەستێ وە ماچ دکم . هەون بخێر و سلامەت،
هاتن.. سەر سەران و سەر چاڤان ..

ئەم لە شام چاڤنێری تەشریفا وە بون. نزانم چما هەون
ژ شامێ دەرباس نەبون! گەلەك بژێن کرد دخوەستن
سەردارێ خوە ببینن و هەرتا سالەکێ تسلیە بکن.
هاتنا وە مەعنەویاتا ملەتێ مە لە هەرچی زیدەتر کر.. کرد
هەمو، لە هەرچی، مذهب و مشرب وان، مفکرە دهیدێ وان
چە دبە برا ببە، هزرا تیا وە باقنجێ قبول دکە..

بێ گومان، جمهوریتیا عراقا خوەشەویست ژمە بوجودێ وە
خورت تر و قەویتر دبە.. ئەنگلەهی برایتیا کرد و عرب باشتر
نیتە دانین - ئەز باوەر دکم کو نە تنێ کرد، عرب و فارس
و تەرکێن ئازاتی بلاتنا وە مینا مە دلخوەشە و دلگەشە
هەروکی هەون چێتر و چاکتر تقدیر دکن خەباتا
بژنە..



ملەتێ مە بارێکاری و تعاونا احرار، ئازادێن فانە ملەتان
پێک تێ.

لەشەر خالد بکداشە گەلەك باوەری و کیفا وی ژ وە رە هاتیە
و دبێژە، هەموکرد، لازمن لە دورا زعیمی یکتە
برانی بجڤن و نگوری سیاستا وی آ سلیم خەبات
بکە.. گەلەك سلاڤێن اقرامێ وی ژ وە رە هەیە.
هەڤالێ مە گەلەك اقرامێن خوە پێشکێشە دکن..

ئەگەر بدەست من کەڤە د فرصەتا اول دە ئەزێ بێم زیارتا وە
دبا دەستێ وە ماچ دکم . چاڤێ کاکە اسعد رامیسم و زور
اقرامێ خوە ژ کاکە برهاچ رە پێشکێشە دکم.

چاڤێ کاکە صادق و عبدالله ماچ دکم..

مخلصێ وە
قدری جان
قدری جان

شام ١٤ / [illegible] / ٩٥٩

[illegible] کوردان و پرتوانە

برزانینە ... برزانینی ،
د جەنگا ... دوە ،
لە ... خەباتە دوە
پەیمانی ...
قوربانی ...
هەتا
[illegible]
هەمیە کوردستانە ..
تە هەیە کوردستانە
چیتر
بیتر
[illegible]
برزانینە ... برزانینە ...

x x x

برزانینە ... برزانینە ..
[illegible]
[illegible]
نازانی ؟

هەر کەسی دیت ،
هەر کەسی بیهیست !
ل ... هەلویست ..
... ناقیبە ..
زستان و هاڤین
کی وەکە ... ؟ کی وەکە خەباتە ؟
ل هەمیە جهێ ... ،
او ... ،
... ،
کی ... ؟ ...

x x

... ،
... ،
... ...
[illegible]
[illegible]
[illegible]
[illegible]





[illegible]
[illegible]
هیچی تو هاتی ناکرن ..
تشتەک هاتی ناکرن ..
وەبا لسەر چیان
وەبا ناف میان
ونگ وەکە ؟
هنگ وەکە ،
برزانی ... برزانی ..

x x x

اوردو ، اوردو شفاندن
هزار چینر قطاندن ..
... ،
ل هر جە .. ل هر دران
د هر سە دوە ونگ
با داوت دهر جنگ
سیفوران دهرینە ...
اوردیان و دەرینە ...

کانا ... بوبرانە ؟
بە پروا و ... ،
و دە ... دلە ... ؛
دیە باکوری کرداتە ..
دیە تیر .. دیە کشان ..
هزە وبریز وکە ایران ..
او عجمیە اسرائیلیە
او فیرنکیە ..
ب ... هزە دکرن
دکفن نایا مرن
و دبیژن !
وبا ... ؟
هات ... ابرزانی

x x x

ای براوری عجم
اخوان عرب الاشم
ای دموقراط ترک ...
برادر اخوان ...

ام جقالام جرانیە

دشمن، امپریالیزم ،

انگلیزن .. انگلیز

دژمانی شعرە مەبن لیرە .

سـوارى مە ، ئیرزانى

گرانە هەکس بزانە

سـزوارى ئازادى یە ..

ناقەدارى آبادى یە ..

ابن هەوژى بلقن :

لەدوارە ب جیقن ..

بیژن ژیو برانیە !

خلاصکانى انسانى !

قدرەجانە :




شێخ عەبدولسەلام لەگەڵ نوێنەری قەیسەری روسیا — تەفلیس ١٩١٣





بارزانی مستەفا لەکاتی سەرکردایەتیکردنی شۆڕشی بارزان

١٩٤٣-١٩٤٥ - کوردستان ١٩٤٤



رۆژی راگەیاندنی کۆماری کوردستان لە شاری مهاباد, قازی محەمەد سەرۆك کۆماری کوردستان راوەستاوە و وتار دەخوێنێتەوە, لە بەردەمیشیدا بارزانی مستەفا و ژمارەیەك لە بەرپرسانی کۆماری کوردستان بەچاو دەکەون- مهاباد ١٩٤٦/١/٢٢





ژەنەڕاڵ بارزانی مستەفا بە جلوبەرگی سەربازییەوە — مهاباد ١٩٤٦




ژەنەڕاڵ بارزانی مستەفا و قازی محەمەد سەرۆك كۆماری كوردستان

مهاباد ١٩٤٦





بارزانی مستەفا لەماوەی خوێندن لە یەكێتی سۆڤیەت - مۆسكۆ ١٩٥٧




ئامادەیی بارزانی مستەفا بۆ گەڕانەوە – مۆسکۆ ١٩٥٨





بارزانی مستەفا و جەمال عەبدولناسر – قاهیرە ١٩٥٨



بارزانی مستەفا و عەبدولکەریم قاسم – بەغدا ١٩٥٨/١٠/٧





بارزانی مستەفا تاجەگوڵینە لەسەر مەزاری شەهیدان لە گۆڕستانی سەیوان دادەنێت – سلێمانی ١٩٥٨



بارزانی مستەفا بە دەستی خۆی کارەکانی خۆی ئەنجام دەدات



بارزانی مستەفا هەڵگیرسێنەری شۆڕشی نەتەوەیی ئەیلول ١٩٦١/٩/١١





بارزانی مستەفا لەگەڵ هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە سەنگەری بەرگریدا




بارزانی مستەفا و سەدام حوسێن, دوای ڕێککەوتننامەی ١١ی ئادار — حاجی ئۆمەران ١٩٧٠



بارزانی مستەفا و دکتۆر کامەران بەدرخان لە کاتی بەستنی کۆنگرەی هەشتەم -
١٩٧٠/٧/١





ئەو کورسییەی ئاماژەی بۆ کراوە, ئەو کورسییەیە کە بارزانی مستەفا لەسەری
دانیشتبوو لە ڕۆژی هەوڵی تیرۆرکردنیدا لە ١٩٧١/٩/٢٩





بارزانی مستەفا دوای رزگاربوونی لە هەوڵە تیرۆرستییەکەدا لە **١٩٧١/٩/٢٩**





ناچاربوونی بارزانی مستەفا بۆ خۆئامادەکردن لەپێناو بەرگری کوردستان, ئەمەش
دوای پاشگەزبوونەوەی حکومەتی عێراق لە رێکەوتننامەی ١١ی ئادار — **١٩٧٤**



بارزانی مستەفا لە سەنگەری بەرگریدا لەگەڵ هێزی پێشمەرگەی کوردستان

١٩٧٤ —





سەدام حسین, هەواری بۆمدیان, محەمەد رەزا, لەکاتی داڕشتنی پیلانی دوژمنکارانەی

ڕێککەوتننامەی جەزائیری نێودەوڵەتی لەلایەن دەوڵەتی عێراق و ئیران

وهاوپەیمانەکانیان لە دژی شۆڕشی ئازادیخوازی کورد

جەزائیر ١٩٧٥/٣/٦




بارزانی مستەفا لەنێوان ئیدریس بارزانی و مەسعود بارزانی کوڕیدا لە کاتی
چارەسەرکردنی نەخۆشییەکەی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا
واشنتۆن ١٩٧٧





بارزانی مستەفا و ئیدریس بارزانی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا — واشنتۆن
١٩٧٧




بارزانی مستەفا و مەسعود بارزانی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا —
واشنتۆن ١٩٧٨





خەمناکی خەڵکی کوردستان لە کاتی ناشتنی بارزانی مستەفا لە کوردستانی
رۆژهەڵات — شنۆ ١٩٧٩



مەزارگەی نەمران: بارزانی مستەفا و ئیدریس بارزانی کوڕی— بارزان



## ملخص البحث


لو تمعنا النظر إلى تاريخ الشعوب وجدناها في محاولة دائمة لتثبيت كيانه السياسي المستقل, وبعد المحاولات الاستعمارية الجادة لتقسيم أراضي كوردستان (١٥١٤)، أبى الشعب الكوردي الأبي نفوذ الاستعمار وتصدى لها دوماً نتيجة الظلم والاستبداد, وسد باب الحرية تجاهها وأدى ذلك كله إلى ظهور أبطال قيادين, إذ ترأسوا حركات انتفاضية وثورية, من أبرز هؤلاء القادة البارزاني مصطفى الذي بزغ في ساحة السياسية بفكرته القومية وفلسفته الثورية لتحرير كوردستان الأم.

ههنا فهذا البحث (**إنعكاس شخصية البارزاني مصطفى في نماذج شعرية لبعض الشعراء الكورد**) وهي محاولة لبحث الأشعار التي كان مصدر إلهامها البارزاني.

وهذا البحث يتضمن مقدمة وثلاثة فصول منتهياً بنتائج البحث والملحقات, إذ أفرد الفصل الأول لإلقاء الضوء على تاريخ أسرة البارزاني كما هو واضح بأن للبيئة الاجتماعية و السياسية والثقافية تأثيراً كبيراً في شخصه الفرد, وتم في هذا الفصل عرض حياة البارزاني ونضاله الثوري, والملامح الرئيسه لشخصه الكريم، تمهيداً للولوج إلى صلب الموضوع ثم عرضنا كيفية توظيف التاريخ والشخصية التاريخية في الشعر، كما وتطرقنا إلى هذين الجانبين في إثراء البناء الشعري للشعراء وتقويته، ثم عرضنا كيف أن الشاعر استطاع أن يتعامل مع هذين الموضوعين معاملة فنية ويجعل منهما منبعاً ثرّاً لبناء صوره الشعرية وقد أثرى هذا الجانب في رأي النقاد والمتخصصين في مجال الأدب.

أما الفصل الثاني فعقيد على ثلاثة مباحث لتسليط الضوء على علاقة البارزاني مع شعراء وأدباء كوردستان موضحاً تجسيد هذه العلاقات عند الشعراء في صفة قائد مناضل وشخصية أسطورية فذة.

واختص الفصل الثالث إنعكاس شخصية البارزاني بصورة مفصلة, مع ذكر نماذج رائعة من الأشعار التي ظهرت مع بداية الثلاثينات من القرن الماضي عند إبراهيم أحمد ( ١٩١٤ ـ ٢٠٠٠) وفي الأربعينات و الخمسينات عند قدري جان ( ١٩١١ ـ ١٩٧٢) وفي الستينات عند هيمن مهابادي ( ١٩٢١ ـ ١٩٨٦) وفي السبعينيات عند شيركو بيكه س ( ١٩٤٠ ـ ......) و عبدالله بشيو (١٩٤٧ ـ .....) وفي الثمانيات عند هزار مكرياني (١٩٢٠ ـ ١٩٩١) وفي التسعينات عند حسيب قرداخي (١٩٢٩ ـ ١٩٩٧).

وفي الخاتمة ذكرنا أهم النتائج التي توصل إليها البحث .

# Abstract

There have been many attempts in the history of nations for establishing independent states. After the division of Kurdistan in 1514, the Kurds have objected to the division of their country and rejected their invaders. To this end, the Kurds revolted against violation of their human rights. A number of charismatic leaders led these uprisings and revolutions. Amongst them was Mustafa Barzani Mustafa who led the Kurdish revolution in the 20th century and soon became known to Kurds in all parts of Kurdistan.

This thesis: "Reflection of Barzani Mustafa’s personality in some poems of selected Kurdish Poets" attempts to analyze all the poetries that Barzani Mustafa became their talent-source.

It comprises of an introduction, three chapters, conclusions and appendixes.

The first chapter sheds light on the history of Barzani family. This is done to study the cultural, political and social environment of the family and their impact on the individual human being and their structure.

Barzani's life, struggle and his characteristics is covered in the introduction.

History and historical personality have been dealt with in the poetry. As a hint to these two aspects have been tackled to enrich and strengthen the poetic structure. Then, it shows how the poets have dealt with these two aspects artistically to pick up the artistic poetic image. This, as the critics point out enriches the poetry.

The second chapter has three sections. In each one of them Barzani's relationship with the poets and Men in letter have been shown. This chapter shows how Barzani and his revolutionary character embodied in their poems.

It sheds light as well to some poets' stance after the collapse of the September revolution and they still praised Barzani and his history.

The 3rd chapter is divided into two sections.

The poems of seven contemporary poets have been given as examples and the researcher analyzed each one. The reflection of Barzani's personality in each poem has been analyzed in detail. This covers the thirties to nineties. From the thirties Ibrahim Ahmed's poem (1914-2000) has been chosen, forties and fifties Qadri Can (1911-1972), sixties Hemn Mahabadi (1921-1986), seventies Sherko Bekas (1940-......), Abdulah Pashew (1947-.....), eighties Hazhar Mukryani (1920-1991) and in nineties Hasib Qaradaghy (1929-1997).

The conclusion has been put at the end of the paper.